# تازیەدارانی بەیەل

غولام حوسێن ساعێدی

# تازیەدارانی بەیەل

وەرگێڕانی:

بەڕۆژ ئاکرەیی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

غولام حوسێن ساعێدی
تازیەدارانی بەیەل
وەرگێڕانی: بەڕۆژ ئاکرەیی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٦٧
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٣٠ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-37-9

غولام حوسێن ساعێدی (١٩٣٥- ١٩٨٥) له تەورێز چاوی به ژین هەڵێنا و هەر له تەمەنی شازده ساڵییەوه دەستی به نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کرد. ساعێدی حەوت ڕۆمان و نزیکەی شەست کورته چیرۆکی نووسی. هەروەتر شانۆنووسێکی لێهاتوو و کارامه بوو و نزیکەی پازده شانۆنامەی به نازناوی «گەوهەر موراد» بڵاو کردەوه. له بواری نووسینی سیناریۆیشدا، دەستێکی باڵای هەبوو و لەگەڵ گەوره دەرهێنەرانی ئێراندا (داریوش مێهرجوویی و ناسر تەقوایی) کاری کرد و بەرهەمەکانی کراونەته فیلم.

ساعێدی دەروونناسیی خوێندبوو و ساڵانێکی زۆریش وەکو پزیشکێکی دەروونناس کاری کرد.

دنیای چیرۆکەکانی ساعێدی، دنیای ماتەمینیی کارمەند و هەژارانی کۆمەڵگه و نەزانین و خورافات و ئاین و مەرگه. شێخ و مەلای فێڵباز و وەرزێرانی له زەوی دابڕاو و ڕۆشنبیرانی بێ ئامانج و سواڵکەر و وێڵگەردەکانی شار، بەشێوەیەکی زیندوو له بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا دەخولێنەوه، تا کۆمەڵگەیەکی تۆقیو و پەرێشان و بێ هیوا بخرێته بەرچاو. پێنووسی ساعێدی، بەپێچەوانەی هەره زۆری نووسەران، خۆی له هەژارپەرستی دەبوارد و هەوڵی دەدا هەژارییەکی قووڵیی فەرهەنگی وێنا بکا، تا زەوینەی فەوتان و پێشێلبوونی کەسایەتیی مرۆڤ له کۆمەڵدا، وێنا بکرێ.

«تازیەدارانی بەیەل» له ساڵی ١٩٦٤دا بڵاو کرایەوه و تا ئەمڕۆیش پڕ

خـوێنەرترین کۆمـەڵە چیرۆکی فـارسـی و وەدیهـێنەری ڕەوتێکی نوێیـە لەم بوارەدا. «ئەحـمـەد شـامـلـوو» لەبارەی سـاعێدی و ئەم کتـێـبـەوە گـوتوویەتی: ئێـمـە «تـازیەدارانی بەیەل»مـان هەیە، کـە بەبڕوای من، سـاعـێـدی بـەر لە «گـارسیا مارکیز» ئەم جیهانە سیحراوییەی خوڵقاندووە.

سـاعێدی لە سـەردەمی «شـا»دا چەند جـار کەوتە زیندان و بـەشـێـوەیەکی درندانـە خـرایە بـەر ئەشکـەنجـە و تێـهـەڵدان. دوای شـۆڕشـی ئێـرانیش، نەیتوانی لە ئێرانی مـەلاکاندا بمێنێتـەوە و ڕای کردە پاریس: «ئێـسـتـا دوو سـاڵە لەم پاریسـەدا ئاوارە و سـەرگـەردانم. مـاوە بـە مـاوە لە مـاڵی برادەرێک دەگیرسێمـەوە، بەڵام ئۆقرە ناگرم. هەست دەکـەم لە ڕیشـەوە هەڵکەندراوم. هیچ شـتێک بەشـێوەیەکی ڕاسـتـەقـینە نابینم. من لـەم غـوربەتەدا، دوو شت زەندەقیـان بردووم: یـەکـەمـیـان خـەوتن و دووەمـیـان وشـیـاربوونەوە. نووسـین تاقە شتێکە لەم مـەنفـایەدا دەسـتمی گرتووە و ناهێڵێ خـۆم بکوژم. من لەم غـوربەتەدا تەنێ بیـر لـە زمـانـی فـارسـی و لە نووسـین دەکـەمـەوە. مـەنفـا، واتە دۆزەخ. منیش لـەم دۆزەخـــەدا، دەمـــێکە تاقـــەتی خـــۆمم نەمـــاوە و نازانم برادەرەکانم چۆن بەرگەی بێتاقەتیم دەگرن. ناسر خسـرەو گوتـەنی: "جەرگ و دڵمی لەت لەت کـردووە دووپشکی غـوربەت". دەمێکە حـەز دەکـەم کـەمێک بمرم و بڕێک لە کۆڵ خۆم ببمەوە.»

«شـاملوو» لەمـەڕ سـاعێدییـەوە گـوتوویەتی: ڕێژیمی شـا و سـاواکی ئێران، سـاعێدییـان بە زینـدان و ئەشکەنجـەکانی فـەوتاند و مێشکیـان لە داهێنان خست، دەنا سـاعێدی ئەو دەنگە بەهـێز و ڕەسـەنە بوو، کە دەیتـوانی ئەدەبی فارسی بە دنیا بناسێنێ.

دوورەوڵاتیـیەکەی سـاعێدی زۆری نەخایاند و لە غـوربەتی پاریسـدا سـەری نایەوە.

# چیرۆکی یەکەم

## ١

که کوێخا له ماڵەکەی هاته دەر، پاپاخ، سەگی ئاغا، لەسەر دیوارەوە دەستی به حەپەحەپ کرد و خۆی هەڵدایه نێو کۆڵان. سەگەکانی تر که لەسەر نزمەبانەکان وەرکەوتبوون، سەریان هەڵێنا، مرەیەکیان کرد و کوێخایان بینی که له مانگەشەودا به بەژنی باریک و درێژییەوە ڕێ دەکا و لمۆزیان خستەوە سەر دەستەکانیان و چاویان لێک نا.

کوێخا ڕاوەستا و گوێی قوڵاغ کرد، دەنگی زەنگوڵەیەک له دوورەوە دەبیسرا. دەنگێکی نووساو و ترساو، که نزیک دەکەوتەوە و پاشان به دەوری ئاواییدا دەخولایەوە. پەنجەرەکان تاریک بوون و بەیەلییەکان خەوتبوون. ئەوانەیش که خەویان لێ نەکەوتبوو، له تاریکیدا هەڵترووشکابوون و له مانگەشەویان دەڕوانی.

پاپاخ هات، لەتەنیشت کوێخا ڕاوەستا و بۆنی کرد. کوێخا له شوێنی خۆی ڕاوەستابوو و گوێی هەڵخستبوو، دەنگی زەنگوڵەکە دوور کەوتەوە و کوێخا بەرەو حەوزی ناوەندی گوند شۆڕ بووەوە و پاپاخیش به دوای کەوت. که گەیشتنه لای حەوزەکە، پەنجەرەیەکی بچووک کرایەوە و سەری پیاوێکی لێوە هاته دەر.

سەرەکه له تاریکیدا جووڵەیەکی کرد و گوتی: "کوێخا، بەم نیوەشەوە، بەتەمای کوێی؟"

کوێخا ڕاوەستا. پاپاخیش ڕاوەستا. هەردووکیان تەماشای سەرەکەیان کرد.

کوێخا گوتی: "نەنه ڕەمەزان وەزعی شڕە، دەیبەمه شار."

پەنجەرەیەکی تر کرایەوە. سەری پیاوێکی دی هاتە دەرێ و گوتی: "خۆ ئێوارێ هیچ بەلایەکی نەبوو، وا نییە؟"

کوێخا گوتی: "ئێوارێ باش بوو. بەڵام ئێستا نا. ئێستا وەزعی باش نییە. بەڕاست ئەگەر پیرەژن بمرێ، چی بکەم؟ ها؟ ئیسلام، چی بکەم؟ چی لەو کوڕە بکەم؟"

ئیسلام گوتی: "ئێستا وەزعی چۆنە؟"

کوێخا گوتی: "هەڵگەڕاوەتەوە و ڕووەو قیبلە خەوتووە"

پیاوەکەی یەکەم داچەمییەوە و بە ئیسلامی گوت: "بەتەمایە بیباتە شار." پاشان ڕووی لە کوێخا کرد و گوتی: "باشتر نییە تا سبەینێ خۆتی لێ بگریت؟"

کوێخا گوتی: "دەترسێم نەگاتە سبەینێ. من خەمی ڕەمەزانمە. پیرەژن هێندەی بە بەرەوە نەماوە. دەترسێم کوڕەکەم لە خەفەتان بەلایەک بەسەر خۆی بێنێ. چی بکەم؟ ها؟ ئەوە لە کن دایکی دانیشتووە و هەر شین و ڕۆڕۆیەتی."

ئیسلام لێی پرسی: "بە چی دەیبەیتە شار؟"

کوێخا گوتی: "بە عارەبانەکەی تۆ دەیگەیەنمە سەر جادە، لەوێشەوە ترومبێلێک پەیدا دەکەم."

پاپاخ کە دیتی کوێخا گەرمی قسە و باسە، لەتەنیشت حەوزەکە پاڵ کەوت و لمۆزی خستە سەر دەستەکانی و چاوەکانی لێک نان. کوێخا هەڵگەڕایەوە و سەیری دواوەی کرد. پاپاخیش سەری هەڵێنا و چاوی لە تاریکی بڕی.

ئیسلام گوتی: "چی بوو؟"

کوێخا گوتی: "گوێت لێیە؟ دەنگی زەنگوڵەیە. وا نییە؟"

ئیسلام و پیاوەکەی یەکەم گوێیان هەڵخست، بەڵام هیچ دەنگێکیان نەبیست.

ئیسلام گوتی: "کوێخا، منیش دێم تا لەوسەرەوە عارەبانەکەم بێنمەوە."

سەری بردە ژوورێ و فانۆسێکی پێ کرد، کڵاوەکەی لەسەر نا و لە پەنجەرەوە هاتە دەرێ. پیاوەکەی یەکەم پەنجەرەی داخست. ژنەکەی هات، هەردووکیان لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستان و لە پێیەکانی کوێخا و ئیسلام و پاپاخیان ڕوانی، کە تیشکی فانۆس ڕووناکی کردبوون.

ئیسلام گوتی: "ئەدی کاروبارەکەت؟"

کوێخا گوتی: "دەیدەمە دەست خۆت، من زەینم هەر لەلای ڕەمەزانە. دەترسێم پیرەژن بمرێ و ئەم توڵفە بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ."

کە گەیشتنە ئەوبەری حەوزەکە، ڕووناکاییی فانۆسەکە، کەوتە سەر ئاو. ماسییەکان هاتنە لێواری ئاوەکە و لە پیاوەکانیان ڕوانی. پاپاخیش ملی شۆڕ کردەوە تا ماسییەکان ببینێ. بەڵام کە چاوی بە مانگی نێو ئاو کەوت، لە ترسان هەڵگەڕایەوە و بە دوای پیاوەکاندا ڕای کرد.

کوێخا گوتی: "ڕەمەزانیش لەگەڵ خۆم دەبەم، ئەگەر نەیبەم..."

تەپەی پێی هەردووکیان لە کۆڵاندا دەبیسرا. بەیەلییەکان کە چاویان بە فانۆس کەوت، وایان زانی دایکی ڕەمەزان تەواو بووە و لە پەنجەرەکانەوە ڕژانە دەرێ. پیرەمێردەکانیش کە نەیاندەتوانی لە ماڵ بێنە دەر، سەریان لە کلاوڕۆژنەکانەوە هێنابووە دەرێ.

عارەبانەیان ئامادە کرد و هێنایان لە سەری کۆڵانەکەیان ڕاگرت. کەس دەنگی نەدەکرد. ئیسلام و مەشەدی جەبار و عەباس و سەرسوور، دایکی ڕەمەزانیان، لە حاڵێکدا کە لە لێفێکدا پێچرابوو، هەڵگرت و خستیانە ناو عارەبانە و تەمایان گرت. ڕەمەزان کە خەریکی داخستنی دوگمەکانی ئێلەگەکەی بوو، بە دڵخۆشییەوە دەرکەوت. بە غار هات و لە عارەبانەکەدا و لە تەنیشت دایکی دانیشت.

نەنە خانم و نەنە فاتم بە ئاوی پیرۆزەوە هاتن و لەتەنیشت عارەبانەکە

ڕاوەستان. نەنە خانم زاری نەنە ڕەمەزانی کردەوە و نەنە فاتمیش کەوچکێک ئاوی پیرۆزی بە قورگی نەنە ڕەمەزاندا کرد. مەلای گوندیش لەولای عارەبانەکە و بە مێزەرە گەورەکەیەوە ڕاوەستابوو و پەیتا پەیتا دوعای دەکرد.

کوێخا و ئیسلام لە جێی عەرەبانچی دانیشتن و سەبیلەیان داگرت. بەیەلییەکان تا لێواری حەوزەکە بە دوای عارەبانەکەدا هاتن و ڕاوەستان. ڕەمەزان ئاوڕی دایەوە و لێیانی ڕوانی. بەیەلییەکان مات و بێدەنگ ڕاوەستابوون و لەژێر لێوەوە دوعایان دەکرد.

کە لە گوند چوونە دەرێ، ڕێگەوبان ڕووناک بوو. پاپاخ، سەد هەنگاوێک بەدوایاندا ڕای کرد، پاشان هەر لە ناکاو ڕاوەستا و چوو لەژێر درەختەکان ڕاوەستا و چاوی لە عارەبانەکە بڕی. دەنگی زەنگوڵەیەک لە دوورەوە دەبیسرا. کە مەودایەک ڕێیان بڕی، مانگ هێدی هێدی هاتە خوارێ و گەورەتر بوو. ڕەمەزان ئاوڕێکی دایەوە و لە دواوەی ڕوانی. بەیەل پەنجەکانی هەڵێنابوو و دوعای بۆ دەکرد.

٢

ئیسلام و کوێخا، لەوسەرە دانیشتبوون و وازیان لە ئەسپ هێنابوو و ئەسپەکەیش بە کاوەخۆ ڕێی دەبڕی. ڕەمەزان، لە تەنیشت دایکی پاڵ کەوتبوو و دەستی خستبووە ژێر سەری پیرەژن. تاو ناتاوێک بەسەریدا دەچەمایەوە، تەکانێکی دەدا و دەیگوت: "نەنە، نەنە، باشتری؟"

پیرەژن، کە ئازارێکی شاشوویش لە سینگیدا دەخولایەوە و چزووی لێ هەڵدەستاند، دەیگوت: "باشترم."

ڕەمەزانیش خۆشحاڵ دەبوو.

کوێخا ڕازی و ئەرخەیان بوو و بیری دەکردەوە، کە شەو هێندەی بە

بەرەوە نەماوە.

نەنە ڕەمەزان هەر لە ناکاو دەنگی هەڵێنا و گوتی: «سەرم هەڵێنە، سەرم هەڵێنە.»

ڕەمەزان سەری دایکی هەڵێنا.

نەنە ڕەمەزان بە چاوی زیت و زەقەوە لە بیاوان و تاریکییەکەی ڕوانی.

ڕەمەزان گوتی: «چیت دەوێ نەنە؟ نەنە گیان چیت دەوێ؟»

نەنە ڕەمەزان گوتی: «دەمەوێ بزانم ئەوە چییە؟»

ڕەمەزان گوتی: «چی چییە؟»

ئیسلام و کوێخا ئاوڕیان دایەوە.

نەنە ڕەمەزان گوتی: «ئەم دەنگە چییە؟»

عارەبانەیان ڕاگرت. دەنگی زەنگوڵەیەک لە دوورەوە دەبیسرا.

کوێخا بە ئانیشک لە بنباڵی ئیسلامی کوتا و گوتی: «گوێت لێیە؟»

ئیسلام گوتی: «زەنگوڵەیە، قەرەج خەریکن بە پشت کێوەکاندا دەڕۆن و ئەوەیش زرینگەی خرخاڵەکانیانە.»

کوێخا گوتی: «نا، قەرەج نین، جارێ زۆری ماوە قەرەج دەرکەون.»

ئیسلام گوتی: «ها، کەواتە پورۆسییەکانن. گوێ بگرە، خەریکن بە قووڵاییی دۆڵەکەدا دەڕۆن و مەڕوماڵاتی دزییان وەپێش خۆ داوە.»

کوێخا گوتی: «پورۆسییەکان لە ڕۆیشتندا قەت دەنگیان لێوە نایە. وەک سێبەر دێن و وەک سێبەریش دەگەڕێنەوە.»

ڕەمەزان گوتی: «دەزانم، ئەوە پاپاخە خەریکە دێ، هۆوەتانێ.»

پەنجەی بۆ تاریکی ڕاکێشا.

نەنە ڕەمەزان گوتی: «پاپاخ نییە... پاپاخ... ئاخر... پاپاخ زەنگوڵەی لە کوێ بوو؟»

دەنگەکە دوور و دوورتر کەوتەوە و... نەما. کوێخا قامچییەکەی هەڵێنا و ئەسپ دیسان بە ڕێ کەوت.

مەودایەکی تریشیان بڕی.

ئیسلام کە دەیویست بەس قسەیەک بکا، گوتی: «من لەم دەنگانە زۆر دەبیسم. چونکە تەنیام. شەوان کە دەچمە سەربان، دادەنیشم و گوێ هەڵدەخەم. هەر بۆیەش لەم دەنگانە زۆر دەبیسم.»

ڕەمەزان دەستی لە ملی دایکی کرد و گوتی: «نەنە گیان، مەترسێ، مەشەدی ئیسلام زۆری لەم دەنگانە بیستووە، هێندەیشمان نەماوە، هەر بگەینە ئەوێ، دەستبەجێ چاک دەبییەوە.»

پیرەژن ناڵەیەکی کرد و گوتی: «من خەریکم دەمرم.»

ڕەمەزان لە پڕمەی گریانی دا، دایکی لە باوەش گرت و گوتی: «دایە، ناهێڵم بمریت، ناهێڵم.»

ئیسلام هەڵگەڕایەوە و گوتی: «مەیکە هەرا. ئێستا دەگەینە سەر جادە و ترومبێلێک پەیدا دەکەین.» پاشان ڕووی لە کوێخا کرد و گوتی: «کوێخا، ئەم ڕەمەزانە عومری چەندە؟»

کوێخا گوتی: «دوازدە ساڵی تێپەڕاندووە.»

ئیسلام گوتی: «بارەکەڵڵا، پیاو بەم زەلامییە خەریکە دەگریێ، خۆ جارێ هیچ نەقەوماوە، بۆ دەگرییێی پیاو؟»

ڕەمەزان گوتی: «دەترسێم نەنەم بمرێ.»

ئیسلام گوتی: «مەترسێ، نەنەت نامرێ. ئاخیرەکەی ڕۆژێک هەر دەمرێ، ئەوجا چی دەکەی؟ نەنەی هەموومان مردووە. نەنەی من، نەنەی کوێخا. وانییە کوێخا؟ وانییە نەنە ڕەمەزان؟»

کەس وەڵامی نەدایەوە.

ئیسلام گوتی: «کوێخا، کە لە شار گەڕایتەوە دەبێ ژنێکی بۆ بێنی. گوند پڕە لە کچ. کچی مەشەدی بابەیش، خڕپن و سوور و سپی،...» قسەکەی تەواو نەکرد. دەنگی زەنگوڵەکە، دیسان نزیک و نزیکتر کەوتەوە. هەرچواریان هەناسەیان لەخۆ بڕی و گوێیان هەڵخست. کوێخا عارەبانەکەی ڕاگرت.

ئیسلام گوتی: «لەحنەت لە باوکی عەباس، زەنگوڵەی لە بنی عارەبانەکەم بەستووە.»

هاتە خوارێ و چووە ژێر عارەبانەکە. دەستی لە هەموو لایەک کوتا، بەڵام هیچ زەنگوڵەیەکی نەدیتەوە.

کە بە ڕێ کەوتن، ئیسلام گوتی: «خەمتان نەبێ، ڕووناکی دابێ، دەردەکەوێ زەنگوڵەکە لە کوێیە.»

ڕۆیشتن و ڕۆیشتن. کە دنیا ڕووناک بووەوە، دەنگی زەنگوڵە نەما و جادەی شاریش لە دوورەوە، دیار کەوت.

٣

ئیسلام لە قەراخ جادە و لەسەر عارەبانەکەی دانیشت، تا ئۆتۆمۆبێلێک دەرکەوت. پاشان قامچییەکەی دەستی هەڵێنا و وەکو با بەرەو بەیەل گەڕایەوە.

کوێخا و ڕەمەزان، نەنەیان سواری ئۆتۆمۆبێل کرد و دایاننایە سەر گونییە برنجەکان. نەنە ڕەمەزان شڕتر بووبوو. ڕەشاییی چاوەکانی دیار نەبوو و کەوتبووە هەناسەبڕکێ. کوێخا دەترسا پیرەژن لە ئۆتۆمۆبێلەکەدا تەواو بێت. دەیویست هەرچۆنێک بێت ڕەمەزان لە دایکی دوور بخاتەوە. بەڵام ڕەمەزان دەستە شل و داهێزراوەکانی دایکی گرتبوو و جووڵەی نەدەکرد. خەو، چاوە ماندووەکانی پڕ کردبوو و گوێیەکانی بە ئاستەم دەیانبیست. نە دایکی دەبینی و نە تەپوتۆزی جادە، دەنگی زەنگوڵەکەیشی

نەدەبیست، کە لە دەوروبەری ئۆتۆمۆبێلەکەوە دەهات.

ئۆتۆمۆبێلەکە، لای نیوەڕۆ، لە پێچی جادە و لە بستە سێبەرێکی بەر شاخ ڕای گرت. کوێخا سفرەی لەسەر گونییەکان ڕاخست. ڕەمەزان لەتە نانێکی هەڵگرت، لە شلەگەنمی هەڵێنا و لێوەکانی دایکی کردەوە و شلەکەی ڕۆ کردە سەر ددانەکانی.

کوێخا گوتی: «لێی گەڕێ، ناتوانێ بیخوا.»

شوفێرەکە هات و لە پەنا کامیۆنەکە و بە چاوە هەڵمساوەکانییەوە لێیانی ڕوانی و گوتی: «چی لێ هاتووە؟»

کوێخا گوتی: «نەساغە.»

شوفێرەکە گوتی: «دەیبەنە کوێ؟ نەخۆشخانە؟»

کوێخا گوتی: «ئادی، چی لێ بکەین؟»

شوفێرەکە گوتی: «لە نەخۆشخانەدا ئاگایان لێی نابێ. دەبا لە گوندی بتانهێشتبایەوە تا تەواو دەبوو.»

ڕەمەزان و کوێخا لە یەکتریان ڕوانی. نەنە هەناسەی سوار بووبوو و چاوەکانی پڕ بوون لە تەپوتۆز. مشتێک مێش و مەگەزی سەوزیش بەسەر لێوەکانیەوە هەڵنیشتبوون.

کوێخا گوتی: «بریا قورئانێکمان لەگەڵ خۆ هێنابا.»

ڕەمەزان بەدەم گریانەوە گوتی: «نا، نا، نامرێ.»

کوێخا گوتی: «دەزانم، دەزانم.»

شوفێرەکە گوتی: «ئەوە کوڕیەتی؟»

کوێخا، کە خەریکی کۆکردنەوەی سفرە بوو، گوتی: «ئادی، کوڕیەتی. کوڕی منیشە.»

شوفێرەکە سەرێکی لەقاند و گوتی: «کوڕی ئەم ڕۆژگارە، لە مردنی دایکیاندا کەمتر خەمبار دەبن. منیش هەر لە تەمەنی ئەم کوڕەدا بووم و

ئێستا دە ساڵێک زیاترە دایکم مردووە. بەڵام قەت ناتوانم لە بیری بکەم.»

پاشان ڕووی لە ڕەمەزان کرد و گوتی: «مەترسێ، هیچ ناقەومێ، نامرێ، دەتانبەمە نەخۆشخانەیەکی چاک، لەوێ ئاگایان لێی دەبێ و هەڵدەستێتەوە سەرپێ.»

ڕەمەزان هەڵسایەوە و دانیشت و لە گریان کەوت. خۆرەتاو تازە لار بووبووەوە و دۆڵێکی قووڵ و گەورە لەژێر پێیاندا دەمی کردبووەوە.

ڕەمەزان گوتی: «چاو چاو بابە، گوێت لێیە؟ دەنگەکە لەوێوە دێ!»

کوێخا دەنگی زەنگوڵەکەی بیست. شوفێر گوتی: «باسی چی دەکەی؟»

ڕەمەزان گوتی: «گوێت لێ نییە؟ تۆ دەنگی زەنگوڵە نابیسی؟»

شوفێرەکە گوتی: «دەنگی زەنگوڵە؟ شتی وا لەم دەوروبەرە قەت نابیسرێ. هێندێک جار، سیسرکەکان دێنە سەر جادە و کۆ دەبنەوە. ئەویش لە شەودا، ئێستایش ئەوە نیوەڕۆیە.»

## ٤

ئیسلام کە گەیشتەوە بەیەل، خەڵک بە دەوری حەوزدا خڕ بووبوونەوە. ئیسلام لە عارەبانەکەی دابەزی، بەرەو خەڵکەکە ڕۆیشت و گوتی: «ڕۆیشتن.»

مەشەدی بابە، کە لەژێر داربییەکە دانیشتبوو، گوتی: «پیرەژن هەرچۆنێک بێ، دەمرێ. کوێخایش پێستی قایمە و هیچی لێ نایە و دەگەڕێتەوە. بەڵام کوڕەکەیان، خوا دەزانێ ئەو کوڕە چی بەسەر دێ.»

بابەعەلی لەنێو پیاوەکاندا گوتی: «ئەگەر دوعای بۆ بکەن چاک دەبێتەوە.»

مەشەدی جەعفەری کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «هیچی لێ نایە، ئەو کوڕە ئاوی دە گونان گەڕاوە و هەر چاو بترووکێنی دایکی لە بیر دەکا و دەکەوێتە نێو خەیاڵاتی ترەوە.»

ئیسلام گوتی: «نا، مەشەدی بابە، هەموومان دەزانین کە نەنە ڕەمەزان

دەمرێ. کوێخـایش دەستی کوڕەکەی دەگرێ و دەگەڕێنەوە گوند. ڕەمەزان بۆ دایکی بێ تاقەت دەبێ، ئەوسا من و کوێخا دێینە ماڵتان و داوای کچەکەتانی بۆ دەکەین. جا کە ژنمان بۆی گواستەوە، ئیدی خەمی دایکی ناخوا.»

ژنەکـان لەوبەری حـەوزەکـە خـڕ بوویـوونەوە و بە سـرتـە دەدوان. کـچی مەشەدی بابە، کە تازە لە زیارەتی نەبیـاغا گەڕابووەوە، خۆی لەپشت ژنەکان شاردەوە.

مەشەدی بابە لێی پرسی: «کوێخا بە زاری خۆی گوتی؟»

ئیسلام گوتی: «نا، من گوتم، ئەویش قەبووڵی کرد. هەرکە گەڕانەوە، من و کوێخا دێینە ماڵتان.»

مەشەدی بابە گوتی: «هەموو شت بە دەست خوایە.»

ئیسـلام سواری عارەبانەکەی بوو، ئەسپـەکەی هەی کرد و لە گوند چووە دەرێ. ژنەکان دانیشتن. مەشەدی بابە سەبیلەکەی داگرت، نوقمی خەیاڵان بوو. کچەکەی لە پەنا دیوارەوە ڕای کردە ماڵەوە، لەپێش ئاوێنەکە ڕاوەستا و خەریکی چاوڕشتن بوو.

٥

دەرکەوانی نەخۆشخانە، دەرکەی کردەوە. کوێخا ژنەکەی لە باوەش گرتبوو و لەسەر عەرز دانیشتبوو. ڕەمەزان کە پاڵی بە دەرکەی نەخۆشخانەوە دابوو، هەر دەرکە کرایەوە، چووە ژوورێ.

دەرکەوان بە تووڕەییەوە پرسی: «بۆ کوێ؟»

کوێخا گوتی: «ژنەکەم، دایکی ئەم کوڕە خەریکە دەمرێ.»

ڕەمـەزان لە پرمـەی گـریانی دا. تەپوتۆز سـەراپای هەردووکـیـانی داپۆشـیبـوو. دەرکـەوان دەرکـەی کـردەوە و چوونە ناو دالانە تاریک و شێدارەکەوە. پیرەژنیان لەسەر نیمکەتێک درێژ کرد. چاوەکانی کراوە بوون

و دەتگوت خەریکە دواهەناسەکانی دەکێشێ.

دەرکەوان گوتی: «باشتر بوو بتانبردبا شوێنێکی تر. نەساغی وا لەم نەخۆشخانەیە ڕاناگرن.»

دەنگی گریانی ڕەمەزان بەرزتر بووەوە.

کوێخا گوتی: «شوێنی تر؟ کوێ؟»

دەرکەوان گوتی: «دەزانی، نەخۆشخانەکەمان، ئۆتۆمۆبێلی مەیت کێشانەوە و شتی وای نییە. هەمووی چەند ژوورێکە و دوکتۆرێک. ئەگەر چاک نەبووەوە چی لێ دەکەی؟ چۆنی دەبەیتە وێ؟»

کوێخا و ڕەمەزان کەوتنە پاڕانەوە.

دەرکەوان گوتی: «دەی باشە.»

نەنە ڕەمەزانیان هەڵگرت و لە دالآنەوە بەرەو حەوشێکی گەورە ڕۆیشتن، پاشان گەیشتنە دالآنێک و لەوێشەوە بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕان. پلیکانەکان دەرمانی سووریان پێدا ڕژابوو و پۆپەشمین و پەمۆی خوێناوی لەملا و لەولا کەوتبوون.

ژنێکی لاوازی کراس سپی، بە دوو منداڵەوە، لە تەنیشت پلیکانەکان ڕاوەستابوو. منداڵێکی بە باوەشەوە بوو. هەرکە ئەوانی بینی، گوتی: «ئەم مەیتە بۆچی دێننە سەرەوە؟»

کوێخا گوتی: «ڕوخسەتمان بدەنێ بیهێنینە ژوورێ، هێشتا تەواو نەبووە.»

ڕەمەزان بە دەنگی بەرز گریا، ژنەکە هەنگاوێک چووە پێشەوە و لە چاوەکانی پیرەژنی ڕوانی و گوتی: «تەواو بووە.»

نەنەڕەمەزان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

ژنەکە گوتی: «دەی باشە، بیهێننە سەرێ. کاتێک نەخۆشمان بۆ دێن کە ئیدی هیچمان لە دەست نایە.»

دەرکـەیان کـردەوە، ژوورێک دیار کـەوت، قـەندیلێکی تێدا هـەڵواسـرابوو. مـۆمـێکی بچـووکـیـشـی تێـدا هـەڵکرابوو و چرایەکیش لە بالاڕفـەکەدا، کـز دەسـووتا. سێ تەخـتی بەتاڵیش لە سێ سـووچی ژوورەکـە دانرابوون، کە پڕ بوون لە پۆپەشمین و پەمۆی خوێناوی.

دەرکەوان بە پەرستارەکەی گوت: «ئەوە دیسان مۆمت داگیرساندووە؟»

پەرستارەکە گوتی: «دەترسێم نەوتمان لێ ببڕێ و لە تاریکیدا بمێنینەوە.»

نەنە ڕەمەزانیـان لەسـەر تەختێک درێژ کرد. ڕەمـەزان و کوێخـا گەڕانەوە و لە تەنیشت دەرکە دانیشتن.

دەرکەوان گوتی: «بۆچی دانیشتی؟ با بڕۆین دوکتۆری بۆ بێنین.»

کوێخا هـەڵسا و لەگەڵ دەرکەوانەکە چوونە دەرێ.

ڕەمەزان هـەستـا، چووە لای دایکی و لە چاوەکانی ڕوانی کـە لە قەندیلـەکە ڕامـابوو و بەخـۆی گوت: «ئەوە خـەریکە چاک دەبێتـەوە، بزانە، چاوی لە چرا بڕیوە.»

پەرستارەکە لێی پرسی: «لە کەیەوە نەخۆشـە؟»

ڕەمـەزان گوتی: «نازانم، بـە عارەبانەی مـەشـەدی ئیسـلاممان هێنایە سـەر جادە و لەوێشـەوە بە لۆرییەک گەیاندمانە ئێرە.»

منداڵەکانی پەرسـتـارەکە لەپێش دەرکە ڕاوەسـتـابوون و سـەیری پیـرەژن و کـوڕەکـەی و دەسـتـەکانی پیـرەژنیـان دەکرد، کـە هێدی هـێدی بە تـەختـەکەدا شۆڕ دەبوونەوە.

٦

کوێخا و دەرکەوان چوونە ناو دالانی یەکەم و بە پلیکانێکدا هەڵگەڕان، کە لە سووچێکی تری دالانەکە بوو. پاشان گەیشتنە دالانێکی تری چوارگۆشـەیی، کـە پـەنجـەرەیەکی خـڕی هـەبوو. پەنجـەرەکـە بەرەو مــەیدانێک دەکـرایەوە.

دەرکەوان لە دەرکەی دا.

پیاوێک بە کۆخەکۆخ گوتی: «کێیە؟ ئەمجار کێیە؟»

دەرکەوان گوتی: «نەخۆشێکیان هێناوە.»

پیاوێکی لاواز بە کڵاشی دڕاو و کراسێکی سپییەوە هاتە دەرێ. بیستۆکێکی گەورەی هەڵگڵۆفیبوو و لە گیرفانی ئاخنیبوو و برێشکەی دەترووکاند. هەرکە هاتە دەرێ لە کوێخای ڕوانی و گوتی: «کوا؟ خۆ ئەمە نەخۆش نییە.»

دەرکەوان گوتی: «نەخۆشەکە لە خوارێیە، لە ژوورەکەی ئازەرمان داناوە.»

دوکتۆر نێوچەوانی تێک نا و گوتی: «بۆ بردتانە ئەوێ؟ من تاقەتم نییە چرکە بە چرکە بچمە نێو ئەو هۆڵە گواوییەوە.»

پاشان بە پلیکانەکاندا داگەڕا. کوێخا و دەرکەوانیش بە دوایدا شۆڕ بوونەوە. بە داڵان و حەوشە و داڵانەکەی دووەمدا تێپەڕین و بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕان. ئازەر، کە لە بەردەرکە ڕاوەستابوو و منداڵەکەی لە باوەشدا بوو، خۆی لادا. دوو منداڵی دی، کە لە ناوەندی ژوورەکەدا ئێسکیان دەلێستەوە، ئاوڕیان دایەوە و سەیری ئەمانیان کرد. ڕەمەزان ترسا و چوو لەلای پەنجەرەکە ڕاوەستا.

دوکتۆر بە ئازەری گوت: «دیسان ئەم تووتکانەت هێناوەتە نەخۆشخانە؟ بیانبە دەرێ!»

ئازەر هێمایەکی کرد و منداڵەکان ئێسکیان فڕێ دا و چوونە ناو داڵانەکە. ئازەریش ڕۆیشت و لەپشت دەرکە ڕاوەستا و لە درزی دەرکەوە چاوی لە قەندیلەکە بڕی. دوکتۆر چووە پێشەوە و لێفەی لەسەر نەنە ڕەمەزان لادا. مێشە ئاشناکانی بینی، کە لەسەر دەموچاوی هەڵنیشتبوون. چاوەکانی وشک هەڵاتبوون و گەردی دواساتەکانی ژیان، بیبیلەکانی پیرەژنی داپۆشیبوو.

دوکتۆر بە کوێخا و کوڕەکەی گوت: «بڕۆنە دەرێ.»

ڕەمەزان و کوێخا و دەرکەوان چوونە دەرێ.

دەرکەوان گوتی: «حاڵی زۆر شڕە.»

کوێخا دەرکەوانی بردە لایەک و گوتی: «ئەگەر پیرەژن بمرێ، کوڕەکەم خۆی دەکوژێ.»

دەرکەوان گوتی: «پێت وایە؟»

کوێخا گوتی: «ئادی، دە شەو و دە ڕۆژە لە تەنیشت پیرەژن هەڵنەستاوە. من دەزانم پیرەژن تەواو بووە. دەستی من و داوێنت، کارێ بکە کوڕەکەم نەزانێ.»

دەرکەوان گوتی: «باشە.»

کە ژوورەکە چۆڵ بوو، دوکتۆر بەرۆکی پیرەژنی کردەوە. لەشی سەوزی پیرەژن خەریک بوو سارد دەبووەوە.

دوکتۆر بیستۆکەکەی خستە سەر سینگی پیرەژن. دڵی لە ترپە کەوتبوو، بەڵام دەنگێکی کپ و ونگ دەبیسرا. دوکتۆر بە تووڕەییەوە هەڵگەڕایەوە، دەرکەی کردەوە و بە ئازەری گوت: «چەند جار پێت بڵێم کاتێک خەریکم نەخۆش دەبینم، لەیستۆکەکان مەخەرە بەردەستی منداڵەکانت؟»

ئازەر هێمای بۆ منداڵەکان کرد کە کپ و بێدەنگ لەسەر پلیکانەکان دانیشتبوون. دوکتۆر گەڕایەوە ژوورێ و بیستۆکەکەی خستەوە سەر سینگی پیرەژن. دەنگی زەنگوڵەکە هێدی هێدی دوور کەوتەوە و... لە بیاواندا کپ بوو.

٧

کچی مەشەدی بابە چاوی ڕشت و هات لە سەربانەکەیان دانیشت. هیچ کام لە بەیەلییەکان، لە دەرێ نەبوون. پاپاخ لەسەر دیواری ماڵی کوێخا هەڵتووتابوو، سەری خستبووە سەر هەردوو دەستەکانی و خەوتبوو.

مـــەشـــەدی بابـە، لە ژوورەکـــەیدا پاڵ کـــەوتبـــوو، دەســـتی بـە ڕیشـــە خەناوییەکەیدا دێنا و لە بانێژەوە چاوی لە دەرپێ سوورەکەی کچی بڕیبوو.

ئیـسـلام بە خـۆی و عـارەبانـەکـەیەوە هات و لەلای حـەوزەکـە ڕاوەسـتـا. سـەتڵەکەی پڕ کرد و لـەپێش ئەسپـەکەی دانا. ئەسپـەکـە لمۆزی خسـتـە ناو ئاوەکـەوە. بزنـە ڕەشـەی ئیـسـلام لە پـەنجـەرەوە دەرپـەڕییـە دەرێ و بەرەو عـارەبانەکـە ڕۆیشـت و وێنجـە هەڵتلیـشـاوەکـانی لسـتـەوە، کـە بـە تایەی عـارەبانەکـەوە نووسـابوون. شـەو خـەریک بوو دادەهات. هەمـوو چاولەڕێ بوون، سەرەکان لە پەنجەرەکانەوە دەهاتنە دەرێ و گوێیان هەڵدەخست.

جادەی گوند کپ و خامۆش بوو.

کچی مەشەدی بابە، مات و خەمبار، لە سەربانی ماڵەکەیان دانیشتبوو.

٨

ڕەمـەزان، شـاد و بێ خـەم لە ژوورەکـەی دەرکـەوانـدا دانیـشـتـبـوو و نان و مـاسـتی دەخـوارد. پیـرەژن کپ بوو، ناڵەی لـێ بڕابوو و پۆپەشـمـینێکیـان بەسەردا دابوو. دەرکەوان گوتبووی دەبێ نەشتەرکاری بکرێ، تا جارێکی تر هەستێتەوە سەرپێ. هەر بۆیەش دەبێ سبەینێ بیبەنە نەخۆشخانەیەکی تر.

هەرسێکیان لە ژووری دەرکەوانەکەدا مانەوە. ڕەمەزان کە بەرشێوی کرد، ڕاکشا و خەوی لێ کەوت. بەڵام دەرکەوان و کوێخا تا نیوەشەو، سەبر سەبر قسەیان دەکرد. دەرکەوان وردەکارییەکانی بۆ کوێخا باس دەکرد.

چرایان کـوژاندەوە و پـاڵ کـەوتن. لە دەرێ بـا هەڵی کـردبوو و لقـێکی درەختی بادامی لە شووشەی پەنجەرەکە دەخشاند.

بەیان ئەنگوت، کوێخا و دەرکەوان لە خەو هەڵسان. بە پێدزکێ لە ژوورەکە چوونـە دەرێ و نەنـە ڕەمـــەزانیـــان لـە ژوورەکـــەی ئازەر هـێنـایە دەرێ و لـە دالانەکـەدا، پاڵیـان خـست. دەرکـەیـان کـردەوە، هەرکـە چوونە ناو شـەقام و

چاوەڕێی ئۆتۆمۆبێلێک؛ ڕاوەستان، ڕەمەزان لە خەو هەڵسا و هاتە دەرێ.

دەرکەوان گوتی: «دەبێ نەنەت ببەنە نەخۆشخانەیەکی تر، تا عەمەلیاتی بکەن.»

ڕەمەزان گوتی: «منیش لەگەڵی دەچم.»

دەرکەوان گوتی: «لەوێ ڕێت نادەن.»

ڕەمەزان گوتی: «ئەگەر ڕێیان نەدام دەگەڕێمەوە ئێرە.»

ئۆتۆمۆبێلێکی ڕەش دەرکەوت. دەرکەوان چەنەی لێ دا و کوێخا ڕۆیشت نەنە ڕەمەزانی هەڵگرت و بردیە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە و دانیشت. ڕەمەزانیش لە تەنیشت کوێخا دانیشت.

ئۆتۆمۆبێل بە ڕێ کەوت، دەرکەوان چاوی لێیان بوو. کە گەیشتنە بنی شەقامەکە، خۆر دەرکەوت و شوفێرەکە گوتی: «ئەو نەخۆشەتان بۆچی ئاوا پێچاوەتەوە؟ نەکا... ها؟ نەکا...»

کوێخا گوتی: «لە سەری کۆڵانەکە دێینە خوارێ. کۆڵانی وەنەوشەزار.»

شوفێرەکە هیچی نەگوت. ڕۆیشت و ڕۆیشت و لە مەیدانێکی بچووک و چۆڵ ڕای گرت. ئەوان دابەزین. کۆڵانێکی درێژیان لە بەرامبەر خۆیانەوە بینی، کە تەپوتۆز دایگرتبوو. گاشەبەردێکی ڕەشیش لە سووچێکی کۆڵانەکە کەوتبوو. ئاڵایەکی بچووکیش بە لەپێکی مسینەوە لەسەر گاشەبەردەکە چەقێندرابوو.

کوێخا بە ڕەمەزانی گوت: «لێرە دانیشە، من دەیبەم و دەگەڕێمەوە.»

ڕەمەزان گوتی: «منیش دێم، من دەمەوێ نەنەم ببینم.»

دەستی درێژ کرد تا دەستی مردوو لەبن لێفەکەوە بگرێ.

کوێخا گوتی: «دەستی لێ مەدە، ئەگەر بە ئاگا بێتەوە ئیدی چاک نابێتەوە. تۆ لێرە دانیشە. ئەگەر لەگەڵمان بێیت، ڕێمان نادەن و هیچمان پێ ناکرێ.»

ڕەمەزان لەسەر گاشەبەردەکە دانیشت. توورەکەی نان و ماستی لەسەر چۆکی دانا. کوێخا نەنە ڕەمەزانی لە کۆڵ کرد و بەرەو کۆڵانەکە ڕۆیشت. پێیە ڕەشەکانی نەنە لەژێر لێفەوە دەرکەوتبوون، ئەنگوستە درێژ و لێککراوەکانی، هێڵی باریکیان بەسەر خۆڵە نەرمەکەی کۆڵاندا دەکێشا.

ڕەمەزان چاوی لە هێڵەکان بڕیبوو، هەرچەند باوکی دوورتر دەکەوتەوە، هێڵەکان درێژتر دەبوونەوە. هەتاوێکی گەرم و بەتین بوو. بایەکی بۆگەن دەهات و ئاڵاکەی بەسەر سەری ڕەمەزاندا دەلەراندەوە. دەنگی چەرخ و زەنگوڵەکان لە کۆڵاندا خولایەوە. ڕەمەزان خۆی لادا. عارەبانەیەکی ڕەش دەرکەوت، کە دوو ئەسپی زل و گۆشتن، ڕایان دەکێشا. زەنگوڵەی بچووک بچووک بە عارەبانەکەوە شۆڕ بووبوونەوە. عارەبانەکە گەیشتە مەیدانەکە و ڕاوەستا. ئەسپەکان پشوویەکیان دا و خێرا بە شەقامەکەدا شۆڕ بوونەوە و دەنگی زەنگوڵەکان ئەو ناوەیان پڕ کرد.

عارەبانەکە ڕۆیشت و مۆمێکی گەورەی سەوز، لەژێر پەردەکەیەوە کەوتە خوار و تایەی عارەبانەکە، بە پەنایدا تێپەڕی.

٩

ئیسلام و مەشەدی بابە، لەسەر عارەبانەکە دانیشتبوون. کچی مەشەدی بابە، چاوبەکل لە بنەبانی عارەبانەکە دانیشتبوو. لە قەراخ جادەکە چاوەڕێ بوون.

ئیسلام گوتی: «بڕوا ناکەم زۆریان پێ بچێ. پیرەژن زۆر شڕ بوو. کە سواری ئۆتۆمۆبێلیان دەکرد، لاقی خەریک بوو جووت دەبوون. هەرچۆنێک بێت دێنەوە.»

مەشەدی بابە گوتی: «کوێخا مرۆڤێکی خواناسە. تا مەیتەکە نەشارێتەوە، نایەتەوە.»

جاده چۆڵ بوو. کچی مەشەدی بابە چاوی لە ڕێی شار بڕیبوو.

ئیسلام هەر لە ناکاو چاوی لە پانتاییی جاده بڕی. دوو مشکی گەورە، خەریک بوون سەبر سەبر نزیک دەکەوتنەوە. ئیسلام لە عارەبانەکەی دابەزی. مشکەکان ڕێیان خوار کردەوە و بە لاڕێدا بەرەو بەیەل ڕۆیشتن.

ئیسلام قامچی لە دەست بەرەو مشکەکان ڕۆیشت. مشکەکەی پێشەوە، مۆمێکی سەوزی گەورەی بە دەمەوە بوو.

ئیسلام بە پێکەنینەوە بانگی مەشەدی بابەی کرد. مەشەدی بابە ڕۆیشت، لەلای ئیسلام ڕاوەستا و هەردووکیان داهاتنەوە و لە مشکەکانیان ڕوانی.

ئیسلام گوتی: «ئەم سەگبابخێوانە خەریکن مۆم دەبەنە بەیەل.»

مەشەدی بابە گوتی: «مۆمێک دەبەن و لە باتیی ئەویش، دوو خەروار گەنم هەڵدەلووشن.»

ئیسلام بە پێلەقە لە گیانی مشکەکان بەربوو. مشکەکەی یەکەم، مۆمەکەی فڕێ دا و دەرپەڕی. مشکەکەی دووەم لەژێر پێی ئیسلامدا پلیشایەوە.

مەشەدی بابە مۆمەکەی هەڵگرت، سەیرێکی کرد، بۆنی پێوە کرد و گوتی: «چی لێ بکەین؟»

ئیسلام گوتی: «با بیبەین، دەیدەینە کچەکەت، با ڕای گرێ بۆ شەوی بووکێنی. پێت چۆنە؟»

مەشەدی بابە گوتی: «زۆریش باشە.»

گەڕانەوە و مۆمەکەیان دایە دەست کچە و دانیشتن. سەبیلەیان تێ کرد و لە بیرەوە ڕۆچوون.

١٠

کوێخا هەرچییەکی کرد و کراندی، ڕەمەزان ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە گوند. لەسەر گاشەبەردەکە دانیشتبوو و دەیگوت: «با نەنە بێت، ئەوجا دەڕۆین.»

کوێخا گوتی: «بەم زووانە نایەتەوە. دە ڕۆژی پێ دەچێ.»

ڕەمەزان گوتی: «ئێمەیش دە ڕۆژی تر دەڕۆینەوە.»

کوێخا گوتی: «ئەدی چی لە کاروبارمان بکەین؟»

ڕەمەزان گوتی: «تۆ ئەگەر حەزت لێیە بڕۆ. من بۆ خۆم لێرە دەمێنمەوە.»

کوێخا دانیشت و ئارەقەی نێوچەوانی سڕی. جلەکانی پیرەژنی لە بن هەنگڵدا بوو. لە پڕێکدا هەڵسایە سەرپێ و گوتی: «گوێ بگرە، ناکرێ لێرە دانیشین. با بچینە لای دەرکەوانی نەخۆشخانە و لەوێ چاوەڕێ بین.»

هەستان و چوونە لای دەرکەوانی نەخۆشخانەکە. دەرکەوان پێش دەرکەی نەخۆشخانەی گەسک دابوو و ئاوڕشێنی کردبوو. لەبەر دەرکە و لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و خاسی دەخوارد.

کوێخا گوتی: «بردمانە نەخۆشخانە.» چاوێکی لە دەرکەوان داگرت و درێژەی پێ دا: «گوتیان دە ڕۆژی تر دێتە دەرێ. بەڵام ڕەمەزان نایەوێ بگەڕێتەوە گوند.»

ڕەمەزان گوتی: «تۆ بڕۆ، من لەگەڵ نەنەم دێمەوە.»

دەرکەوان گوتی: «زۆر باشە کوێخا. تۆ بڕۆ. ڕەمەزان لێرە دەمێنێتەوە، یارمەتیم دەدا و منیش حەفتەیەکی تر دەینێرمەوە.»

کوێخا جلەکانی نەنە ڕەمەزانی هەڵگرت و کرێی ئۆتۆمۆبێلی ڕەمەزانی دایە دەست دەرکەوان و بەڵێنی لێ وەرگرت، کە حەفتەیەکی تر، ڕەمەزان بە ڕێ بکاتەوە بەیەل.

ڕەمەزان و دەرکەوان چوونە ژوورێ.

دەرکەوان گوتی: «تۆ هەر لێرە و لەم ژوورەدا دەمێنییەوە تاکو دایکت دەگەڕێتەوە.»

ڕەمەزان توورەکەی نان و ماستی خستە ژێر تەختی دەرکەوان و لەسەر

لێواری پەنجەرە دانیشت. دەرکەوان پارەی ئۆتۆمۆبێلی ڕەمەزانی لەژێر فانۆسەکە دانا و چووە ناو پێخەفەکەی و لێی وەرکەوت. ڕەمەزان هاتە دەرێ و لەسەر کورسییەکەی بەردەرکە دانیشت و دەستی بە خاس خواردن کرد.

١١

کە کوێخا گەیشتەوە ناو گوند، ئیسلام لە ڕۆخ حەوزەکە خەریکی شوشتنی عارەبانەکەی بوو. پاپاخ خۆی لەسەر دیوارەوە هەڵدایە خوارێ، بە حەپەحەپەوە بەرەو کوێخا ڕۆیشت و بۆنی پێوە کرد. کچی مەشەدی بابە چووە سەربان و دیتی کوێخا هاتووەتەوە و خەریکە لەگەڵ ئیسلام قسە دەکا. گەڕایەوە خوارێ، قاپوقاچاغەکانی هەڵگرت و بەپەلە کۆڵانی بڕی و خۆی گەیاندە لای حەوز و دەستی بە شۆردنیان کرد.

ئیسلام گوتی: «ئەدی ڕەمەزان نەهاتەوە؟»

کوێخا گوتی: «دەڵێ تا دایکم نەیەتەوە، نایەمەوە.»

ئیسلام ڕاوەستا و واقوڕماو چاوی لە ماسییەکان بڕی و لێی پرسی: «جا کەی دێتەوە؟»

کوێخا گوتی: «دەرکەوان گوتی حەفتەیەکی تر بە ڕێی دەکاتەوە.»

کچی مەشەدی بابە لێکی دایەوە: «حەفتەیەک چەند ڕۆژە؟»

ئیسلام گوتی: «بریا بتهێنایاوە. خۆت دەزانی هێندێک کەس چاوەڕێی دەکەن.» هێمای بۆ کچی مەشەدی بابە کرد.

هەردووکیان گەڕانەوە و تەماشایان کرد. کچی مەشەدی بابە هەستایە سەرپێ، قاپەکانی هەڵگرت و بەڕێ کەوت. کە گەیشتە نێو کۆڵان، چاوی بە پاپاخ و بزنە ڕەشەی ئیسلام کەوت، ڕاوەستابوون و چاویان لە ئاوەکە بڕیبوو.

دەرکـەوان، شـەوان دەخـەوت، کـە نەخـۆشـێکیش دەهات و لە دەرکـەی دەدا، ڕەمەزان هەڵدەستا و دەرکەی دەکردەوە. دەرکەوان بەڵێنی بە کوێخا دابوو، پاش حەفتەیەک، ڕەمەزان ڕەوانەی گوندەکەیان بکاتەوە.

ڕۆژی شـەشـەم بە ڕەمـەزانی گوت: «ئەوڕۆ چووبوومە ئەو نەخـۆشـخـانەی دایکتی لێیە. دایکت بەم زووانە ئیزن نادەن. باوکیشت پارە و مـەسرووفـاتی بۆ دانەناوی. سبەینێ بڕۆ گوندەکەتان، پارە بێنە و وەرەوە.»

ڕەمـەزان گـوتی باشـە و بڕیاریان دا سـبـەینێ زوو بە ڕێ بکەوێ. شـەو زووتر لە هەمـیشـە داهات. دەرکەوان و ڕەمـەزان چوونە ژوورێ و دەرکـەیان داخست کە بخەون. با دەهات. گوێیان لە دەنگی ئازەر بوو، کە لە پەنجەرەوە دانەویبوو و بە منداڵەکانی دەگوت: «دەبینن، با خەریکە چی دەکا؟»

با، پیسـایی و پەمـۆ خـوێناوییـەکانی نێـو حـەوشـەی ڕادەمـاڵی و ڕاپێـچی دەرێی دەکردن.

دەرکەوان بەرشێوی نەکرد، بەتانییەکەی بە خۆی دادا و لێی خەوت.

ڕەمەزان لە پەنا دیواری ژوورەکە دانیشت و چاوی بڕییە لقەکەی درەختی بادام، کە شووشەی پەنجەرەی دەڕووشاندەوە.

دەنگەکـان تێکەڵ دەبوون و تاوناتـاو دەنگی دوکـتـۆر لە نـهـۆمی سـەرەوە دەهات، کـە دەرکـەی دەکـردەوە، لە داڵانەکـەدا دەکـۆکی و جنێـوی دەدا. ڕەمەزانیش بەدەم بیسـتنی دەنگەکانەوە، خـەوی لێ کەوت. نیـوەشـەو لـە خەو هەڵسا. دەنگ دەهات. دەنگێکی ئاشنا. دەنگی زەنگوڵەیەک لەنێو بادا. گوێی هەڵخـست. دەنگەکـە نزیک و نزیکتـر کـەوتەوە، لە بەردەرکـەی حـەوشـە ڕاوەسـتـا، پاشـان دەسـتێک سـەبر سـەبر کـەوتە سـەر دەرکـە و تەقـەی لێ هەستاند. ڕەمەزان سەری هەڵێنا، دەرکەوان لە خەودا بوو. ڕەمەزان هەستا،

دەرکەی ژوورەکەی کردەوە و چووە ناو حەوشەکەوە. دەنگی دوکتۆری بیست، کە لە پێخەفەکەیدا دەکۆکی.

ڕەمەزان بەرەو دەرکە ڕۆیشت. هینکە و هەناسەی کەسێک، لە پشت دەرکەی حەوشەوە دەهاتە بەرگوێ. کە دەرکەی کردەوە، نەنەی بینی. جلێکی نوێی لەبەر بوو. ڕەمەزان بە خۆشحاڵییەوە چووە دەرێ و دەستی نەنەی گرت. هەردووکیان بە پەلە ڕۆیشتن و دوور کەوتنەوە. بایەکی توند دەهات و پاڵی بەهەردووکیانەوە دەنا. دەنگی چەند زەنگوڵەیەک لە دوور دوورەکانەوە دەهاتە بەرگوێ.

ڕەمەزان گوتی: «نەنە، دەچینە کوێ؟ دەچینەوە بەیەل؟»

نەنە گوتی: «نا، دەچینە وەنەوشەزار.»

١٣

بەیانی زوو، کوێخا و مەشەدی بابە و ئیسلام سواری عارەبانە بوون و چوون لەسەر جادەی شار، چاولەڕێ دانیشتن.

پاپاخ و بزنە ڕەشەی ئیسلامیش غاریان دا و لە تەنیشت عارەبانەکە ڕاوەستان. بەیەلییەکان چەند سەعات جارێک دەهاتنە دەرێ و لە پەنا حەوزەوە تەماشای جادەیان دەکرد و دەگەڕانەوە.

کە ئێوارە داهات، مەشەدی بابە بەنێوچەوانی گرژەوە گوتی: «ئەدی چی لێ هات؟ مەگەر نەتگوت دێتەوە؟»

کوێخا بە نیگەرانییەوە گوتی: «گوتبووی دەینێرمەوە. ئێستایش هیچ باسێک نییە.»

کە شەو داهات، کچی مەشەدی بابە لە سەربان داگەڕا، مۆمە سەوز و گەورەکەی هەڵگرت، لە ماڵ هاتە دەرێ و ڕێی گردەکەی گرتە بەر، تا لە نیشانگەدا دایگیرسێنێت.

# چیرۆکی دووەم

## ١

کوێخا هاتە سەر دیوار. پیاوەکان، تێکڕا هەستانە سەرپێ و ڕاوەستان. کوێخا دانەوی و لە ڕووناکیی مانگدا، تەماشای پیاوەکانی کرد و دابەزییە خوارێ، بەرەو ئیسلام ڕۆیشت و قۆڵی گرت. بە تاریکاییی پەنا دیواردا تێپەڕین و بەرەو ماڵی ئیسلام چوون. کوێخا لەبەر پەنجەرە ڕاوەستا و ئیسلام چووە ژوورێ. بەڕەی خڕ کردەوە و هێنایە دەرێ و دووبەدوو بەرەو حەوزەکەی ناوەندی گوند ڕۆیشتن. لەژێر داربییەکە ڕاوەستان و تاوێک بە چرپە قسەیان کرد و هاتنەوە لای پیاوەکان. کوێخا و بەدوای ئەویشدا ئیسلام، بە دیواردا هەڵگەڕان و ئاودیو بوون. تاوێکی نەبرد، هەردووکیان هاتنە سەر دیوارەکە و لە خەڵکیان ڕوانی. کوێخا بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: «ئەلفاتیحە!»

ئەوسا خەڵک بۆیان دەرکەوت و گێژ و حەپەساو، فاتیحایان خوێند. پاشان یەک بە یەک بە دیواردا هەڵگەڕان و بە ڕیز لەسەر لێواری دیوارەکە دانیشتن. بەڕەکەی ئیسلامیان، بەسەر مردووەکەدا دابوو و فانۆسێکی بچووکیشیان لە تەنیشت مردووەکە پێ کردبوو. مێشوولەی گەورەی باڵدار بە دەوری فانۆس و بەسەر جامە ئاوەکەدا دەخولانەوە.

ئیسلام و کوێخا سەرلەنوێ چوونەوە ئەودیو دیوارەکە و بانگی مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەریان کرد.

کوێخا بە مەشەدی جەباری گوت: «دەبێ بچنە سەیداوا.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئێستا؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی، هەر ئێستا.»

کوێخا گوتی: «بە عارەبانەکەی ئیسلام بڕۆنە سەیداوا، بە حاجی شێخ بڵێن ئاغا ئەمری خوای کردووە و دەبێ نوێژی لێ بخوێنێ و لەگەڵ خۆتانی بێنن. ئاغا وەسیەتی کردووە.»

مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەر لە یەکتریان ڕوانی و بەرەو ماڵی ئیسلام کەوتنە ڕێ.

ئیسلام گوتی: «کە هەوسارەکان دەکەنەوە، ئاگاتان لە بزنەکە بێ، دەرنەپەڕێتە دەرێ.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئاگام لێی دەبێ.» و ڕۆیشتن.

ئیسلام و کوێخا هاتنە لای حەوزەکە و لە تەنیشت چاڵێک ڕاوەستان کە تاتەشۆرە ڕەشەکەی تێدا بوو.

مەشەدی بابەیش هات، لە تەنیشتیان ڕاوەستا و لە کوێخای پرسی: «پێت وایە حاجی شێخ بتوانێ لەگەڵیان بێت؟»

کوێخا گوتی: «بۆ نەتوانێ؟ ئەگەر بزانێ ئاغا ئەمری خودای کردووە، سەدلەسەد دێ.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئاخر سەیداوا نەخۆشی تێ کەوتووە و خەڵک پەنایان بردووەتە ماڵی گەداخانم. ڕۆژێ سێ- چوار مردوویەک دەشارنەوە.»

کوێخا گوتی: «لە کوێت بیستووە؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ژنی میربرایم کە کچەکەی لەگەڵ کوڕی ئاغادا بردبووە شار، لە گەڕانەوەدا بینیبووی سەیداوا قەرەباڵغە.»

ئیسلام گوتی: «بەڕاست، کوڕی ئاغا لە کوێیە؟ ئێستا کە باوکی مردووە، دیسان دیار نییە؟»

کوێخا گوتی: «لە ماڵی پووری کەوتووە.»

مەشەدی بابە گوتی: «خۆ پووری لە کن ژنەکانی ترە!»

کوێخا گوتی: «دوێشەو کە چوومە وێ، دیتم لە ماڵی پووری لێی کەوتووە.»

ئیسلام گوتی: «بۆچی پێش مردنی ئاغا بانگت نەکرد؟»

کـوێخـا گوتـی: «بانگم کـرد. نازانی ئەم ژنـەی برایم چ بێ چاوەڕوویەکـە. سـینگی دەرپەڕاند و گوتی ناهێڵم خوشکەزاکەم ببەنە ئەوێندەرێ و زەندقی بچێ.»

مەشەدی بابە گوتی: «کەواتە باشتر، کە بانگتان نەکرد.»

کوێخا گوتی: «هیچ کەسم بانگ نەکرد. بەس من لەوێ بووم کە تەواو بوو. هەر لە ناکاو دیتم هەناسەی بڕا. کە فانۆسم هەڵێنا، دیتم تەواو بووە. دوایێ هاتمە سەر دیوار و پاشان چووین بەرەمان هێنا.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئەدی تا سبەینێ چی بکەین؟»

کوێخا گوتی: «کەسمان نانووین.»

ئیسلام گوتی: «ئادی ناکرێ بنووین. تا بەیانی هێندەی نەماوە.»

هەرسێکیان بەرێ کەوتن و بەلای حەوزەکەدا پێچیان کردەوە. ژنەکان کە دیتیـان پیـاو خـەریکن دێن، لێک کـۆ بوونەوە و لـە پیـاوەکـانیـان ڕوانی. پاپاخیش کە لە خەو هەڵسابوو، گێژوویژ لەلای ژنەکان ڕاوەستابوو.

مەشەدی بابە گوتی: «باشترە بچین نەسیراغا ببینینەوە.»

ئیسلام گوتی: «ئادی، با بڕۆین.»

کوێخا لە پێشەوە و ئیسلام و مەشەدی بابەیش بە دوایەوە ڕۆیشتن تا گەیشتنە حەوشەی ماڵی ئاغا. پیاوەکان هێشتا بە ڕیز لەسەر دیوارەکان دانیشتبوون و چاویان لە حەوشە بوو. ئیسلام بە دیواردا هەڵگەڕا و تەماشای حەوشەی کرد. وای هاتە بەرچاو کە سینگی مردوو سەبر سەبر بەرز دەبێتەوە. گەڕایەوە و لە دیوارەکە هاتە خوارێ.

کوێخا گوتی: «چ باس بوو؟»

ئیسلام گوتی: «هیچ باسێک نەبوو.»

هەرسێکیان بە کۆڵانی یەکەمدا تێپەڕین و بەرەو ماڵی میربرایم ڕۆیشتن. کـــۆڵان، چۆڵ و بێـــدەنگ بوو. دەنگی پێی ئەوان نەبێ، هیچ دەنگێک نەدەبیسرا.

ئیسـلام دەربیـجـەی مـاڵەکـەیانی کـردەوە. حـەوشـە کەسـی تێدا نەبوو. گەڕانەوە و پەنجەرەی ژوورێکیان کردەوە کە ڕووی لە کۆڵان بوو. پشیلەیەکی گەورە، کە لە پشت پەنجەرەکە پاڵ کەوتبوو، هەڵسایە سەرپێ، کەمێک خۆی ڕاوەشاند و هاتە دەرێ.

کوێخا و مەشەدی بابە سەریان بردە ژوورێ و گوێیان هەڵخست. کەسێک دەگریا.

ئیسلام گوتی: «دەگریێ؟»

کوێخا گوتی: «لە کوێرا زانیویەتی؟»

ئیسـلام دنکە شـقارتەیەکی پێ کرد، ژوورەکە کەمێک ڕووناک بووەوە. لە بنەبانی ژوورەکەدا، کەسێک ڕاوەستابوو و سەری خستبووە سەر ڕەفە و هۆن هۆن دەگریا. کـوێخـا و بەدوای ئەویشــدا ئیـســلام چوونە ژوورێ. مەشەدی بابە لە دەرێ مایەوە.

کوێخا و ئیسلام لە تاریکیدا ڕاوەستان.

مەشـەدی بابە لە دەرێرا گوتی: «ئاغا، ئەوە لێت دەگەڕاین، دەزانی دەبێ بێیەوە ماڵێ؟»

تارمایی دیسان کۆکی.

ئیسلام گوتی: «ئادی، قوربانی ئەژدادت بم، دەبێ بێیەوە ماڵە خۆتان. ئێستا ئیدی ئاغامان ئەتۆی.»

تارمایی لە تاریکیدا خوڕخوڕ گریا.

## ٢

کوڕی مەشەدی سەفەر و مەشەدی جەبار، سواری عارەبانەکەی ئیسلام بووبوون و بەپەلە بەرەو سەیداوا دەچوون. تا نیوەی ڕێیەکە، هەر سەراوژێری بوو. تیژ دەڕۆیشتن و چەرخەکان یارمەتیی ئەسپەکانیان دەدا کە زووتر بگەنە جێ. لە «شوور» بەولاوە، ئەسپەکان عارەبانە و قورساییی تایەکان و ئەوانی ڕادەکێشا.

هەرکە لە گوند وەدەرکەوتن، مەشەدی جەبار گوتی: «سەد حەیف و مخابن بۆ ئاغا.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەرێ وەڵڵا، سەد حەیف و مخابن.»

مەشەدی جەبار گوتی: «نەسیراغا هێشتا منداڵە، ناتوانێ جێی ئاغا بگرێتەوە.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئادی، زۆر منداڵە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «نەهاتە سەر مەیتەکەیش. ها؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «نا، نەهاتبوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەڵێن هەر لە ماڵە پووری نایەتە دەرێ!»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئادی، لە ماڵی میربرایم پاڵی داوەتەوە و لێی کەوتووە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەڵێن هەر لەو ڕۆژەی کچە پوورەکەیان بردووەتە نەخۆشخانە، هێڕ بووە.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئادی، نەنەی منیش، هەر وای دەگوت.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەڵێن چۆکی کچە کێم و زووخاوی پێدا دێتە خوار و ناتوانێ ڕێ بکا.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «نا، دەتوانێ، بەڵام کێم و زووخاوەکەی

ڕاستە. خراپی لێ قەوماوە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەڵێم... نەکا نەسیراغا ئاشقی کچە پوورەکەی بووبێ؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «نازانم. لەوانەشە. بەڵام کچەکە نەخۆش و مردەڵەیە. خۆ دەزانێ؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، بەڵام دوور نییە. ها؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «دوور نییە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ڕۆژگارێکی سەیرە. نەسیراغا هێشتا بۆنی شیری لە دەم دێ.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «بۆنی شیریش نا، پازدە ساڵی تێپەڕاندووە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «هێندێک کەس لە پازدە ساڵیشدا هەر منداڵن.»

پاشان هەردووکیان بێدەنگ بوون. ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتنە گاشەبەردێکی بەرز و چوارگۆشە، کە وەک مینبەرێک لە ڕۆخ جادەکە هەڵکەوتبوو. مەشەدی جەبار لە عارەبانەکە دابەزی، سەیرێکی تایەکانی کرد، لێیان دڵنیا بوو و گوتی: «با بڕۆین.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «با بڕۆین.»

هەردووکیان سوار بوون و ئەسپیان بە لاڕێدا و بەرەو کێوە بەرزەکە تاو دا.

مەشەدی جەبار گوتی: «باشتر بوو پیرەمێردێکمان لەگەڵ با.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئادی، باشتر دەبوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «پێت وایە شێخ پێی ناخۆش بێ؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئادی، لەوانەیە پێی ناخۆش بێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «خوا بکا لە سەیداوا مابێتەوە.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «خوا بکا.»

مەشەدی جەبار گوتی: «حاجی شێخ بە نەخۆشییەکەی ئاغای دەزانی؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «نا، نەیدەزانی.»

مەشەدی جەبار گوتی: «چۆن چۆنی خەبەرەکەی بدەینێ؟»

بەرەبەیان بوو کە لە سەیداوا نزیک کەوتنەوە. ماڵەکان لە بناری کێوێکدا و بەسەر یەکتردا هەڵچنرابوون. ماڵێک کە لە ناوەندی ماڵەکانی تردا بوو، سەدان ئاڵای تێدا هەڵکرابوو. با، کە هەڵی دەکرد، ئاڵاکانی دەلەراندەوە. مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەر، کە لەسەر عارەبانەکە ڕاوەستابوون، وایان دەزانی، ماڵەکە تێکڕا خەریکە دەلەرێتەوە. سەیداواییەک، کە سەرێکی گەورەی هەبوو، لێیان دەرکەوت. مەشەدی جەبار بانگی کرد. کابرا هاتە پێشەوە.

مەشەدی جەبار گوتی: «حاجی شێخ لە گوندە؟»

سەیداواییەکە گوتی: «ئادی لە گوندە، بەڵام نەخۆشە و لە جێدا کەوتووە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «نەخۆشە؟ چییەتی؟»

سەیداواییەکە گوتی: «زۆر کەس نەخۆشە. حەفتەیەک زیاترە نەخۆشین هاتووە و تا ئێستا دە کەس زۆرتر مردوون.»

مەشەدی جەبار گوتی: «بۆ؟»

سەیداواییەکە گوتی: «خوا دەزانێ. هەموو نەخۆشەکان بۆ دوعا و شیفا لەوێن.»

ئاماژەی بۆ ئاڵاکان کرد.

مەشەدی جەبار گوتی: «حاجی شێخیش لەوێیە؟»

سەیداواییەکە گوتی: «تا دوێنێ شەوێش لە ماڵی خۆی بوو، بەڵام لە دوێنێ شەوێوە ئەویش چووەتە وێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «سیعەتی باش نەبوو؟»

سەیداواییەکە گوتی: «با، بەڵام بەڵایەکی تری بەسەر هاتووە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «چی قەوماوە؟»

سەیداواییەکە گوتی: «کوڕەکەی، کچی ئوممەتعەلی هەڵگرتووە و حاجی شێخیش داغان بووە و چووەتە وێندەرێ. بەینی خۆمان بێ، چووەتە وێندەرێ تا دەمی خەڵک ببەستێ.»

هەرسێکیان گەڕانەوە و چاویان لە ئاڵاکان بڕی.

مەشەدی جەبار بە کابرای سەیداوایی گوت: «تۆ ناهێیتە گوند؟»

سەیداواییەکە گوتی: «بەدی، دێم.»

مەشەدی جەبار گوتی: «سەرکەوە!»

سەیداواییەکە سوار بوو. هەرسێکیان ڕۆیشتن و گەیشتنە کۆڵانێکی بەرین، کە قۆرتێکی گەورەی تێدا بوو و پڕ بوو لە قوڕ و چڵپاو. دەوراندەوری قۆرتەکە، بە بەرد هەڵچنرابوو. لە عارەبانەکە دابەزین و بەسەر بەردەکاندا پەڕینەوە لایەکەی تر.

مەشەدی جەبار گوتی: «ئێمە لە بەیەلەوە دێین.»

سەیداواییەکە گوتی: «دەزانم. ئەوەیش عارەبانەی ئیسلامە، وا نییە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، هاتووینە لای حاجی شێخ. ئێستایش دەبێ بچینە ئەوێ.»

دەستی بەرەو ئاڵاکان هەڵبڕی.

سەیداواییەکە گوتی: «ئادی، دەبێ بڕۆن لەوێندەری ببینن.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەوێ کوێیە؟»

سەیداواییەکە بەسەرسوڕمانەوە لێی ڕوانی و گوتی: «کوێیە؟ دیارە کوێیە. ماڵی گەداخانمە.»

مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەر کە تازە تێگەیشتبوون، پێکەوە گوتیان: «ئاها... ماڵی گەداخانم!»

٣

کە بەیانی داهات، کوێخا و ئیسلام هاتنە سەر دیوار.

ئیسلام گوتی: «کوێخا، با بڕۆین خەریک بین، تا حاجی شێخ نەهاتووە، با کارەکان تەواو بکەین.»

کوێخا گوتی: «ئادی با بڕۆین.»

کوێخا و مەشەدی بابە و دوو گەنجی تر چوونە ماڵی کوێخا و بێڵ و قازمە و نەردیوانیان هەڵگرت و ڕێی گۆڕستانیان گرتە بەر.

ئیسلام و عەباس و دوو کەسی تریش چوونە ماڵی ئیسلام. گەسک و مەشکە و جام و لێفەیان هەڵگرت و هاتنەوە لای حەوزی گوند. ئیسلام و عەباس شتەکانیان دانایە لای داربییەکە و چوونە لای چاڵێک کە تاتەشۆرە ڕەشەکەی تێدا بوو. ئیسلام و عەباس گۆشەکانی تاتەشۆریان گرت و لایان دا. بێچووە مارێک دەرپەڕییە دەرێ و خۆی گەیاندە حەوزەکە. دوو کەسی تریش بە هانایانەوە هاتن، تاتەشۆرەکەیان هێنایە دەرێ، بەرەو قیبلەیان دانا و دەوروبەریان بە وردکە بەرد قایم کرد.

ئیسلام گوتی: «زۆر باشە.»

عەباس گوتی: «ئادی، تازە ناجووڵێتەوە.»

ئیسلام لەبەر خۆیەوە گوتی: «ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە قورستر دەبێ.»

ژنەکان لەوبەری ئاوەکە کۆ بووبوونەوە و چاویان لە حەوزەکە بڕیبوو. کوڕەلاوێک کە کڵاوی لە سەر نەبوو و قژە سوور و لوولەکەی بەسەر

گوێیەکانیدا بەردابووەوە ، هات و سینییەکی گەورەی دایە دەست ئیسلام کە بوخچەیەکی تێدا بوو و گوتی: «ئی ئاغایە.»

ئیسلام گوتی: «دەزانم.»

سینییەکەی لێ وەرگرت و داینایە بن دارەکە و بەردێکی لەسەر بوخچەکە دانا، کە با نەیبا.

سەرسوور بە تەنیشت حەوزەکەدا تێپەڕی و بەرەو ماڵی مەشەدی سەفەر ڕۆیشت. مەشەدی سەفەر سەری لە کلاوڕۆژنەوە هێنابووە دەرێ و لە حەوزی دەڕوانی. سەرسوور بەکۆڵان و پەنا داربییەکاندا تێپەڕی و گەیشتە گۆڕستان. کوێخا و مەشەدی بابە و گەنجەکانی بینی کە خەریکن لە دەستەڕاستی شێرەبەردینەکەدا، گۆڕێک هەڵدەکەنن. لێیان نزیک کەوتەوە و چوو لەسەر شێرەبەردینەکە دانیشت.

مەشەدی بابە کە خۆڵەکەی ڕۆکردە دەرێ، گوتی: «بەسە، یان هێشتا هەڵقەنم؟»

کوێخا گوتی: «ئەتۆ وەرە دەرێ، با من هەڵیقەنم.»

مەشەدی بابە هاتە دەرێ و کوێخا چووە نێو قۆرتەکەوە. کوێخا کە بەژنی لە مەشەدی بابە کورتتر بوو، لە قۆرتەکەدا ون بوو. تەنیا دمی قازمەکەی دەبینرا کە هەڵدەهێنرا و دادەهێنرا. مەشەدی بابە بێڵەکەی دایە دەست کوێخا. کوێخا کە خاکەکەی ڕۆ دەکردە دەرێ، لە ناکاو دانەوییەوە و گۆزەیەکی بچووکی هێنایە دەرێ. خۆڵەکەی لێ داماڵی و هەڵی هێنا. هەموویان چوونە پێشەوە. گۆزەکە چینکۆ بوو و شین بوو، ماسییەکی سووری بچووکیشی لەسەر کێشرابوو. کوێخا گۆزەکەی سەراوژێر کرد و ڕای وەشاند. خۆڵەمێشێکی نەرمی لێ ڕژایە دەرێ کە هەموویانی خستە کۆکێن. تەنیا مەشەدی بابە نەبێ کە خۆی لادابوو و فاتیحای دەخوێند.

## ٤

کچی میربرایم، هەر لەو ڕۆژەوە کە دایکی و کوڕە پوورەکەی هێنابوویانە نەخۆشخانە، هێشتا جێیەکی بەرنەکەوتبوو و لەژێر نارەوەنێکی پیری باخچەی نەخۆشخانەکەدا کەوتبوو. پەرەستارێکی پیر و باڵابەرز کە قژی لەژێر لەچکە شینەکەیدا کۆ کردبووەوە، نیوەڕۆیان شۆربا و شەوانیش پڵاوی بۆ دێنا تا لەگەڵ ئارینۆک بیخوا. کچەیش هەموو ئازار و کۆکەکانی لە بیر چووبووەوە و بەس دەیویست هەر چۆنێک بێت هەڵێ و بگەڕێتەوە بەیەل.

ئەو شەوەی ئاغا مرد، کچەکەی میربرایم لە خەودا بینیبووی گوریسێکیان لە لاقی ئاغا بەستووە و کۆمەڵێک کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ هەڵی بدەنە نێو چاڵێکی گەورەوە. قەلەباچکەکانیش لە سەربانی ماڵی ئاغا خڕ بووبوونەوە و باڵیان لێک دەدا و عارەبانەکەی ئیسلام لە سەری کۆڵانەکە بوو، مەشەدی جەبار و مەشەدی سەفەریش لەنێو عارەبانەکەدا ڕاوەستابوون. کوڕی مەشەدی سەفەر جامێکی بەدەستەوە بوو و ماسییەکی سووری بچووکیش لە جامەکەدا دەخولایەوە.

کە ئەمانەی بینی لە خەو ڕاپەڕی و دەستی بەگریان کرد. گریانەکەی، هەموو باخی بەخەبەر هێنا. پیرەژنەکە دەرکەوت. دەمەدەمی بەیانی بوو و بە غار دەهات. کۆمەڵە خەڵکێکیش لە داڵانەکاندا هاتنە دەرێ و دەستیان بە کۆکین کرد.

پیرەژنەکە گوتی: «بۆچی دەگری؟»

کچی میربرایم گوتی: «دێشێ.»

پیرەژنەکە گوتی: «کوێت دێشێ؟»

کچە دەستی هەڵێنا و لە هەوادا لەراندییەوە. هەوەڵ جار خستییە سەر زگی و پاشان سینگی، پاشان سەری، پاشان دەستی شۆڕ کردەوە بۆ لای

چۆکی کە بەپەڕۆیەکەوە بەسترابوو و تک تک کێم و زووخاوی لێ دەتکا.

پیرەژنەکە گوتی: «ئەها... ئێستا زانیم. قەلەندەری بەستەزمان.»

خـــەریک بـوو هـەوا ڕووناک دەبـووەوە. بای ســـپـــێـــدە هـەڵی دەکـــرد و فێنکاییەکی خۆشی لەگەڵ خۆی دێنا. لە داڵانەکاندا، تاکوتەرا کۆکەکۆک دەبیسرا. خەڵک گەڕابوونەوە جێی خۆیان.

پیرەژنەکە گوتی: «مەگری دایکم، مەگری. ئێستا دوکتۆرەکان دێن، دەچمە لایان بزانم چیم پێ دەکرێ.»

هەر لەوێ دانیشت تا خۆر دەرکەوت. دەرکەوان دەرکەی حەوشەی کردەوە و حەشاماتی پشت میلەکانیش، بە ناڵەناڵ ڕژانە ژوورێ. دەرکەوانەکە پێشی بەحەشامات گرت و دەرکەی تا نیوە، داخست. خەڵک گەڕانەوە دواوە و لە حاڵێکدا کە دەکۆکین، دەستیان بە میلەکانەوە گرت و چاویان لە داڵانە تەسکەکان بڕی. دوکتۆرەکان هاتن. پیرەژنەکە دەستی کچی میربرایمی گرت و بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕان و گەیشتنە لای دوکتۆرێکی درێژۆکەی لاواز کە لە بەرامبەر ئاوێنەیەک ڕاوەستابوو و دەسماڵێکی بە دەمییەوە گرتبوو و دەکۆکی.

پیرەژنەکە گوتی: «چی لێ بکەم؟ پێم بڵێن چی لێ بکەم؟ ئەم بەستەزمانە حەفتەیەک زیاترە لەبەر ئەو هەتاوە کەوتووە. ئاخر خوا قەبووڵ ناکا!»

دوکتۆرەکە ئاوی چاوەکانی سڕییەوە و گوتی: «برۆ بە داڵانەکاندا بگەڕێ. ئەگەر سووچێکی بەتاڵت دیتەوە، هەر لەوێی دانێ. بەڵام دەزانم لە داڵانی ژناندا جێ نەماوە.»

پیرەژن گوتی: «ئەدی ئەگەر نەمدیتەوە چی لێ بکەم؟»

دوکتۆرەکە شانی هەڵتەکاند و لە حاڵێکدا کە بلووزە سپییەکەی لەبەر دەکرد، گوتی: «چوزانم. ئەگەر توانیت یەکێک بەرێ بکە و ئەوەی لە شوێن دانێ؟.»

پیرەژنەکە گوتی: «با بڕۆم بزانم.»

دوکتۆرەکە گوتی: «ئەرێ... نەنە فاتم، شتایەکم لەبارەی تۆوە بیستووە، ڕاستە؟»

پیرەژنەکە گوتی: «چی؟»

دوکتۆرەکە گوتی: «دەڵێن تۆ هەموو ڕۆژێ کە دەچییە دەرێ، تێرێک نان و برنج لەگەڵ خۆت دەبەی.»

پیرەژنەکە گوتی: «ئادی، ڕاستە.»

دوکتۆرەکە گوتی: «بۆ وا دەکەی؟»

پیرەژنەکە گوتی: «من ئەو بەرماوانە دەبەمەوە کە بە تەمان فڕێی بدەن.»

دکوتۆرەکە گوتی: «مەگەر زگت جێی چەندی دەبێتەوە؟»

پیرەژنەکە گوتی: «من؟... خوا دەزانێ.»

پاشان لەگەڵ کچەکەی میربرایمدا هاتنە خوارێ و بەرەو دالآنێکی خەفە و باریک ڕۆیشتن کە پڕ بوو لە چوارپایەی درێژ و ژنی لەڕولاواز، کە بە چاوە دەرپۆقیوەکانیانەوە لە دەرێیان دەڕوانی. هەردووکیان چوونە ژوورێ. ژنێک لە جامێکدا دەکۆکی. هەرکە پیرەژنەکە و کچە لێی نزیک کەوتنەوە، هەڵسا و چووە دەرێ. پیرەژنەکە ڕاوەستا. لە جێی بەتاڵی ژنەی ڕوانی و دەستی کچەی گوشی. پاشان دەستی کچەی بەر دا و چووە پێشەوە و جامی ژنەی بینی کە پڕ بوو لە خوێن و ژنەش بەڕێوە بوو تا بەتاڵی بکا. دالآنەکەیان بەجێ هێشت. چوونە نێو دالآنێکی ترەوە کە قەرەباڵغتر بوو و سێ نەخۆش، کەسێکیان گرتبوو و خەریکی بوون دەریان دەکرد. لە دالآنی دووەمدا، تەنانەت بن تەختەکانیش پڕ بوون. هاتنە دەرێ. پیرەژنەکە گوتی: «ئێستا دەتبەمە جێیەکی باش.» و بردییە سووچێکی باخەکە و لەژێر درەختێکی گەورەی دانا کە لقەکانی بە دەرێی باخەکەدا، شۆڕ بووبوونەوە. لە پەنا درەختەکە چاڵێک هەڵکەنرابوو و تێرێکی پڕ لە نان و بەرماویش لە چاڵەکەدا بوو.

پیرەژنەکە گوتی: «ئێرە زۆر باشە.»

کچە هیچی نەگوت.

پیرەژنەکە گوتی: «ڕاوەستە، جێیەکی باشت بۆ ڕادەخەم.»

ڕۆیشت و بە دوو گوونییەوە هاتەوە کە لەژێر درەختەکەدا ڕای خستن و کچەی لەسەریان خەواند و گوتی: «ئێستا زۆر باشە.»

کچە هیچی نەگوت.

پیرەژنەکە گوتی: «هەرکە برسیت بوو، دەتوانی لەمانە بخۆی.» دەستی بۆ تێرەکە درێژ کرد.

تیرێژی خۆر بە نێوان لقەکاندا تێ دەپەڕی و هەردووکیانی تەنگاو کردبوو.

٥

ماڵی گەداخانم، قەرەباڵغ بوو. حەوشە و ژوورەکان و سەر پلیکان و تەنانەت ڕەفەکانیش خەڵکیان لێ بوو. ماڵ، دەنگی هەنگەژاڵی لێوە دەهات. هەر هەموویان پێکەوە نووسابوون. دەگریان و ئاڵاکانیان ماچ دەکرد.

گەداخانم کە هەردوو چاوی کوێر بوون، لە بنەبانی ژووریٚ و لەسەر کورسییەکی* بچووک دانیشتبوو. سەری بادەدا و گوێی بۆ شین و ڕۆڕۆی سەیداواییەکان شل کردبوو. هەرلایەک شین و ڕۆڕۆی کپ دەبوو، ئەو خێرا سەیری ئەو لایەی دەکرد و شین و ڕۆڕۆ سەرلەنوێ دەستی پێ دەکردەوە.

پیاوەکان لە ژووری خوارێدا کۆ بووبوونەوە. حاجی شێخ، زل و زەبەلاح لە بنەبانی ژوورەکە و بە زگ و دەموچاوی هەڵمساوەوە دانیشتبوو. پێیە گەورە و هەڵمساوەکانی تا ناوەندی ژوورەکە درێژ کردبوو. تەسبیحێکی دارینی لە مل کردبوو و چاوی لە میچ بڕیبوو.

ئاوگێڕێک بە جلی سەوز و ڕەشەوە، بە نێو خەڵکدا دەخولایەوە و ئاوی

دەگەیاندە تینووەکان.

مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەر، لە دەرێ ڕاوەستان. سەیداواییەکە ڕۆیشت. بە نێو خەڵکدا تێپەڕی، سەری بردە ژوورێ و بەدەنگێکی بەرز گوتی: «حاجی شێخاغا!»

دەنگی گریان کپ بوو، حاجی شێخ سەری هەڵێنا و لە پەنجەرەی ڕوانی. سەیداواییەکە دیسان گوتی: «حاجی شێخاغا، دوو کەس هاتوون داوات دەکەن.»

حاجی شێخ ڕووی وەرگێڕا و بە دەست ئاماژەیەکی کرد کە کابرا وازی لێ بێنێ. سەیداواییەکە بە دەنگێکی بەرزتر گوتی: «دوو کەس هاتوون کاریان پێتە. لە بەیەلەوە هاتوون.»

سەیداواییەکە چووە پێشەوە و حاجی شێخ بە دەنگێکی نووساوەوە لێی پرسی: «چییان دەوێ؟»

سەیداواییەکە گوتی: «نازانم. بە عارەبانەی ئیسلام هاتوون. ئەمن نایانناسم، بەتەمەن نین.»

حاجی شێخ گوتی: «بانگیان بکە ژوورێ.»

سەیداواییەکە ڕۆیشت و لەگەڵ بەیەلییەکان هاتەوە. کوڕی مەشەدی سەفەر و سەیداواییەکە سەریان بردە ژوورێ. مەشەدی جەبار بە نێو خەڵکەکەدا تێپەڕی و لە نێوان هەردوو لاقە هەڵمساوەکانی حاجی شێخدا ڕاوەستا.

حاجی شێخ لێی ڕوانی و گوتی: «چی قەوماوە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «کوێخا و مەشەدی بابە سڵاویان بۆ ناردوویت و گوتیان بێیتە بەیەل.»

حاجی شێخ گوتی: «بێمە بەیەل؟» دەستی بۆ لاق و زگی درێژ کرد.

مەشەدی جەبار گوتی: «ئاغا ئەمری خوای کردووە.»

حاجی شێخ هەر لە ناکاو جوولایەوە و ویستی هەڵسێتەوە. دەنگی گریان نەما. حاجی شێخ دەستی درێژ کرد تا مەشەدی جەبار یارمەتیی بدا. ئاوگێڕیش هات، هەردووکیان حاجی شێخیان هەستاندە سەرپێ و ئەویش سەبر سەبر بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت و لە پەنجەرەوە چووە نێو حەوشەکەوە. چارشێو و مێزەرەکەیان بۆ برد. کوڕی مەشەدی سەفەر و کابرای سەیداوایی و مەشەدی جەبار و ئاوگێڕەکە، بن پیلیان گرت تا لە حەوشەکە چووە دەرێ. بە کۆڵاندا تێپەڕین و گەیشتنە ئەو شوێنەی عارەبانەیان ڕاگرتبوو. ئەسپەکەی ئیسلام سەری داخستبوو و وەنەوزی دەدا. تابووتێکی گەورەیان بە عارەبانەکەوە هەڵپەساردبوو. کوڕی مەشەدی سەفەر و کابرای ئاوگێڕ، تابووتەکەیان برد و لەبن دیواریان دانا. چارشێوی حاجی شێخیان لەنێو عارەبانەدا ڕاخست و مێزەرەکەیان لە شوێنی سەرین دانا. بنباڵیان گرت و حاجی شێخ چووە نێو عارەبانەکە و لێی پاڵ کەوت.

مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەر چوون لە پێشەوە و لە شوێنی عارەبانچی دانیشتن. مەشەدی جەبار گەڕایەوە و لە حاجی شێخی ڕوانی کە چاوی لە ئاسمان بڕیبوو و پێیەکانی بە قەرا دوو خیگەیان لێ هاتبوو و بە عارەبانەکەدا شۆڕ بووبوونەوە. کابرای سەیداوایی و ئاوگێڕەکە چووبوونە ئەوبەری قۆرتەکە و لەوانیان دەڕوانی.

خۆرەتاو خەریک بوو بەرز دەبووەوە، هێندەی بۆ نیوەڕۆ نەمابوو.

٦

کە کوێخا و مەشەدی بابە ئیشەکەیان لە گۆڕستاندا تەواو کرد، هاتنەوە ناو گوند. ئیسلام و عەباسیان بینی کە لەسەر حەوزەکە دانیشتوون و سەبیلە دەکێشن. خۆرەتاو لە درەختەکانی دەدا و ماسییەکان هاتبوونە سەر ئاو و کەفیان هەڵدەلووشی.

کوێخا گوتی: «هیچ باسێک نییە؟»

ئیسلام گوتی: «نا. هێشتا نەهاتووە.»

کوێخا گوتی: «ئێمە کارەکەمان ڕاپەڕاند و لێ بووینەوە.»

ئیسلام گوتی: «هێشتا زۆرمان ماوە. من و عەباس ئێرەمان حازر کرد.»

کوێخا گوتی: «با بڕۆین مەیتەکە بێنین.»

مەشەدی بابە گوتی: «نا، باشترە بڕۆین نەسیراغا بکێشینە دەرێ. ئەگەر حاجی شێخ بێت و ببینێ کوڕی ئاغا نەهاتووەتە سەر مەیتی باوکی، بەیەل هەر بەجارێ حەیای دەچێ.»

کوێخا گوتی: «زۆر باشە.»

گەنجەکان بەرەو حەوشەکە ڕۆیشتن و بە دیواردا هەڵگەڕان و لە تەنیشت ئەوانی تر دانیشتن.

کوێخا و مەشەدی بابە و ئیسلام بەرەو ماڵەکەی پووری نەسیراغا چوون. پەنجەرەکان کرابوونەوە و پیرەژن لە پەنجەرەدا دانیشتبوو و دەگریا. پشیلەکەیشی لەوێ بوو و هەر ئەوانی بینی هەستایەوە و خۆی ڕاوەشاند و ڕۆیشت.

کوێخا گوتی: «پوورەخان، نەسیراغا لە کوێیە؟»

پوورەخان گوتی: «هۆوەتانێ! لەوێندەرێ ڕاوەستاوە.»

پیاوەکان هەرسێکیان دانەوینەوە و نەسیراغایان بینی کە ڕاوەستاوە و سەری خستووەتە سەر ڕەفەکە و دەگریێ.

کوێخا گوتی: «نەسیراغا، وەرە دەرێ، ئێستا ئیدی درەنگە.»

نەسیراغا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

مەشەدی بابە گوتی: «ئاغا، دەڵێم خەڵک هاتوون سەرەخۆشیت لێ بکەن. وەرە دەرێ.»

ئیسلام بە کوێخا و مەشەدی بابەی گوت: «دەبێ هەر چۆنێک بێت تا شەوێ بێتە دەرێ.»

پوورەخان بە کوێخای گوت: « نایەتە دەرێ. وازی لێ بێنە و خۆت ماندوو مەکە.»

مەشەدی بابە گوتی: «پێم وانییە بێتە دەرێ.»

پیاوەکان گەڕانەوە و ڕۆیشتن.

کوێخا گوتی: «ئەوە بۆ نایەتە دەرێ؟»

مەشەدی بابە گوتی: «خەمی کچە پووریەتی.»

ئیسلام گوتی: «پەنا بۆ خوا! باوکی مردووە، بەڵام ئەو خەمی کچە پووریەتی.»

کوێخا گوتی: «جا ئێمە چوزانین کە ئەو دەزانێ باوکی مردووە؟»

دیسان گەڕانەوە لای پوورەخان. پشیلەکە، کە هاتبووەوە و پاڵ کەوتبوو، هەر چاوی پێیان کەوت، هەڵسا و ڕۆیشت.

کوێخا گوتی: «پوورەخان، نەسیراغا دەزانێ کە باوکی مردووە؟»

پوورەخان گوتی: «لەوانەیە.»

کوێخا گوتی: «ئاخر؟ ئەدی بۆ ناهێتە دەرێ؟»

پوورەخان گوتی: «پێرێ شەوێ، خەوی بە کچەکەمەوە بینیوە کە لە نەخۆشخانەدا مردووە.»

کوێخا گوتی: «دەبێ چی بکەین تا ئەم خەونەی لەسەر دەرچێ؟»

پوورەخان گوتی: «دەبێ بگەڕێینەوە شار، بیدۆزینەوە و بزانین داخوا مردووە یان نەمردووە؟»

کوێخا گوتی: «کەی دەگەڕێنەوە؟»

پوورەخان گوتی: «هەر ئەمڕۆ.»

کوێخا گوتی: «ڕاناوەستن تا لە کفن و دفنی ئاغا ببینەوە؟»

پوورەخان گوتی: «ئێمە خۆ هیچمان لە دەست نایە، خۆتان کارەکان ڕاپەڕێنن.»

ئیسلام گوتی: «عارەبانەکەم ڕۆیشتووە حاجی شێخ بێنێ، بە چی دەڕۆن؟»

پوورەخان گوتی: «جاری پێشوویش بە عارەبانەکەی تۆ نەڕۆیشتین. دوو کەرمان لە مەشەدی سەفەر قەرز کرد و ڕۆیشتین. ئاخر کچەکەم نەیدەتوانی ڕێ بکا. بەڵان ئەمجارەیان هەردووکمان بە پێیان دەڕۆین.»

کوێخا گوتی: «ئاقیبەت بە خێر بن.»

گەڕانەوە و بەرەو حەوشەکە ڕۆیشتن. خۆرەتاو گەیشتبووە ناوەندی ئاسمان. مەشەدی بابە و کوێخا، بە دیواردا هەڵگەڕان و ئیسلامیش کە دڵی لە خێڵەوە دەهات، چووە بن داربییەکە تا نەختێک بێتەوە سەر خۆی.

مەشەدی بابە سەیرێکی کرد و دیتی مەیتەکە هەڵمساوە. کوێخا وای بە خەیاڵدا هات کە مەیتەکە لە دوێنێوە تا ئێستا گەورەتر بووە.

مەشەدی بابە ڕووی لە گەنجەکان کرد و گوتی: «ئیدی گوناحە، ئەم مەیتە نیو شەو و ڕۆژێکە لێرە کەوتووە. باشترە بیبەین و بیشۆین. تا لە شووشتن دەبینەوە، حاجی شێخیش دەگاتە ئێرە.»

کوێخا گوتی: «ئادی، با دەست پێ بکەین، گوناحە.» پاشان بە نەردیوانەکەدا داگەڕا و هاتە ناو حەوشەکە. ڕاوەستا، کەمێک بیری کردەوە و بەدەنگێکی بەرز گوتی: «چۆن بیهێنینە سەرێ؟»

مەشەدی بابە لەوسەرە چاوێکی گێڕا و دیتی کە حەوشەکە بێجگە لە دەربیجەیەکی بچووک هیچ ڕێیەکی تری بۆ دەرێ نییە. لە کوێخای پرسی: «خۆی بە کوێدا هاتبووە ژوورێ؟»

کوێخا دانەوی و دەربیجەکەی کردەوە و گوتی: «بێرەدا.»

دالانێکی تەنگ و تاریک دەرکەوت.

مەشەدی بابە گوتی: «جا چۆن هاتبووە ژوورێ؟»

کوێخا گوتی: «کە هاتبووە ژوورێ، هێشتا زیندوو بوو. دەربیجەکەی کردبووەوە، دانەوی بوو و هاتبووە ئێرە کە چۆڵ و فێنک بوو. بەڵام ئێستا... ئێستا چۆنی ببەینە دەرێ؟»

مەشەدی بابە سەرێکی بادا.

عەباس گوتی: «کارێکی نییە، تابووتەکە دەبەینە خوارێ و مردووەکەی تێ دەنێین و لێرەوە هەڵی دەکێشینە سەرێ و دەیبەینە سەر حەوزەکە.»

کوێخا گوتی: «تابووتەکە گەورەیە، بۆمان نایەتە ناو حەوشەوە.»

مەشەدی بابە گوتی: «تاقیکردنەوەی هیچ زەرەرێکی نییە.»

عەباس و سەرسوور، تابووتەکەیان هێنایە سەرێ و لەو سەرەوە شۆڕیان کردەوە نێو حەوشەکە. مەشەدی بابەیش بە نەردیوانەکەدا داگەڕا. ئەو و کوێخا سەری تابووتەکەیان گرت و ڕایان کێشا. بەڵام تابووتەکە دەسکی درێژ بوون و بۆیان نەهاتە خوارێ.

کوێخا گوتی: «نەمگوت؟»

عەباس گوتی: «کارێکی نییە، بە مشار دەسکەکانی کورت دەکەینەوە.»

کوێخا گوتی: «نا. فایدەی نییە، تەگبیرێکی تر بکەن.»

مەشەدی بابە گوتی: «کوێخا ڕاست دەکا. ئەم تابووتە نابێ. با بڕۆین چەند تەختەیەک بێنین، لەبن مردوویان دابنێین و بە گوریس هەڵی کێشینە سەرێ.»

کوێخا گوتی: «مەشەدی بابە چاکی دەڵێ، ئەوەیان هاسانترە.»

عەباس گوتی: «دەی باشە، ئێمە ئەوەمان نەدەزانی.»

هەموویان بێدەنگ بوون تا سەرسوور و عەباس بە چەند تەختە و

گوریسێک گەڕانەوە.

کوێخا و مەشەدی بابە سووچەکانی بەڕەیان خڕ کردەوە. گوریسەکەیان لەژێر مردوودا ڕایەڵ کرد و تەختەکانیان خستنە سەر گوریسەکە و سەرە گوریسیان دایە دەست ئەوانەی لەسەر دیوار بوون.

کوێخا گوتی: «سەبر سەبر هەڵی کێشن، ئەگەر بە توندی هەڵی کێشن، هەمووتان بەر دەبنەوە.»

گوریسیان هەڵکێشا.

مەشەدی بابە گوتی: «ڕاوەستن با ئێمەیش بێینە سەرێ.»

هەوەڵ کوێخا و پاشان مەشەدی بابە بە نەردیواندا هەڵگەڕان و لەسەر دوو سووچی دیوارەکە ڕاوەستان. ئەوانی تر گوریسیان هەڵکێشا. مەیتەکە هەرچەند دەهاتە سەرێ، سووکتر دەبوو. پێیە هەڵمساوەکانی، تەونە جاڵجاڵۆکەکانی لەگەڵ خۆی ڕادەماڵی و دیواری دەڕووشاند.

٧

کە مەیتەکەیان شووشت و کفن کرد، تاوێک لە نیوەڕۆ تێپەڕیبوو. ماندوو و شەکەت، بە دەوری حەوزەکەوە دانیشتبوون و لە ماسییەکانیان دەڕوانی. مەیتەکە لە تابووتدا بوو و تابووتەکەیش لەبەر سێبەر دانرابوو. بەڕەی ئیسلامیان بەسەر نەردیوانەکەدا دابوو. هیچ کەس قسەی نەدەکرد. هەموویان نوقمی خەیاڵ بوون کە هەر لە ناکاو وەڕینی پاپاخ هاتە بەرگوێ، بە غار هات و لە سەری کۆڵانەکە ڕاوەستا و چڕنووکی بە زەویدا کێشا. تێکڕا ئاوڕیان دایەوە و تەماشایان کرد. پاشان عارەبانەکەی ئیسلام بە دیار کەوت. مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەر لە جێی عارەبانچی دانیشتبوون و حاجی شێخیش زل و زەبەلاح لە پاشەوەی عارەبانەدا پاڵ کەوتبوو. پیاوەکان هەستانە سەرپێ و ڕاوەستان.

عەباس بە سەرسووری گوت: «ئەوە حاجی شێخ بۆ وای لێ هاتووە؟»

سەرسوور گوتی: «هەڵمساوە، گەورە بووە.»

عــەباس گــوتـی: «ئادی، ســـەروگــوێلاکی هەڵمــســـاوە. دەست و لاق و زگیشی...»

سەرسوور گوتی: «دە هێندەی جارانی لێ هاتووە.»

عەباس گوتی: «مێزەرەکەی، مێزەرەکەی چەند شڕوشیتاڵە.»

عارەبانە گەیشتە جێ و لە پەنا مەیتەکە ڕاوەستا. کوێخا و مەشەدی بابە چوونە پێشەوە و ویستیان سڵاو بکەن. نەیانتوانی. ڕاوەستان و چاویان بڕییە حاجی شێخ کە لاخێز بووبوو و بە ترسەوە لە تابووتەکەی دەڕوانی. ئیسلامیش چووە پێشەوە و هەر لەوێ ڕاوەستا. حاجی شێخ لە پڕێکدا مێزەرەکەی هەڵگرت و لە ئەرزی کوتا و و هاواری کرد. پیاوەکان هاتنە پێشەوە و بینییان کە چاوەکانی حاجی شێخ پڕن لە فرمێسک. یەکەم جار بوو کەسێک لە مەرگی ئاغادا دەگریا. پیاوەکان کە بە خۆ هاتنەوە، دەستیان بە گریان کرد. ژنەکانیش لە ماڵەکان و پشت دیوارەکانەوە، دەستیان بە شین و ڕۆڕۆ کرد. شیوەن و ڕۆڕۆ لە سەرانسەری بەیەلدا بەرز بووەوە.

بزنە ڕەشەکەی ئیسلام و پاپاخیش غاریان دایە پشت ماڵی مەشەدی سەفەر و مەشەدی سەفەریان بینی کە سەری لە کلاوڕۆژنەوە هێنابووە دەرێ، هەردوو دەستی هەڵێنابوون و چاوی لە حەوز بڕیبوو و پڕ بە دەم دەگریا و فرمێسک بە ڕوومەتەکانیدا دەهاتە خوار.

٨

کە گەیشتنەوە نێو گوند، هێندەی نەمابوو خۆر ئاوا بێت. چەند گەنجێک ژێر باڵی حاجی شێخیان گرتبوو و دەچوونە پێشەوە. حاجی شێخ مێزەرەکەی لە ملی ئاڵاندبوو. چاوی هەڵمسابوون و هەناسەی بە ئەستەم هەڵدەکێشا.

کە گەیشتنە لای حەوزەکە، ژنەکانیان بینی ئالآیان لە مەیدانەکەدا هەڵکردبوو و بە چارشێوی ڕەشەوە لەژێر داربییەکان دانیشتبوون و هەرکە چاویان بە پیاوەکان کەوت، دەستیان بە شین و ڕۆڕۆ کرد. پیاوەکان سەریان داخست و بەرەو ماڵی ئاغا ڕۆیشتن. کۆلآنی یەکەمیان تێپەڕاند و گەیشتنە کۆلآنی دووەم و لە بەردەرکەی ماڵی ئاغا ڕاوەستان. دەرکە داخرابوو و تۆمەرە کایەکی پێوە هەڵپەسێردرابوو. ئیسلام چووە پێشەوە، تۆمەرەکەی لادا و دەستی لە کونی دەرکەوە بردە ژووریّ و دەرکەی کردەوە. چووە ژووریّ و ئەو خشتانەی لادا کە لەپێش دەربیجەکە هەڵچنرابوون. ڕووناکایی کەوتە نێو دالآنە شێدار و خۆلآوییەکەوە. حاجی شێخیان هێنایە ژووریّ و بەرەو تاکە ژووری ماڵ ڕۆیشتن کە تاریک و گەورە بوو و ڕووناکییە کزەکەی ئێواران، لە کلآوڕۆژنەکەیەوە دەهاتە ژووریّ. ئیسلام بەرەو ڕەفەکە ڕۆیشت، چرای داگیرساند و هێنای لە ناوەندی ژوورەکەی دانا. ژوورەکە دوو بەڕە و جامێک و قورئانێک و چەند سەلکەپیاز و بڕێک نانی وشکی تێدا بوو. چەند لێف و سەرینێکیش لە سووچێکی ژوورەکەدا و بەسەر یەکتردا کەڵەکە کرابوون. پیاوەکان لە دالآندا ڕاوەستان. حاجی شێخ دانیشت و سەبر سەبر پێیەکانی درێژ کرد و پاشان یەک بە خۆ پاڵ کەوت. سینگی پەیتا پەیتا بەرز دەبووەوە و لێوەکانی دەلەرزین. تێکڕا چاوەڕیّ و بە پێوە ڕاوەستابوون.

حاجی شێخ گوتی: «کوڕەکەی بانگ کەن.»

کوێخا گوتی: « هەر ئەمڕۆ و لای نیوەڕۆ، ڕۆیشتووەتە شار.»

حاجی شێخ، لاخێز بووەوە و گوتی: «های... ئاغای لێقەوماو.»

هیچ کەس قسەی نەکرد.

حاجی شێخ گوتی: «خەریکە دەخنکێم. بمبەنە نێو حەوشە.»

مەشەدی بابە، دەربیجەی پەنا دیواری کردەوە، دالآنێکی تەسک و تاریک

دیار کەوت. مەشەدی بابە و بەدوای ئەویشدا حاجی شێخ بە کۆمەکۆم و بەدوای کوێخادا، ڕۆیشتنە دەرێ. ئەوانی تر چاولەڕێ و لە ژوورەکەدا مانەوە.

ئیسلام بە عەباسی گوت: «حاجی شێخ برسییەتی، برۆ لە ماڵی مەشەدی سەفەر کەمێک ئەشکەنەی بۆ بێنە.»

عەباس چووە دەرێ، ئەوانی تریش چوونە دەرێ و لە کۆڵاندا ڕاوەستان. کوێخا و مەشەدی بابە، حاجی شێخیان هێنایە ناو حەوشەکە. نەردیوان هێشتا بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرابوو و سەرین و بەڕەی ئاغایش لەوێ کەوتبوون.

حاجی شێخ لەسەر بەڕەکە پاڵ کەوت. لە ئاغا زلتر بوو. مەشەدی بابە تەماشایەکی کرد. فتیلەی فانۆسەکە تا بنی بنەوەی سووتابوو. جامی ئاوەکە پڕ بوو لە مێشوولە. مەشەدی بابە جامەکەی هەڵگرت، ئاوەکەی هەڵڕشت و ڕۆیشت تا ئاوی تازە بێنێ.

کوێخا گوتی: «مەشەدی بابە، چراکەیش لەگەڵ دەستت بێنە.»

مەشەدی بابە گوتی: «دەیهێنم.»

فانۆسەکەی هەڵگرت و داهاتەوە و چووە نێو داڵانەکە. کوێخا لە هەیکەلی هەڵمساوی حاجی شێخی ڕوانی و گوتی: «خوایە، کتومت وەکو ئاغای لێ هاتووە.»

## ٩

کە دنیا تاریک داهات، دەستە دەستە لەوانەی هاتبوونە نێو باخی نەخۆشخانە و لەپێش داڵانەکە کۆ بووبوونەوە، چوونە دەرێ. پیرەژنەکە، لە بەیانییەوە دیار نەبوو.

کچەکەی میربرایم چووبووە لای میلەکان و لە دەرێی دەڕوانی. هەرکە

دەرکەوانەکە چووە نێو ژوورەکەی خۆیەوە، ئەویش لەگەڵ خەڵکدا هاتە دەرێ. دەرێ گەرمتر بوو. هەر بە پێچی شەقامەکەدا تێپەڕی، هەستی بە بێتاقەتییەکی زۆر کرد و لەسەر پلیکانی ماڵێک دانیشت و لە بیر و خەیاڵانەوە ڕۆچوو.

شەو بەتلێکی شکابوو کە پیرەژنەکە لە پێچی شەقامەوە دەرکەوت. لەژێر هەگبەیەکی قورسدا داچەمابووەوە و هەرکە گەیشتە لای کچەکەی میربرایم، هەگبەکەی دانا، لەتە نانێکی دەرهێنا و مشتێک پلاوی ڕۆ کردە سەر نانەکە و بێ ئەوەی خۆی لێ ناسیاو بکا، چووە ئەوبەری شەقام، تا بەشی سواڵکەرێکی تر بدا.

١٠

کە شەو داهات، هەر هەموویان ڕەشیان پۆشیبوو و هاتنە سەر حەوزەکە. تریفەی مانگەشەوێکی مات کەوتبووە سەر داربییەکان و بانە نزمەکان. هەموو لا نیوەتاریک بوو.

ئیسلام و مەشەدی جەبار تاتەشۆرە ڕەشەکەیان هەڵگەڕاندەوە و خستیانە ناو قۆرتەکەوە. ڕاوەستان تا کوێخا هات و ئاماژەی بۆ ئیسلام کرد. ئیسلام چووە سەر بەردەکە و قوڕگی خاوێن کردەوە و بەدەنگێکی بەرز دەستی بە خوێندنی سەردوولکە کرد. پیاوەکان قۆپچەی کراسیان کردەوە و دەستیان بە گریان کرد. ژنەکان هاتنە سەربان و لە حاڵێکدا کە لەبەر مانگەشەودا سەریان دەلەراندەوە، دەستیان بە شین و ڕۆڕۆ کرد. هەوەڵ پاپاخ و پاشان تێکڕای سەگەکانی بەیەل چوونە دەرێ و لە گۆڕەپانەکەی پشت ماڵی مەشەدی سەفەردا کۆ بوونەوە و گوێیان هەڵخست. بزنە ڕەشەکەی ئیسلامیش ڕۆیشت و خۆی لە پاشخاندا شاردەوە. ئەو شەوە، بەیەل تا بەری بەیان سەردوولکەی خوێند و شین و ڕۆڕۆی کرد.

١١

بەیانی بوو کە پوورەخان و ئاغا میرنەسیر گەیشتنە شار و لە مەیدانێکی قەرەباڵغدا، دابەزین. هەردووکیان برسی بوون و تاقەتی ڕێکردنیان نەمابوو. ئاغا میرنەسیر لە پەنا دیوارێک و لەژێر سێبەری چەترە کۆنەیەکدا کە لە دیوارێک قایم کرابوو، دانیشت. مێزەرەکەی لە گوند بەجێ مابوو و دەسماڵێکی سەوزی لە سەری هاڵاندبوو.

پوورەخان گوتی: «برسیتە؟»

ئاغا میرنەسیر بە دەنگی بەرز کۆکی و هیچی نەگوت.

پوورەخان گوتی: «هیچمان نییە بیخۆین.»

ئاغا میرنەسیر دیسان کۆکی.

پوورەخان گوتی: «ئێستا دەبێ شتێک بخۆین تا گوڕێکمان بێتەوە بەر. تۆ لێرە دانیشە تا من بڕۆم سواڵێک بکەم و بێمەوە. دوور نییە شتێکمان دەست بکەوێ.»

پوورەخان چارشێوەکەی لە کەمەری ئاڵاند و بە کۆمەکۆم ڕۆیشت. هەردوو دەستی بە پشتییەوە گرتبوو و لاقەکانی بە ئەستەم هەڵدەهێنران.

ئاغا میرنەسیر دەستەکانی خستە سەر گۆنا تادارەکانی کە خەریک بوو گریان دەگرت و بەدەم کۆکینەوە چاوی لە پووری بڕی کە لە قەرەباڵغییەکەدا ون بوو.

١٢

دوکتۆر کە لە باخچەی نەخۆشخانەدا دەخولایەوە، ئاغا میرنەسیری بینی کە بە جلوبەرگی دڕاو و دەسماڵێکی سەوز بە سەریەوە خەریکە بەملا و بەولادا غار دەدا و سەر بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەکا.

پەرەستارەکەی بانگ کرد و گوتی: «بزانە ئەم کوڕە خەڵکی کوێیە؟»

پەرەستارەکە لێی چووە پێشەوە و گوتی: «خەڵکی کوێی؟»

ئاغا میرنەسیر بە دەنگی بەرز کۆکی و هیچی نەگوت.

پەرەستارەکە بە دوکتۆری گوت: «قسە ناکا.»

دوکتۆرەکە کۆکەیەکی کرد و گوتی: «لێی بپرسە هی کام بەشە؟»

پەرەستارەکە دەستی بۆ داڵانەکان هەڵێنا و گوتی: «هی کام یەک لەمانەی؟»

ئاغا میرنەسیر کۆکەیەکی کرد و گوتی: «لە زارا دەگەڕێم.»

پەرەستارەکە گوتی: «زارا؟ زارا کێیە؟»

ئاغا میرنەسیر کۆکەیەکی کرد و هیچی نەگوت. پەرەستارەکە لێی دانەوی و لە چاوەکانی ئاغا میرنەسیری ڕوانی و بە سەبرایەک لێی پرسی: «زارا کێیە؟»

ئاغا میرنەسیر سەرێکی بادا و هیچی نەگوت.

دوکتۆر گوتی: «بیبە، داخلی بکە.»

پەرەستارەکە ئاغا میرنەسیری بردە نێو داڵانێکی تاریک، کە پڕ بوو لە خەڵک و لەسەر بەرەیەکی دانا و هاتە دەرێ و پیرەژنەکەی بینی کە بەپەلە بەرەو سووچێکی باخەکە دەڕوا. پێشی پێ گرت و گوتی: «نەنە فاتم، یەکێک لە نەخۆشەکان خواردنی نەخواردووە و برسییەتی، هیچت هەیە بیدەیێ؟»

پیرەژنەکە گوتی: «ئادی هەیتم!»

پەرەستارەکەی بردە سووچێکی باخەکە. مشتێک پڵاوی ڕۆ کردە سەر ڕۆژنامەیەک و لەتە نانێکیشی لەسەر دانا و دایە دەستی.

کوێخا کە هاتە سەر دیوار، پیاوەکان هەستانە سەرپێ و ڕاوەستان. خۆر دەرکەوتبوو و بەیەل دەدرەوشایەوە. کوێخا لێیانی ڕوانی و بە دیواردا داگەڕا و بەرەو ئیسلام ڕۆیشت. بە نێوان خەڵکەکەدا تێپەڕین و بەرەو ماڵی ئیسلام ڕۆیشتن. کوێخا لەبەر پەنجەرەیەک ڕاوەستا و ئیسلام چووە ژوورێ، بەڕەی خڕ کردەوە و لە پەنجەرەوە هێنایە دەرێ. پاشان پێکەوە هاتنەوە بن دیوارەکە. هەوەڵ کوێخا و پاشان ئیسلام چوونە سەر دیوارەکە و لەوێوە خۆیان هەڵدایە ناو حەوشە بچووکەکەوە. پاش تاوێک هاتنەوە سەر دیوارەکە و کوێخا بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: «ئەلفاتیحە!»

پیاوەکان لە یەکتریان ڕوانی و هەنسکیان قووت دا و فاتیحایان خوێند.

ئیسلام، بانگی مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەری کرد و گوتی: «سواری عارەبانە بن و بڕۆنە سەیداوا و بە گەدا خانم بڵێن چی قەوماوە، پاشان قەدبڕ بەرەو خاتووناوا بڕۆن و بە ئاغا میرحوجەت بڵێن حاجی شێخاغا ئەمری خوای کردووە، وەرە نوێژی لەسەر بکە و لەگەڵ خۆتانی بێنن و وەرنەوە.»

مەشەدی جەبار و کوڕی مەشەدی سەفەر لە یەکتریان ڕوانی و بەرەو ماڵی ئیسلام بەڕێ کەوتن.

ئیسلام گوتی: «ئاگاتان لە بزنەکەم بێ، وەکو دوێنێ دەرنەپەڕێتە دەرێ.»

مەشەدی جەبار کۆکەیەکی کرد و هیچی نەگوت.

ئیسلام و عەباس بەرەو قۆرتەکە چوون تاکو تاتەشۆرە ڕەشەکە دەرکێشن.

کوێخا و مەشەدی بابە چوونە ماڵی کوێخا، بێڵ و قازمەیان هەڵگرت، بەرەو گۆڕستان ڕۆیشتن و لە لاچەپی شێرەبەردینەکە، دەستیان بە

هەڵکەندنی گۆڕێک کرد.

بەیەلییەکان چوون لەسەر دیوارەکان دانیشتن و چاویان لە مەیتەکە بڕی کە کەوتبووە نێو حەوشەکە و هێدی هێدی خەریک بوو هەڵدەمسا و گەورەتر دەبوو.

# چیرۆکی سێیەم

١

ئێـواره بـوو و نەنە فـاتم لـە سـەربانی مـاڵەکـەیان دانیـشـتـبـوو و چاوی لە تارمـاییـیـەکی گـەوره بڕیبـوو، کـە لە سـەیداواوه دەهـات. نەنە فـاتم پێی وابوو دیسـان کـەسـێک لە سـەیداوا مـردووه و سـەیداوایـیـەکـان خـەریکن بە عارەبانـەی مەشەدی ڕوقـییـە بەرەو جامـیشـان دەڕۆن کە حاجی مـەلا بێنن تا نوێژی لـەسـەر بخـوێنـێ. بەڵام تارمـاییـیـەکـە هـەرچـەندەی نزیک دەکـەوتەوە، پانتر و گەورەتر دەبوو. هـەرکە تـارماییيەکە گەیشتـە لای گردی نەبیاغا، نەنە فـاتم بایەکی ڕەش و چڵکنی بینی کـە شتێکی سـپیی لـەگەڵ خـۆی دێنا. نەنە فـاتم خـێـرا خـۆی گـەیانده بـانێـژەی مـاڵی مـەشـەدی سـەفـەر و سـەری لە کـلاوڕۆژنەکـەیانەوه بردە ژووری و بەدەنگێکی بەرز هـەرای لە ژنی مـەشـەدی سـەفـەر کـرد: «نەنە خـانم، نەنە خـانم! وەرە بزانـە ئەمـە چییـە خـەریکە بەرەو بەیەل دێ؟» و گەڕایەوه سـەربانەکەی خۆیان. پێیەکانی لە کـلاوڕۆژنەوه شۆڕ کـردەوه و دەسـتی بـە لێـواری کونەکـەوه گـرت و بە ترسـەوه لە تارمـاییـیـەکە ڕاما. سـەری نەنە خـانم و بە دوای ئەویشدا سـەری مەشـەدی سەفەر، هـێدی هێـدی لـە بانێژەوه هاتنـە دەرێ. نەنە خـانم پەیتـا پەیتـا لـە دەوروبەری خـۆی دەڕوانی و هیچی نەدەدی.

نەنە فـاتم گـوتی: «هـۆوەتانـێ! لە سـەیداواوه دێ. تـەمـاشـا... لە نەبیـاغـا بنۆڕە!»

با، بەدەوری نـەبیـاغـادا دەخـولایەوه و شـتـە سـپـییـەکـەی لەگـەڵ خـۆیدا دەخولاندەوه.

نەنە خانم گوتی: «ئەوه لە کەنگێوه دەخولێتەوه؟»

نەنە فاتم گوتی: «هەر ئێستا وەدەر کەوت.»

نەنە خانم چاوی وێک نان، دوعایەکی خوێند و فووی لە بەیەل کرد، پاشان ڕووی لە نەنە فاتم کرد و گوتی: «قورمان بەسەر بوو، هەموومان تێدا چووین.»

هەردووکیان بە ترسەوە تەماشای تارماییەکەیان کرد کە لە لاڕێوە نزیک دەکەوتەوە.

نەنە فاتم بە دەنگی بەرز گوتی: «نەنە خانم، ئەو شتە سپییە دەبینی؟»

نەنە خانم گوتی: «ئادی، چاوم لێیەتی.»

نەنە فاتم گوتی: «هەر خەریکە گەورەتر دەبێ. بگاتە ئێرە، هەر بەجارێ بەیەل دادەپۆشێ.»

بۆنێکی پیس و تیژ بەو ناوەدا بڵاو بووەوە و بایەکە گەیشتە نێو بەیەل و تیتاڵ و کۆنە پەڕۆی بە کۆڵان و بانەکاندا بڵاو کردەوە.

نەنە خانم گوتی: «بڕۆ خوارێ نەنە فاتم، بۆگەن هێڕی کردین.»

نەنە فاتم گوتی: «وەرە لای حەوزەکە، با بزانین دەبێ چ قوڕێک بەسەر خۆماندا بکەین.»

هەردووکیان چوونە خوارێ. گوند چۆڵ بوو. ژن و پیاو لە گوند چووبوونە دەرێ. نەنە فاتم و نەنە خانم هاتنە بەردەرکەی ماڵی بابەعەلی کە تەنیا چوار دیوارێکی بچووک و دەربیچەیەک بوو و دەنگی گریان و ناڵەناڵی بابەعەلیی لێوە دەهات.

نەنە خانم گوتی: «ئاگات لەو بۆنەیە؟ چی بکەین؟»

نەنە فاتم گوتی: «دەترسێم ئەوانەی لە گوندی چوونەتە دەرێ، ئیدی نەتوانن بگەڕێنەوە.»

نەنە خانم گوتی: «ئەوانە دەبینی؟» داهاتەوە و هێمای بۆ تیتاڵ و کۆنە

پەڕۆکان کرد کە با لەگەڵ خۆی هێنابوونی و بەو نێوەدا بڵاو بووبوونەوە.

نەنە فـاتم گـوتی: «دەڵێی بە چەند گـۆڕسـتـاندا تێـپـەڕیوە و هـەر لەوێوە ئەمـانەی ڕەپێش خـۆ داوە.» و لە حاڵێکدا کە لە ترسـان هەڵدەلەرزی، لەسـەر تاتەشۆرە ڕەشەکە دانیشت و پاڵی بە داربییەکەوە دا.

نەنە خـانمیش دانیـشت و پێـیـەکـانی بـردە بن چارشـێـوەکـەی تا بـایە ساردەکە، وردە پەڕۆکان لە بەلەکە لاوازەکانی نەهاڵێنێ.

نەنە فـاتم گوتی: «ئیـدی هـەمـوو شتێک فاتیـحـای لێ خوێندرا، هەوەڵ جـار قاتوقڕی و ئێستایش ئەمە!»

ناڵەناڵی بابەعەلی لە ماڵەکەیدا بەرزتر بووەوە.

نەنە خانم دەستێکی بەرەو ماڵی بابەعەلی هەڵێنا و گوتی: «دەبینی؟»

نەنە خانم گوتی: «با بڕۆین خەڵک ئاگەدار بکەینەوە.»

نەنە خـانم گوتی: «کەس لە گوندی نەمـاوە، دەبێ مـەشەدی ئیـسـلام بێت و خەڵکی ئاگەدار بکاتەوە!»

نەنە فاتم گـوتی: «من نیگەرانم، زۆریش نیگەرانم. حـەسـەنۆک ڕۆیشـتووە و نەگەڕاوەتەوە.»

نەنە خـانم گوتی: «کوڕەکەی منیـش ڕۆیشـتـووە، دڵ لە دڵ مەدە. هەمـوویان دەگـەڕێنـەوە. هەسـتـە بـا بچـینـەوە مـاڵێ و فـانۆسـێک پێ بکەین و بچـینە سـەربان تا ونبووەکانمان لە دوورەوە بەیەل ببینن.»

هەسـتـانە سـەرپێ کـە بڕۆن. پیـاوێک لە تـاریکاییی تەنیـشـت باخـی ئاغـاوە دەرکـەوت. زەنبـیلـێکی گـەورەی بە دەسـتـەوە بوو و بە خـشـکەیی و کـۆمـەکـۆم دەهاتە پێشەوە.

نەنە فاتم دەستی نەنە خانمی گرت و گوتی: «ئەوە کێیە، نەنە خانم؟»

نەنە خانم گوتی: «ئەمن نایناسم.»

تارماییی‌ەکە هات و تێپەڕی و چووە نێو کۆڵانی یەکەمەوە.

نەنە فاتم گوتی: «هەر زۆر بەبێدەنگی دەڕۆیشت، نەکا بچێتە ماڵمان؟»

نەنە خانم گوتی: «وەرە با بەدوایدا بچین.»

هەردووکیان بە خشکەیی و بە دوای تارماییی‌ەکەدا چوونە نێو کۆڵان. کۆڵانیان پێچ کردەوە و تارماییی‌ەکەیان بینی کە لەپێش دەرکەی ماڵی مەشەدی جەبار ڕاوەستاوە و دەکۆکێ. دەرکە کرایەوە و مەشەدی ڕێحانی خوشکی مەشەدی جەبار، بە فانۆسێکەوە، دەرکەوت. تارماییی‌ەکە خۆی لادا، مەشەدی ڕێحان فانۆسەکەی هەڵێنا. تیشکی فانۆس کەوتە نێو کۆڵان و کۆنە پەڕۆ و تیتاڵەکانی خستە بەرچاو کە بە دەرودیوارەکانەوە نووسابوون و دەلەرینەوە. نەنە فاتم و نەنە خانم کشانە دواوە و لە تاریکیدا ڕاوەستان.

نەنە فاتم گوتی: «ئەوە کێیە؟»

نەنە خانم گوتی: «مەشەدی ڕێحانی خوشکی مەشەدی جەبارە، هەر ئەوەی مێردەکەی مردووە.»

چەند هەنگاوێک چوونە پێشەوە و دیسان ڕاوەستان. تارماییی‌ەکە دەستی بردە نێو زەنبیلەکە و مریشکێکی سەربڕاوی دەرهێنا. پێیەکانی مریشکەکەی گرت و لەپێش فانۆسەکەی ڕاگرت. خوشکی مەشەدی جەبار دەستی درێژ کرد، پێیەکانی مریشکەکەی گرت، چووە ژوورێ و دەرکەی داخست. تارماییی‌ەکە دیسان ملی ڕێی گرت و بەرەو دوایین ماڵی کۆڵانەکە ڕۆیشت. نەنە خانم و نەنە فاتمیش بە دوای کەوتن. تارماییی‌ەکە، هەر گەیشتە ماڵی نەنە فاتم، ڕاوەستا و دەستی هەڵێنا و دەستی بەگوریسێکی کورتەوە گرت کە لە دیوارەکە کوترابوو و بە دیواردا هەڵگەڕا.

نەنە فاتم گوتی: «ئەوە بە تەمای کوێیە؟»

نەنە خانم گوتی: «ڕاوەستە بزانم!»

تارماییی‌ەکە خۆی گەیاندە سەربان و داهاتەوە، زەنبیلەکەی لە

کلاوڕۆژنەوە فڕێ دا ژوورێ. پاشان پێیەکانی بە کلاوڕۆژنەدا شۆڕ کردەوە و سەبر سەبر تێوەی چوو. تەنیا سەری بە دەرەوە مابوو کە چاوێکی لە حەوزی گوند کرد و خێرا چووە خوارێ.

نەنە فاتم گوتی: «ئێستا چی بکەین؟»

هەردووکیان گەڕانەوە و دەستی یەکتریان گرت و بە غار هاتنە لای حەوزەکە. کۆنە پەڕۆ و تیتاڵەکان بە لقەکانی داربییەوە دەلەرینەوە. چەند کەس لە تارماییدا دیار کەوتن، زەنبیلیان بە دەستەوە بوو و دەهاتنە پێشەوە. نەنە خانم و نەنە فاتم بەرەو ماڵی نەنە خانم ڕۆیشتن و چوونە ژوورێ. مەشەدی سەفەر لەسەر کورسییەکە ڕاوەستا بوو، هەموو لەشی لە ژوورەکەدا بوو و تەنیا سەری لە کلاوڕۆژنەکەوە بردبووە دەرێ. نەنە خانم و نەنە فاتم بەرەو پاشخان ڕۆیشتن و بە دوو فانۆس گەڕانەوە ژوورێ. فانۆسەکانیان پێ کرد. نەنە خانم چووە سەر کورسییەکەی تر و فانۆسێکی لە سەربانەکە دانا. پەنجەکانی مەشەدی سەفەر کە تا ئێستا هیچ جووڵەیەکی نەدەکرد جووڵانەوە. نەنە فاتم و نەنە خانم فانۆسەکەی تریان هەڵگرت و هاتنە دەرێ. لای حەوزەکە قەرەباڵغ بوو. بەیەلییەکان خەریک بوون بە زەنبیلەکانیانەوە دەهاتنەوە. ئیسلام لەسەر عارەبانەکەی دانیشتبوو و بیری دەکردەوە.

نەنە خانم بەرەو عارەبانەکە ڕۆیشت و گوتی: «مەشەدی ئیسلام، کابرایەک هاتووە و چووەتە نێو ماڵی نەنە فاتم.»

ئیسلام گوتی: «حەسەنۆک لە ماڵێ نییە؟»

نەنە فاتم گوتی: «ناوەڵڵا، چووەتە دەرێ.»

ئیسلام گوتی: «کەوایە من لەگەڵتان دێم.»

کە گەیشتنە ماڵی نەنە فاتم، ئیسلام فانۆسەکەی لێ وەرگرت و دەرکەی کردەوە. هەوەڵ خۆی و بەدوای ئەویشدا، پیرەژنەکان چوونە ژوورێ. هەموو

لایەک تاریک بوو. کە پەنجەرەیان کردەوە، ئیسلام فانۆسەکەی هەڵێنا. کەسێک پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو و لە تاریکیدا تەماشای دەکردن.

ئیسلام گوتی: «تۆ کێیت؟»

تارماییەکە گوتی: «منم، مەشەدی ئیسلام.»

ئیسلام کەمێکی تر فانۆسەکەی هەڵێنا و گوتی: «تۆ؟»

تارماییەکە هاتە پێشەوە، زەنبیلێکی بە دەستەوە بوو. هەرسێکیان چوونە پێشەوە. نەنە فاتم گوتی: «ئەوە تۆیت حەسەنۆک؟»

حەسەنۆک دەستی بردە ناو زەنبیلەکە و مریشکێکی سەربڕاوی دەرهێنا. ملی مریشکەکە بە پێستێکی باریکەوە شۆڕ بووبووەوە.

ئیسلام گوتی: «نەنە فاتم، ئەوە کوڕەکەی خۆت ناناسییەوە؟»

فانۆسەکەی دایە دەست نەنە خانم و بەپەلە چووە دەرێ. نەنە فاتم دەستی درێژ کرد و مریشکەکەی لە حەسەنۆک وەرگرت.

حەسەنۆک گوتی: «دانەیەک زیاترم دەست نەکەوت.» و لە قاقای پێکەنینی دا. پیرەژنەکان ترسان و پاشەوپاش گەڕانەوە.

٢

پیاوەکان، زۆربەیان دەستبەتاڵ گەڕابوونەوە. مەشەدی جەبار کەمێک پەتاتەی لە خاتووناوا دەست کەوتبوو و بەر لەوەی بگاتەوە ماڵێ، نەنە ڕێحان، مریشکەکەی لەپشت کەڵەدارەکان، شاردبووەوە.

مەشەدی جەبار گوتی: «خاتووناوا زۆر قەرەباڵغ بوو.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «لە بەیەلدا هیچ باسێک نییە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئاخر لەوێندەرێ هێندێک شت پەیدا دەبێ.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «مەشەدی بابە کە چووبووە خەلیجان، بە دەستبەتاڵییەوە هاتەوە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «زۆر کەس بەدەستبەتاڵی هاتوونەتەوە. عەباس چەند مشت برنجی لە سەیداوا هێنابوو کە نیوەی هەرە زۆری بۆ خۆی و خوشکی برد و ئەوی تریشی دایە بابەعەلی.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «مەشەدی حەسەن بەس باوەشێک وێنجەی دەست کەوتبوو کە ئەویشی بردە تەویلەکەی و ڕۆی کردە بەر گایەکەی.»

مەشەدی جەبار گوتی: «کوێخایش هێشتا نەهاتووەتەوە.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ئێستا بەتەمای چی بکەی؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئیمشەو دەچمە پورۆس، بەشکم لەوێندەرێ شتێکم دەست بکەوێ.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «دەتەوێ بە تەنێ بچییە پورۆس؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، لەگەڵ کێ بڕۆم؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «بە تەنیا ناتوانی، پورۆسییەکان لە نیوەشەو بەولاوە خڕ دەبنەوە و ئاگایان لە گوندەکەیانە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «هەرچۆنێک بێ، داخی دڵم هەڵدەڕێژم. دەبێ تۆڵەی ئەو مەڕانەیان لێ بکەمەوە، کە لێمیان دزیون.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «بە تەنیا باش نییە. نابێ بە تەنیا بڕۆی.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ناتوانم لەگەڵ هیچ کەسدا بڕۆم. بەیەلییەکان هەر هەموویان سواڵکەرن و بەس سەدەقە وەردەگرن. واز لە دزییش ناهێنن.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «دەزانم. ئەدی ئەگەر بتگرن؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئاخر، کەس نییە لەگەڵمدا بێت.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «چوزانی؟ لەوانەیە کوڕەکەی نەنە فاتمت لەگەڵ بێت.»

مەشەدی جەبار گوتی: «حەسەنۆک؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ئادی، ئەگەر پێی بڵێی، بێ ئەملا و ئەولا، لەگەڵت دێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «تۆ چوزانی؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «من دەزانم، هەر سەعاتێک بەر لە ئێستا هاتەوە نێو گوند و مریشکێکی بەدەستەوە بوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «یانی دەڵێی لە پورۆس بووە؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «وابزانم. تۆ دانیشە و نانەکەت بخۆ، من دەڕۆم بانگی دەکەم.»

مەشەدی جەبار لەپێش کەڵەدارەکان هەڵتووتا و فانۆسەکەی لەتەنیشت خۆی دانا.

مەشەدی ڕێحان نان و دانووی بۆ هێنا و چووە دەرێ. با، هێشتا دەهات. پیاوەکان لە نزیک حەوزەکە خڕ بووبوونەوە و نوێژیان دەکرد. ڕیزە ژنێک، سەریان لەپشت دیوارە نزمەکانەوە دەرکێشابوو و لە پیاوەکانیان دەڕوانی. لە باخەکەی ئاغادا، کەسێک دەگریا.

مەشەدی ڕێحان کە گەیشتە بەردەرکەی ماڵی حەسەنۆک، نەنە فاتم و نەنە خانمی بینی کە بە جامێک ئاوی پیرۆزەوە هاتوونەتە دەرێ. مەشەدی ڕێحان خۆی لادا. نەنە فاتم و نەنە خانم هاتنە نێو کۆڵان. نەنە فاتم گەسکێکی بچووکی بە دەستەوە بوو. گەسکەکەی بە ئاوەکە تەڕ دەکرد و لە دەرودیواری ماڵەکانی دەدا و دوعای دەکرد. نەنە خانم هون هون دەگریا. هەرکە پیرەژنەکان لە کۆڵانەکە ئاودیو بوون، مەشەدی ڕێحان لە تاریکییەکە هاتە دەرێ و دەرکەی کردەوە و چووە ژوورێ. حەسەنۆک لە پەنا پەنجەرە و لەبەر تیشکی فانۆسەکە دانیشتبوو و شلەی دەخوارد.

مەشەدی ڕێحان چووە پێشەوە و گوتی: «حەسەنۆک! حەسەنۆک!»

حەسەنۆک گوتی: «بۆ هاتییە ئێرە؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «هەستە وەرە.»

حەسەنۆک گوتی: «بێمە کوێ؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «مەشەدی جەبار هاتووەتەوە. بە تەمایە بۆ مریشک دزین بچێتە پورۆس. من پێم گوت تۆیش لەگەڵیدا دەچیت.»

حەسەنۆک گوتی: «بەم نیوەشەوە چۆن بڕۆین؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «مەشەدی جەبار بە تەمایە بڕوا. ئەگەر تۆیش لەگەڵیدا بڕۆی، زوو دێنەوە، جا تۆیش دەتوانی لە ماڵی ئێمە بنوویت.»

حەسەنۆک گوتی: «مەشەدی جەبار دێڵێ لە ماڵتان بنووم؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ئادی، بەڵام ئەگەر ڕۆژ بێ، ناهێڵێ.»

حەسەنۆک گوتی: «زۆر باشە. دێم.»

هەردووکیان هاتنە دەرێ. حەسەنۆک دوایین پارووی هەڵلووشی و گوتی: «تۆ بڕۆ، من بەدواتدا دێم.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ئەگەر حەزت لێ بێ، دەتوانین بچینە دەرێی گوند و لەپشت باخی ئاغاوە بچینە مەیدانەکەی پشت ماڵی مەشەدی سەفەر و پاشان پێچ دەکەینەوە نێو کۆڵانی یەکەم و دەگەینە ماڵەکەمان.»

حەسەنۆک گوتی: «با بڕۆین.»

کە گەیشتنە بنی کۆڵان و لە گوندی چوونە دەرێ، هەوا ساردتر بوو. ڕووناکایی چەند مۆمێک لە نەبیاغاوە دیار بوو.

مەشەدی ڕێحان گوتی: «هەر کاتێک برسیت بوو دەتوانی بێیتە کنم. من بۆ خۆم و خۆت هێندێک شت گل دەدەمەوە.»

حەسەنۆک گوتی: «هەر برسیم بێ، دێمە کنت.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «دەرێی گوند زۆر چۆڵ و بێدەنگە.»

حەسەنۆک گوتی: «ئادی.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «با لەسەر ئەم بەردە دانیشین.»

لەسەر گاشەبەردێک دانیشتن کە لە لێواری دۆڵەکە هەڵکەوتبوو.

مەشەدی ڕێحان گوتی: «کە لە پورۆس هاتنەوە، ئەتۆ وەرە ماڵمان. دێیت؟»

حەسەنۆک گوتی: «ئەدی کوو؟ دێم.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «مەشەدی جەبار، خەوی زۆر گرانە. هەرچییەکی لێ بکەی بە ئاگا نایەتەوە.»

پیاوێکی کەڵەگەت کە مەڕێکی لەڕی بەدوای خۆیدا خاوکێش دەکرد، لە تاریکاییی دۆڵەکەدا هاتە دەرێ. مانگ لە درزی هەورەکانەوە دەرکەوت. مەشەدی ڕێحان و حەسەنۆک، کوێخایان ناسییەوە.

٣

کە نەنە خانم و نەنە فاتم گەیشتنە لای حەوزەکە، پیاوەکان لە نوێژ بووبوونەوە. ئیسلام چووبووە سەر تاتەشۆرە ڕەشەکە و سەردوولکەی دەخوێند. لەبن داربییەکە دوو فانۆس هەڵکرابوون. ئیسلام هەرکە پیرەژنەکانی بینی، بێدەنگ بوو. پیاوەکانیش بێدەنگ بوون.

نەنە فاتم گەسکەکەی بە ئاوی پیرۆز تەڕ کرد و هەڵی هێنا. هەوەڵ جار بەسەر سەری ئیسلامدا و پاشان بەسەر سەری یەکە یەکەی پیاوەکاندا، ڕای وەشاند.

نەنە خانم گوتی: «دەبینی چ قوڕێکمان بەسەر بووە؟ قاتوقڕی و برسییەتی لەلایەک، ئەم بەڵایەیش لەلایەک.»

مەشەدی بابە کۆکەیەکی کرد و ئیسلام بەدەنگی بەرز گوتی: «اغفر لنا یا رب العالمین.»

پیاوەکان سەریان داخست و گریان.

نەنە خانم گوتی: «ئێستا بە تەمان چی بکەن؟»

ئەو ژنانەی لەپشت دیوارەوە سەرەتاتکێیان کردبوو، سەریان کەمێکی تر دەرکێشا.

مەشەدی بابە گوتی: «دەبێ ئەوانەی ساخوسەلیمن، بنباڵی ئەوانی تر بگرن و لێیان خافڵ نەبن.»

عەباس گوتی: «مەشەدی بابە ڕاست دەکا، بەڵان هەرکەس هەرچییەکی دەست دەکەوێ، یان دەیباتەوە ماڵی خۆی، یان دەیخاتە نێو دەمی خۆی.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: « جەماعەت! عەباس بە تەمایە بڵێ: ئەمڕۆ مشتێک برینجی داوەتە بابەعەلی. هەموو ئاگەدار بن!»

کوڕی مەشەدی حەسەن گوتی: «سبەینێ چی بکەین؟»

ئیسلام گوتی: «دەبێ چەند کەسێک هەڵبژێرین و بیاننێرینە خاتووناوا، بەشکم گەنم و پەتاتەمان بۆ پەیدا بکەن.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «سەیداوایی و حەسەناواییەکان تێکڕا ڕژاونەتە نێو خاتووناوا و هەبوو و نەبووی ئەوێیان لرف کردووە.»

ئیسلام گوتی: «ئێمەیش دەڕۆین، بەشکم شتێکمان دەست بکەوێ.»

مەشەدی حەسەن گوتی: «دەبێ لە گا و مەڕەکانیشمان خافڵ نەبین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «جارێ با زگی مرۆڤەکان تێر بکەین، پاشان بیرێک لە مەڕوماڵات دەکەینەوە.»

عەباس گوتی: «دەی باشە، بە تەمان چۆن و بە چیی بچنە خاتووناوا؟»

ئیسلام گوتی: «بە عارەبانە. ئەدی عارەبانەکەی من بۆ چییە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «کێ بەتەمایە بڕوا؟»

ئیسلام گوتی: «من هەر سبەینێ زوو بەڕێ دەکەوم. هەر کەسێک ویستی و حەزی لێ بوو، با لەگەڵم بێ.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «من دێم.»

عەبدوڵڵا کە تازە گەیشتبووە لایان، گوتی: «منیش دێم.»

ئیسلام گوتی: «لە سێ کەسان زیاتر ناتوانین برۆین.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی، سێ کەس بەسە. سبەینێ پارە خڕ دەکەینەوە و گوونییەتان دەدەینێ و سبەینێ زوو ناوی خوای لێ بێنن و بەڕێ بکەون.»

مەشەدی حەسەن گوتی: «مەشەدی ئیسلام، من پارەت دەدەمێ، ئەگەر پێت کرا گوونییە کایەکیش بۆ گایەکەم بکڕە.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «من ئەگەر برۆم، ناهێڵم کات بۆ بکڕێ.»

ئیسلام هێمایەکی بۆ مەشەدی حەسەن کرد و مەشەدی حەسەن فزەی نەکرد.

عەبدوڵڵا گوتی: «کەنگی بەڕێ دەکەوین؟»

ئیسلام گوتی: «سبەینێ بەر لەوەی خۆر دەرکەوێ.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەگەر وە درەنگی کەوتم، کەسێک بنێرە لە خەو هەڵمستێنێ.»

ئیسلام گوتی: «زۆر باشە.»

کە لە قسان بوونەوە، تێکڕا بێدەنگ بوون.

نەنە خانم چووە پێشەوە و گوتی: «هەموو شتێک تەواوە. سێ کەس دەڕۆن پەتاتە و ئازووقەمان بۆ بێنن. ئەوانی تر چی دەکەن؟ دیسان دەچن سواڵ دەکەن؟»

مەشەدی بابە گوتی: «چارە چییە نەنە خانم؟ هەرچۆنێک بێ، دەبێ زگی منداڵەکان تێر بکەین.»

نەنە خانم گوتی: «نا، سبەینێ هیچ کەس لە گوندی ناچێتە دەرێ. سبەینێ دەیکەینە شین و پرسە و ڕۆڕۆ، دەست بە گوتنی سەردوولکە دەکەین و پەڕۆی سەوز هەڵدەبەستین. بەشکم شێخ و مەشایخ دڵیان نەرم

بێ و بمانبەخشن و بەلا و قەدەران لە بەیەل دوور بخەنەوە.»

نەنە فـاتم دەسـتی بـەرەو داربییـەکە هەڵێنا کە تیـتاڵ و پەڕۆی سـەوز بە لقەکانیەوە شۆڕ بووبوونەوە و بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی: «مەگەر نابینن؟»

ئیسلام بە دەنگی بەرز گوتی: «اغفر لنا یا رب العالمین.»

پیـاوەکـان سـەریان داخـست و ژنەکـانیش کـە بـە ڕیز لەسـەر دیوارەکـە دانیشتبوون، چوونە ئەودیوی دیوار و دەنگی گریانیان بەرز بووەوە.

نەنە خانم گوتی: «تا نەیکەینە شین و ڕۆڕۆ، نامانبەخشن.»

نەنە فــاتم گــوتی: «من و نـەنە خـــانم دەچین ئـاوی پیـــرۆز بە گــوندیدا دەرشێنین و پاشان بەیداخەکان لەگەڵ خۆمان دێنین.»

پیرەژنـەکان بە پەنا پیـاوەکاندا و بە کۆڵانـی یەکەمدا شـۆڕ بوونەوە. دەنگی پاپاخ لە باخچەی ئاغادا بەرز بووەوە کە دەیکڕووزاند. پیـرەژنەکان پێچیان کردەوە نێو کۆڵانێکی تر و دەسـتی گەورەی بابەعـەلییـان بینی کە لە کونی دیوارەوە هاتبووە دەرێ و خۆڵەکەی دەپشکنی.

نەنە خانم گوتی: «خوایە هەر بۆ خۆت ڕەحمێکمان پێ بکە!»

نەنە فاتم گوتی: «اغفر لنا یا رب العالمین.»

کـوێخـا لەبنی کـۆڵانەوە دەرکـەوت، مـەڕێکی لەڕولاوازی بە دوای خـۆیدا خاوکێش دەکرد.

٤

مـەشـەدی ڕێحـان و حـەسـەنۆک لەسـەر گـاشـەبەردەکـەی پەنا دۆڵەکـە دانیشـتبوون و پیرەژن بە گەسک و جامێک ئاوی پیرۆزەوە، دەرکەوتن. نەنە خانم دوعای دەکرد و نەنە فاتمیش ئاوی پیرۆزی بەو ناوەدا دەرشاند.

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ئەوە هاتن، هەستە با بڕۆین.»

حەسەنۆک گوتی: «کێ؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «پیرەژن هاتن، هەستە با بڕۆین.»

هەردووکیان هەستانەوە. مەشەدی ڕێحان دەستی حەسەنۆکی گرت و ڕای کێشایە نێو دۆڵەکەوە.

حەسەنۆک گوتی: «بۆ کوێ؟ ئەوێ زۆر تاریکە.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «وەرە، با ئەوانە بڕۆن. پاشان دەچینەوە ماڵێ.»

حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان بە تاریکاییی دۆڵەکەدا ڕۆیشتن و مانگیش لە درزی هەورەکانەوە دەرکەوت.

پیرەژنەکان دوو تارماییيان بینی کە بە بنی دۆڵەکەدا تێ دەپەڕین.

نەنە خانم گوتی: «دیتت؟»

نەنە فاتم گوتی: «ئادی.»

نەنە خانم گوتی: «کێ بوون؟»

نەنە فاتم گوتی: «خوا دەزانێ.»

نەنە خانم گوتی: «وەرە با بڕۆین، ئاوی پیرۆزمان پێیە، هیچ ناقەومێ.»

نەنە فاتم گوتی: «من پێ ناخەمە نێو دۆڵەکەوە.»

نەنە خانم گوتی: «منیش ناچم. هەر لەو سەرەوە چاوێکی لێ دەکەین و ئاوی پیرۆز بە دۆڵەکەدا دەکەین.»

هەردووکیان بە پێدزکێ هاتنە لای گاشەبەردەکە و خۆیان مەڵاس دا. پاشان داهاتنەوە و لە دۆڵەکەیان ڕوانی. حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان لەو خوارە و لە تەنیشت یەک دانیشتبوون. دەستی مەشەدی ڕێحان لەسەر چۆکی حەسەنۆک بوو. چاویان لە سەرەوە بڕیبوو، دوو کەڵلەسەریان بینی کە سەرەتاتکێیان دەکرد.

حەسەنۆک گوتی: «نەهێنە خوارێ.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ناتوانن.»

حەسەنۆک گوتی: «ئەدی ئەگەر هاتن؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «لێرەوە بۆی دەردەچین و دەڕۆین.»

حەسەنۆک گوتی: «هەستە با بڕۆین.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ڕاوەستە با بڕۆن.»

نەنە خانم لەوسەرەوە هاواری کرد: «ئێوە کێن؟»

حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان دەنگیان نەکرد.

نەنە فاتم گوتی: «جوابمان نادەنەوە.»

نەنە خانم گوتی: «ئێوە چین؟ مرۆن؟ جنۆکەن؟ هەرچییەکن جوابمان بدەنەوە!»

حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان دیسان هیچیان نەگوت.

نەنە فاتم گەسکەکەی بە ئاوی پیرۆز تەڕ کرد و بەرەو دۆڵەکەی ڕاوەشاند.

حەسەنۆک گوتی: «ئەوە دایکمە.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ئەوی تریشیان ژنی مەشەدی سەفەرە.»

دەنگیان لە خۆ بڕی. نەنە فاتم بە لێواری دۆڵەکەدا دەڕۆیشت و ئاوی پیرۆزی بەو ناوەدا دەپرژاند.

نەنە خانم دیسان بەرەو دۆڵەکە داهاتەوە و بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: «هەر چییەک بن، مرۆ بن، جنۆکە بن، سوێندتان دەدەم لێرە بڕۆن و بەیەل بەجێ بێڵن.»

حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان هیچیان نەگوت. پیرەژنەکان گەڕانەوە و ڕۆیشتن. نەنە فاتم گوتی: «با زوو بڕۆین، کارمان زۆرە نەنە خانم.»

نەنە خانمیش لەبەر خۆیەوە گوتی: «باش بوو، مەشەدی جەعفەر لەگەڵ ئیسلامدا دەچێتە خاتووناوا. مەشەدی سەفەریش ئێستا خەوتووە. ئەرێ بەڕاست، مەشەدی ڕێحان کوڕەکەم بەسەر خۆیدا نەکێشێ؟»

که پێچیان کردەوە نێو کۆڵانی گوند، ئاوڕێکیان دایەوە و تەماشایان کرد. دوو تارمایی لە تاریکاییی دۆڵەکەوە هاتنە دەرێ و لەسەر گاشەبەردەکە دانیشتن.

٥

کە مەشەدی ڕێحان و حەسەنۆک گەیشتنە ماڵەوە، مەشەدی جەبار لێفێکی بە خۆیدا دابوو و لەپێش کەڵەدارەکان خەوتبوو. مەشەدی ڕێحان چووە پێشەوە و بە سەبرایەک مەشەدی جەباری ڕاوەشاند.

مەشەدی جەبار لە خەودا بوو، گوتی: «چییە؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «هەستە، کوڕەکەی نەنە فاتم هاتووە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «چی بکەم؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «ئەدی ناچنە پورۆس؟»

مەشەدی جەبار هەڵسا و گوتی: «کوانێ؟»

حەسەنۆک، کە لە بەردەرکە ڕاوەستابوو گوتی: «ئەوە لێرەم مەشەدی جەبار.»

مەشەدی جەبار گوتی: «من دەچمە پورۆس، تۆیش دێی؟.»

حەسەنۆک گوتی: «بچین لە پورۆس چی بکەین؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «لە پورۆس چی دەکەن؟ دەچین دزی دەکەین!»

حەسەنۆک گوتی: «یانی دەڵێی بچین دزی بکەین؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی. لە بیرتە پورۆسییەکان سێ مەڕیان لێ دزیبووم؟»

حەسەنۆک گوتی: «لە بیرمە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «پێکەوە دەچین و تۆڵەیان لێ دەکەینەوە.»

حەسەنۆک گوتی: «دەبێ گوریسمان هەبێ. خۆ دەزانی؟.»

مەشەدی جەبار هەستایە سەرپێ، دوو گوریسی هێنا، یەکیانی دایە دەست حەسەنۆک و ئەوی تریشی بۆ خۆی هەڵگرت.

حەسەنۆک گوتی: «با بڕۆین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «گوریسەکە لە پشتت ببەستە.»

حەسەنۆک گوتی: «من هەر وا لە دەستمی دەگرم.»

مەشەدی جەبار بە مەشەدی ڕێحانی گوت: «بەر لە سبیانێ دێینەوە.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «زووتر وەرنەوە.»

مەشەدی جەبار و حەسەنۆک هاتنە دەرێ. بە کۆڵاندا تێپەڕین و گەیشتنە لای حەوزەکە. پیاوەکان ڕۆیشتبوون. چەند کەس لەسەر حەوزەکە ڕاوەستابوون و قسەیان دەکرد. تیشکی مانگ لە درزی هەورەکانەوە لە ئاوی حەوزەکەی دەدا. ماسییەکان هاتبوونە سەر ئاو و کەفیان دەخوارد.

هەر حەسەنۆک و مەشەدی جەبار گەیشتنە باخی ئاغا، کوڕی مەشەدی سەفەر بە چەند گوونییەکەوە دەرکەوت.

مەشەدی جەبار و حەسەنۆک، بێ هیچ قسەیەک بە پەنایدا تێپەڕین.

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئۆغر بێ. بەم نیوەشەوە بە تەمای کوێن؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئیشمان هەیە.»

کوڕی مەشەدی سەفەر پێ کەنی و گوتی: «دەزانم چ ئیشێکتان هەیە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەی باشە، تۆیش بۆ خۆت بزانە.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «یانی دەزانم بە تەمان بۆ دزی بچن.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەدی ئەتۆ؟ لەگەڵمان نایەی؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «قەت قەت!»

مەشەدی جەبار گوتی: «باشترە دەمت داخەی.»

کوڕی مەشەدی سەفەر ترسا و پێ کەنی.

مەشەدی جەبار گوتی: «بڕۆ، بیکە بە هەرا و بە هەموو کەس بڵێ جەبار و حەسەنۆک بۆ دزی ڕۆیشتن.»

کوڕی مەشەدی سەفەر کە دوور کەوتەوە هاواری کرد: «مەترسێن. بە کەس ناڵێم.»

حەسەنۆک و مەشەدی جەبار گوندیان بەجێ هێشت. مەشەدی جەباریش گوریسەکەی لە پشتی کردەوە و خستییە سەر شانی. حەسەنۆکیش گوریسەکەی خستە سەر شانی خۆی. لاڕێیان گرتە بەر.

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەو کوڕەی مەشەدی سەفەرە یەک جاری تر قسەی وا بکا، دەم و ددانی تێک دەشکێنم.»

حەسەنۆک گوتی: «کارت پێی نەبێ. دەم هەراشە و قسەی قۆڕ دەکا.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئێمە بۆ دزی ناچین. دەچین تۆڵەی مەڕەکانمان دەکەینەوە.»

حەسەنۆک گوتی: «مەڕیشمان دەست نەکەوێ، مریشک دەدزین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «قسەی تێدا نییە، ئەو کارەی دەکەین.»

کە بە گردەکەدا داگەڕان، سێ پورۆسییان بینی کە مەڕێکی دابەستەیان خاوکێش خاوکێش بەرەو گوندەکەیان دەبرد.

مەشەدی جەبار گوتی: «ماندوو نەبن.»

پورۆسییەک گوتی: «ملی ڕێت بگرە و بڕۆ.»

## ٦

نەنە فاتم و نەنە خانم پاڵیان بە دەرکە بەردینەکەی بەیداخ خانەوە نا و چوونە ژوورێ. نەنە خانم فانۆسەکەی بردە ژوورێ، لە دالانە نزم و تاریکەکەی ڕوانی. نەنە فاتمیش کە جامی ئاوی پیرۆز و گەسکەکەی بە

سـینگییـەوە نووسـاندبوو، هـاتە ژوورێ. هێـدی هێـدی چوونە پێشـەوە. فـانۆسـەکـە دەرودیواری داڵانەکـەی ڕووناک دەکـردەوە. ڕەفـە گـەورە و بچـووکـەکـان پڕ بوون لـە لاپەڕەی قـورئان. کـە گـەیشـتنە بنی داڵانەکـە، دەرکـەیەکی نـزم و بچـووکـیـان لێ دەرکـەوت کـە نوشـتـە و دوعـا بە هـەمـوو لایەکییەوە هـەڵواسرابوون. نـەنە خانم دەستی بە دوعا کرد و نەنە فـاتمیش گەسکەکەی بە ئاوی پیرۆز تـەڕ کرد و بەرەو دەرکەی ڕاوەشاند. نەنە خـانم کـڵـۆمی دەرکـەی کـردەوە. قـووڵکەیەکی تـاریکیـان لێ دەرکـەوت. تـاوێک ڕاوەسـتـان و چاویان لە تـاریکی بڕی. نـەنە خـانم و بەدوای ئەویشـدا نـەنە فاتم، چوونە ژوورێ. ڕەهۆڵەکە پڕ بوو لە بۆنی شێ و شتی پوواو.

نەنە فاتم گوتی: «نەنە خانم، چەند ئاڵا لەگەڵ خۆمان ببەین.»

نەنە خانم گوتی: «دەوراندەوری حەوزەکە پڕ دەکەین لە ئاڵا.»

نەنە فاتم گوتی: «دەتوانین ئەو هەموو ئاڵایە ببەین؟»

نەنە خانم گوتی: «ئەدی کوو ناتوانین!»

نەنە فـاتم گـەسک و جـامـەکـەی لەبەر پێی دانا. نەنە خـانم فـانۆسـەکـەی هەڵێنا. دەوراندەوری ژوورەکە پڕی ئاڵا بوو. نەنە فاتم دەستەکانی خستبووە سەر سینگی و نەنە خانمیش بە بەر ئاڵاکاندا تێ دەپەڕی و دوعـای دەخوێند و فووی لە دەرودیوارەکان دەکرد.

نەنە فاتم گوتی: «خۆ ناکرێ دەست لەوانە بدەین. ئەوانە هـەموویان پوواون و هەڵدەوەرێن.»

نەنە خانم گوتی: «کارمان بە وان نییە.»

بە نێـوان ئاڵاکـاندا تێپـەڕین و گـەیشـتنە مـەزارێکی بچـووک کە لـە پەنا دیوارەکـە بوو. هـەردووکـیـان لـە پەنا مـەزارەکـە دانیـشتن. نـەنە خـانم، سووچێکی چارۆگەکەی دڕاند و لە حاڵێکدا لە مەزارەکەی گرێ دەدا، گوتی: «یا فاطمـە الزهرا، دەخیلتم. ئەمـەیان گرێ دەدەم تا هـەرچی بەڵایە لە گیانی

بەیەل دوور بکەیتەوە.»

نەنە فاتم لەژێر لێوانەوە پاتەی کردەوە: «یا فاطمە الزهرا، دەخیلتم.»

سووچێکی چارشێوەکەی دڕاند و لە مەزارەکەی گرێ دا. هەردووکیان هەستانە سەرپێ.

نەنە فاتم گوتی: «ئالاَکان دەبەین؟»

نەنە خانم گوتی: «هەر ئێستا دەیانبەین.»

نەنە فاتم گوتی: «کامیان ببەین؟»

نەنە خانم گوتی: «ئەوانەی لەپشت وێنەی پیاوچاکەکانن.»

فانۆسەکەیان دانا، بەرەو وێنەیەک ڕۆیشتن کە پەردەیەکی بەسەردا درابوو و بە ئالاَیەکەوە هەڵپەسێردرابوو.

نەنە فاتم وێنەکەی ماچ کرد و گوتی: «یا حەزرەت، دەخیلتم.»

نەنە خانمیش گوتی: «یا حەزرەت دەخیلتم، بەیەل بپارێزە.»

کە پەردەیان لادا، حەزرەتیان لێ دەرکەوت کە بە دوو شمشێرەوە ڕاوەستابوو. نەنە فاتم و نەنە خانم، وێنەکەیان هەڵگرت و بردیانە لای مەزارەکە. تیشکی فانۆس ئالاَکانی ڕووناک کردبووەوە.

پیرەژنەکان بەرەو ئالاَکان چوون.

نەنە فاتم گوتی: «دەخیلتم یا امام الزمان.»

نەنە خانم گوتی: «اغفر لنا یا رب العالمین.»

٧

مەشەدی ڕێحان لە ناوەندی متبەخەکەیان دانیشتبوو و مریشکەکەی خستبووە نێو ئاوی گەرمەوە و پەڕوباڵی هەڵدەپاچی. فانۆسێکی لەسەر کەڵەدارەکان دانابوو. پاپاخ لەودیوی دەربیجە ئاوەڵاوەکەوە هەڵتووتابوو و لە

دەستەکانی مەشەدی ڕێحانی دەڕوانی. مەشەدی ڕێحان بە کەیف بوو و چێژی لە قەرەباڵغییەکەی دەرێ دەبینی. کە زگی مریشکەکەی هەڵدڕاند، ملی پاپاخ هاتە نێو متبەخەکەوە.

مەشەدی ڕێحان دەستی بردە نێو زگی مریشکەکە و ڕیخۆڵەکەی دەرکێشا، تەماشایەکی کرد، هەستایە سەرپێ و بەسەر سەری پاپاخدا هەڵی دایە دەرێ و پاپاخیش ڕای کردە خوارێ. مەشەدی ڕێحان مریشکەکەی لەت لەت کرد و خستیە نێو مەنجەڵێکی مسییەوە و مەنجەڵەکەی شۆڕ کردە نێو تەندوورەکەوە. پاشان قاپێک شلەی خوارد و بۆ مەشەدی جەبار جێی لەپێش کەڵەدارەکان و بۆ حەسەنۆکیش لەپشت کەڵەدارەکان ڕاخست. پاشان هات و لە کلاوڕۆژنەوە تەماشای ئاسمانی کرد، مانگ لە درزی هەورەکانەوە دەرکەوتبوو. پاشان لێفەکەی هەڵگرت و هێنایە پشت دەرکە، تا لێی بخەوێ و کە حەسەنۆک و مەشەدی جەبار هاتنەوە، بە ئاگا بێتەوە. فانۆسیشی هێنا و لەپشت دەرکەی دانا. کلدان و ئاوێنەی هێنا و لەبەر تیشکی فانۆسەکە دانیشت و چاوەکانی ڕشت.

٨

حەسەنۆک و مەشەدی جەبار گەیشتنە پورۆس.

حەسەنۆک گوتی: «ئەگەر بمانگرن چیمان لێ دەکەن؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «نامانگرن.»

حەسەنۆک گوتی: «مەگەر ناچینە نێو گوند.»

مەشەدی جەبار گوتی: «نا، ناچینە نێو گوند. هەر لەم دەوروبەرە ڕادەوەستین، کە پورۆسییەکان لە دزی هاتنەوە، پێشیان پێ دەگرین و لێیان دەستێنین.»

حەسەنۆک گوتی: «پێمان دەکرێ؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «بۆ پێمان ناکرێ!»

هەردووکیان چوونە لای درەختەکان. ماڵەکانی پورۆس تاریک بوون و هیچ دەنگێک نەدەبیسرا.

حەسەنۆک گوتی: «هەموویان خەوتوون.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەم خەڵکە خۆیان لە خەو دەدەن.»

حەسەنۆک گوتی: «هیچ دەبینی؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «چاو لەو سووچە بکە!»

هەردووکیان تەماشایان کرد. لەنێو درەختەکانەوە، ئاگری سەبیلەیەک دیار بوو.

حەسەنۆک گوتی: «ئێشکیان گرتووە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «با بیگرن. تۆ قسە مەکە. دانیشە با بزانین چی دەکەین.»

حەسەنۆک گوتی: «باشە. من ئیدی قسە ناکەم.»

هەردووکیان بێدەنگ بوون. بایەکی سارد دەهات. لە دوورەوە دەنگی زەنگوڵەیەک دەبیسرا.

مەشەدی جەبار و حەسەنۆک سەریان هەڵێنا، عارەبانەیەکی بچووک لە خاتووناواوە بەرەو سەیداوا دەڕۆیشت.

حەسەنۆک گوتی: «چاوت لە عارەبانەیە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی.»

حەسەنۆک گوتی: «ئەوە بۆ ساحێبی نییە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «هیچ نییە. شەوانە شتی وا زۆر دەبینرێ. بەڵام تۆ وای دابنێ هیچت نەدیوە.»

حەسەنۆک گوتی: «دەترسێم.»

مەشەدی جەبار گوتی: «قسە مەکە.»

عارەبانەکە دوور کەوتەوە و زەنگوڵەکەیش دەنگی بڕا. ئاگری سەبیلەکە، ئیدی لە تاریکیدا دیار نەبوو.

حەسەنۆک گوتی: «مەشەدی جەبار!»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەو جارەیان چیتە؟»

حەسەنۆک گوتی: «بەشکم ئەوشۆ نەچووبنە دزی.»

مەشەدی جەبار گوتی: «من چوزانم.»

حەسەنۆک گوتی: «با بگەڕێینەوە بەیەل.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەدی بۆ هاتین؟»

حەسەنۆک گوتی: «کەواتە هەستە با بچینە نێو گوند.»

لەژێر درەختەکانەوە هاتنە دەرێ. گوریسەکانیان لە پشتیان هاڵاند و بە لاڕێدا بەرەو گوند شۆڕ بوونەوە.

ماڵەکان دەتگوت تێک پەسترابوون و بێدەنگ بوون. بە پەنا پەنجەرەکاندا تێپەڕین. دەنگی هەناسەی ئەو کەسانەیان دەبیست کە ئەرخەیان لێی خەوتبوون.

مەشەدی جەبار گوتی: «ئێستا چی بکەین؟»

حەسەنۆک گوتی: «با بگەڕێین و چاڵەکان بدۆزینەوە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «چاڵ؟»

حەسەنۆک گوتی: «ئادی، پورۆسییەکان هەرچییەک بدزن لە چاڵەکاندا دەیشارنەوە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «کەوایە با بگەڕێین و چاڵەکان بدۆزینەوە.»

حەسەنۆک گوتی: «چەند چاڵت دەوێن؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «چەندی زۆر بێ، هەر کەمە.»

حەسەنۆک گوتی: «دەی باشە، دەستم بگرە با بچینە نێو تاریکییەوە.»

مەشەدی جەبار کە چاکی نەدەبینی، دەستی حەسەنۆکی گرت. حەسەنۆک مەشەدی جەباری بەدوای خۆیدا دەکێشا و دەچوونە پێشەوە.

حەسەنۆک ڕاوەستا، مەشەدی جەباریش ڕاوەستا.

مەشەدی جەبار گوتی: «ها؟ چی بووە؟»

حەسەنۆک گوتی: «گەیشتین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «خۆ من هیچ نابینم.»

حەسەنۆک گوتی: «دانیشە.»

مەشەدی جەبار لە تاریکیدا هەڵترووشکا و حەسەنۆکیش لە تەنیشتی دانیشت. تاوێک بێدەنگ بوون.

حەسەنۆک گوتی: «دەستت درێژ بکە.»

مەشەدی جەبار دەستی درێژ کرد. چاڵێکی قووڵ و گەورە لەژێر دەستیدا بوو کە بایەکی ساردی لێوە دەهات.

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەوە چاڵەکەیە؟»

حەسەنۆک گوتی: «ئادی.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، ئەوە دەیبینم. چاڵێکی گەورەشە.»

حەسەنۆک گوتی: «لەمە گەورەتریش هەیە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دیارە زۆر هاتوویتە ئەم دەوروبەرە.»

حەسەنۆک پێ کەنی و هیچی نەگوت. هەردووکیان دانەوین و تەماشای ناو چاڵەکەیان کرد.

حەسەنۆک گوتی: «ئەوە چییە؟ بۆنی چی دێ؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «بۆنی مەڕ دێ. بۆنی مەڕەکانم. بۆنی مەڕەکانی خۆم دێ.»

حەسەنۆک گوتی: «ئادی، بۆنی مەڕ و بۆنی شتێکی تریش دێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەی، جا ئێستا چی بکەین؟»

حەسەنۆک گوتی: « یەکمان دەبێ بچێتە خوارێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «زۆر باشە. تۆ گوریسەکە ڕادەگری و منیش دەچمە خوارێ.»

حەسەنۆک گوتی: «من لە تاریکی دەترسێم. تۆ گوریسەکە ڕاگرە، من دەچمە خوارێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «مەگەر ئەو خوارە تاریک نییە؟»

حەسەنۆک گوتی: «ئاخر ئەوێ هیچ پورۆسییەکی لێ نییە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەی باشە.»

گوریسەکەی لە پشتی کردەوە و لە کەمەری حەسەنۆکی بەست. حەسەنۆک هەروا کە دانیشتبوو، پێیەکانی داهێڵا و دەستەکانی بە لێوارەکانی چاڵەکەوە گرت و بە تاریکیدا ڕۆچوو. مەشەدی جەبار سەبر سەبر گوریسەکەی شل کرد، حەسەنۆکیش سەبر سەبر چووە خوارێ. مەشەدی جەبار سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد. هەموولا ڕووناک بوو و بەس خۆی لە تاریکیدا، دانیشتبوو و سەری گوریسەکەی بەدەستەوە بوو. گوریسەکە هێدی هێدی قورستر دەبوو.

مەشەدی جەبار لەبەر خۆیەوە گوتی: «حەسەنۆک خەریکە مەڕەکان بە گوریسەکەوە دەبەستێتەوە.»

دانەوی و بۆنی کرد، چاڵەکە بۆنی مەڕ و بۆنی بەیەلی لێ دەهات.

سەری بردە نێو چاڵەکەوە و بە سەبرایەک گوتی: «حەسەنۆک! حەسەنۆک!»

حەسەنۆک لە تاریکیدا گوریسەکەی لەراندەوە. مەشەدی جەبار

گوریسەکەی هەڵکێشا. حەسەنۆک کە هاتە سەرەوە، دوو مریشکی سەربڕاوی لە دەستدا بوو.

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەدی مەڕەکان؟»

حەسەنۆک گوتی: «هیچ مەڕی تێدا نەبوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «هەر ئەو دوو مریشکەی تێدا بوو؟»

حەسەنۆک گوتی: «ئادی، هەر ئەو دووەی تێدا بوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «مردار نەبن؟.»

حەسەنۆک بۆنی بە ملی بڕدراوی مریشکەکانەوە کرد و گوتی: «هیی ئەوڕۆن.»

مەشەدی جەبار گوتی: «با بچینە سەر چاڵێکی تر.»

حەسەنۆک تەماشای مانگی کرد کە لە درزی هەورەکانەوە دەرکەوتبوو و گوتی: «ئیدی دەبێ بگەڕێینەوە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «بۆ؟»

حەسەنۆک گوتی: «نیوەشەوە. تا دەگەینەوە بەیەل، دنیا ڕووناک دادێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەدی مەڕەکان؟.»

حەسەنۆک گوتی: «ئەویان با بۆ شەوێکی تر بێ. یان هەر کاتێک کە هاتینەوە.»

گوریسەکانیان لە پشتی خۆیان بەست. مریشکەکانیان خستە نێو زەنبیلێکەوە. حەسەنۆک زەنبیلەکەی هەڵگرت و هەرکە ویستیان لە چاڵەکە دوور بکەونەوە، ناڵەی مەڕێک لە بنی چاڵەکەوە، بیسرا.

٩

نەنە خانم و نەنە فاتم، ئاڵاکانیان لە تاریکی ڕزگار دەکردن. پیرەژنەکانی بەیەل، بە جلی ڕەشەوە لەپێش دەرکە بەردینەکەی ئاڵاخانە، خڕ بووبوونەوە. مەشەدی زەینەڵ بە دارشەقەکانیەوە لەسەر تەپۆڵکەیەک دانیشتبوو و بەدەنگێکی بەرز، قورئانی دەخوێند. نەنە خانم فانۆسەکەی لەنێو ئاڵاخانەکەدا دانابوو و لەگەڵ نەنە فاتمدا ئاڵاکانی هەڵدەگرت و بە داڵانە تاریکەکەدا تێ دەپەڕین و دەگەیشتنە بەردەرکە. سەرەتا لەپە مسینەکەی ئاڵا و پاشان خودی ئاڵایان دەهێنایە دەرێ. پیرەژنەکانی بەیەل شاڵاویان دەبرد و ئاڵاکانیان لێ وەردەگرتن. مەشەدی زەینەڵ هاواری دەکرد: «سەڵەوات لە ڕۆحی خۆشەویستی خوا.»

ژنەکان سەڵەواتیان لێ دەدا و ئاڵاکانیان بەرز دەکردنەوە مەشەدی سەفەر کە سەری لە کلاوڕۆژنەوە دەرکێشابوو، چاوێکی لە حەوزەکە کرد و پاشان مانگی بینی کە لە درزی هەورەکانەوە دەرکەوت و ڕووناکییەکەی کەوتە سەر ئاڵاکان. مەشەدی سەفەر چاوی لە دارستانی ئاڵاکان بڕی.

١٠

ئیسلام و عەبدوڵڵا و کوڕی مەشەدی سەفەر لە پەنا حەوزەکە ڕاوەستابوون و خەریکی عارەبانەکە بوون.

ئیسلام گوتی: «تایەکان هیچ عەیبێکیان نییە، دەمانگەیەننە خاتووناوا.»

عەبدوڵڵا گوتی: «لە ڕێدا بەجێ نەمێنین؟»

ئیسلام گوتی: «من بەم عارەبانەوە هەموو خاتووناوا و هەزەوان و جامیشان و حەسەناوام بەسەر کردووەتەوە و هیچیش نەقەوماوە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «ئیشەڵڵا ئەمجارەیش هیچ ناقەومێ.»

ئیسلام گوتی: «ئەسپ دەبێ ساغ و سەلامەت بێ، دەنا عارەبانە هەر

چۆنێک بێ، دەڕوا.»

عەبدوڵڵا گوتی: «کوێخایش هەر وا دەڵێ.»

ئیسلام چاوێکی لە گوونییەکان کرد و گوتی: «ئەو هەموو گوونییەمان بۆ چییە؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «هەرماڵەی تمەنێک و دوو گوونییەی داوە.»

ئیسلام گوتی: «مەگەر لە خاتووناوا، ئەو هەموو پەتاتەیە پەیدا دەبێ؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «کرێکاری مفتەیان دەست کەوتووە.»

ئیسلام گوتی: «دیارە تووڕەی. ئەگەر حەز ناکەی، دەتوانی نەیەی.»

کوڕی مەشەدی سەفەر پێ کەنی و لەسەر گوونییەکان پاڵ کەوت و گوتی: «حەزم کرد دێم و حەزیشم نەکرد، نایەم.»

ئیسلام چووە ژێر عارەبانەکە، لە گوریسەکانی ڕوانی و هاتە دەرێ و بە عەبدوڵڵای گوت: «ئەگەر کوێخا بێ ، ئیدی بەڕێ دەکەوین.»

کوڕی مەشەدی سەفەر کە لە مانگ و درزی هەورەکانی دەڕوانی، گوتی: «مەشەدی ئیسلام، دەزانی کوڕەکەی نەنە فاتم و مەشەدی جەبار بۆ دزی چوونەتە پورۆس؟»

ئیسلام گوتی: «بەتۆ چی؟ بەمن چی؟ بەئێمە چی؟»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «بەچاوی خۆم دیتم.»

ئیسلام کە خەریکی هەوساری ئەسپەکەی بوو گوتی: «لەخۆڕا دیوتە.»

کوڕی مەشەدی سەفەر هیچی نەگوت. ئیسلام و عەبدوڵڵایش هیچیان نەگوت. با، توندتری کردبوو. بارەی گایەکەی مەشەدی حوسێن دەهات و لوورەی سەگێکی غەوارەیش خەریک بوو لە بەیەل نزیک دەکەوتەوە.

١١

که مەشەدی جەبار و حەسەنۆک گەیشتنەوە بەیەل، شەو بەتلێکی شکابوو. دەوراندەوری حەوزیان بە ئاڵا داپۆشیبوو و هیچ کەس لە دەرێ نەبوو. دوو منداڵ لەبن ئاڵایەک دانیشتبوون و دانوویان دەخوارد.

کە حەسەنۆک و مەشەدی جەبار پێچیان کردەوە نێو کۆڵانەکان، پرخەی خەوتووەکانیان هاتە بەرگوێ. نەنە فاتم و نەنە خانم لەسەر بانێک ڕاوەستابوون و هەریەکە و ئاڵایەکی گەورەیان بەدەستەوە بوو.

مەشەدی جەبار گوتی: «لە ماندوویەتیدا خەریکە دەبوورێمەوە.»

حەسەنۆک گوتی: «خۆر هێندەی نەماوە دەرکەوێ.»

مەشەدی جەبار باوێشکێکی هاتێ و گوتی: «چوار فرسەخ ڕێمان بڕی و بەس بە دوو مریشکەوە هاتینەوە.»

حەسەنۆک گوتی: «دەتوانین پیازاو و دانوو بخۆین.»

کە گەیشتنە ماڵی مەشەدی جەبار، پاڵیان بە دەرکەوە دا، مەشەدی ڕێحان کە لەپشت دەرکەکە خەوتبوو، هەستایەوە. مەشەدی حەسەن چووە ژوورێ و حەسەنۆکیش زەنبیل بە دەست بە دوایدا ڕۆیشت. بۆنی پیازاوی مریشک، متبەخی پڕ کردبوو.

مەشەدی جەبار گوتی: «خەریکە لە ماندووێتییان بەر دەبمەوە.»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «وەرە بنوو.»

مەشەدی جەبار چووە پێشەوە و سەرین و لێفەکەی بینی کە لەپێش کەڵەدارەکان ڕاخرابوون. کڵاوەکەی لە سەری کردەوە و پاڵ کەوت. متبەخ گەرم بوو. بڵقەی پیازاوی نێو تەندوور، دەهاتە بەرگوێ. پێڵووی لێک نان. پاپاخ بە دەموچاوی تووکنەوە لەولای دەریبجەوە هەڵتووتابوو و چاوی لە تاریکایی متبەخ بڕیبوو.

مـەشـەدی جـەبار بـەدەنگێکی خـەواڵووەوە گـوتی: «حـەسـەنۆک، مـریشکە قەڵەوەکەی بۆ خۆت نەبەی، ها.»

حەسەنۆک گوتی: «نایبەم. هەردووکیان بۆ خۆت.»

مەشـەدی جەبار گوتی: «بیدە بە مەشەدی ڕێحـان. ئەگەر ویستت سبەینێ وەرە و پیازاوەکەی بخۆ.»

حەسـەنۆک زەنبیلـەکەی دایە دەست مـەشـەدی ڕێحان، مـەشـەدی ڕێحـانیش زەنبیلەکەی لەسـەر کەڵەدارەکان دانا.

حـەسـەنۆک بە سـەبرایەک بە مـەشـەدی ڕێحـانی گوت: «من دەچمـەوە مـاڵە خۆمان.»

مەشـەدی ڕێحان گوتی: «جێم بۆ ڕاخستوویت. لەپشت کەڵەدارەکان.»

حەسـەنۆک گوتی: «مەشـەدی جەبار ئەگەر بزانێ توورە دەبێ.»

مــەشــەدی ڕێحــان گــوتی: «خــەوی گـرانـە. تا بانـگی نیــوەڕۆ لە خــەو هەڵناستێ.»

پرخـەی مـەشــەدی جـەبار هاتـە بەرگـوێ، بە دوای ئەویشـدا دەنگی چەند کەس لەلای حەوزەوە هات کە سەردولکەیان دەگوت و دەگریان.

حەسـەنۆک گوتی: «لێرە بنووم؟»

مەشـەدی ڕێحان گوتی: «پیازاوم بۆ لێ ناوی. ئێستا بۆتی دێنم.»

هەردووکــیــان چوونـە پشت کــەڵەدارەکــان کــە ناوانێکی بچــووک بوو و دەربیـجـەیەکی بچـووکیش لەوێوە دەیڕوانیـیـە کـۆڵان. بنمـیچ و ئاسـمـانی بەیەلیش لە دەربیـجـەکەوە، دەبینرا. حـەسـەنۆک لەسـەر لێفـەکەی دانیشت و تەمـاشـای مـانگی کرد کە لـە درزی هەورەکـانەوە دەرکـەوتبـوو و گـوتی: «لە جــێی خــۆی ناجــووڵێـتــەوە. هـەرچەند چاوی تێ دەبڕم، لە جــێی خــۆی ناجووڵێتەوە.»

دەنگی کاسە و کەوچک هات. بۆنی پیازاو بڵاو بووەوە و حەسەنۆک لەبەر خۆیەوە گوتی: «برسیمە. زۆر برسیمە.»

تەپەی پێ و دەنگی گریان لە دەرێ هاتە بەرگوێ. حەسەنۆک لە دەربیجەوە تەماشای نێو کۆڵانی کرد. ئاڵاکان خەریک بوون تێ دەپەڕین. پەنجەی لەپە مسینەکان هێمایان بۆ ئاسمان دەکرد. حەسەنۆک گوێی لە دەنگی دایکی خۆی بوو کە بە دەنگێکی بەرزەوە دەیگوت: «یا حضرت سوێندت دەدەم، یا علی، یا محمد، ئەم بەیەلە نەجات بدەن.»

مەشەدی ڕێحان کاسەیەکی پڕ لە پیازاوی هێنا و لە پاڵ حەسەنۆک دانیشت. حەسەنۆک تەماشای کاسەکەی کرد، دیار نەبوو چی تێدایە.

حەسەنۆک گوتی: «زۆر گەرمە؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «نا.» دەستی حەسەنۆکی گرت و قامکی خستە نێو کاسەکەوە، شلەتێن بوو.

حەسەنۆک کاسەکەی هەڵگرت و گوتی: «تۆ ناخۆی؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «تۆ بخۆ. منیش دەیخۆم.»

حەسەنۆک بینی بە کاسەوە نا. پیازاو چەور و سوێر بوو. بۆنی گەنم و چاڵی لێوە دەهات.

مەشەدی ڕێحان گوتی: «خۆشە؟»

حەسەنۆک سەرێکی بۆ لەقاند و کاسەکەی دایە دەست مەشەدی ڕێحان.

مەشەدی ڕێحان کاسەکەی لێ وەرگرت و دوو فڕێ لێ دا و دیسان دایەوە دەست حەسەنۆک.

حەسەنۆک پیازاوەکەی هەڵلووشی و کاسەکەی دانایە بەرپێی.

مەشەدی ڕێحان گوتی: «دانووت بۆ بێنم؟»

حەسەنۆک گوتی: «نا، هیچی تر ناخۆم.»

مەشەدی ڕێحان هەستایە سەرپێ، کاسەکەی هەڵگرت و گوتی: «جا بۆ خۆت پاڵ کەوە.»

دەستی لەسەر سینگی حەسەنۆک دانا و پاڵی خست. لێفەکە نەرم بوو و کەڵەدارەکان بۆنی نانی برژاویان لێ دەهات. حەسەنۆک پاڵ کەوت. مەشەدی ڕێحان کاسەکەی هەڵگرت و چووە ئەولای کەڵەدارەکان. حەسەنۆک خۆی وەرگێڕا و لە کەڵەدارەکان ڕاما و لە ناکاو چاوی بە سەدان چاوی ورد کەوت کە وەک ئەستێرە لە نێوان کەڵەدارەکانەوە تەماشایان دەکرد. حەسەنۆک بە خۆی گوت: «من خۆم زگم تێرە. ئێوەیش ئەگەر مشک نەبان، مەشەدی ڕێحان پیازاوی دەدانێ.»

پاشان پێ کەنی و دیسان خۆی وەرگێڕا و چاوی لە دەربیجەکە بڕی. ئاڵایەک لەپشت دەربیجەکە ڕاوەستابوو و لەپە مسینە گەورەکەی بە دوو پەنجەی درێژەوە، هێمایان بۆ ئاسمان دەکرد.

حەسەنۆک گوتی: «یا حضرت، یا محمد، یا علی!»

لەپە مسینەکە دوور کەوتەوە. حەسەنۆک خۆی وەرگێڕ و داگێڕ کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و چاوی لێک نان. مەشەدی ڕێحان بە پێدزکێ هات و خۆی خزاندە ژێر لێفەکەی حەسەنۆکەوە. مەشەدی جەبار خەریک بوو لە خەودا هۆن هۆن دەگریا.

١٢

ڕیزی عارەبانەکان لە سەیداوا و هەزەوان و حەسەناوا و مەلەکزاد و بەنگیجە و میشۆ و جامیشانەوە بەرەو خاتووناوا کەوتبوونە ڕێ. سەدان ئەسپی ماندوو بە هینکەهینکەوە، عارەبانە و پیاوی شەکەتیان بەرەو خاتووناوا دەبردن.

خاتووناوا وشیار بوو. کوێخا مەشەدی عینایەت ، تێکڕای ماڵەکانی

بەسەر دەکردنەوە. خاتووناواییيەکان، بە پەلەپەل پەتاتەیان لە گوونییەکان دەئاخنی و دەیانخستنە نێو چاڵەکانەوە.

جیرەی تایەکان کە پەیتا پەیتا دەسووڕانەوە، هینکەهینکی مرۆڤە برسییەکان کە لە خاتووناوا نزیک دەکەوتنەوە و زەنگی ئەو زەنگوڵانەی بە هەڕەشە و گوڕەشەوە بەدەوری گونددا دەخولانەوە، نزیک و نزیکتر دەکەوتنەوە...

١٣

مەشەدی جەبار لە خەودا دەیبینی کە لە پورۆسە و خەریکە بەچاڵێکی گەورەدا دادەگەڕێ. گوریسێک لە نێوقەدی بەسترابوو، بەڵام هیچ کەس لە سەرەوە نەبوو تا گوریسەکە بگرێ. گوریسەکە لە درزی هەورەکانەوە هاتبووە دەرێ و ئەویش بە مانگەوە شۆڕ بووبووەوە.

کە گەیشتە بنی چاڵەکە، هەستی بە بۆنی بەیەل کرد. بۆنی مەڕەکانی بوو کە پورۆسییەکان لێیان دزیبوو. کە چاوی بە تاریکی ڕاهات، کەمێک چووە پێشتر. بەڵام سێ پورۆسی پێشیان پێ گرت. لەپشت ئەوانیشەوە، مەڕ و مریشکەکان بە ڕیز ڕاوەستابوون.

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «بۆ کوێ؟»

پورۆسییەکەی دووەم گوتی: «سەرت دەبڕین، سەرت...»

مەشەدی جەبار بەدەنگی نووساوەوە گوتی: «من، من مەڕەکانی خۆم دەوێنەوە.»

پورۆسییەکان هەرسێ لایان لێ گرت و گوتیان: «ئێمەیش مریشکەکانمان دەوێنەوە، مریشکەکان.»

مەشەدی جەبار گوتی: «مەڕەکانم، مەڕەکانم.»

پورۆسییەکان قەمەیان هەڵکێشا و پەلاماریان دا و گوتیان: «سەرت

دەبڕین، سەرت.»

مەشەدی جەبار لە ترسان هاواری کرد: «هەڵی کێشە، هەڵی کێشە!»

لە خەو ڕاپەڕی، ئارەقەیەکی ساردی دەردابوو. دەستەی شینگێڕان بە کۆڵانەکانی پشتەوەدا تێ دەپەڕین.

مەشەدی جەبار دەنگی ئیسلامی بیست کە هوون هوون دەگریێ و دەڵێ:

سەری حوسەینی تینوو لە دەشتی کەربەلایە

بەیەلییەکانیش لەسەرەخۆ و بە دەنگی نووساوەوە لێیان دەگێڕایەوە:

لەشی حوسەینی تینوو لە دەشتی کەربەلایە

مەشەدی حەسەن کەمێک هەستایەوە و لە دەربیجەکەی ڕوانی. پاشان هاتە لای کەڵەدارەکان و لە دەربیجەوە تەماشای نێو کۆڵانی کرد. لەپە مسینەکان یەک بە دوای یەکتردا، تێ دەپەڕین. مەشەدی جەبار هەنگاوێک چووە پێشتر. لەپە مسینێکی گەورە، بە دوو قامکی لێک ئاوەلاوەوە هات و لەپێش دەربیجەکە ڕاوەستا. دەنگی نەنە خانم لە کۆڵانەوە هاتە بەرگوێ کە قوڕی دەپێوا: «یا حضرت دەخیلتم. قەزا و بەلایان لە بەیەل دوورخەوە، یا ئیمام دەخیلتم، یا پێغەمبەر دەخیلتم.»

هەرکە لەپە مسینەکە دوور کەوتەوە، دەنگەکان کپ بوون. مەشەدی جەبار کە دەیویست هەڵگەڕێتەوە، چاوی بە حەسەنۆک کەوت کە ڕاکشابوو و مەشەدی ڕێحانیش لە تەنیشتی پاڵ کەوتبوو، دەستەکانیشی وەک لەپە مسینەیەک لە ملی حەسەنۆک هاڵاندبوو. مەشەدی جەبار بە پەلە ڕای کردە ئەودیوی کەڵەدارەکان، فانۆسەکەی هێنا و لێیان دانەوی. هەرکە تیشکی فانۆسەکە کەوتە سەر دەموچاوی حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان، هەردووکیان لە هیکرا چاویان کردەوە.

مەشەدی جەبار فانۆسەکەی بە زەوی دادا و هاواری کرد: «هۆۆۆی! هۆۆۆۆۆۆی!» ڕای کردە دەرێ و دەرکەی لەپشتەوە کڵۆم دا. حەسەنۆک و

مەشەدی ڕێحان هەستانە سەرپێ.

حەسەنۆک گوتی: «دیتت چیمان بەسەر هات؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «وەرە، وەرە با هەڵێین.»

حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان بەرەو دەرکە چوون. دەرکە گاڵە درابوو. دەنگی مەشەدی جەبار لە دەرێ دەبیسرا کە بە دەوری ماڵدا غاری دەدا و هاواری دەکرد: «هۆ...ی، هۆ...ی، هۆ...ی.»

حەسەنۆک گوتی: «گوێت لێیە؟»

مەشەدی ڕێحان گوتی: «غار دەدا؟»

حەسەنۆک گوتی: «لە کوێیە؟»

مەشەدی ڕێحان دەستەکانی لێک کردەوە و لە کۆڵانی ڕوانی و گوتی: «هەر بە دەوری ماڵێدا!»

حەسەنۆک گوتی: «چی بکەین؟ ئێستا چی بکەین؟»

دیسان هاتنەوە لای کەڵەدارەکان و لە کۆڵانیان ڕوانی. لەپە مسینە گەورەکە بە دوو قامکی درێژەوە هاتبوو و لەپشت دەربیچەکە ڕاوەستابوو.

کەسێک لە کۆڵاندا دەکۆکی.

مەشەدی جەبار بە دەوری ماڵدا دەخولایەوە و هاواری دەکرد: «هۆ...ی، هۆ...ی، هۆ...ی!»

دەنگی شینگێڕەکانیش لەلای حەوزەکەوە دەهات و دەیانناڵاند:

سەری حوسێنی تینوو لە دەشتی کەربەلایە

لەشی حوسێنی تینوو لە دەشتی کەربەلایە

مەشەدی ڕێحان گوتی: «وەرە، زووکە وەرە.»

حەسەنۆک ڕۆیشت، مەشەدی ڕێحان گاشەبەردەکەی تەنیشت تەندوورەکەی لادا. پلیکانە تاریکەکان دیار کەوتن. یەکەم جار خۆی و

بەدوای ئەویشدا حەسەنۆک بە تاریکیدا چوونە خوارێ و کە لە کۆڵاندا دەرکەوتن، مەشەدی جەباریان لە پەنا خۆیانەوە بینی کە ڕاوەستابوو و هاواری دەکرد: «هۆۆۆۆی، هۆۆۆۆی، هۆۆۆۆی!»

حەسەنۆک و مەشەدی ڕێحان لە جێی خۆیان وشک هەڵگەڕان. عەباس لەولای مەشەدی جەبار ڕاوەستابوو و ئالایەک و لەپێکی مسینی بەدەستەوە بوو.

مەشەدی جەبار کە هەڵگەڕایەوە، خۆی لە نێوان سێ کەسدا بینی و پاشەوپاش کشایەوە و تۆقیو و ترساو هاواری کرد: «مەڕەکانم، مەڕەکانم!»

شینگێڕەکان لە پەنا حەوزەکەوە دەستیان پێ کردەوە: «سەری شەهیدی تینوو... لەشی شەهیدی تینوو...»

عەباسیش بە گریانەوە گوتی: «سەری حوسێن... لەشی حوسێن...»

١٤

کە گەیشتنە "شوور" کوڕی مەشەدی سەفەر لە عارەبانەکە داگەڕا و گوتی: «من ئیدی نایەم.»

گوریسە ئەستوورەکەی، لە کەمەری هاڵاند و زەنبیلەکەی لە دەست گرت و بەلارێدا بەرەو پورۆس کەوتە ڕێ.

ئیسلام و عەبدوڵڵا، تاوێک لێیان ڕوانی و پاشان عارەبانەکەیان بەرەو خاتووناوا لێ خوڕی. بیابان کون کون بوو و لە هەر کونێکەوە سەری مشکێک هاتبووە دەرێ کە چاوی ورد و پڕ لە تەمایان لەو دەشتە بڕیبوو. کە سێبەری عارەبانەیان دەدی، دەچوونە ژوورێ و پاشان سەرلەنوێ سەریان لە کونەکانەوە دەردەکێشا.

کە ئیسلام و عەبدوڵڵا گەیشتنە خاتووناوا، سەریان لەو هەموو عارەبانەیە سوڕ ما کە لەنێو و دەرەوەی گونددا ڕیزیان بەستبوو و پیاوەکانیش لەسەر

گوونییەکانی نێو عارەبانەکان دانیشتبوون. مەشەدی عینایەت بە نێوان عارەبانەکاندا تێ دەپەڕی و بەدەنگی بەرز دەیگوت: «بە خوای هیچمان نەماوە، هەر هیچمان نییە.»

کە چاوی بە ئیسلام کەوت بەرەو ڕووی هات و گوتی: «پەتاتەت دەوێ مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی مەشەدی عینایەت، باری بەیەل نالەبارە.»

مەشەدی عینایەت هێمای بۆ عارەبانەکان کرد و گوتی: «ئەوە بەچاوی خۆت دەبینی؟»

ئیسلام گوتی: «چی بکەم؟»

مەشەدی عینایەت گوتی: «بڕۆن لە سووچێک ڕاوەستن، بەشکم شتێکتان بۆ پەیدا بکەم.»

ئیسلام سەری ئەسپەکەی وەرسووڕاند و هاتنە سەر جادەکە و ڕاوەستان. عەبدوڵڵا دەسماڵەکەی کردەوە و دانووەکەی دەرهێنا کە بیخۆن. لە چاڵەکەی پەنا عارەبانەکەوە دەستی گەورەی سواڵکەرێکی خاتووناوایی هاتە دەرێ و لە بەردەمی ئیسلام و عەبدوڵڵا پان بووەوە. عەبدوڵڵا ڕووی لێ وەرگێڕا و ئیسلام مستێک دانووی ڕۆ کردە نێو لەپی سواڵکەرەکە. کە دەستەکە چووەوە نێو چاڵەکەوە، کۆمەڵێک مشک هاتنە دەرێ.

## ١٥

مەشەدی ڕێحان و حەسەنۆک لە شاردا دەگەڕان. بۆنی نانی برژاو، ئەو ناوەی پڕ کردبوو. هەردووکیان تێروتەسەل بوون و بە کۆڵێک نانەوە، چاویان لە ماڵەکانی شاریان بڕیبوو. کە خۆرەتاو خوار بووەوە، هەردووکیان بەرەو کەلاوەیەک ڕۆیشتن و لە پەنا چاڵێک دانیشتن.

حەسەنۆک گوتی: «هەوای شار چەند گەرمە؟»

مەشەدی ڕێحان کە دەستی بە ڕانی حەسنۆکدا دێنا، گوتی: «نانی خۆشیشمان دەست کەوتووە.»

١٦

عارەبانەکەی ئیسلام بەو ئالآ و لە پەمسیینانەی پێیەوە هەڵواسرابوون، لە لارێدا ڕاوەستابوو. کوێخا، مەشەدی بابە، عەبدوڵلا و مەشەدی حەسەن لە تاریکیدا و بە دۆڵەکەدا دەگەڕان. سەیداوا لە خەودا بوو. بەیەلییەکان بەدوای کەلاکی ولآغدا هاتبوون. چەند کەلاکێک لە دۆڵەکە کەوتبوون، بەڵام ئەوان کەلاکی تازەیان دەویست و هەرکە دۆزییانەوە، خستیانە نێو زەنبیلێکی گەورە و خاوکێش خاوکێش لە دۆڵەکەوە هێنایە دەرێ.

کە سواری عارەبانەکە بوون، کەلاکەکە لە نێوانیاندا وەرکەوتبوو. چاوە چرچ و لۆچەکانی ولآغەکە لە مانگیان دەڕوانی کە لە درزی هەورەکانەوە دەرکەوتبوو. مشکەکان ڕژابوونە دەرێ و بە بیاباندا وەربووبوون. کە تایەی عارەبانەکە بە سەریاندا تێ دەپەڕی، دەیانزیقاند و مەشەدی بابە دەنگی شکانی ئێسکەکانیانی دەبیست.

بەیەل هەر لە دوورەوە، بە خۆی و مۆمەکانی و ئەو ئاگرەی لە نەبیاغادا هەڵکرابوو بەدیار کەوت.

کوێخا گوتی: «خوا بەنسیبی کافری نەکا.»

ئیسلام گوتی: «ئەوە بەنسیبی ئێمەی کردووە.»

مەشەدی حەسەن گوتی: «ئەگەر باوەشێک وێنجەمان دیتەوە، گایەکەی من...»

عەبدوڵلا گوتی: «سەد شوکر بە دەستبەتاڵی نەگەڕاینەوە.»

مەشەدی بابە گوتی: «خوایە بۆ دادە و نەدادەت شوکر.»

کە گەیشتنەوە گوندەکەیان، بەیەلییەکان بە سینگکوتان و ئالآی گەورە

گەورەوە، لە ماڵەکان هاتنە دەرێ. تێکڕا سەردوولکەیان دەکرد و دەگریان. نەنە فاتم و نەنە خانم داچەماو و زنجیر لە مل بە پێش خەڵکەکە کەوتبوون و ئاڵای ڕەشیان بەدەستەوە بوو.

نەنە فاتم دەیزیراند: «سەری شەهیدی کەربەلا... لەشی شەهیدی کەربەلا...»

خەڵکە برسییەکەیش هاواری دەکرد: «سەری شەهیدی تینوو... لەشی شەهیدی تینوو...»

ئیسلام، هەر چاوی بە خەڵک کەوت، هەردوو دەستی خستە سەر دەموچاوی و هۆڕ هۆڕ گریا. خەڵک لە عارەبانەکەی کۆ بوونەوە و بە ئیشتیاوە چاویان لە کەلاکی شێدار و گەورەی وڵاغەکە بڕی و بێدەنگ بوون.

شەو نیوەی بەسەر چووبوو. دەنگێکی غەوارە لە دوورەوە بانگی دەدا و سەگەکانی بەیەلیش، تێکڕا دەیانقرووسکاند.

# چیرۆکی چوارەم

١

کە ژنەکەی مەشەدی حەسەن لە ماڵ هاتە دەر، خۆر تازە دەرکەوتبوو. ئیسلام عارەبانەکەی هێنابووە لای حەوزەکە و چاوەڕێی کوێخا بوو تا بێت و بۆ سەرەخۆشیی خوشکەکەی مەشەدی عینایەت، بچنە خاتووناوا. کوێخا چووبووە ماڵی مەشەدی بابە و دەیویست ئەویش لەگەڵ خۆی بێنی. بەڵام مەشەدی بابە بیانووی دەهێنایەوە. نێوانی لەگەڵ مەشەدی عینایەت خۆش نەبوو و هەوڵی دەدا هەر چۆنێک بووە خۆی لە دەست کوێخا ڕزگار بکا کە شین و ڕۆڕۆی ژنی مەشەدی حەسەن، هەر لە ناکاو لەلای حەوزەوە هاتە بەرگوێ.

کوێخا پرسیاری کرد: «ئەوە کێیە دەگریێ؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی، کەسێک خەریکە دەگریێ.»

بەپەلە خۆی گەیاندە سەر نەردیوانەکە و سەری لە کلاوڕۆژنەوە بردە دەرێ و چاوێکی بەو ناوەدا گێڕا. ژنی مەشەدی حەسەنی بینی کە چارشێوە ڕەشەکەی لە ملی هاڵاندبوو و تخێڵی سەر عەرزەکە بووبوو و بە چەپۆکان لە خۆی دەدا و دەگریا. ئیسلام لە نزیک ژنەکەی مەشەدی حەسەن ڕاوەستابوو و حەپەساو لێی دەڕوانی.

کوێخا لێی پرسی: «ئەوە چ باسە؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ژنەکەی مەشەدی حەسەنە، هاتووەتە سەر حەوز، خەریکە لە خۆی دەدا و دەگریێ.»

کوێخا لێی پرسی: «بۆچی دەگریێ؟»

مەشەدی بابە گوتی: «چوزانم، لەوانەیە مەشەدی حەسەن بەڵایەکی بەسەر هاتبێ.»

کوێخا گوتی: «خۆ مەشەدی حەسەن لە گوند نییە، ئەدی بۆ کرێکاری نەچووەتە سەیداوا.»

کوێخا سەری هەڵێنا و گوێی هەڵخست. ژنەکەی مەشەدی حەسەن وای دەناڵاند و دەکڕووزایەوە کە کوێخا خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕای کردە دەرێ، مەشەدی بابەیش هەر لەسەر نەردیوانەکە مایەوە و دیسان سەری لە کلاوڕۆژنەوە بردە دەرێ. کە کوێخا گەیشتە لای حەوز، بەیەلییەکان لەو ناوەدا خڕ بووبوونەوە و واقوڕماو لە ژنەکەی مەشەدی حەسەنیان دەڕوانی و سەیری یەکتریان کرد.

ئیسلام دانەویبوو و پەیتا پەیتا لە ژنەکەی مەشەدی حەسەنی دەپرسی: «چی بووە؟ چی قەوماوە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەنیش دەیزیڕاند: «وای وای، قوڕم بەسەر بوو، هەشم بەسەر بوو!»

نەنە خانم و کوێخا و پاش ئەوانیش بەیەلییەکان تێکڕا چوونە پێشەوە و لە ژنەکەی مەشەدی حەسەن کۆ بوونەوە.

کەلاکی مریشکێک سەر ئاوی حەوزەکە کەوتبوو، ماسییەکانیش بە دەوریدا دەخولانەوە و چەورییەکەی دەوروبەری مریشکەکەیان هەڵدەقورتاند.

نەنە خانم گەیشتە لای ژنەکەی مەشەدی حەسەن و لێی پرسی: «چی بووە مەشەدی توویا، چی قەوماوە خوشکم؟ دە بڵێ چی بووە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن هەر چاوی بە خەڵکەکە کەوت، تخێڵی سەر عەرزەکە بوو، دەموچاوی تێک نا و فرمێسکی بە چاودا هاتنە خوار.

کوێخا لێی دانەوی و لێی پرسی: «نەنە خانم، چی بووە ها؟ چی قەوماوە؟ مەشەدی حەسەن بەڵایەکی بەسەر هاتووە؟»

نەنە خـانم گوتی: «ناتوانێ قسـە بکا. حاڵی باش نییە. پیاو لاچن، دەی لاچن دەی، کۆنە پەڕۆیەکم بۆ ئاگر دەن، بزانم.»

خـوشکی عەباس پەڕۆیەکی ئاگـر دا و دایە دەست نەنـە خـانم. نەنە خـانم پەڕۆکەی لێ وەرگرت و هـەڵی گوشی. ئاگرەکە خەفە بوو و دووکەڵێکی ڕەشی لێ هەڵسا. پیاو ڕۆیشتن و لەبەر سێبەری داربییەکە ڕاوەستان. ژنیش هاتن و لە ژنەکەی مەشەدی حەسەن کۆ بوونەوە.

نەنە فاتم گوتی: «هەردوو پیلی بگرن و ڕای وەشێنن.»

دوو ژن دانیشتن و هەردوو پیلی ژنی مـەشـەدی حـەسـەنیان گرت و ڕایان وەشاند. نەنـە خـانم پەڕۆکەی لە بەردەمی ڕاگرت. تاوێکی نەبرد، مـەشـەدی تووبا چاوی هەڵێنا و قـیت بووەوە. پاشـان دانیـشت و لە دەوروبەری خـۆی ڕوانی و لە پرمەی گریانی دا: «وای وای وای قوڕم بەسەر بوو.»

پیاوەکان نزیک بوونەوە، کوێخایش هات لە تەنیشت نەنە خـانم ڕاوەستا و گوتی: «لێی بپرسە بزانە مەشەدی حەسەن بەڵایەکی بەسەر هاتووە؟»

نەنە خـانم گـوتی: «جـارێ قـومـە ئاوێکی بدەنێ، خـۆ بێ ئاو قـسـەی پێ ناکرێ.»

کـوێخـا لێی نزیک کەوتەوە و لە ژنی مـەشـەدی حـەسـەنی پرسی: «ئەرێ خوشکێ، مەشەدی حەسەن ساغ و سەلامەتە؟»

یەکێک لە ژنەکان دەفرێک ئاوی هێنا، نەنە خـانم دەفرەکەی لێ وەرگرت و گوتی: «ئەم ئاوە بخۆوە. بیخۆوە تا بتوانی قسان بکەی.»

ژنەکـەی مـەشـەدی حـەسـەن کـەمـێک قـیت بووەوە و گـوتی: «ئاویش نەخۆمەوە، دەتوانم قسان بکەم. دەتوانم بڵێم چ قوڕێکم بەسەر بووە.»

ئیسلام بە پیاوەکانی گوت: «سەداسەد مەشەدی حەسەن بەڵایەکی بەسەر هاتووە.»

پیاوەکان سەریان لەقاند. نەنە خانم کاسە ئاوەکەی دایە دەست خوشکی

عەباس و بە سەرسوڕمانەوە گوتی: «ئاویش نەخواتەوە، دەتوانێ قسان بکا؟ ئاو نەخواتەوە، چۆن دەتوانێ قسان بکا؟»

٢

پیاوەکان لە دواوە و ژنەکانیش لە پێشەوە، دەوری ژنەکەی مەشەدی حەسەنیان دا.

مەشەدی بابە سەری لە کلاوڕۆژنەی بانەکەیانەوە دەرکێشا و هاواری کرد: «مەشەدی ئیسلام، مەشەدی ئیسلام، شتێ قەوماوە؟»

ئیسلام دەستێکی هەڵێنا کە بێدەنگ بێت. هەموویان دانەوینەوە. ژنەکەی مەشەدی حەسەن فرمێسکەکانی بە چمکی چارشێوەکەی سڕییەوە و گوتی: «مانگا، مانگا.»

ئیسلام لێی پرسی: «مانگا؟ مانگا چی بەسەر هاتووە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی: «دوێنێ شەوێ، دوێنێ شەوێ، مانگاکەی مەشەدی حەسەن، دوێنێ شەوێ مردووە.»

پیاوەکان هەڵگەڕانەوە و بە سەرسوڕمانەوە لە یەکتریان ڕوانی.

نەنە خانم یەک بە خۆ هەستایە سەرپێ و گوتی: «چی؟ چیت گوت؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی: «سەرلەبەیانی کە چووم ئاوی بۆ ببەم، دیتم تخێڵی عەرزەکە بووە و دەمی پڕە لە خوێن.»

پیاوەکان گەڕانەوە و لە ماڵی مەشەدی حەسەنیان ڕوانی.

ژنەکان سرتەیەکیان کرد و نەنە فاتم گوتی: «یا امام الزمان!»

نەنە خانم گوتی: «ئاخر چۆن؟ چ بەلایەکی بەسەر هاتبوو؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی: «نا، هیچ بەلایەکی نەبوو. دوێنێ شەوێ کە سەری تەویلەم دا، ساغ و سەلیم ڕاوەستابوو و کاوێژی دەکرد.»

بابەعەلی لەنێو پیاوەکانەوە گوتی: «کێ دەڵێ بە چاویان نەبردووە؟»

ئیسلام گوتی: «بە چاویان بردبێ؟ کێ بە چاوی بردووە؟»

بابەعەلی گوتی: «ئێوە نازانن، خوا بەخۆی هەموو کەس و شتان لە چاوی بەد بپارێزێ!»

نەنە خانم ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: «آمین یا رب العالمین!»

کوێخا کۆکەیەکی کرد، کڵاوەکەی داگرت و دەستێکی بە سەری خۆیدا هێنا و گوتی: «ئێمە چوزانین، بەشکم مار پێیوە دابێ؟»

مەشەدی بابە لە کڵاوڕۆژنەی سەربانەوە هاواری کرد: «ئیسلام! هۆ... مەشەدی ئیسلام! شتێک قەوماوە؟»

ئیسلام دەستێکی هەڵێنا تا بێدەنگ بێت.

مەشەدی توویا هەردوو دەستی لێک کردنەوە و لە خەڵکەکە پاڕایەوە: «ئێستا قوڕی کوێ بەسەر خۆم کەم؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر بە دەنگێکی بەرز گوتی: «هەرچییەک بکەی و هەر قوڕێکیش بەسەر خۆتدا بکەی، ئەگەر مردبێ ئیدی تا قیامەت زیندوو نابێتەوە.»

کوێخا ئاوڕێکی دایەوە و لە کوڕەکەی مەشەدی سەفەری ڕوانی.

ژنەکەی مەشەدی حەسەن سەرلەنوێ گوتی: «ئاخر چی بکەم؟ ئەگەر مەشەدی حەسەن بێتەوە و ببینێ مانگاکەی مردووە، یەک بە خۆی دەکەوێ و دڵی دەتۆقێ.»

ئیسلام ئاوڕێکی دایەوە و لە جادەی چۆڵی ڕوانی.

مەشەدی بابەیش کە تازە گەیشتبووە جێ، لە ئیسلامی پرسی: «ئەوە چی قەوماوە؟»

ئیسلام گوتی: «دەنگ مەکە!»

کوێخا کڵاوەکەی لە سەر کرد و بە ئیسلامی گوت: «ڕاست دەکا. ئەگەر

مەشەدی حەسەن بێتەوە و ببینێ مانگاکەی مردووە، دەزانی چی بەسەر دێ؟»

ئیسلام گوتی: «تەگبیر چییە؟»

کوێخا گوتی: «ئەمن نازانم. ئەتۆ لە هەموویان باشتر دەزانی.»

ئیسلام چوو لەسەر تاتەشۆرە ڕەشەکە ڕاوەستا و گوتی: «کوێخا دەڵێ: کە مەشەدی حەسەن هاتەوە، هیچ کەس پێی نەڵێ مانگاکەی مردووە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «هیچ کەس پێی ناڵێ، بەڵان کە هاتەوە و بە چاوی خۆی بینی مانگاکەی نەماوە، دەزانێ مردووە و ئا. وا نییە مەشەدی ئیسلام؟ وا نییە مەشەدی بابە؟»

ئیسلام کە لەسەر تاتەشۆرە ڕەشەکە ڕاوەستابوو، واقی وڕما و گوتی: «ڕاست دەکا کوێخا، ئەگەر بێتەوە و ببینێ مانگاکەی نەماوە، چی بکەین؟»

کوێخا گوتی: «چی بکەین؟»

ئیسلام بە دەنگی بەرز ڕووی لە خەڵکەکە کرد: «کوێخا دەڵێ: هیچ کەس بە مەشەدی حەسەن نەڵێ مانگاکەی مردووە، ژنەکەی پێی دەڵێ مانگاکەی...»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر خۆی لە قسەکانی ئیسلام هەڵقورتاند و گوتی: «پێی دەڵێ مانگاکەی مردووە.»

کوێخا گوتی: «مەشەدی جەعفەر، ئەرێ دێڵی مەشەدی ئیسلام قسەکەی تەواو بکا؟»

ئیسلام گوتی: «ژنەکەی پێی دەڵێ مانگاکەی بەرەڵا بووە و ئیسماعیلیش ڕۆیشتووە بیهێنێتەوە.»

پیاوەکان بێدەنگ بوون.

ئیسلام لەسەر تاتەشۆرەکە هاتە خوارێ و گوتی: «ئێستا چی بکەین کوێخا؟»

کوێخا گوتی: «نازانم چی بکەین؟»

ئیسلام هەڵگەڕایەوە و بە پیاوەکان کە بە سەرسوڕمانەوە لێیانی دەڕوانی، گوتی: «کوێخا دەڵێ: چەند کەسێک وەرن با بچینە ماڵەکەی مەشەدی حەسەن بزانین چی لە مانگاکەی بکەین؟»

مەشەدی بابە کە گوێی لەم قسانە بوو، بەرەو حەوزەکە ڕۆیشت، دانەوی و داردەستەکەی درێژ کرد تا کەلاکی مریشکەکە لە ئاو دەربێنێ.

٣

ئیسلام و کوێخا و عەباس و ئیسماعیل و مەشەدی جەبار و سەرسوور بەرەو ماڵەکەی مەشەدی حەسەن ڕۆیشتن و ژنەکەی مەشەدی حەسەنیش بە خۆکوتان و گریانەوە بە دوایان کەوت.

تیرێژی خۆر لە کلاوڕۆژنەی سەربانەوە هاتبووە ژوورێ و کۆڵەکەی تەویلە و گوریسە چڵکن و فانۆسە دووکەڵگرتووەکەی ڕووناک کردبوو. مانگاکەی مەشەدی حەسەن یەکبەخۆ لە ناوەندی تەویلەکە کەوتبوو و چوار پەلی وا لێک کردبوونەوە، دەتگوت پیاوێکی ماندووە و پاڵ کەوتووە. چاوە گەورەکانی لە کونەکانی دیوار بڕیبوو. زاری خوێناوی بوو و دەتگوت گوریسێکیان هەڵگلۆفیوە و لە قوڕگیان ناوە.

کوێخا دانەوی و لە چاوەکانی مانگای ڕوانی. ئیسلام و ئیسماعیل لە تەنیشت کەلاکەکە دانیشتن. ئیسماعیل چیلکەیەکی بە دەستەوە گرت و خەریکی گوریسەکەی نێو زاری مانگاکە بوو. دەنگێک لە قوڕگی مانگاکەوە بیسرا، دەتگوت قوڕگی کرایەوە و گوریسەکە قەف قەف چووە خوارێ.

ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی: «کوێخا! دەبینی چ قوڕێکمان بەسەر بووە؟ ئاگات لێیە ئیسماعیل؟ ئاگات لێیە مەشەدی ئیسلام؟ دەبینن چ قوڕێکم بەسەر بووە؟ دەبینن؟»

کوێخا گوتی: «لا اله الا الله، چی بکەین؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی، ئیدی کار لە کار ترازاوە. دەبێ ئاگامان لە مەشەدی حەسەن بێ، بەڵایەک بەسەر خۆی نەهێنێ.»

ئیسماعیل کۆکەیەکی کرد و گوتی: «مەشەدی حەسەن ئیدی تەواو، تازە پشتی ڕاست نابێتەوە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «خوا بۆ خۆی ڕەحمێکی پێ بکا!»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن دانیشت و پاڵی بە کۆڵەکەکەوە دا و دەستی بە گریان کرد.

ئیسلام هەڵگەڕایەوە و لە ژنەکەی مەشەدی حەسەنی ڕوانی و بە ئیسماعیلی گوت: «پێی بڵێ با نەگریێ. بە خوشکت بڵێ کارێک نەکا مەشەدی حەسەن بە مەسەلەکە بزانێ.»

ئیسماعیل ڕۆیشت و لە بەرامبەر مەشەدی تووبا دانیشت، سەبیلەکەی داگرت و گوتی: «خوشکەلێ، مەشەدی ئیسلام دەڵێ مەگری، کوێخایش دەڵێ مەگری، وا مەکە مەشەدی حەسەن پێ بزانێ. ها بیگرە، بیگرە و قومێکی لێ بدە با برێک بێیەوە سەر خۆت.»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن هەنیسکی قووت دا و سەبیلەکەی لە ئیسماعیل وەرگرت. ئیسماعیل گەڕایەوە لای پیاوەکان. کوێخا بە دەوری مانگاکەدا خولێکی خواردەوە و گوتی: «بریا چەند کەسێکی تریشمان لەگەڵ بان.»

ئیسلام گوتی: «بە تەمان چی لێ بکەین؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «پێستی دەکەین و پاشان دەیبەینە دەرێ.»

ئیسلام گوتی: «مەشەدی حەسەن بە تەمایە کەنگی بێتەوە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن بە نووزەنووزەوە گوتی: «ئەوڕۆ، ئەوڕۆ سەداسەد دێتەوە.»

ئیسلام کڵاوەکەی لە سەری داگرت، لە پەنا دیوارەکە دانیشت و دەستێکی بە سەریدا هێنا: «پێستی ناکەین، ئەگەر لە ناکاو بێتەوە، خراپتر دەبێ.»

ئیسماعیل گوتی: «بیبەینە کوێ؟»

کوێخا گوتی: «ئادی، بیبەینە کوێ؟»

عەباس گوتی: «دەیبەین و هەڵی دەدەینە نێو دۆڵێکەوە.»

ئیسلام گوتی: «نا، دۆڵ نابێ، لەوانەیە بگەڕێ و بیدۆزێتەوە.»

کوێخا کۆکەیەکی کرد و گوتی: «ئادی، مەشەدی حەسەن هەموو ڕۆژێک بەو دۆڵەدا دەچێتە دەشت.»

ئیسلام و ئیسماعیل پێکەوە گوتیان: «نا، نایبەینە نێو دۆڵەکە.»

کوێخا کۆکەیەکی تری کرد و گوتی: «مەشەدی ئیسلام، باشتر نییە بیبەینە شۆراوا؟ »

ئیسلام گوتی: «شۆراوا؟ یانی دەڵێی بیبەینە وێ؟»

کوێخا گوتی: «ئادی، باشتر نییە؟»

ئیسلام بیرێکی کردەوە و گوتی: «نا، کوێخا خۆت دەزانی قسەی دەکەوێتە نێو زاران و هەر چۆنێک بێت بە گوێی مەشەدی حەسەن دەگاتەوە.»

کوێخا گوتی: «دەی جا چی بکەین؟»

ئیسلام هەستایە سەرپێ و خشتەکانی نێو دەربیجەکەی دەرهێنان، تیرێژی خۆر هاتە ژوورێ و کادان و کەلاکی مانگای ڕووناک کرد. ژنەکەی مەشەدی حەسەن جووڵەیەکی کرد، چارشێوەکەی لە خۆی هاڵاند و چەند جارێک لەسەر یەک کۆکی.

ئیسلام گوتی: «مەشەدی خانم، چاڵەکەتان لە کوێیە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن ئاوڕی دایەوە و گوتی: «لەو سووچەیە.» و دەستی بەرەو کادانەکە درێژ کرد.

ئیسلام گوتی: «زۆر باشە، فڕێی دەدەینە نێو چاڵەکەوە...»

هەستـایە سـەرپێ، کڵاوەکەی لـە سـەر داگرت و لەسـەر کـادانەکەی دانا. پیـاوەکـانیش هـەسـتـانەوە. ئیـسـلام بە سـەرسـووری گـوت: «بڕۆ قـازمـە و پێمەڕەیماڵی کوێخا بێنە.»

سـەرسوور وەکو با دەرپەڕی و ڕۆیشت. پیاوەکان کڵاویان لە سەر داگرت و دەوری کەلاکیـان دا. لە قـوڕگی مـانگاکەدا شـتێک دەیفیکاند. کە لێیـان ڕوانی، قـەفـێکی گـوریسـە خـوێناوییـەکـەیان بینـی کە هـەڵکشـابوو و زاری مانگاکەی پڕ کردبوو.

٤

خـۆڵیـان مـاشت و بەردەکـانیـان لادا، چاڵێکی قـووڵ دەرکـەوت. ئیـسـلام بەردێکی هەڵدایە نێـو چاڵەکـەوە. پیـاوەکـان گـوێیـان هەڵخـست، پاشـان هەستان و بەرەو کەلاکەکە ڕۆیشتن.

ئیسماعیل گوتی: «دەرەقەتی دێین؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ڕاست دەکا، دەرەقەتی هەڵگرتنی دێین؟»

ئیسـلام گوتی: «هەڵی ناگـرین، خـاوکێشـی دەکەین و فـڕێی دەدەینـە نێـو چاڵەکەوە.»

کلک و پەلی کـەلاکیـان گـرت و ڕایان کـێشـایـە لای چاڵەکـە. ئیـسـلام و ئیـسـمـاعیـل و سـەرسـوور لەلایەک و کـوێخـا و مـەشـەدی جەبار و عـەباس لەلایەکەی تری چاڵەکە ڕاوەسـتـان. کلک و پاشـەڵی کەلاکیـان سـەر لێواری چاڵەکە خست.

ئیـسـلام گـوتی: «ئێـوە ئاگـاتان لێ بـێ، من و ئیـسـمـاعـیل پاڵـی دەدەینە خوارێ.»

کوێخـا و عەباس چوونە پێشـەوە و پێیان خسـتە سـەر پاشەڵی کەلاکەکە و

تەمایان گرت.

ئیسلام و ئیسماعیل و سەرسوور چوونە ئەوبەر و پاڵیان بە کەلاکەکەوە نا.

ئیسماعیل گوتی: «ئاگاتان لێ بێ بەرنەبنەوە.»

کوێخا و عەباس ترسان و کەمێک سڵەمینەوە. کوێخا و عەباس پێیان خستە سەر پاشەڵی مانگاکە و پاڵیان دایە نێو چاڵەکەوە. کەلاکەکە تا نێوقەدی لە چاڵەکە ڕۆچوو بوو. کوێخا و عەباس هاتنە لای ئیسلام و سەرسوور و ئیسماعیل دەستبەکار بوون. کە چوونە پێشەوە، کەلاکەکە ئاسانتر بەنێو چاڵەکەدا شۆڕ دەبووەوە و کە گەیشتنە لێواری چاڵەکە، بەرەڵایان کرد. مانگا بە چاوی مۆڵەقەوە و لە حاڵێکدا کە هەر چوار پەلی بەرز بووبوونەوە، کەوتە نێو چاڵەکەوە. هەر پێنجیان دانەوین و لێیان ڕوانی. گرموهۆڕێک لە تاریکیدا و پاشان دەنگی هەڵڕژانی شتێک هاتە بەرگوێ، دەتگوت دەمی هیزە ئاوێکیان کردەوە و ئاوەکەی بە جارێ هەڵڕژا و دەنگی بڕا.

٥

مەشەدی حەسەن کە گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی، عەباس و خوشکی بینی کە لەلای ژنەکەی دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. مەشەدی حەسەن تێرەکەی دانایە سەر عەرز و پێڵاوەکانی داکەند و فڕێی دایە لای پەنجەرە. چاکوچۆنییەکی لەگەڵ عەباس کرد و بە ژنەکەی گوت: «ئاوت داوەتە مانگاکەمان؟»

مەشەدی تووبا وەڵامی نەدایەوە.

مەشەدی حەسەن گوتی: «ئەگەر ڕۆژێک لەم ماڵە کاولبووەدا نەبم، ئەو بەستەزمانە دەبێ لە تینووان بمرێ؟»

سەتڵەکەی لەسەر سەکۆ هەڵگرت و گورج ڕای کردە لای حەوزەکە.

ئیسلام عارەبانەکەی شوشتبوو و خەریکی قایمکردنی ماڵبەندەکان بوو. مەشەدی حەسەنی بینی و بەدەنگێکی بەرز سلاوێکی لێ کرد و گوتی: «مەشەدی حەسەن، کەی هاتییەوە؟»

مەشەدی حەسەن گوتی: «هەر ئێستا گەیشتمەوە. ئەو ژنە تنۆکە ئاوێکی نەداوەتە مانگاکەمان، بەستەزمانە خەریکە لە تینووان دەمرێ.»

ئیسلام وازی لە عارەبانەکەی هێنا و لە مەشەدی حەسەن هاتە پێشەوە و لێی پرسی: «ئاوی نەداوەتە مانگاکەت؟»

مەشەدی حەسەن گوتی: «ئادی، بەستەزمانە خەریکە دەمرێ.»

ئیسلام گوتی: «تۆ مانگاکەت دیت؟»

مەشەدی حەسەن گوتی: «نا، نەمدیوە، بەلام دەزانم لە چ حاڵ و بارێکدایە.»

ئیسلام گوتی: «مەگەر پێی نەگوتی؟»

مەشەدی حەسەن سەتڵەکەی لە ئاوەکە هەڵێنا و گوتی: «چی نەگوتووە؟»

ئیسلام کۆکەیەکی کرد و گوتی: «ئاخر، ئیسماعیل ڕۆیشتووە بیهێنێتەوە.»

مەشەدی حەسەن گوتی: «ئیسماعیل ڕۆیشتووە چی بێنێتەوە؟» ئەوسا بە پەلە بەرەو ماڵەکەی ڕۆیشت.

ئیسلام شان بەشانی مەشەدی حەسەن کەوتە ڕێ و گوتی: «مانگاکەت بێنێتەوە، مەگەر پێیان نەگوتی دوێنێ شەوێ هەلاتووە؟»

مەشەدی حەسەن ڕاوەستا و لە ئیسلامی پرسی: «کێ هەلاتووە؟»

ئیسلام گوتی: «هیچ نەقەوماوە، هەر لەم ناوەیە. هەر چۆنێک بێت دەیبیننەوە.»

مەشەدی حەسەن گوتی: «کێ هەڵاتووە؟ ئیسماعیل؟»

ئیسلام گوتی: «نا، نا. مانگا. مانگاکەت هەڵاتووە.»

مەشەدی حەسەن غاری دا. ئاوی نێو سەتڵەکە دەشڵەقا و بە دەرلینگ و پێیەکانیدا دەهاتە خوار، مەشەدی حەسەنیش یەک بە خۆ هاواری دەکرد: «درۆیە، مانگاکەم هەڵنەهاتووە. مانگاکەم هەڵنایە.»

ئیسلام گوتی: «دەیبیننەوە مەشەدی حەسەن! مەشەدی! هەر ئەمشەو دەیهێننەوە.»

کە گەیشتنە لای تەویلەکە، هەردووکیان ڕاوەستان. مەشەدی حەسەن سەتڵەکەی دانایە بەرپێی و تاوێک بیری کردەوە و پاشان دەستی بە دەرلینگە تەڕەکانیدا هێنا و بە چاوی نووقاوەوە دەرکەی تەویلەکەی کردەوە، بۆنێکی کرد و گوتی: «هەڵنەهاتووە، مانگاکەی من هەڵنەهاتووە. هەر لێرەیە، ئە لێرەیە!»

ئیسلام گوتی: «ئادی مەشەدی حەسەن، ئادی. خۆت سەغڵەت مەکە. مانگاکەت هەڵنەهاتووە.»

مەشەدی حەسەن پشتی بە دەرکەی تەویلەکەوە نووساند و گوتی: «ئادی. لێرەیە، هەست بەبۆنی دەکەی؟ لێرەیە. بزانە مەشەدی ئیسلام، بێ زەحمەت ناتەوێ ئاوی بدەیە؟ خێرت دەگاتێ!»

ئیسلام لێی نزیک کەوتەوە و گوتی: «بەدی، بەدی دەیدەمێ.» سەتڵەکەی هەڵگرت و چووە ژوورێ. مەشەدی حەسەن هەروا کە ڕاوەستا بوو، زاتی نەکرد ئاوڕ لە تەویلەکەیان بداتەوە. دەنگی پێی ئیسلامی بیست کە بەرەو کادانەکە ڕۆیشت و بارەی مانگاکەی بیست کە لمۆزی خستە نێو ئاوەکەوە و قوڵت قوڵت دەستی بە خواردنەوە کرد.

ئیسلام کە هاتە دەرێ، مەشەدی حەسەن هەر وا پشتی بە دەرکەوە نووساندبوو و لە خۆشییان دەگریا.

٦

دەمەوئێوارە بوو، ئیسلام و کوێخا و مەشەدی جەبار و عەباس و سەرسوور هاتنە بەردەرکەی ماڵی مەشەدی حەسەن. پاپاخ و بزنە ڕەشەکەی ئیسلامیش بە پێشیان کەوتبوون. ژنەکەی مەشەدی حەسەن هەر ئەوانی بینی، بە پێخواسی ڕای کردە بەردەرکە.

ئیسلام گوتی: «هاتووین سەردانێکی مەشەدی حەسەن بکەین. حاڵ و باری باشە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن لێیان نزیک کەوتەوە و هێمای کرد لەسەرەخۆتر بدوێن.

ئیسلام دیسان پرسیاری کرد: «خەریکی چییە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی: «هیچ ناکا. دەڵێ مانگاکەی ون نەبووە. دەڵێ مانگاکەم ون نابێ. هەر لەم ناوەیە و هەمووتان درۆم لەگەڵ دەکەن.»

کوێخا پرسیاری کرد: «نەچووەتە نێو تەویلەکەوە؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی: «نا، نەڕۆیشتووە، هۆوەتانێ... لە سەربانی تەویلەکەمان دانیشتووە و چاوی لە بیاوان بڕیوە. تەماشا!»

پیاوەکان لە بانی تەویلەکەیان ڕوانی و مەشەدی حەسەنیان بینی، پشتی لەوان بوو و لەسەر بانی تەویلەکەیان دانیشتبوو و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو.

ئیسلام گوتی: «دەی، ئێستا چی بکەین؟»

کوێخا گوتی: «با بڕۆین قسەی لەگەڵ بکەین.»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی: «هەروا لەوێندەرێ دانیشتووە و هیچ ناکا. بەس پێ دەکەنێ و دەگریێ. دەڵێ مانگاکەم هەر لەم ناوەیە، ئەنگۆیش هەمووتان درۆم لەگەڵ دەکەن.»

ئیسـلام هێمـایەکی بۆ کـوێخـا کرد. جەمـاعەت چوونە نێو حـەوشـەکە و لەسەر تەپۆڵکەکەی تەنیشت تەویلەکە ڕاوەسـتان و سەریان هەڵێنا. مەشەدی حـەسـەن کە ئاوری دایەوە و ڕیزی سـەرەکانی بینی، ترسـا، پاشـان کە چاک لێـیـان ورد بووەوە، هێـدی هێـدی هـاتە پێـشـەوە، چوارمـەشـقی دانیـشت و گـوتی: «مـەشـەدی ئیـسـلام، تۆ مـرۆیەکی زاڵمی. لە کـەنگێـوە دوژمنایـەتیم دەکـەی؟ ئـاخـر بۆ وات لێ کـردم؟» پاشـان ڕووی لە کـوێخـا کـرد و گـوتی: «کوێخـا، پێـی بڵێ ئاخـر چ دوژمنایەتیـیـەکت لەگەڵ مندا هەیە؟ لێی بپرسـە بۆچی بەو نیـوەڕۆیە درۆی لەگەڵ کردم؟ خـۆ مـن تا ئێـسـتـا خـراپەیەکم بۆی نەبووە. پێی گوتم مانگاکەم هـەڵاتووە. دەزانم درۆ دەکا و دەیەوێ بمترسێنێ. ئاخر مانگاکەی من چۆن دەتوانێ هەڵێ؟ ها؟... بۆ کوێ هەڵێ؟»

کـوێخـا گـوتی: «ئادی مـەشـەدی حـەسـەن! خـۆت چاک دەزانی مـەشـەدی ئیسلام هیچ دوژمناتییەکی لەگەڵ تۆدا نییە. دوژمناتیی لەگەڵ هیچ کەسدا نییـە. ئـەوەیان ڕاست دەکا، مـانگاکـەت هەڵاتووە. ئەدی ناپرسی مـانگاکـەت کوانێ؟ ناپرسی مەشەدی ئیسماعیل بۆچی دیار نییە؟»

مـەشـەدی جـەبار گوتی: «مـەشـەدی ئیـسـمـاعیل ڕۆیشـتـووە مـانگاکـەت ببینێتەوە.»

عەباس گوتی: «حەز دەکەی بڕۆ هەموو بەیەل سـەراوبن کە، بزانە دەتوانی ئیسماعیل ببینییەوە؟»

سەرسوور گوتی: «مەشەدی ئیسماعیل بە دوای مانگاکەتدا ڕۆیشتووە.»

ژنەکـەی مـەشـەدی حـەسـەن کـە لە حـەوشـەکەدا ڕاوەسـتابوو، لە پرمـەی گریانی دا.

مەشەدی حەسەن بە ترسەوە کشایە دواوە و گوتی: «درۆیە. مانگاکەی من هـەر لێـرەیە. مـانگاکـەم هەڵنەهاتووە، من بۆنی مـانگاکـەم دەناسـمـەوە. هـەر لێرەیە و نەچووەتە هیچ شوێنێک.»

ئیسـلام گوتی: «ئەگـەر مـانگاکەت هـەڵنەهاتووە و لە تەویلـەدایە، ئەدی بۆ ناچییە کنی؟»

سەرسوور گوتی: «برۆ کن مانگاکەت مەشەدی حەسەن.»

عەباس گوتی: «ئادی مەشەدی حەسەن، برۆ کن مانگاکەت.»

مـەشـەدی جـەبار گـوتی: «ئادی. بۆچی لێرە دانیشـتووی؟ هـەسـتـە برۆ کن مانگاکەت.»

مـەشـەدی حـەسـەن کشـایە دواوە و لەولای کڵاوڕۆژنەی بانەکە دانیشت و گوتی: «من ناچمە خوارێ. هەر لێرە دەبم.»

کوێخا گوتی: «بۆ ناچییە خوارێ؟»

مەشەدی حەسەن گوتی: «دەترسێم ئەگەر بچمە خوارێ و...»

مـەشەدی جـەبار قسەکەی بڕی و گـوتی: «بەچاوی خۆت ببینـی مانگاکەت نەماوە...»

مـەشـەدی حـەسـەن بە دەنگی بەرز گـوتی: «نـا، نا، مـانگاکـەم لەوێیـە. من دەزانم. چاکیش دەزانم.»

عەباس گوتی: «ئەدی بۆ لێرە دانیشتووی؟»

مـەشەدی حـەسـەن کـەمێک شڵـەژا و گوتی: «هـەروا. بۆ خۆم دانیشـتووم و تەماشای مانگ دەکەم. دەبینن؟ ئەوە خەریکە لە پورۆسەوە هەڵدێ.»

ڕیزی سـەرەکـان تێکرا هەڵگەڕانەوە و لـە مـانگیـان ڕوانی کـە وەک کـۆنە فوودانێک لە پورۆسەوە هەڵدەهات.

مـەشـەدی حـەسـەن پێ کـەنی و گـوتی: «ئادی، من لێـرەم. بـڕۆن، بڕۆن خـەریکی کـاروباری خۆتان بن. من لێـرە چاوەڕێم تاکو مـانگ هـەڵبێ و بچم ئاوی بۆ ببەم.»

ڕیزی سـەرەکـان بانـەکـەیان بـەجێ هێـشت و زیڕە و گـریانی ژنـەکـەی مەشەدی حەسەن لە حەوشەکەدا بەرز بووەوە.

٧

نەعرەتەی مانگایەکی تازەنەفەس، بە درێژاییی شەو، لە کۆڵانەکانی بەیەلدا دەزرینگایەوە و خەوی خەڵکی زڕاندبوو.

عەباس و خوشکەکەی و ئیسماعیل، کە خۆی لە ماڵەکەیاندا حەشار دابوو، سەریان لە پەنجەرەکەوە هێنابووە دەرێ و لە حەوز و ئەو تارماییەیان دەڕوانی کە بەسەر ئاوەکەدا دەخولایەوە. بەیەلییەکانی تریش لە بەرپەنجەرەکانیان دانیشتبوون و سەیری حەوز و ئەو تارماییە گەورەیەیان دەکرد کە بارەی دەهات و بە کۆڵانەکاندا غاری دەدا.

کە وڵات ڕووناک بووەوە، مەشەدی حەسەن ئارەقاوی و بە غارەغار لە بیاوانەوە هات و خۆی گەیاندە ماڵەکەی و یەکڕاست خۆی بە تەویلەدا کرد و بەرەو ئاخوڕەکە ڕۆیشت.

مەشەدی تووبا پەنجەرەی کردەوە و چووە سەر بانەکەیان و لە کلاوڕۆژنەوە سەیری ناوەوەی کرد. مەشەدی حەسەنی بینی کە سەری خستووەتە نێو کادانەکە و سمکۆڵ دەکا و دەبارێنێ. ڕێک وەکو مانگاکەیان، کە مەشەدی حەسەن دەیویست بیباتە دەشت و سارا.

٨

ئیسلام و کوێخا و مەشەدی جەبار و عەباس و سەرسوور هاتنە ماڵەکەی مەشەدی حەسەن. پاپاخیش بە دوایانەوە بوو. ژنەکەی مەشەدی حەسەن کە ئەوانی بینی دەرکەی نیوەلا کرد و گوتی: «چووەتە نێو تەویلەکە و خەریکە دەبارێنێ.»

کوێخا گوتی: «خوا ڕەحمی پێ بکا.»

عەباس گوتی: «با بڕۆین بزانین چیمان پێ دەکرێ؟»

ئیسلام گوتی: «ناهەقی نییە. مەشەدی حەسەن هەرچییەک بکا ناهەقی نییە. ئەو ئیدی فەوتا و پشتی شکا.»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن دەستی بە گریان کرد.

پیاوەکان بەرەو دەربیجەی تەویلەکە ڕۆیشتن و لە مەشەدی حەسەنیان ڕوانی کە لە تەنیشت چاڵەکە ڕاوەستابوو و سەری خستبووە نێو کادانەکە و سمکۆڵی دەکرد.

کوێخا گوتی: «مەشەدی، مەشەدی حەسەن بزانە چیت پێ دەڵێم.»

عەباس گوتی: «چاو مەشەدی حەسەن، کوێخا دەڵێ مانگاکەتیان دیتووەتەوە.»

ئیسلام گوتی: «سەبر سەبر، لەسەرەخۆ پێی بڵێن. نابینن وەزعی باش نییە؟»

عەباس گوتی: «مەشەدی حەسەن، کوێخا دەڵێ ئیسماعیل هاتووەتەوە و مانگاکەتی هێناوەتەوە.»

مەشەدی حەسەن سەری لە کادانەکە دەرهێنا. دەموچاوی خوێناوی بوو و چاوە ماندوو و شێواوەکانی دەخولانەوە. دەمی پڕ بوو لە ئالف و هەروا کە دەیجوو، چاوی لە پیاوەکان بڕی و بارەیەکی کرد و سەری بردەوە نێو کادانەکە.

عەباس گوتی: «ئاوا نابێ. دەبێ قسەی لەگەڵ بکەین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «نەوعێکی لێ هاتووە، مەشەدی ئیسلام! وا نییە؟»

کوێخا کۆکەیەکی کرد و گوتی: «ئەوە بۆ وا دەکا، مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام بیرێکی کردەوە و گوتی: «دەترسێم بەلایەکی بەسەر بێ. هەر بەڕاستی خەریکە دەبێتە مانگا.»

سەرسوور ترسا و پاشەوپاش گەڕایەوە و گوتی: «مانگا؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی، مانگا!»

کوێخا گوتی: «جا چی بکەین؟»

ئیسلام گوتی: «چی بکەین؟ با بچینە ژوورێ، بەشکم کارێک بکەین.»

عەباس ڕووی لە سەرسوور کرد و گوتی: «مەترسە برام، مانگا نییە. ئەوە مەشەدی حەسەنە. مەشەدی حەسەنی خۆمانە. وەرە، وەرە ژوورێ.»

ئیسلام دەرکەی تەویلەکەی کردەوە. پیاوەکان یەک بە یەک چوونە ژوورێ. ژنەکەی مەشەدی حەسەن چووە سەر بانەکەیان و لە کلاوڕۆژنەوە لە پیاوەکانی ڕوانی کە بە ڕیز لە پەنا کۆڵەکەی نێو تەویلەکە و بەرامبەر بە مەشەدی حەسەن، دانیشتبوون.

٩

خوشکی عەباس خەریکی بژارکردنی گەنم بوو، ئیسماعیلیش لە تەنیشت پەنجەرە دانیشتبوو و چاوی لە ماڵی خوشک بڕیبوو و چاوەڕێ بوو بزانێ پیاوەکان کەی دەگەڕێنەوە.

خوشکی عەباس گوتی: «پێت وایە حاڵی دەگەڕێتەوە سەر باری جاران؟»

ئیسماعیل گوتی: «خوا دەزانێ. بەڵان چاک دەزانم کە مەشەدی حەسەن مانگاکەی لە خوشکم زیاتر خۆش دەوێ.»

خوشکی عەباس گوتی: «بەیەلییەکان هەموویان هەر وان.»

ئیسماعیل گوتی: «من ئیدی دەتوانم بڕۆم. خۆ مەشەدی حەسەن هەر نەهاتە دەرێ تا بمبینێتەوە؟»

خوشکی عەباس گوتی: «ئێستا شۆرباوێک لێ دەنێم، بیخۆ و دوایە بڕۆ.»

ئیسماعیل پێ کەنی و گوتی: «ئەگەر شۆرباو نەخۆم ناهێڵی بڕۆم؟»

خوشکی عەباس گوتی: «شۆرباوەکەت بخۆ، جا دێڵم بڕۆی.»

ئیسماعیل پێ کەنی و هیچی نەگوت. خوشکی عەباسیش هیچی نەگوت. کە لە گەنمەکە بووەوە و هەستایە سەرپێ گوتی: «مەشەدی ئیسماعیل، تۆ کەی ژن دێنی؟ سەرت هەمووی سپی بووە ها.»

ئیسماعیل گوتی: «ڕاوەستە با مەشەدی حەسەن چاک بێتەوە، جا خوشکم دەنێرمە خوازبێنیت.»

خوشکی عەباس سوور هەڵگەڕا و پێ کەنی و گوتی: «حەزت لە شۆرباوە، وا نییە؟ ئەدی هێلکە؟»

١٠

مەشەدی حەسەن ئاوڕێکی دایەوە و لە پیاوەکانی ڕوانی کە بە ڕیز لە پەنا کۆڵەکەکە دانیشتبوون. ئاڵفی جواو بە دەمولێوییەوە نووسابوو.

ئیسلام کۆکەیەکی کرد و لە حاڵێکدا کە ئاگای لە قسەکانی خۆی بوو، گوتی: «سەلامون عەلەیکوم مەشەدی حەسەن، هاتووین بزانین کەیفت سازە؟ باشی؟»

مەشەدی حەسەن، هەروا کە خەریک بوو کاوێژی دەکرد، گوتی: «من مەشەدی حەسەن نیم. من مانگام. من مانگای مەشەدی حەسەنم.»

مەشەدی جەبار گوتی: «مەشەدی حەسەن، قسەی وا مەکە، ئەگەر پورۆسییەکان بزانن، دێن دەتدزن ها!»

عەباس و کوێخا پێ کەنین. ئیسلام مۆڕەیەکی لێیان کرد و سەرسوور کشایە دواوە و خۆی لەپشت ئیسلام شاردەوە.

مەشەدی حەسەن بەدەم کاوێژکردنەوە گوتی: «نا، نا. پورۆسییەکان ناتوانن توخنی ئێرە بکەون. مەشەدی حەسەن لە سەربان دانیشتووە و ئاگای لێمە.»

کوێخا گوتی: «مەشەدی حەسەن، بۆ خاتری خوا واز بێنە، ئەو بەزمە

چییە بۆ بەیەلەیییەکانت ساز کردووە؟ تۆ مانگا نی، تۆ مەشەدی حەسەنی، مەشەدی حەسەن!»

مەشەدی حەسەن پێی لە زەوی کوتا و گوتی: «نا، من مەشەدی حەسەن نیم. مەشەدی حەسەن بە دوای ئیشدا چووەتە سەیداوا . من مانگاکەی مەشەدی حەسەنم.»

کوێخا گوتی: «لا اله الا الله! ئاخر تۆ چ مانگایەکی مەشەدی حەسەن؟ چیت هەیە لە مانگا بچێ؟ کوانێ کلکت؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی. کوانێ کلکت؟ سمت کوانێ؟»

مەشەدی حەسەن لە پڕێکدا هەستایە سەرپێ و شێتانە بەنێو تەویلەدا کەوتە هەڵبەز و غارەغار. دوای چەند هەنگاوێکیش سەری بە دیوارەکەدا دەکێشا و دەیباڕاند و کە گەیشتە کادانەکە، ڕاوەستا. تاوێک سینگی بەرز و نزم بووەوە و پاشان سەری بردە نێو کادانەکە، قەپێکی لە ئالفەکان دا و گەڕایەوە لای چاڵەکە. ڕێک لەو شوێنە ڕاوەستا کە ئیسلام کای پێدا کردبوو و بەدەنگێک کە بە ئاستەم لە قوڕگیەوە دەهاتە دەرێ، گوتی: «مەگەر کلکم نەبێ ناتوانم مانگا بم؟ مەگەر سمم نەبێ و کلکم نەبێ، مانگا نیم؟ بەبێ سمت و کلک بە مانگام نازانن؟» و دەستی بە سمکۆڵ کرد.

ئیسلام گوتی: «مانگای مەشەدی حەسەن! گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم. دوێنێکە سەرلەبەیانی ژنەکەی مەشەدی حەسەن هاتە سەر حەوز و بە گریانەوە گوتی مانگاکەی مەشەدی حەسەن مردووە. من و کوێخا و ئیسماعیل و ئەم کوڕیژگەیە هاتین و ئەو جێیەمان هەڵکۆڵی کە تۆ ئێستا لێی ڕاوەستاوی و مانگاکەی مەشەدی حەسەنمان فڕێدایە نێویەوە. جا ئەگەر تۆ مانگاکەی مەشەدی حەسەنی، ئێستا دەبێ لەو چاڵەدا بی، دەنا، ئەوە تۆ مەشەدی حەسەنی و بڕایەوە. وا نییە؟ ها؟»

مەشەدی حەسەن سەرلەنوێ دەستی بە غارغارە کرد. ئەمجارەیان

خێراتر و تووڕەتر. هەرچییەکی لە دەمدا بوو، تفی کردە دەرێ و دەستی بە نەڕەنەڕە کرد: «ئا....ی مەشەدی حەسەن، مەشەدی حەسەن! وەرە و بمگەیە، پورۆسییەکان هاتوون بمدزن. بە تەمان بمدزن و بمبەنە پورۆس. دەیانەوێ سەرم ببڕن و هەڵمدەنە نێو ئەم چاڵەوە. هۆۆۆۆی مەشەدی حەسەن! مەشەدی حەسەن!»

پیاوەکان هەستانە سەرپێ و ڕاوەستان.

ئیسلام گوتی: «دە باشە، دەی مانگای مەشەدی حەسەن. ئێمە بە تەماین برۆین. ئێمە خەڵکی پورۆس نین. من ئیسلامم، ئەمە کوێخایە و ئەم دووانە عەباس و مەشەدی جەبارن و ئەو کوڕیژگەیەش چاک دەناسی. ئێمە دەڕۆین و تۆیش لە تەویلەکەتدا پاڵ کەوە. هیچت ناوێ بۆتی بێنم؟»

مەشەدی حەسەن هێور بووەوە و بە خۆشحاڵییەوە دەستی بە کاوێژ کردەوە و گوتی: «ئاڵفم بۆ بێنە، وێنجەم بۆ بێنە، کام بۆ بێنە، ئاوم بۆ بێنە، ئاو!» و دەستی بە بۆڕین کرد. بۆڕەبۆڕی مانگایەکی تینوو.

١١

شەو کە نیوەی بەسەر چوو، سێ پورۆسی پەت و گوریسیان لە پشت و کەمەریان بەستبوو و لە گوندەکەیان هاتنە دەرێ.

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «بچینە کوێ؟»

پورۆسییەکەی دووەم گوتی: «با بچینە بەیەل.»

پورۆسییەکەی سێیەم گوتی: «ئادی، با بچینە وێ. با بچینە بەیەل.»

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «بچین لەوێ چی بکەین؟ لە بەیەل هیچمان دەست ناکەوێ.»

پورۆسییەکەی دووەم گوتی: «ئەورۆ لە خاتووناوا دەیانگوت مانگاکەی مەشەدی حەسەن مردووە.»

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «چی لێ بکەین؟»

پورۆسییەکەی دووەم گوتی: «دەڕۆین کەوڵی دەکەین.»

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «لە خاتووناوا دەیانگوت هەر بە کەوڵنەکراوی فڕێیان داوە.»

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «کەواتە با بڕۆین. تا دەعبا و مەعبای نەگەیشتووەتە سەر، با خۆمانی بگەیەنینێ.»

پورۆسییەکەی دووەم گوتی: «با بڕۆین بیبینینەوە.»

پورۆسییەکەی سێیەم گوتی: «هەر بە ڕاست، لە جامیشان پێیان گوتم مانگاکەی لە تەویلەکەدایە.»

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «کەواتە باشتر. با بڕۆین.»

پورۆسییەکەی دووەم و سێیەم پێکەوە گوتیان: «با بڕۆین!»

هەرسێکیان بە کێرد و پەت و گوریسەوە ملی لاڕێیان گرتە بەر.

## ١٢

کە پورۆسییەکان گەیشتنە بەیەل، ئەو ناوە تاریک بوو. کێردەکانیان هەڵکێشا و بە تەنیشت باخی ئاغادا خزانە نێو گوندەوە. پاپاخ کە لەسەر دیواری باخ وەرکەوتبوو، سەری هەڵێنا و هەر تارماییەکانی بینی و دەستی بە لوورەلوور کرد. پاشان خۆی هەڵدایە خوارێ و گەیشتە بەردەرکەی ماڵی ئیسلام و چنگی بە زەویدا خشاند.

ئیسلام کە خەوی لە چاوان زڕابوو و لە دەربیجەوە تەماشای ماڵی هاوسێیانی دەکرد، هەستا و هاتە بەرپەنجەرە. پاپاخ کلکەسووتەیەکی کرد و بێدەنگ بوو. ئیسلام گوێی لە خشپەی پورۆسییەکان بوو و خۆی لەپشت پەنجەرە مات دا. مەشەدی سەفەر سەری لە کلاوڕۆژنەی بانەکەیانەوە دەرکێشا و تەماشای حەوزەکەی کرد. خوشکی عەباس و ئیسماعیل کە

خۆیان لە پشت دیوارەکە مات دابوو، سەرەتاتکێیەکیان کرد. پورۆسییەکان وەک سێ تارمایی بە پەنا حەوزەکەدا تێپەڕین و هاتنە پێشەوە.

ئیسماعیل گوتی: «چاوت لێیە؟»

خوشکی عەباس بە سەبرایەک لێی پرسی: «ئەوانە کێن؟»

ئیسماعیل ئاوی نێو دەمی قووت دا و گوتی: «پورۆسییەکان، پورۆسییەکانن!»

خوشکی عەباس بە ترسەوە گوتی: «پورۆسی؟» و ویستی بقیژێنێ کە ئیسماعیل دەستی خستە سەر دەمی. پاشان خوشکی عەباس بە کۆژەکۆژ لە پەنا دیوارەوە خۆی گەیاندە ماڵەکەیان و عەباسی بە ئاگا هێنا، کە لە پەنا دیوارەکە خەوتبوو: «عەباس، عەباس! پورۆسییەکان هاتوونەتە نێو گوندەکەمان.»

عەباس هەستایە سەرپێ و چاوی گێڕا. پورۆسییەکان لایان کردەوە نێو کۆڵان. عەباس و ئیسماعیل بەرچیغ بەدەست، خۆیان گەیاندە نێو کۆڵان. ئیسلام و کوڕەکەی مەشەدی سەفەریش بە پێدزکێ و بەرچیغ بە دەست، وەدەر کەوتن. مەشەدی جەبار و مەشەدی بابەیش هاتنە دەرێ. بەیەلییەکان بەڕێ کەوتن.

پورۆسییەکان کێرد بە دەست لە ماڵی مەشەدی حەسەن نزیک کەوتنەوە و هەر لەوێ ڕاوەستان.

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «دەنگەدەنگ دێ.»

پورۆسییەکەی دووەم گوتی: «ئادی، دەنگی هەناسەبڕکێی مانگاکەیە.»

پورۆسییەکەی سێیەم گوتی: «کەواتە مانگاکە هێشتا زیندووە.»

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «گوریسەکان دەربێنن. لۆزی دەبەستین و ڕای دەکێشینە دەرێ.»

پورۆسییەکەی دووەم و سێیەم، گوریسەکانیان دەرهێنا.

پورۆسییەکەی یەکەم گوتی: «ئەنگۆ بڕۆنە ژوورێ. من لێرە ئاگام لێتان دەبێ.»

کێردەکەی توند بە دەستەوە گرت و ڕاوەستا. هەرکە پورۆسییەکەی یەکەم و دووەم ئاورێکیان دایەوە، بەیەلییەکانیان بینی کە بەرچیغ بە دەست لە پشتیان ڕاوەستاون. پورۆسییەکان لە شوێنێ خۆیان ڕەق ڕاوەستان. پورۆسییەکەی یەکەمیش کێرد بە دەست لە شوێنی خۆی ڕاوەستا.

ژنەکەی مەشەدی حەسەن کە لەسەر بانی تەویلەکەیان نووستبوو، لە خەو ڕاپەڕی و دانیشت. مەشەدی حەسەن لە تەویلەکەدا دەستی بە ناڵەناڵ کرد. بەیەلییەکان بەرچیغ بە دەست شاڵاویان برد. پورۆسییەکان بازیان دایە سەر تەپۆڵکە خاکەکەی پشت تەویلەکە و لەوێشەوە خۆیان هەڵدایە سەر بانەکەی ماڵی مەشەدی حەسەن و بەر لەوەی بەیەلییەکان بگەنە سەریان، گوریسەکانیان فڕێ دا و کێردیان هەڵکێشا.

ئیسلام هاواری کرد: «مەهێڵن دەرباز بن.»

پیاوەکان بە هاتوهاوار پەلاماریان دان. ژنەکەی مەشەدی حەسەن لە ترسان قیژاندی. پیاوەکان بەر لەوەی بگەنە سەر بانەکان، پورۆسییەکان خۆیان هەڵدایە نێو باخەکەی ئاغا. تا بەیەلییەکان خۆیان گەیاندە دیوارەکان، پورۆسییەکان تێیان تەقاند و لە لاڕێدا ون بوون.

کوێخا بە فانۆسەوە هاتە دەرێ و پیاوەکانی بینی کە لە سەربانەکان ڕاوەستابوون و بەرچیغیان بە دەستەوە بوو. بەپەلە هات و کە ئیسلامی بینی، لێی پرسی: «چی بووە؟ چی قەوماوە مەشەدی ئیسلام؟.»

ئیسلام گوتی: «هیچ نییە. پورۆسییەکان هاتبوون مەشەدی حەسەن بدزن.»

## ١٣

كە خۆر ئەنگوت، ئیسلام لەپشت باخی ئاغاوە و بە عارەبانەی پڕ لە وێنجەوە دەرکەوت و هاتە لای حەوزەکە و ڕاوەستا. خوشکەکەی عەباس لە پاڵ تاتەشۆرە ڕەشەکە دانیشتبوو و قاپوقاچاخی دەشوشت. نەرمەبایەک دەهات و کەروێشکەی بە وێنجەکان دەکرد.

ئیسلام، سەتڵەکەی لەبن عارەبانەکە دەرهێنا، لە ئاوی حەوزەکەی هەڵکێشا و بردی لە بەردەمی ئەسپەکەی دانا. ئەسپەکە دەستی بە ئاو خواردنەوە کرد. بزنە ڕەشەکەی ئیسلامیش سەری لە پەنجەرەوە دەرکێشا، لەو ناوەی ڕوانی و دیسان سەری بردەوە ژوورێ. ئیسلام سەتڵەکەی بە بن عارەبانەکەیەوە هەڵواسی، پاشان بە عارەبانەکەدا هەڵگەڕا و باوەشێک وێنجەی تازەی هەڵگرت و داگەڕا. کۆڵانی یەکەمی بڕی و گەیشتە ماڵی مەشەدی حەسەن. ژنەکەی مەشەدی حەسەن لە سەربانی تەویلەکەیان دانیشتبوو، ڕووخساری داپۆشیبوو و لێی خەوتبوو.

ئیسلام دەربیجەی تەویلەکەی لادا، وێنجەکەی ڕۆ کردە ژوورێ و گەڕایەوە دەرێ. کۆکەکۆکی مەشەدی حەسەن، کە تازە لە خەو هەڵسابوو، لە دوورەوە هاتە بەرگوێ.

## ١٤

کە ئێوارە داهات، ئیسلام بە عارەبانە بەتاڵەکەیەوە و لەپشت باخی ئاغاوە دەرکەوت و بەرەو حەوزەکە هات. ژنەکان لە بەرامبەر ماڵەکەی باباعەلی دانیشتبوون و کوڕەکەی مەشەدی سەفەریش خەریک بوو بە دارێکی گەورەوە کەلاکی مریشکێکی لە حەوزەکە دەردەکێشا. ئیسلام عارەبانەکەی بردە بەردەرکەی ماڵەکەیان. بزنە ڕەش هاتە دەرێ و سەیرێکی ئیسلام و عارەبانەکەی کرد و بەرەو ئەسپەکە ڕۆیشت. ئەسپەکە سەری دانەواند و

چاوی لێک نان. ئیسلام سەتڵە بەتاڵەکەی لەبن عارەبانەکە دەرهێنا و بەرەو حەوزەکە ڕۆیشت و لە ئاوی هەڵکێشا. کۆڵانی یەکەمی بڕی و گەیشتە ماڵی مەشەدی حەسەن. ژنەکەی مەشەدی حەسەن لە سەربانی تەویلەکەیان دانیشتبوو، ڕووخساری داپۆشیبوو و لێی خەوتبوو.

ئیسلام دەرکەی تەویلەکەی کردەوە و چووە ژوورێ. نەرمەبایەکی سارد دەهات و ناڵەی مانگایەکی ماندووی لەگەڵ خۆی دێنا.

١٥

ئیسلام و کوێخا و مەشەدی جەبار و عەباس و سەرسوور، لە گۆڕستاندا و لە تەنیشت شێرەبەردینەکە دانیشتبوون.

کوێخا گوتی: «ئێستا چی لێ بکەین؟»

عەباس گوتی: «دەبێ تەگبیرێکی لێ بکەین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئیدی قسەیش ناکا.»

ئیسلام گوتی: «کە قسەیشی لەگەڵ دەکەی، وەکو مانگا دەبۆڕێنێ.»

سەرسوور گوتی: «زۆر زوویش فێری زمانی مەڕ و مانگا بووە.»

کوێخا مۆڕەیەکی لێ کرد. سەرسوور بێدەنگ بوو و خۆی کشاندە دواوە.

مەشەدی جەبار گوتی: «خواردنەکەیشی بەس وێنجە و ئاڵفە.»

ئیسماعیل گوتی: «دەترسێم گەدە و مەدەی بریندار ببێ.»

کوێخا دیسان کۆکەیەکی کرد و گوتی: «چی بکەین مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «با بیبەینە شار.»

ئیسماعیل گوتی: «لەوێ چی لێ بکەین؟»

ئیسلام گوتی: «بیبەینە نەخۆشخانەک. ئێمە دەرەقەتی نەهاتین، بەشکم ئەوان تێی بگەیەنن کە خۆیەتی و مانگا نییە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «بە چی بیبەین؟»

ئیسلام گوتی: «بە عارەبانەکەی من.»

سەرسوور گوتی: «سواری عارەبانە نابێ. مانگا تا سەری نەبڕن، ناتوانن سواری عارەبانەی بکەن.»

ئیسلام ئاوڕێکی لە سەرسوور دایەوە و گوتی: «ئەگەر سواری عارەبانە نەبوو، بە پێیان دەیبەین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەدی ئەگەر بردمانە شار و نەخۆشخانە قەبووڵی نەکرد؟ ئەو کات چی لێ بکەین؟»

ئیسماعیل پێ کەنی و گوتی: «ڕاست دەکا، ئەگەر گوتیان مانگا قەبووڵ ناکەین، چی بکەین؟»

کوێخا گوتی: «مەشەدی ئیسلام چاکتر دەزانێ. هەرچییەک ئەو بیڵێ وا دەکەین.»

مەشەدی جەبار کۆکەیەکی کرد و گوتی: «ئەگەر قەبووڵیان نەکرد، دەیهێنینەوە.»

کوێخا گوتی: «پێت چۆنە مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی. بە هەرسێکمان دەیبەینە شار.»

کوێخا گوتی: «کام هەرسێک.»

ئیسماعیل گوتی: «سێ کەس کە بتوانن دەرەقەتی بێن.»

ئیسلام گوتی: «مەشەدی بابە نێوانی لەگەڵدا خۆش نییە، ئەو نایە.»

کوێخا گوتی: «با مەشەدی بابە نەیە.»

عەباس گوتی: «ئەدی کێ دێ؟»

ئیسلام گوتی: «من و کوێخا و مەشەدی جەبار، بە هەرسێکمان دەیبەین.»

کوێخا تاوێک بیری کردەوە و گوتی: «من دێم. ژنەکەی مەشەدی

حەسەنیش با بێتە ماڵەکەمان تا ژنەکەم تەنیا نەبێ.»

عەباس گوتی: «ڕاست دەکا، تازەبووک نابێ بە تەنیا بمێنێتەوە.»

کوێخا گوتی: «کەواتە هەموو شت ڕێکوپێکە.»

ئیسلام گوتی: «با بڕۆین سێ گوریس حازر بکەین و کە دنیا تاریک داهات، دەچینە زگی.»

کوێخا گوتی: «زۆر باشە، کە دنیا تاریک داهات، دێینە بەردەرکەی تەویلەکە.»

مەشەدی جەبار کۆکەیەکی کرد و هەستایە سەرپێ. ئەوانی تریش هەستان. خۆر هێشتا بە ئاسمانەوە بوو و وڵات زۆری مابوو تاریک دابێ.

١٦

کە تاریک داهات، سێ پیاوی بەیەلی بە پریاسکەی نان و گوریسەوە، لە ماڵەکانیان هاتنە دەرێ. کە گەیشتنە بەردەرکی ماڵەکەی مەشەدی حەسەن، لە تاریکیدا یەکتریان دیتەوە.

ئیسلام گوتی: «هەمووتان هاتن؟»

کوێخا گوتی: «ئادی، ئەوە من هاتووم.»

مەشەدی جەبار گوتی: «منیش هاتووم.»

ئیسلام هەڵگەڕایەوە و لە مەشەدی جەباری پرسی: «بە ژنەکەیت گوت؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی پێم گوت و بڕیارمان دا تا مەشەدی حەسەن دەبەین و دێینەوە، ژنەکەی بچێتە ماڵەکەمان.»

ئیسلام گوتی: «کەواتە هەموو شت ڕێکوپێکە، ها؟»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن پەنجەرەی کردەوە و هاتە سەربانی تەویلەکە و فانۆسێکی پێکراویشی لەگەڵ خۆی هێنا.

کوێخا گوتی: «مەشەدی دەبەینە شار.»

ژنەکەی مەشەدی حەسەن دەستی بە گریان کرد و لە سەربانی تەویلەکە هەڵترووشکا.

ئیسلام گوتی: «با بچینە ژوورێ.»

مەشەدی جەبار دەرکەی تەویلەی کردەوە. هەرسێکیان بە پارێزەوە چوونە ژوورێ. ژنەکەی مەشەدی حەسەن هەروا کە دانیشتبوو، فانۆسەکەی لە کلاورۆژنەی بانەوە شۆڕ کردەوە. پیاوەکان مەشەدی حەسەنیان لەبەر تیشکی فانۆسەکەدا بینی کە لەپێش کادانەکە کەوتبوو و لە خەودا بوو.

١٧

لە بنی دۆڵەکە و لە تاریکیدا، سێ پیاو مانگایەکیان گوریسپێچ کردبوو و خاوکێش خاوکێش بەرەو جادەیان دەبرد. یەکێک لە پیاوەکان لەپێشەوە دەڕۆیشت و گوریسەکەی ڕادەکێشا، دوو پیاوەکەی تریش پاڵیان دەدا. مانگاکە، ملی نەدەدا و پیاوەکانی ماندوو و هیلاک دەکرد.

سێ پیاوی پورۆسی، کێرد لە کەمەر، لە لووتکەی شاخەوە دانەویبوون و چاویان لەوان بڕیبوو.

١٨

دەمەوئێوارە، ئیسلام و کوێخا و مەشەدی جەبار گەیشتنەوە بەیەل. دەنگی دەهۆڵ و چەمبەرە لە گوندەوە دەهاتە بەرگوێ.

پیاوەکان لەسەر حەوزەکە دانیشتبوون و سەبیلەیان دەکێشا. هەر مەشەدی بابە چاوی پێیان کەوت، هەستا و بەرەوڕوویان هات و بە ئیسلامی گوت: «ئەوە لە کوێی مەشەدی ئیسلام؟ غار دە غار. تارەکەت هەڵگرە و بڕۆ ماڵەکەی عەباس.»

ئیسلام لێی پرسی: «تارەکەم بێنم و بچمە ماڵی عەباس؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی. شاییی مەشەدی ئیسماعیلە. خوشکی عەباسی مارە کردووە.»

ئیسلام گوتی: «من کارم هەیە. زۆرم کار هەیە. خەوم دێ.»

مەشەدی بابە بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: «چی؟ بە تەما نی تار لێ بدەی؟ دەزانی بۆ بووک و زاوا ودمی هەیە؟»

ئیسلام گوتی: «دەزانم، بەڵام تار لێ نادەم.»

مەشەدی بابە چەند هەنگاوێک بە دوای ئیسلامدا ڕۆیشت و پاشان گەڕایەوە و ئاوڕێکی دایەوە. کوێخا و مەشەدی جەبار لێک دابڕان و بەرەو ماڵەکانیان ڕۆیشتن.

مەشەدی بابە گوتی: «هۆی، مەشەدی ئیسلام، هەواڵی مەشەدی حەسەن بە کوێ گەیشت؟»

ئیسلام گوتی: «مەشەدی حەسەن؟ بەر لەوەی بگاتە شار...»

قسەکەی تەواو نەکرد، چووە ماڵەکەی خۆی و پاڵ کەوت و لە دەربیچەی پاشخانەوە چاوی لەسەر بانی دراوسێکەیان بڕی.

بزنە ڕەش لە پاشخانەوە هاتە دەرێ، تەماشای ئیسلامی کرد و لە پەنجەرەوە بازی دایە خوارێ.

پاپاخ کە لەژێر داربییەکە هەڵتووتابوو، هەستایەوە و لەگەڵ بزنەکەدا بەنێوان خەڵکدا تێپەڕی و بەرەو کۆڵانی یەکەم ڕۆیشتن کە کپ و خامۆش بوو. بەس دەنگی گریانی ژنەکەی مەشەدی حەسەن دەبیسرا کە تاک و تەنیا لە سەربانی تەویلەکەیان و لە تەنیشت فانۆسە پێکراوەکەی هەڵکورمابوو. دەنگی چەمبەرە و چەپڵەلێدانیش هێدی هێدی بەرزتر و نزیکتر دەبووەوە و نەعرەتەی مانگایەکی غەوارە و داماویش لە تەویلەیەکی وێرانەوە دەهاتە بەرگوێ.

# چیرۆکی پێنجەم

١

که عـەباس مـاڵئـاواییی لە مـەشـەدی ڕەحیم و سـەتار و میـرهـەمـزە کرد و خـاتووناوای بەجێ هـێـشت، تـاوێک لە نیـوەڕۆ تێـپـەڕیبـوو. خـۆرەتـاو لە گـەنمەکـانـی دەدا و عـەباس کـە نەیدەویسـت خـۆر لە چاوەکـانی بدا، سـەری داخسـتبـوو و نـەرم نەرم بەرەو بەیەل دەڕۆیشـت. سـەد هـەنگاوێک کـە دوور کەوتەوە، هەسـتی کرد کەسێک خـەریکە هـێدی هێدی و بە هـەناسـەبڕکێوە بەدوایدا دێ. عـەباس بیری کـردەوە: «ئەوە کێیـە بە دوامـدا دێ؟» ڕاوەسـتـا و لە پـڕێکدا ئـاوڕێکی دایەوە. سـەگـێکی تـووکنی گـەورەی بینـی کـە بـە دەمـی ئـاوەڵاو و چاوی پڕ لە بەزەیییەوە لێی دەڕوانێ و کلکەسووتە دەکا.

عەباس داردەستەکەی هەڵێنا و گوتی: «چخە! چخ!»

سـەگـەکـە ئاوڕێکی دایەوە و لە خـاتووناوای ڕوانـی و سـەرلەنوێ کلکی لەقـاند. عـەباس لێی نزیک کەوتەوە. چـەند شـوێنێک لە تووکی سـەگەکە هەڵ وەریبـوو و شـوێنی بـرینێکی گـەورەیش لە لاملـیـیـەوە دیار بوو. سـەگـەکـە سـەرەڕای تەمـەنی زۆری، ددانی سـاخ و سـەلیـمی لە دەمـدا بوون و بە دوو چاوی زیتەوە لە عەباسی دەڕوانی.

عەباس گوێی سـەگەکەی گرت و سەری وەرسـووڕاندەوە لای خاتووناوا، بە داردەسـەکەیەوە لـە پشـتـی دا و گوتی: «چـخـە! چخ!» و ملـی ڕێی گـرتە بەر. پاشـان ئاوڕێکی دایەوە و لێی ڕوانی. سـەگـەکـە هێـدی هێـدی بـە دوایدا دەهات. عـەباس ڕاوەسـتـا. سـەگـەکەیش ڕاوەسـتـا. عـەبـاس داردەسـەکـەی هـەڵێنا و هـاواری کرد: «چخ! چخە دەی!»

سـەگەکە هـەڵگەڕایەوە و چەند هـەنگاوێک چووە دواوە، پاشـان هـەڵتووتا و

لە عەباسی ڕوانی.

عەباس گوتی: «ها قەلەندەری بەستەزمان، چیت لێ قەوماوە؟»

سەگەکە لێی نزیک کەوتەوە و هەڵتووتا.

عەباس گوتی: «ئێستا کە واز ناهێنی، وەرە، دە وەرە دەی!»

سەگەکە ڕای کرد، کلکی لەقاند و لە نزیک عەباس ڕاوەستا. سەرەتا بە پارێزەوە لە عەباسی ڕوانی، کە عەباس پێ کەنی، سەگەکە لمۆزی خستە سەر زەوی و کلکی لەقاند و کردیە تەپوتۆز.

عەباس لێی چووە پێشەوە، پێی خستە سەر سەری و گوتی: «چیت دەوێ؟ مەترسێ بڵێ! چیت دەوێ؟»

سەگەکە هەردوو چاوی لێک نا و مۆڕەیەکی کرد.

عەباس گوتی: «ئەوە بۆ وا دەکەی مردۆخ؟»

سەگەکە سەرلەنوێ کلکی لە عەرز کوتا.

سەری خاتووناواییەک لە پشت دیواری باخەوە دەرکەوت و لە عەباس و سەگەکەی ڕوانی و پێ کەنی.

عەباس گوتی: «ئەم ورچە مردۆخە هیی کێیە؟»

خاتووناواییەکە گوتی: «ئیی هیچ کەس نییە.»

عەباس گوتی: «ئەدی بۆ وا دەکا؟ چییەتی؟»

خاتووناواییەکە پێ کەنی و گوتی: «بۆ خۆی لە خاوەنێک دەگەڕێ. ئەوە ساڵێک و چەند مانگە میرهەمزە بەرەڵای کردووە. ئەم بەستەزمانەیش لە بەرەڵایی وەڕەز بووە و دەیەوێ خۆی بە کەسێکەوە هەڵواسێ.»

عەباس سەری سەگەکەی بەهەردوو دەست گرت و گوتی: «میرهەمزە بۆچی بەرەڵای کردووە؟»

خاتووناواییەکە گوتی: «هەرکە بریندار بوو و لە غارغارێن کەوت، میرهەمزە وازی لێ هێنا و بەرەڵای کرد.»

عەباس گوتی: «چۆن چۆنی بریندار بوو؟»

خاتووناواییەکە گوتی: «شەوێکیان چەند پورۆسییەک هاتبوونە خاتووناوا و بەو نێوەدا دەخولانەوە، میرهەمزەیش تێی بەردان، ئەوانیش نامەردییان نەکرد و بە قەمە و کەتارە ملیان هەڵدڕی و ڕۆیشتن.»

عەباس گوتی: «میرهەمزەیش دەری کرد؟»

خاتووناواییەکە گوتی: «ئادی، هیچ کەسیش خۆی نەکردە خاوەنی.»

سەگەکە لەسەر زەوی پاڵ کەوتبوو، لمۆزی خستبووە سەر خۆڵەکە و لە عەباسی دەڕوانی کە خەریک بوو بیری دەکردەوە.

خاتووناواییەکە گوتی: «ئەگەر حەز دەکەی لەگەڵ خۆت ببە بەیەل.»

عەباس گوتی: «بیبەم چی لێ بکەم؟»

خاتووناواییەکە گوتی: «بۆ خۆت ڕای گرە.»

عەباس گوتی: «دەترسێم سەگەکانی بەیەل لەگەڵیدا هەڵنەکەن.»

خاتووناواییەکە گوتی: «سەگەکان لەگەڵیدا هەڵدەکەن. بەڵام ئەگەر خەڵک لەگەڵیدا هەڵیان نەکرد، بەرەڵای بکە، بۆ خۆی دێتەوە خاتووناوا.» پاشان پێ کەنی و سەری بردەوە پشت دیوارەکە.

عەباس بەڕێ کەوت. سەگەکەیش هەستا و بە دوایدا ڕۆیشت. عەباس ڕاوەستا و هاواری کرد: «چخە! چخ! چخ!»

سەگەکە لمۆزی خستە سەر عەرز و نووزەیەکی کرد.

عەباس گوتی: «هەستە، هەستە بە پێشم کەوە بێعار!»

هەردووکیان بەڕێ کەوتن. کە گەیشتنە شۆراوا، هێندەی نەمابوو خۆر ئاوا بێت. عەباس لەسەر تاشەبەردێک دانیشت و پریاسکەکەی کردەوە تا شتێک بخوا. سەگە خاتووناواییەکەیش چووە سەر بەرزاییەک و چاوی لە بەیەل بڕی.

٢

کە لە بەیەل نزیک کەوتنەوە، خاتووناوایییەکە ڕاوەستا و بە پارێزەوە لە بەرامبەر خۆی ڕوانی. پاشان کشایە دواوە و خۆی لەپشت عەباس شاردەوە. عەباس گوتی: «ئەوە چیتە؟»

هینکەهینکی پاپاخ هاتە بەرگوێ کە بەرەو ڕوویان دەهات.

عەباس گوتی: «مەترسە، پاپاخە، خۆمانەیە. هیچ کارێکی بە تۆ نییە.»

هەردووکیان ڕاوەستان و چاوەڕێ بوون. پاپاخ گەیشتە لایان، ڕاوەستا و بە سەرسوڕمانەوە لە عەباس و خاتووناوایییەکەی ڕوانی.

عەباس گوتی: «مەترسە، ئەم تازەهاتووە هیچ کارێکی بە تۆ نییە. دە بڕۆن دەی، چخە، چخ!»

پاپاخ هەڵگەڕایەوە و بە غار بەرەو بەیەل ڕۆیشت. عەباس و خاتووناوایییەکە بەڕێ کەوتن. کە گەیشتنە بەیەل، خۆر ئاوا بووبوو. سەگەکانی بەیەل بە ڕیز و لەپێش هەموویشیانەوە پاپاخ، لەسەر دیوارەکەی باخی ئاغا ڕاوەستابوون. خاتووناوایییەکە هەر سەگەکانی بینی، ڕاوەستا و بە ترسەوە لێیانی ڕوانی.

عەباس گوتی: «وەرە، کاریان بە کارت نەداوە.»

خاتووناوایییەکە و عەباس پێکەوە چوونە نێو گوندەوە. کە گەیشتنە سەری کۆڵانەکە، بزنە ڕەشەی ئیسلام هاتە پێشەوە و بەوردی لە تازەهاتووەکەی ڕوانی.

عەباس و خاتووناوایییەکە بەرەو حەوزەکە ڕۆیشتن و گەیشتنە ماڵی بابەعەلی کە پیاوەکان لەوێ کۆ بووبوونەوە و قسەیان دەکرد.

مەشەدی بابە کە لەسەر تەپۆڵکی کەڵەدارەکان دانیشتبوو، هەر چاوی بە عەباس کەوت، گوتی: «ئەوە مەشەدی عەباسیش هاتەوە.»

پیاوەکان ئاوڕیان دایەوە و لە عەباسیان ڕوانی.

مەشەدی جەبار گوتی: «تەماشا...»

سەرسوور گوتی: «چاو ئەو سەگەی، چاو!»

ئیسماعیل هەستایە سەرپێ، هاتە پێشەوە و گوتی: «ئەوەت لە کوێ بوو عەباس؟»

عەباس بەرەو پیاوەکان چوو. خاتووناواییەکەیش بە دوایدا ڕۆیشت.

عەباس گوتی: «ئەوەم لە خاتووناوا هێناوە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «نانخۆرمان لە بەیەل کەم بوو، تۆیش یەکی ترت هێنا؟»

عەباس گوتی: «وازی لێ نەهێنام. هەرچییەکم کرد و کراند، لێم نەگەڕا و بە دوامدا هات.»

مەشەدی بابە لە خاتووناواییەکە دانەوی و سەیری چاوەکانی کرد و گوتی: «ئەوە هەر ئەو سەگە نییە کە پورۆسییەکان پارێکە لێیان دابوو و ناکاریان کردبوو؟»

عەباس گوتی: «بەدی، خۆیەتی.»

مەشەدی بابە گوتی: «لەخۆڕا هێناوتە. بەکار نایە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «بەرەڵای دەکەیە نێو گوند؟»

عەباس گوتی: «نا، دەیبەمە ماڵەکەی خۆم.»

بابەعەلی سەری لە دەربیجەی ماڵەکەیەوە هێنایە دەرێ و گوتی: «ئەگەر لە باتیی ئەم مردۆخە، ژنێکت لە خاتووناوا هێنابا، زیاتر بەکارت دەهات.»

مەشەدی بابە گوتی: «عەباس پیاوێکی شەرمنە. پووری دەبێ ئەو کارەی بۆ بکا. بۆ خۆی بەس دەتوانێ سەگی مردۆخ و پیر و کەنەفت فریو بدا و بهێنێتە بەیەل.»

سەرسوور گوتی: «خراپ نییە، شەوانە دەیبەینە گۆڕستان کە ئاگای لە

مردووەکانمان بێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دمەڕووت، تۆ خۆت لە ئیشی پیاوان هەڵمەقورتێنە!»

ئیسماعیل گوتی: «خۆت بێتام مەکە!»

سەرسوور بە خۆیدا شکایەوە و چووە پشت کەڵەدارەکان.

عەبدوڵڵا گوتی: «عەباس، ئەم مردەڵەیەت لەخۆڕا هێناوەتە ئێرە!»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی، لە هیچی خۆڕاییەوە هێناوەتە.»

عەباس گوتی: «خۆ دنیا خراپ نەبووە، ئەگەر بۆم ڕانەگیرا، دەیبەمەوە خاتووناوا.»

مەشەدی جەبار گوتی: «جا پاپاخ و سەگەکانی تر دێڵن ئەم سەگە لێرە بحاوێتەوە؟»

عەباس گوتی: «ئەنگۆ ئەگەر وازی لێ بێنن، ئەوان هیچ کارێکیان پێی نییە.»

ئیسماعیل گوتی: «لە ئێستا گەڕێ، چەند ڕۆژێکی بەسەردا بچێ کەوڵی دەکەن.»

کوێخا کە تازە گەیشتبووە جێ، هات و لەسەر کەڵەدارەکان دانیشت و گوتی: «عەباس، دەسەدیاریت هێناوە؟»

عەباس لە تەنیشت پیاوەکان هەڵترووشکا و گوتی: «ئەم قوڕبەسەرە خاوەنێکی باشی دەست نەکەوتووە و بە منەوە نووساوە.»

بابەعەلی سەری لە دەربیجەکە هێنایە دەرێ و گوتی: «کوێخا، ئەمە نیشانەی بێ سەروسامانییە. باشترە قۆڵ هەڵماڵین و ژنێک بۆ عەباس بێنین. بەشکم بۆ خۆی خەریک بێت.»

کوێخا گوتی: «زستان دابێ ئینشەڵڵا کارێ بەکارێ دەکەین و شاییەکی

بۆ ڕێک دەخەین.» پاشان چاوی لە خاتووناواییەکە بڕی و پرسیاری کرد: «ئەوە سەگەکەی میرهەمزە نییە؟»

عەباس گوتی: «بەدی، خۆیەتی.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر هات و لە تەنیشت کوێخا دانیشت، کوێخا گوتی: «بەستەزمانە پیر بووە، زۆریش پیر بووە.»

عەباس گوتی: «بەڵام ددانەکانی ساخوسەلیمن.» لمۆزی سەگەکەی هەڵێنا و لێوەکانی لێک کردەوە و ددانەکانی پێشان دا.

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «ددانی ساخ نیشانەی کەم تەمەنی نییە. ددانەکانی مەشەدی بابەیش ساخوسەلیمن. زارت بکەوە مەشەدی بابە! زارت بکەوە!» چەنەی مەشەدی بابەی هەڵێنا و لێوەکانی کردەوە.

سەرسوور لە پشت کەڵەدارەکانەوە لە قاقای پێکەنینی دا.

کوێخا گوتی: «عەباس، باشترە هەر ئێستا بینێرییەوە خاتووناوا.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ڕاست دەکا عەباس، ئێمە تاقەتی ئەو سەگەمان نییە.»

کوێخا گوتی: «پێ دەچێ شەلوشێتیش بێ، چاو چاو چۆن تەماشامان دەکا!»

مەشەدی جەبار گوتی: «قسەی تێدا نییە، ئەگەر شەلوشێت نەبا، میرهەمزە دەری نەدەکرد.»

کوێخا گوتی: «وابزانم لە نووستن بەولاوە هیچ کارێکی لە دەست نایە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، لە پەلوپۆ کەوتووە.»

ئیسماعیل گوتی: «ئەمانە هەمووی لەلایەک، پووریش ناهێڵێ بیبەیتەوە ماڵێ.»

کوێخا گوتی: «ئادی، چۆن دێڵێ سەگێکی گلاو بچێتە نێو ماڵەکەیەوە؟»

عـەباس گـوتی: «کـامـتـان سـەگـەکـەی دەباتەوە مـاڵێ، تا من بیـبـەم؟» و هەستایە سەرپێ.

پیـاوەکـانیش هەسـتـان و بەڕێ کـەوتن. کـە گـەیشـتنە دەرەوەی گـوند، کوڕەکەی مەشەدی سـەفەر گوتی: «عـەباس، دەڵێم شەقێکی مزری تێ هەڵدە و لە کۆڵ خۆتی بکەوە.»

عـەباس گوتی: «بۆچی تێی هەڵدەم؟ بەسـتـەزمـانـە چی کـردووە؟» پاشـان گوێی سەگەکەی گرت و چەند هەنگاوێک بردیە پێشەوە و ڕوو لە خـاتووناوا ڕای گرت و پێی گوت:«چخە! چخە! چخە!»

سەگەکە چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و ڕاوەستا.

عەباس هاواری کرد: «چخە!»

مەشەدی جەبار گوتی: «چاو چاو چەند بێعارە!»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «چارەی شەقێکی مزرە و ئا!»

کوێخا گوتی: «گوناحە، بەستەزمانە بۆچی لێی بدرێ؟»

دنیـا تاریک داهـاتبـوو و خـاتووناواییـیـەکـە سـەد هـەنگاوێک دوورتـر لە پیاوەکان ڕاوەستابوو و لێیانی دەڕوانی کە ئیسلام دەرکەوت.

کوێخا گوتی: «مەشەدی ئیسلام، درەنگ هاتی؟»

ئیسلام گوتی: «ئەوە چییە هەمووتان لێرە خڕ بوونەتەوە؟»

کـوێخـا گوتی: «عـەباس چووەتە خـاتووناوا و سـەگـێکی پیـر و مـردەڵەی هێناوە. ئێستایش بە تەماین دەری بکەین.»

ئیسـلام هاتە پێشـەوە، لە خـاتووناوایییـەکە دانەوی، لێی ڕوانی و گـوتی: «زۆریش پیر نییە، چاوتیژە و ددانەکانیشی ساخوسەلیمن.»

مەشەدی بابە و مەشەدی جەبار و سەرسوور و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر لە پڕێکدا هەسـتانە سـەرپێ، لێی چوونە پێشـەوە و هاواریان کـرد: «چخـە! چخە!»

خاتووناواییەکە لە ترسان ڕای کردە نێو تاریکی و بەیەلییەکان لە قاقای پێکەنینیان دا.

٣

هێشتا خۆر دەرنەکەوتبوو کە عەباس لە خەو هەڵسا. پووری چووبووە سەر حەوزەکە تا قاپەکان بشوا. عەباس بوخچەی فراوینەکەی هەڵگرت و لە ماڵ هاتە دەر. ئیسلامیش هاتبووە دەرێ و خەریکی عارەبانەکەی بوو.

عەباس گوتی: «مەشەدی ئیسلام، زوو لە خەو هەڵساویت؟»

ئیسلام گوتی: «تا بەری بەیان خەوم لێ نەکەوت.»

عەباس گوتی: «بۆچی خەوت لێ نەکەوت؟»

ئیسلام گوتی: «سەگەکان تا بەری بەیان هەر حەپەیان دەهات و نەیانهێشت بنووم.»

عەباس گوتی: «بۆ؟ چی قەومابوو؟»

ئیسلام گوتی: «هیچ، دوو سێ جار هاتم و گوندم بەسەر کردەوە، بەڵام هیچ باسێک نەبوو. سەگەکان لەسەر دیواری باخی ئاغا ڕاوەستابوون و ڕوویان لەو دەشتە کردبوو و دەوەڕین.»

عەباس گوتی: «من هەر بە ئاگا نەهاتمەوە. ماندوو بووم و لێی کەوتبووم.»

ئیسلام گوتی: «خۆزگەم بە خۆت!»

عەباس ملی ڕێی گرت و بەرەو بیاوان ڕۆیشت. کە لە بەیەل وەدەر کەوت، خۆر دەرکەوت و گردە سپییەکانی دەوروبەری شۆڕاوا دیار کەوتن. عەباس سەری داخست و ڕۆیشت. کە سەد هەنگاوێکی هەڵێنا، هەستی کرد کەسێک خەریکە بە هەناسەبڕکێ و هێدی هێدی بەدوایدا دێت. عەباس بیری کردەوە: «ئەوە کێیە بە دوامدا دێ؟»

ڕاوەستا و بیری کردەوە و ئاوڕێکی دایەوە. خاتووناواییەکە ڕاوەستا بوو

و بە چاوە ترساو و میهرەبانەکانیەوە لە عەباسی دەڕوانی و کلکی دەلەقاند.

عەباس ڕاوەستا و گوتی: «ئەوە نەڕۆیشتووی و چاوەڕێی منی؟»

خاتووناواییەکە کلکی لەقاند و لمۆزی لە زەوی نزیک کردەوە.

عەباس لێی چووە پێشەوە، هەردوو گوێی خاتووناواییەکەی گرت، سەری هەڵێنا و لە چاوەکانی ڕوانی. خاتووناواییەکە، کلکی لە زەوی کوتا و تەپوتۆزی کرد.

عەباس گوتی: «چیت دەوێ؟ ئاخر چیت دەوێ؟ ناتەوێ بگەڕێیەوە؟ دەتەوێ لە کن من بی؟ دیارە من و بەیەلت بەدڵە، ها؟»

خاتووناواییەکە، سەری داخست و پێیەکانی عەباسی لستەوە.

عەباس گوتی: «هەستە، هەستە تا وەدرەنگی نەکەوتووین، با بچین بە کاروبارمان ڕابگەین.»

هەردووکیان، پێ بەپێی یەک و بەهەنگاوی خێرا، ملی سارایان گرتە بەر.

٤

دەوروبەری ئێوارە گەیشتنەوە بەیەل. کە گەیشتنە باخەکەی ئاغا، خاتووناواییەکە ڕاوەستا و بە ترسەوە لەو ناوەی ڕوانی. عەباس گوتی: «پێ هەڵگرە پیرەمێرد!»

دەنگی هەناسەبڕکێی پاپاخ هاتە بەرگوێ کە لە بەرامبەریانەوە دەهات و ڕاوەستا. عەباس گوتی: «خۆت مەشێوێنە، وەرە و هەر بەپیاویشی مەزانە.»

پاپاخ گەڕایەوە و بەرەو گوند تێی تەقاند. هەر عەباس و خاتووناواییەکە گەیشتنە لای حەوزەکە، سەگەکانی بەیەل هاتنە بەردەرکەی ماڵی ئیسلام و لە تازەهاتووەکەیان ڕوانی.

عەباس گوتی: «لەخۆڕا خۆت گیڤ مەکەوە، وەرە، وەرە با بڕۆین. ئێستا وەختی شەڕ نییە.»

پیاوەکان لەپێش ماڵەکەی بابەعەلی و لەسەر کەڵەدارەکان دانیشتبوون و سەبیلەیان دەکێشا و قسەیان دەکرد.

مەشەدی بابە گوتی: «عەباس، ئەوە دیسان ئەو قوڕبەسەرەت هێنایەوە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «نەتتوانی دەستی لێ هەڵگری؟»

سەرسوور گوتی: «عەباس زۆری خۆش دەوێ. عەباس زۆری حەز لە سەگی پیر و کەنەفتە.»

ئیسماعیل لێی پرسی:«ئاخر بە تەمای چی لێ بکەی؟»

عەباس چووە پێشەوە و گوتی: «دەیبەمەوە ماڵێ و ڕای دەگرم.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئێستا کە حەزت لێیەتی، بیبە و لە ماڵە خۆتان ڕای گرە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «مەشەدی بابە، دیارە تۆیش پێت ناخۆش نییە ببیە ساحێبی سەگێکی پیر و کەنەفت!»

ئیسماعیل گوتی: «ئەگەر حەزت لێیە، عەباس ئامادەیە ئەم مردۆخەت بداتێ.»

عەباس کەمێک شڵەژا و گوتی: «نا، نایدەمە هیچ کەسێک.»

مەشەدی جەبار گوتی: «نایدەیە منیش؟»

عەباس گوتی: «نایدەمە تۆیش.»

عەبدوڵڵا گوتی: «بە منیشی نادەی؟»

عەباس گوتی: «بە هیچ کەسی نادەم.»

ئیسماعیل گوتی: «نایدەیە منیش؟»

عەباس گوتی: «نا، نایدەمە تۆیش.»

کوێخا کە تازە گەیشتبووە جێ، گوتی: «چ باسە؟ شەڕە؟»

بابەعەلی سەری لە دەربیجەی ماڵەکەی هێنایە دەر و گوتی: «کوێخا،

عەباس نرخی ئەو سەگەی زۆر کردووە، دەیەوێ لەو ڕێیەوە بۆ خۆی کاسپی بکا.» سەرسوور چووە پشت کەڵەدارەکان و قاقا پێ کەنی.

کوێخا گوتی: «عەباس گوێ لە کەس مەگرە. ئێستا کە حەزت لێیەتی، بیبە ماڵەوە.»

ئیسماعیل گوتی: «چی دەڵێی کوێخا؟ پێی بڵێ با دەری بکا، با لە بەیەل دەری بکا.»

عەباس گوتی: «ئیدی بە قسەی کەس ناکەم. بە گوێی هیچ کەس ناکەم.»

بابەعەلی دیسان سەری لە دەربیجەکە هێنایە دەرێ و گوتی: «نەمگوت کوێخا؟ نەمگوت مەشەدی بابە؟ نەمگوت دەبێ ئاگامان لێی بێ؟»

عەباس گەڕایەوە و بەرەو خاتووناواییەکە ڕۆیشت کە پشتی لە پیاوەکان کردبوو و تەماشای سەگەکانی بەیەلی دەکرد. سەگەکان لە تەنیشت تاتەشۆرە ڕەشەکە ڕاوەستابوون و بە میهرەبانییەوە تەماشایان دەکرد.

پووری عەباس کە لەپشت دیواری کەلاوەیەک دووکەڵی وەهەوا خستبوو و خەریکی لێنانی دانوو بوو، سەری هەڵێنا و بە سەرسوڕمانەوە هاواری کرد: «بە تەمای چی بکەی عەباس؟ بۆ کوێی دێنی؟» ئەوسا بەپەلە خۆی گەیاندە ئەو لای دیوارەکە. کەوچکە دارینەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو کە دانووی پێ تێک وەردابوو.

عەباس گوتی: «هیچ نییە، ئەم خاتووناواییەم کڕیوە.»

پوورێ گوتی: «چی؟ کڕیوتە؟ پارەت داوە و ئەم ناحەزەت کڕیوە.»

عەباس گوتی: «نا، پارەم پێ نەداوە، میرهەمزە پێم قەرزدار بوو و ئەوەی لە باتیی قەرزەکە دامێ.»

پوورێ گوتی: «تۆیش قەبووڵت کرد؟»

عەباس گوتی: «نا، قەبووڵم نەکرد. بەڵام بەدڵم بوو. زۆرم بەدڵ بوو.»

٥

پووریێ گوتی: «دەری کە عەباس. دەری کە. دەی.»

عەباس گوتی: «دەری بکەم؟»

پووریێ گوتی: «ئادی، دەری بکە.»

عەباس گوتی: «قەت قەت دەری ناکەم.»

پووریێ گوتی: «کەواتە ئەمنیش دەگەڕێمەوە هەزەڤان، لای کوڕەکەم.»

عەباس گوتی: «دەگەڕێیەوە هەزەڤان؟ مەگەر من دێڵم بگەڕێیەوە؟.»

پووریێ گوتی: «ئێرە یان جێی منە، یان ئەم سەگە.»

عەباس گوتی: «پووریێ خۆت سەغڵەت مەکە. ئەم بەستەزمانە نەهاتووە جێی تۆ بگرێتەوە.»

پووریێ گوتی: «ئیدی خۆت دەزانی. بڕۆ بۆ خۆت فکرێکی لێ بکەوە.»

عەباس و خاتووناواییەکە چوونە نێو حەوشە و پووریێ گەڕایەوە پشت دیوارەکە، کەڵەدارێکی خستە سەر ئاگرەکە و دووکەڵێکی چڕ بەرەو ئاسمان هەڵچوو.

٦

بەری بەیان بوو و خۆر هێشتا دەرنەکەوتبوو، عەباس و خاتووناواییەکە خەریک بوون بەرەو بیاوان دەڕۆیشتن. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر دەرکەوت و بە عەباسی گوت: «دەچییە بیاوان؟»

عەباس گوتی: «ئادی. دەچمە بیاوان.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دەبینم بە تەنیا ناڕۆی. برادەرێکت بۆ خۆت پەیدا کردووە.»

عەباس گوتی: «ئادی. لە زۆر کەسیش باشترە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ڕاست دەکەی، زۆریش لە خۆت دەچێ.»

عەباس گوتی: «وایە و شوکر لە تۆ ناچێ. دەنا ناچار دەبووم بە بەردێک سەری بپلیشێنمەوە و فڕێی دەمە نێو ئەو کەندە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، عەباس.»

عەباس گوتی: «بڵێ!»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دەمەوێ پێت بڵێم ئەم خاتووناواییییە هێندەی ڕوو مەدەیە. دەنا دەزانم چی لێ بکەم. ئەمن ڕقم لە سەگی بێگانەیە. زۆریشم ڕق لێیانە.»

عەباس گوتی: «زۆر باشە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «تێگەیشتی یان نا؟»

عەباس گوتی: «ئادی تێگەیشتم، منیش دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. بڕۆ. بڕۆ و بە مەشەدی سەفەر بڵێ با نەهێڵێ کوڕەتیوەکەی زماندرێژی بکا. دەنا ئەگەر زماندرێژی بکا و خۆی لە کاروباری خەڵک هەڵقورتێنێ، کەسێک لەم بەیەلەدا هەیە کە ناوی عەباسە و زمانی کوڕەکەی دەبڕێ و فڕێی دەداتە بەردەمی سەگێکی بێگانە کە لە خاتووناواوە هێناویەتی.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «زۆر باشە.»

عەباس گوتی: «تێگەیشتی یان نا؟.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم. حەفتەیەک، بەس حەفتەیەک وەختت دەدەمێ کە...»

ئیسلام بە خۆی و عارەبانەکەیەوە دەرکەوت، بەرەو لایان هات و خۆی هەڵدایە خواریێ و گوتی: «ئەوە چی بووە؟ چی قەوماوە؟ بۆچی ئاوا لە یەکتری دەڕوانن؟»

عەباس گوتی: «هیچ نەبووە، مەشەدی ئیسلام.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر پێ کەنی و گوتی: «لە هەواڵی برادەرەکەیم دەپرسی، ئەویش تووڕە بوو.»

ئیسلام بە عەباسی گوت: «سوار بە، با بڕۆین.»

عەباس ڕۆیشت و لەسەر عارەبانەکە و لە تەنیشت ئیسلام دانیشت. ئیسلام هەیەکی لە ئەسپەکەی کرد، عارەبانە بە ڕێ کەوت و خاتووناواییەکەش بە دوایان کەوت. کە بە تەنیشت باخەکەی ئاغادا پێچیان کردەوە، قرووسکەی خاتووناواییەکە هاتە بەرگوێ. عەباس خۆی هەڵدایە خوارێ. بەردێکی تیژ بە پێی خاتووناواییەکە کەوتبوو و کوڕەکەی مەشەدی سەفەریش بەپەنا حەوزەکەدا، تێی تەقاند.

٧

عەباس و خاتووناواییەکە گەڕانەوە بەیەل. پووری لەپشت دیوارەکە ئاگری کردبووەوە و دووکەڵی وە هەوا خستبوو. دانووی لێ دەنا. سەری هەڵێنا و عەباسی بینی و هاتە ئەملا. کەوچکە دارینەیەکی گەورەی بەدەستەوە بوو کە گەنمی پڵیشاوی پێوە لکابوو.

پووریێ گوتی: «دیسان ئەو چڵکنەت هێنایەوە؟»

عەباس گوتی: «ئادی، مەگەر قەرار بوو نەیهێنم؟.»

پووریێ گوتی: «چەند جارم گوت بەرەڵای بکە با بڕوا؟»

عەباس گوتی: «منیش چەند جارم گوت بەرەڵای ناکەم.»

پووریێ گوتی: «کەواتە منیش دەچمەوە کن کوڕەکەم.»

عەباس گوتی: «باشە. هەر کاتێ ویستت بڕۆ.»

پووریێ گوتی: «دەزانی ئەگەر بڕۆم بەدبەخت دەبی و وەکو ئیسلام دەبێ بۆ خۆت کارەکانت ڕاپەڕێنی؟»

عەباس گوتی: «زگت بە من و ئیسلام نەسووتێ.»

پووریێ گوتی: «زۆر باشە، ئەوە پێم گوتی و خۆت دەزانی.»

عەباس گوتی: «برۆ بیری لێ بکەوە. ویستت برۆ و نەتویست مەڕۆ.»

پووریێ ڕاوەستا، تاوێک لە عەباسی ڕوانی و چووە پشت دیوارەکە و دووکەڵێکی خەست و ڕەش بە هەوادا بەرز بووەوە. عەباس و خاتووناوایییەکە ڕوویان لە ماڵی ئیسلام کرد. عەباس پەنجەرەی کردەوە و چووە ژووریێ. لیفکە و جامێکی چینکۆی هێنا و هاتە سەر حەوز. قۆڵی هەڵماڵی و دەستی بە شوشتنی خاتووناوایییەکە کرد.

پاپاخ و بەدوای ئەویشدا بزنە ڕەشەی ئیسلام و سەرلەئاخیر کوڕەکەی مەشەدی سەفەر و سەگەکانی بەیەل هاتن و بە ڕیز راوەستان و چاویان لە عەباس و خاتووناوایییەکە بڕی کە لە هیچی خۆڕایییەوە هەڵدەلەرزی و خۆی دەلستەوە.

٨

پیاوەکان لە گۆڕەپانەکەی پشت ماڵی مەشەدی سەفەر و لەسەر کەڵەدارەکان دانیشتبوون و قسەیان دەکرد.

مەشەدی جەبار گوتی: «دەی، پێتان وایە دەبێ چی بکەین؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی، دەبێ فکرێکی چاکی لێ بکەینەوە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «ئێستا کە دنیا گەرم داهاتووە، ئیدی نایباتەوە.»

مەشەدی جەبار گوتی: «چما بۆ خۆی دەچێتە دەشت و دەر تا ئەو چڵکنەی ببا؟»

عەبدوڵڵا گوتی: «هەر چۆنێک بووە دەبێ ، ئەم خاتووناوایییە لە کۆڵ بەیەل بکرێتەوە.»

مامە زەینەڵ کە بە دارشەقەکانیەوە هاتبوو و لە تەنیشت کەڵەدارەکان

دانیشتبوو، گوتی: «با بڕۆین پێی بڵێین بەرەڵای بکا و ئا!»

سەرسوور لەپشت کەڵەدارەکانەوە لە قاقای پێکەنینی دا.

مەشەدی جەبار گوتی: «بەرەڵای ناکا. دەبێ فکرێکی تری لێ بکەینەوە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «ئەگەر بیفرۆشتبا، لێمان دەکڕی.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «کەس ئامادە نییە قرووشێکیش بەم گرۆیە بدا.»

مەشەدی جەبار ڕووی لە کوێخا کرد و گوتی: «تۆ چی دەڵێی کوێخا؟»

کوێخا ڕووی لە ئیسلام کرد و گوتی: «من نازانم. مەشەدی ئیسلام چۆن دەڵێ، وا دەکەین.»

ئیسلام کە بڕۆی تێک نابوون، گوتی: «کارتان پێی نەبێ. ئێستا کە عەباس دڵی بە پیرەسەگێک خۆش کردووە، وازی لێ بێنن با دڵی خۆش بێ.»

مەشەدی جەبار و مەشەدی بابە پێکەوە گوتیان: «چی؟ کارمان پێی نەبێ و بهێڵین دڵی خۆش بێ؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر بە مەشەدی جەبار و مەشەدی بابەی گوت: «خاترجەم بن، ئەمن دەزانم چی لێ دەکەم.»

ئیسلام هەستا و ڕۆیشت. مامە زەینەڵیش بە خۆی و دارشەقەکانیەوە، بەرەو ئاڵاخانەی گوند، کەوتە ڕێ. کاتی مەلابانگدان بوو بەڵام هیچ باسێک لە بانگ نەبوو.

## ٩

عەباس، خاتووناواییەکەی بردە ژووری و لەبەر پەنجەرەی دانا. پووری چرای داگیرساندبوو و لە بنەبان دانیشتبوو. عەباس بەرشێوەکەی لەسەر ڕەفە هەڵگرت و هاتەوە لای پەنجەرە. نیوەی دانووەکەی خوارد و ئەوەی تریشی خستە بەردەمی خاتووناواییەکە.

پووریَ گوتی: «دەمزانی دەیهێنییەوە ماڵێ!»

عەباس گوتی: «هەر ئێستا شوشتم.»

پووریَ گوتی: «چما، سەگ بە شوشتن خاوێن دەبێتەوە؟»

عەباس گوتی: «ئەنگۆ پێتان وایە بەس بە کوشتن خاوێن دەبێتەوە.»

عەباس و خاتووناواییەکە، پاش بەرشێوکردن چوونە سەربان. پووریَ هەڵسا تاکو بخەویَ، سەری لە کڵاوڕۆژنەی ژووریَ بردە دەریَ و لە دەرێی ڕوانی. عەباس لە سەربان خەوتبوو و خاتووناواییەکە لە پاڵ سەری دانیشتبوو و لە ئەستێرەکانی دەڕوانی و جارجارەیش چاوێکی دادەگرت.

١٠

ئیسماعیل و مەشەدی بابە و عەبدوڵڵا و مەشەدی جەبار و سەرسوور و کوڕی مەشەدی سەفەر و پووری عەباس لە گۆڕەپانەکەی پشت ماڵی مەشەدی سەفەر و لە پەنا کەڵەدارەکان دانیشتبوون.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر ڕووی لە پووریَ کرد و گوتی: «پووریَ، دەنگوباسی مەشەدی عەباس چییە؟»

پووریَ گوتی: «هیچ. وازی لە کاروبار هێناوە و بەس خەریکی خاتووناواییە بێفەڕەکەیە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «هیچ کارێکیش ناکا؟»

پووریَ گوتی: «دەمێکە هیچ ناکا.»

مەشەدی بابە گوتی: «خەریکە لە پێناو سەگێکدا خۆی بەدبەخت دەکا.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «بە ئێمە چی کە خۆی بەدبەخت دەکا یان ناکا. من بەشبەحاڵی خۆم، ڕقی دنیام لەم سەگە خاتووناواییەیە. خوا شایەدە حەز ناکەم هەر چاوم پێی بکەویَ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «منیش ڕێک وەکو تۆم.»

پووری گوتی: «جا، بۆ هەش بەسەرێکی وەک من چی دەڵێن کە دەبێ لەو ماڵەدا نوێژ بکەم.»

ئیسماعیل گوتی: «هەرچۆنێکی لێ دەنۆڕم، دەبینم هەم بۆ مەشەدی عەباس و هەم بۆ خەڵکی بەیەل باشترە ئەم بێفەڕە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە.»

سەرسوور گوتی: «ئەورۆ عەباس پێی گوتم ئاگام لە سەگەکەی بێ.»

مەشەدی بابە گوتی: «بە تەمایە بۆ سەگێکی بەرەڵا خزمەتکار ڕاگرێ؟»

ئیسماعیل گوتی: «بە خوای ئەم عەباسە تۆزقاڵێک ئەقڵی لە مێشکدا نەماوە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «جارانیش مێشکی هەر بەتاڵ بوو.»

مەشەدی جەبار ڕووی لە کوڕەکەی مەشەدی سەفەر کرد و گوتی: «دەی باشە، بڵێ بزانم ئێستا دەبێ چی بکەین؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر لەسەر چیچکان دانیشت و ئەوانی تر لێی نزیک کەوتنەوە و گوێیان بۆ هەڵخست. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر بە ئیسماعیلی گوت: «یەکەمین کار تۆ دەبێ بیکەی.»

ئیسلام بە خۆی و عارەبانەکەی لە وێنجەزارەکە دەرکەوت، هاتە پێشەوە و لە بەرامبەریان ڕاوەستا، لێیانی ڕوانی و گوتی: «بەتەمای چین؟ خەریکن گۆبەنێک بۆ میوانەکەی عەباس بنێنەوە؟»

کەس وەڵامی نەدایەوە.

## ١١

دەوروبەری نیوەڕۆ بوو، عەباس خاتووناواییەکەی بردبووە سەر حەوز و خەریکی شوشتنی بوو کە ئیسماعیل دەرکەوت.

عەباس لێی پرسی: «ئەوە بەم ڕۆژی نیوەڕۆیە چی دەکەی ئیسماعیل؟»

ئیسماعیل گوتی: «تۆ خۆت چی دەکەی؟ بۆ نەچوویتە ئەو دەشت و دەرەی؟»

عەباس گوتی: «دەمویست ئەو بەستەزمانەی بشۆم.»

ئیسماعیل گوتی: «کاروبارت بەجێ هێشتووە و بەس خەریکی ئەو بەستەزمانەی؟»

عەباس گوتی: «چی بکەم؟ من ئاگام لێی نەبێ کێ ئاگای لێ دەبێ؟ پووریێ ئاگای لێی نییە، کوێخا ئاگای لێی نییە، ئیسلام ئاگای لێی نییە، تۆیش هەروەتر. ئەدی کێ ئاگای لێی بێ؟»

ئیسماعیل گوتی: «دەی باشە، تا شەوێ کارت تەواو دەبێ؟»

عەباس گوتی: «ئادی. زووتریش لێ دەبمەوە.»

ئیسماعیل گوتی: «کەواتە شەوێ وەرە ماڵمان. با خوشکیشت بە پووریێ بڵێ کە ئەویش بێت. دێیت ها؟»

عەباس گوتی: «چی لەم بەستەزمانە بکەم؟»

ئیسماعیل گوتی: «لێی گەڕێ با لەو ناوەی بخولێتەوە، تۆیش وەرە کنمان.»

عەباس گوتی: «نا. ناتوانم بەرەڵای بکەم. بەیەلییەکان ڕقیان لەم بەستەزمانەیە. دوور نییە بەڵایەکی بەسەر بێنن.»

ئیسماعیل گوتی: «ئێستا کە وایە، بەرەڵای ناو حەوشەی بکە، دەرکەی لەسەر گاڵە بدە و وەرە کنمان.»

عەباس کە خەریکی شوشتنی گوێیەکانی سەگەکەی بوو، گوتی: «ئەوەیان خراپ نییە. وا دەکەم.»

سەرسوور کە تازە گەیشتبووە لایان، هات و لە تەنیشت عەباس دانیشت

و دەستی کرد بە شوشتنی گوێیەکانی خاتووناواییەکە. خاتووناواییەکەیش زمانی دەرکێشا و دەستی ئیسماعیلی لستەوە.

١٢

دەمەدەمی شەو بوو کە عەباس بەرەو ماڵی ئیسماعیل کەوتە ڕێ. خوشکەکەی لەپشت دیواری کەلاوەکەیان دووکەڵی وە هەوا خستبوو و خەریکی لێنانی دانوو بوو. هەرکە چاوی بە عەباس کەوت، بە خۆی و کەوچکە دارینەکەی دەستییەوە کە دانووی پڵیشاوی پێوە بوو، هاتە پێشەوە.

خوشکی عەباس گوتی: «دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.»

عەباس گوتی: «بڵێ، خوشکەلێ. بڵێ بزانم.»

خوشکی عەباس گوتی: «دەڵێم بەیەلییەکان هەرچییەکیان پێ گوتی، قەبووڵی بکە.»

عەباس گوتی: «بەیەلەییەکان بەتەمان چیم پێ بڵێن؟»

خوشکی عەباس گوتی: «من نازانم.»

عەباس گوتی: «ئیسماعیل هیچی پێ نەگوتووی؟»

خوشکی عەباس گوتی: «هەموویان هاتوون و چاوەڕێتن.»

عەباس دەربیجە دارینەکەی کردەوە. سەرەتا پێیەکانی و پاشان لەش و ئەوسا سەری بردە ژوورێ. ئیسماعیل و مەشەدی بابە و مەشەدی جەبار و عەبدوڵڵا بە دەوری چرایەکدا دانیشتبوون کە لە ناوەندی ژوورەکەدا هەڵکرابوو.

ئیسماعیل گوتی: «زۆرت پێ چوو مەشەدی عەباس؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی، زۆرت پێ چوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «دیارە سەرت قاڵە و کارت زۆرە؟»

عەباس بە ئیسماعیلی گوت: «چاوەڕێ بووم دنیا تاریک دابێ، مەگەر نەتگوت شەوێ وەرە؟»

ئیسماعیل گوتی: «ئادی ڕاست دەکەی. وەرە دانیشە، وەرە.»

عەباس ڕۆیشت و لە نێوان عەبدوڵڵا و مەشەدی بابە و ڕێک بەرامبەر بە چرایەک دانیشت، کە تیشکێکی کزی هەبوو.

عەبدوڵڵا گوتی: «باسوخواس؟»

عەباس گوتی: «کوێخا و ئیسلام لە کوێن.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئیشیان هەبوو و نەهاتن.»

عەباس گوتی: «دەی باشە. کارێکتان پێم هەبوو؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی. دەمانەوێ قسەت لەگەڵ بکەین.»

عەباس گوتی: «قسەی چی؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، بە تەماین قۆڵێکت بۆ هەڵماڵین.»

عەباس گوتی: «یانی دەتانەوێ چی بکەن؟»

مەشەدی بابە گوتی: «با جارێ پاروونانێک بخۆین، پاشان باسی دەکەین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەرێ بەڕاست مەشەدی ئیسماعیل، ئەو دانووە هەر نەکولا؟»

ئیسماعیل کە هەستایە سەرپێ، پوورێ و خوشکی عەباس بە خۆیان و سفرە و کاسەوە، هاتنە ژوورێ و لە تەنیشت پیاوەکان دانیشتن. دەنگی چرینی سەرسوور، لە دەربیجەی نیوە ئاوەڵاوەوە بیسرا. گۆرانیی نەدەگوت، لە دوورەوە بانگی کەسێکی دەکرد.

١٣

کە کوڕەکەی مەشەدی سەفەر لە ماڵ هاتە دەر، ئیسلام لە پەنا حەوز دانیشتبوو و لە سێبەری داربییەکەی دەڕوانی کە لە ئاودا دەلەرییەوە. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر بە پەنا دیواردا دەڕۆیشت، پاشان پێچی کردەوە لای ماڵی کوێخا و تاوێک لە دەوروبەری ڕوانی و خۆی هەڵدایە سەر دیوار و ون بوو.

بەیەل، مات و بێدەنگ بوو. دەنگی عەبدوڵڵا و مەشەدی بابە لە ماڵی ئیسماعیلەوە دەبیسرا. ئیسلام کڵاوەکەی داگرت، دانەوی و سێبەری ڕەش و تاریکی خۆی لە ئاودا بینی.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر قولێنگ بەدەست، بە دیواردا هەڵگەڕا و خۆی هەڵدایە نێو تاریکی و تاریکاییی کوڕەکەی مەشەدی سەفەری هەڵلووشی.

١٤

کە سفرەیان کۆ کردەوە، ژنەکان چوونە دەرێ.

مەشەدی بابە گوتی: «مەشەدی عەباس، ئێمە لێرە خڕ بووینەوە تا ڕاوێژێک بکەین و قۆڵێکت بۆ هەڵماڵین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، لەوێ ڕۆژێوە کە خوشکت هاتووەتە نێو ماڵی ئیسماعیل، هەر بەجارێک گۆڕاوی.»

عەبدوڵڵا گوتی: «سەد شوکر بۆ خوا، پوورت ئاگای لێت بووە.»

مەشەدی بابە گوتی: «دیارە هەر لە تاو تەنیایی بوو کە سەگێکی بەدبەختی خاتووناواییت هێنایە بەیەل.»

عەبدوڵڵا گوتی: «لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەگێکی چاکیش با، قسەیەکمان نەبوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «پاپاخی خۆمان گەلێک لەو خاتووناواییە چاترە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «ئەدی چۆن؟ تا ئەورۆکەیش هیچ گرفتێکی بۆ ئاشنا و بێگانەیەک ساز نەکردووە، کردوویەتی؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی مەشەدی عەباس، ئەوە لێک کۆ بووینەوە و قسەمان کرد و قسەمان بیست. ئێستایش بە تەماین ژنێکت بۆ بێنین.»

مەشەدی جەبار گوتی: «چاوەڕێی هاتنی زستانیش ناکەین. هەر لەم ڕۆژانەدا کارێکت بۆ دەکەین.»

ئیسماعیل گوتی: «ئادی مەشەدی عەباس، هەر ئێستا بیرێکی لێ بکەوە و وەڵامێکی پیاوانەمان بدەوە.»

عەباس سەری داخست و بیری کردەوە.

مەشەدی بابە و مەشەدی جەبار، سەبیلەیان داگیرساند و بەبزەوە چاویان لە مەشەدی عەباس بڕی.

١٥

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گەیشتە لای ماڵی عەباس و ڕاوەستا. پووریَ لە پەنا حەسیرەکانەوە چاوی بە کوڕەکەی مەشەدی سەفەر کەوت و بە کاسەیەک دانووەوە هاتە دەرێ. هەردووکیان چوونە نێو حەوشە و لە تەنیشت خاتووناواییەکە ڕاوەستان کە خەریک بوو کلکی دەلەقاند.

پووریَ لێی چووە پێشەوە و دانووەکەی خستە بەردەمی. خاتووناواییەکە بێ ئیشتیا بۆنی بە دانووەکەوە کرد و لە پووریَ و کوڕی مەشەدی سەفەر و قوڵینگەکەی ڕوانی. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر قوڵینگەکەی هەڵێنا و لەپشت خۆی شاردەوە.

پووریَ لێی چووە پێشەوە و گوتی: «وەرە، وەرە بیخۆ! دە بیخۆ دەی!»

سەگەکە دانەوی و دانووەکەی لستەوە.

پووریٚ ڕۆیشت و لەپشت کوڕەکەی مەشەدی سەفەر ڕاوەستا.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «پووریٚ، تۆ برۆ، بزانم چیم پیٚ دەکریٚ.»

پووریٚ چووە دەریٚ، لە پشت دیوارەکە و لەسەر زەوی هەڵتڕووشکا و چاوی لە خاتووناواییەکە بڕی کە دانەویبوو و بیٚ ئیشتیا، قاپەکەی دەلستەوە.

کوڕی مەشەدی سەفەر هەنگاویٚک هاتە پیٚشەوە و ڕاوەستا. بە هەردوو دەست قوڵینگەکەی هەڵیٚنا و لە پڕیٚکدا دایوەشاند و لە ئیٚسکەپشتی خاتووناواییەکەی دا. دەنگیٚک بیسرا، دەتگوت درەختیٚکیان خست. پاشان نووزەیەک هات کە هەر لە ناکاو تەقییەوە و بوو بە لوورەیەکی سەیر و ترسناک کە لە بەیەلدا دەنگی دایەوە.

پووریٚ، گیٚژ و حەپەساو کەوتە بن دیوارەکە. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر قوڵینگەکەی دیسان هەڵیٚنا و دایوەشاند و لوورەکەی بڕی.

ئیسلام کە لە پەنا حەوزەکە دانیشتبوو، هەڵبەزییەوە و واقوڕماو گویٚی بۆ دەنگدانەوەی لوورەکە هەڵخست. بەیەلییەکان ڕژانە دەریٚ. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر قوڵینگەکەی تووڕ هەڵدا و لە تاریکیدا ون بوو.

١٦

عەباس هاتە نیٚو حەوشەکە و خاتووناواییەکەی بینی کە بیٚدەنگ کەوتووە و جووڵەی نەماوە. پووریٚ، چرای هیٚنا و دایگیرساند. عەباس دانەوی و لیٚی ڕوانی. خاتووناواییەکە لە خویٚنیٚکی پەڵتاودا گەوزابوو. سەری کەوتبووە نیٚو قاپەکە و پشتی شکابوو. دەتگوت درەختە و تەوژمی با، شکاندوویەتی. بەیەلییەکان هاتن و لە پەنا دیوارەکە کۆ بوونەوە. مەشەدی جەبار و مەشەدی بابە و عەبدوڵڵا و سەرسوور لەلایەک و کویٚخا و ئیسلام لەلایەکی تر و ئەوانی تریش لەسەر دیوارەکەی بەرامبەر ڕاوەستان و لە پووریٚیان

ڕوانی کە هۆڕهۆڕ دەگریا و عەباسیش دەمی چووبووە کلیلەوە و لە تاکە تاکەیانی دەڕوانی.

کوێخا دەنگی هەڵبڕی: «کێ ئەم کارەی کردووە؟»

هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە.

کوێخا سەرلەنوێ پرسیاری کرد: «پێم بڵێن دەی! کێ پشتی ئەم بەستەزمانەی شکاندووە؟ کێ سەری لە کەلاکی جیا کردووەتەوە؟»

ئیسلام کۆکەیەکی کرد و هیچی نەگوت.

عەباس لە پەنا کەلاکی سەگەکە، بێدەنگ ڕاوەستابوو. هەر لە ناکاو هاواری کرد: «من دەزانم کێ وای کردووە. دەزانم کێ پشتی ئەم بەستەزمانەی شکاندووە و سەری خستووەتە نێو ئەم قاپەوە. منیش تۆڵەی دەکەمەوە. پشتیشی نەک جارێک، سەد جار دەشکێنم. سەریشی نابڕم، دەیپلیشێنمەوە.» بە غاردان حەوشەی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە لای ماڵی کوێخا. بە دیواردا هەڵگەڕا و تاوێکی نەبرد، بە قوڵینگێکەوە هاتەوە. لە پەنا حەوزەکە ڕاوەستا و لە ماڵی مەشەدی سەفەری ڕوانی کە تاریک بوو و ڕای کردە سەری کۆڵانەکەیان.

سەرسوور هەر لە ناکاو دەرکەوت و گوتی: «مەشەدی عەباس، مەشەدی عەباس، ئەمن دیتم هەڵات. هەڵات و ڕۆیشت. ڕۆیشتە هەزەڤان. بەرەو هەزەڤان ڕۆیشت.»

عەباس بە هاتوهاوار و لە حاڵێکدا کەفی دەچڕی، ڕای کردە دەرەوەی گوند و بە پەنا دۆڵەکەدا، بەرەو هەزەڤان ڕۆیشت.

## ١٧

کوێخا سەری سەرسووری بەهەردوو دەست گرت و هاواری کرد: «بۆ پێت گوت؟ ها؟ ئێستا دەیگرێ و دەیکوژێ.»

مـەشـەدی بابە و عـەبدوڵڵا، سـەرسـووریـان لە دەسـتی کـوێخـا دەرهـێنا و مەشەدی جەبار گوتی: «نەڕۆیشتووە، نەڕۆیشتـووەتە هەزەڤان. هەر لە بەیەل و لە ماڵی خۆیانە.»

کـوێخـا ئاوڕی دایەوە و ئیـسـلامی بینی کـە خـەریک بوو کـەلاکی خاتووناواییـیەکەی بەرەو باخی ئاغا خـاوکێش دەکـرد. پوورێش فـانۆسی بەدەسـتـەوە بوو و بـەدوایدا دەڕۆیشت و مـەشـەدی جـەباریش گـوێی خاتووناواییـیەکەی گرتبـوو و دوورتر لە خـۆی ڕای گرتبـوو تا خـوێنەکەی نەپژێتە سەر پانتۆڵەکەی.

# چیرۆکی شەشەم

١

دەمەوئێوارە بوو کە مەشەدی جەبار گەیشتەوە بەیەل. بەیەلییەکان لەپشت ماڵی مەشەدی سەفەر دانیشتبوون و قسەیان دەکرد.

کوێخا هەر چاوی بە مەشەدی جەبار کەوت، گوتی: «یا الله مەشەدی جەبار، بەخێر بێیەوە، لە شار چ باس بوو؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «هیچ. لە شار هیچ باسێک نییە.»

مەشەدی بابە گوتی: «بە پێیان هاتییەوە؟»

مەشەدی جەبار لە تەنیشت ئیسلام دانیشت و پێڵاوەکانی داکەند و بە هانکەهانکەوە گوتی: «ئادی، لە جادەوە تاکو ئێرە بە پێیان هاتم.»

ئیسلام گوتی: «کەی گەیشتییە سەر جادەکە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «لە نیوەڕۆ لای دابوو.»

کوێخا گوتی: «ئەدی بۆ وە درەنگ کەوتی؟ لەو کاتەوە بەڕێوە بووی؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی. لە ڕێدا شتێکی عەجایەبم دی و مەحتەل بووم.»

کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی: «شتێکی عەجایەب؟ ئەو شتە عەجایەبە چی بوو؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «وەڵڵا هەرچەندم کرد و کڕاند، نەمزانی چی بوو.»

کوێخا گوتی: «نەتزانی؟ چۆن نەتزانی؟»

پیاوەکان لێی نزیک کەوتنەوە و دەوری مەشەدی جەباریان دا.

مەشەدی جەبار سەبیلەکەی ئیسلامی وەرگرت و چەند قومێکی لێ دا و

گوتی: «شتێکی گەورە بوو. نەمزانی چی بوو؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئاخر چۆناوچۆنی بوو؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «شتێکی گەورە بوو، وەکو مانگایەک، هەرچییەکم کرد نەمتوانی بیجووڵێنمەوە.»

عەبدوڵڵا گوتی: «چۆن بوو؟ سەروگوێلاکی هەبوو، نەیبوو؟ ئاخر چۆن چۆنی بوو؟»

مەشەدی جەبار بیرێکی کردەوە و گوتی: «لێم ڕوون نەبووەوە... چاو و گوێ... نا نەیبوو.»

کوێخا گوتی: «ئەدی دەست و لاق؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «دەست و لاق؟ نا، دەست و لاقیشی نەبوو. زۆریش قورس بوو.»

ئیسلام گوتی: «سەروسەکوتی چۆن بوو؟»

مەشەدی جەبار دیسان بیرێکی کردەوە و گوتی: «چۆن بڵێم؟ لە عارەبانەش نەدەچوو.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئێستا گوتت لە مانگا دەچوو.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، بە قەرا مانگایەک بوو. بڕێک لە مانگا گچکەتر بوو.»

کوێخا گوتی: «ئەدی نەتگوت دەست و لاقی نەبوو؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی، دیسان دەیڵێمەوە، دەست و لاق و چاو و گوێ و ئەوانەی نەبوو.»

ئیسماعیل گوتی: «لە کێ دەچوو؟»

مەشەدی جەبار بیرێکی کردەوە و لە تاک تاکی پیاو و ماڵەکانی ڕوانی، کۆکەیەکی کرد و گوتی: «لە هیچ کەس نەدەچوو، شتێکی سەیر و عەجایەب

بوو. وەکو... بە خوای نازانم چی بڵێم.»

عەبدوڵڵا گوتی: «چۆناوچۆن دەڕۆیشت؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «نەدەڕۆیشت. سەر و مل و شتی وای هەر نەبوو. شتێکی سەیر بوو. لە خانوویەکی گچکە دەچوو. خانوویەکی وەکو خانووەکەی بابەعەلی کە دوگمەی گەورە گەورەی بەملا و بەولاوە بێ.»

ئیسلام گوتی: «لە چی ساز کرابوو؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «نازانم، تەنەکە بوو، ئاسن بوو، یان شتێکی تر؟»

ئیسلام گوتی: «خۆ ترومبێلی لەکارکەوتە نەبوو؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «نا بابە، نا. تایە و تەگەر و شتی وای نەبوو، زۆریش قورس بوو.»

کوێخا لێی پرسی: «لە کوێت بینی؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ڕێک لە سەرووی شۆراوا، لەسەر ڕێی پورۆس.»

ئیسلام گوتی: «دەی دەی، ئێستا زانیم.»

پیاوەکان تێکڕا سەیری ئیسلامیان کرد.

کوێخا گوتی: «ها، چیت زانی مەشەدی ئیسلام؟»

مەشەدی ئیسلام گوتی: «هەبێ و نەبێ ئیشی ئەو پورۆسییانەیە، ئەوە لە جێیەکیان دزیوە و فڕێیان داوەتە سەر ڕێمان.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ڕاست دەکا، ئیش هەر ئیشی پورۆسییەکانە.»

پیاوەکان بیریان کردەوە.

مەشەدی بابە گوتی: «دەی، ئێستا دەڵێن چی بکەین؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «قسەی تێدا نییە، دەڕۆین بزانین چییە و چی نییە و بە کارمان دێ، یان نا؟»

ئیسماعیل چاوێکی بە ئاسمان و دەوروبەری حەوزدا گێڕا و گوتی:

«خەریکە تاریکی دادێ، شەو هێندەی نەماوە.»

مەشەدی بابە گوتی: «بیر لە شەو و شتی وا مەکەنەوە، بابی خۆم!»

کوێخا بە ئیسلامی گوت: «تۆ چی دەڵێی مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «بڕۆین؟ ئادی با بڕۆین بزانین ئەو شتە چییە؟»

کوێخا بە کوڕەکەی مەشەدی سەفەری گوت: «مەشەدی جەعفەر، دەتوانی دوو فانۆسمان بۆ بێنی؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر هەستایە سەرپێ و گوتی: «بۆچی ناتوانم!» و بە پەلە ڕۆیشت.

ئیسلام گوتی: «ئادی. با بڕۆین بزانین ئەو شتە چییە؟ ئەگەر بە کارمان نەهات، هەر لەوێ بەجێی دێڵین.»

مەشەدی بابە گوتی: «بە چی دەڕۆن، مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «جا ئەوە قسەیە؟ ئەسپەکەم لە عارەبانە دەبەستین و بە عارەبانە دەڕۆین.»

کوێخا گوتی: «زۆر باشە، کەواتە تا درەنگ نەبووە با بڕۆین.»

پیاوەکان هەستانە سەرپێ. دەمەوئێوارە بوو. مانگیش ڕەنگبزرکاو و هەڵمساو، لەلای پورۆسەوە هەڵدەهات.

٢

کە بەرشێویان کرد، هاتن و لە پەنا حەوز کۆ بوونەوە. ئیسلام ئەسپەکەی لە عارەبانە بەست، عارەبانەکەی هێنا و لەژێر داربییەکەی ڕاگرت. ئیسماعیل و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر بە خۆیان و دوو فانۆسەوە هاتن. فانۆسەکانیان لەسەر عارەبانەکە دانا و چاوەڕێیان کرد.

کوێخا گوتی: «ئەو فانۆسانەتان بۆ داگیرساندووە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «تۆ خۆت گوتت، کوێخا.»

کوێخا گوتی: «دنیا ڕووناکە، ئەوە نییە مانگ دەدرەوشێتەوە؟» و هێمایەکی بۆ حەوز کرد.

پیاوەکان ئاورێکیان دایەوە و لە مانگی نێو حەوزیان ڕوانی.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «تۆ خۆت گوتت فانۆس بێنم، نەتگوت؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «فانۆسمان پێویست دەبێ. ئەگەر فانۆسمان پێ نەبێ نابینین ئەو شتە چییە.»

بزنە ڕەشەی ئیسلام لە پاشخاندا نووزاندی و دەنگی سیسرکەکان لە باخی ئاغاوە هاتە بەرگوێ.

کوێخا گوتی: «تا دەگەینە شۆڕاوا، فانۆسەکان نەفتیان چک دەبێ. سەعات و قسوورێک ڕێمان لە بەرە.»

مەشەدی بابە بە کوڕی مەشەدی سەفەری گوت: «بیانکوژێنەوە، کە گەیشتینە جێ، پێیان دەکەین.»

مەشەدی جەبار فتیلەی فانۆسەکانی داگرت و فوویەکی لێ کردن. فانۆسەکان کوژانەوە.

ئیسلام کە لەسەر کۆتەدارێک دانیشتبوو، دەنگی هەڵێنا: «دەی، کێمان لەگەڵ دێ؟»

کوێخا گوتی: «ڕاست دەکا، خۆ هەمووتان بە تەما نین بچن؟»

مەشەدی بابە گوتی: «من دەڵێم با گەنجەکان بڕۆن. هەم قەوەتیان زۆرە و هەم ئەگەر تووشی پورۆسییەکان هاتن، دەتوانن هەڵێن یان دەرهەقیان بێن.»

کوێخا گوتی: «گەنجەکان یانی کێ؟»

مەشەدی بابە گوتی: «کوێخا، ئیدی ئەمن و ئەتو کەڵکی ئیشی وامان

نەماوە. گەنجەکان، یانی مەشەدی ئیسماعیل و مەشەدی جەبار و مەشەدی جەعفەر و عەبدوڵڵا. مەشەدی ئیسلامیشیان دەبێ لەگەڵ بێ.»

ئیسلام گوتی: «بەتەمای بڵێی لەگەڵمان نایەی؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئاخر ئەمن...»

کوێخا گوتی: «کوڕە عەیبە مەشەدی بابە، هەستە سوار بە، هەستە دەی.»

مەشەدی بابە هەستایە سەرپێ و تێکڕا بەرەو عارەبانەکە ڕۆیشتن. بەیەل کپ و خامۆش بوو. تەنیا لوورەی چەند سەگێک لە دوورەوە دەهات. مەشەدی سەفەر سەری لە کلاوڕۆژنەوە دەرهێنابوو و لە مانگی هەڵبزرکاوی دەڕوانی کە لە حەوزدا دەلەرییەوە. پاشان سێبەری پیاوەکانی بینی کە بە عارەبانەی ئیسلامدا هەڵدەگەڕان.

٣

کە پیاوەکان ڕۆیشتن و لە چاوان ون بوون، نەنە خانم و نەنە فاتم هاتن، بە کۆڵاندا تێپەڕین و لە بەیەل چوونە دەرێ و بەرەو گردەکەی نەبیاغا ڕۆیشتن.

شەوی هەینی بوو. پیرەژن دەڕۆیشتن تا لە نەبیاغاوە خاکی شیفا بۆ نەساغەکان بێنن.

٤

بیاوان ڕووناک بوو. ئەسپ بە تاو دەڕۆیشت و پیاوەکانی نێو عارەبانەیش، ئەژنۆ لە باوەش دانیشتبوون. ئیسلام قامچییەکەی لە مانگەشەودا هەڵدێنا و دەیسووڕاند و هەرای دەکرد: «دەی، بڕۆ دەی!»

ئەسپەکە، ویزەی قامچییەکەی دەبیست و گورجتر دەڕۆیشت. ئیسماعیل لە پەنا ئیسلام دانیشتبوو و گۆرانیی دەگوت. پیاوەکان پاڵیان بەیەکەوە دابوو. مەشەدی جەبار فانۆسەکانی لە باوەش گرتبوو. کوێخا، سەبیلەی

کوڕەکەی مەشەدی سەفەری بە دەستەوە بوو و پەیتا پەیتا دایدەگرت و دووکەڵی بەبا دەکرد. سەرەولێژییەکەیان وا دەبڕی، دەتگوت خەریکن دەکەونە نێو چاڵێکەوە. ئەسپ و سێبەرەکەی لە هەمیشە گەورەتر دەهاتنە بەرچاو. ئیسلام، مات و حەیران لە بیاوانی دەڕوانی. هەموویان خۆشحاڵ بوون، بەس مەشەدی بابە سەری خستبووە سەر ئەژنۆکانی و بە دەم خەونووچکەوە، پرتوبۆڵی بوو.

٥

بەر لەوەی بگەنە شۆراوا، ئیسلام لغاوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و عارەبانە ڕاوەستا.

کوێخا گوتی: «گەیشتین؟»

ئیسلام گوتی: «نزیکین. دەی مەشەدی جەبار ئەو شتەت لە کوێ بینی؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «سەرووتر بوو، ڕێک لەو توولەڕێیەی بەرەو پورۆس دەڕوا.»

ئیسلام گوتی: «کەواتە بچمە سەرتر؟»

مەشەدی بابە گوتی: «نا، مەشەدی ئیسلام. بەرەو پورۆس نەچی ها، بۆ خاتری خوا تووشمان مەکە.»

پیاوەکان پێ کەنین. ئیسلام قامچییەکەی هەڵێنا و عارەبانە بەڕێ کەوت. کە گەیشتنە شۆراوا، کەوتنە نێو تاریکییەوە. ئیتر دەنگی پێی ئەسپ و تەگەرەکان نەدەبیسرا. ئەو ناوە کپ و مات بوو. مەشەدی جەبار فانۆسە خامۆشەکانی لە باوەش گرتبوو.

مەشەدی بابە لەسەرەخۆ لە عەبدوڵڵای پرسی: «بە تەمای کوێن؟»

ئیسلام پێ کەنی و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دەچینە پورۆس.»

مەشەدی بابە گوتی: «مەیکە فشە، مەشەدی ئیسلام قەت کاری وا ناکا.»

ئیسلام گوتی: «مەترسێ مەشەدی بابە. ئەگەر بچینە پورۆسیش، پورۆسییەکان هیچ ئیشێکیان پێت نییە.»

مەشەدی بابە گوتی: «بەهەرحاڵ نەڕۆین باشترە، وا نییە کوێخا؟»

ئیسلام پێ کەنی. کە عارەبانە گەیشتە سەر تووڵەڕێیەکەی پورۆس، سێ پیاوی پورۆسی بە خۆیان و ئەسپەکانیانەوە هاتن، بە پێش عارەبانەی ئیسلامدا تێپەڕین و وەکو با لە تووڵەڕێیەکەدا ون بوون. مەشەدی بابە خۆی لەپشت پیاوەکانی تر شاردەوە. ئیسلام عارەبانەکەی ڕاگرت. بەیەلییەکان مات و بێدەنگ لە پورۆسییەکانیان دەڕوانی کە بەرەو میشۆ چووبوون.

مەشەدی بابە گوتی: «نەمگوت؟ نەمگوت ئیسلام؟»

کوێخا گوتی: «کاریان پێمان نەبوو.»

ئیسلام پێ کەنی.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «لێخوڕە مەشەدی ئیسلام، لێخوڕە با بڕۆین!»

عارەبانە بە ڕێ کەوت و ئیسلام گوتی: «مەشەدی جەبار، کە گەیشتینە شوێنەکە، پێمان بڵێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «وابزانم هەر لەم دەوروبەرە بوو.»

ئیسلام عارەبانەکەی ڕاگرت. بەیەلییەکان لەو ناوەیان ڕوانی.

کوێخا گوتی: «ئەدی کوانێ؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «بڕۆ خوارتر، کەمێک خوارتر.»

پیاوەکان دابەزین. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر فانۆسێکی پێ کرد و دایە دەست مەشەدی جەبار و خۆیشی فانۆسە خامۆشەکەی بەدەستەوە گرت. پێکەوە و شان بە شان بەڕێ کەوتن.

ئیسماعیل گوتی: «بەرەو کوێ دەچین؟ ئەگەر بە تەماین بچینە پێشتر،

چاکترە سواری عارەبانەکە بین.»

مەشەدی جەبار ڕاوەستا، بە سەرسوڕمانەوە لەو ناوەی ڕوانی و گوتی: «هەر لەم دەوروبەرە بوو.» و فانۆسەکەی هەڵێنا، پاشان دانەوی و لە بەرپێی خۆی ڕوانی.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر لە قاقای پێکەنینی دا. ئیسلامیش پێ کەنی.

کوێخا گوتی: «ئەوە لە چی دەگەڕێی مەشەدی جەبار؟ ئەدی نەتگوت زۆر گەورەیە و بە کەس ناجووڵێ؟»

پیاوەکان پێ کەنین. مەشەدی جەبار هیچی نەگوت و لە شتێکی نادیار دەگەڕا.

٦

نەنە خانم و نەنە فاتم لەسەر سەکۆی ئاستانەکەی نەبیاغا دانیشتبوون. چاوەڕێ بوون تا دەنگەدەنگی هاتوچۆی نێو زیارەتگە ببڕێتەوە و بتوانن بچنە ژوورێ. بەیەل لەو خوارە بوو و باخەکەی ئاغایش لە بەرامبەریان هەڵکەوتبوو. حەوزە گەورەکەی گوندیش لە نێوان ماڵەکان و لەژێر تریفەی مانگەشەودا، دەتگوت چاوی مردووە و لە ئاسمان دەڕوانێ.

کە دەنگەدەنگەکە کەمتر بووەوە، نەنە خانم هەستایە سەرپێ و دەرکەی زیارەتگەی کردەوە و پێی خستە نێو تاریکییەوە. بە پارێزەوە مۆمێکی داگیرساند. مشکەکان ڕووناکییان بینی و بەرەو مەزارەکە دەرپەڕین و لە کونەکاندا ون بوون. نەنە فاتم کە لە بەردەرکە ڕاوەستابوو، لەسەرەخۆ و بەدەنگێکی نزمەوە گوتی: «یا الله، یا حەزرەتی عەلی، یا محەمەد، یا حەسەن، یا حوسێن، السلام علیک یا الله، یا حەزرەت، یا عەلی یا محەمەد یا حەسەن یا حوسێن. بۆ خاکی شیفا هاتووین. یا حەزرەت، یا ئیمام، یا عەلی، یا الله، نەخۆشەکانی بەیەل شیفا بدە! هەر خۆت شیفایان بدە!»

مەشەدی جەبار دانەویبوو و پێ بە پێی تیشکی فانۆسەکە دەچووە پێشەوە و لە دەوروبەری دەڕوانی. بەیەلییەکانیش هێدی هێدی بە دوایدا دەڕۆیشتن.

ئیسماعیل گوتی: «دەڵێم مەشەدی جەبار بەڵایەکی بەسەر نەهاتبێ؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «هیچ بەڵایەکی نییە. خۆی لە گێلی داوە!»

ئیسلام گوتی: «مەشەدی جەبار، مەشەدی جەبار! ئەوە چییە؟ بۆ وا دەکەی؟»

مەشەدی جەبار دانیشت و لە ناکاو هاواری کرد: «ئەوەتانێ. دیتمەوە، دیتمەوە.»

پیاوەکان لە مەشەدی جەبار کۆ بوونەوە و دانەوین.

مەشەدی جەبار دەستی بۆ زەوییەکەی بەرپێی درێژ کرد و گوتی: «چاوتان لێیە؟ لێرە بووە و بردوویانە. دەبینی مەشەدی ئیسلام؟ چاوت لێیە مەشەدی بابە؟»

ئیسلام گوتی: «ڕاست دەکا. شتێک لێرە بووە و زەوییەکەی قووڵ کردووە.»

کوێخا گوتی: «چۆن؟ چۆن بردوویانە؟ کێ بردوویەتی؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «قسەی تێدا نییە پوورۆسییەکان بردوویانە. زووتر بە خۆ نەکەوتین، ئەوانیش هاتوون و بردوویانە.»

مەشەدی جەبار بە کۆمەکۆم ڕۆیشت و گەیشتە لێواری دۆڵەکە. فانۆسەکەی هەڵێنا و سەیری نێو دۆڵەکەی کرد و هاواری کرد: «هۆ... مەشەدی ئیسلام! کوێخا! وەرن، وەرن ئەوەتانێ لێرەیە. لەنێو دۆڵەکەدایە.»

بەیەلییەکان خۆیان گەیاندە لێواری دۆڵەکە و لێی دانەوین. سندووقێکی

گەورەی کانزایی لەو خوارە کەوتبوو و لەبەر تریفەی مانگدا، دەبریسکایەوە.

ئیسلام گوتی: «خۆیەتی مەشەدی جەبار؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئادی. خۆیەتی! ڕێک خۆیەتی!»

مەشەدی جەبار و بە دوای ئەویشدا پیاوەکان بە سەراولێژییەکەدا داگەڕان.

مەشەدی جەبار بە دەوری سندووقەکەدا خولایەوە و گوتی: «ئادی ڕێک خۆیەتی!»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر دانیشت و فانۆسە خامۆشەکەی لە ئیسماعیل وەرگرت، پێی کرد و چووە پێشەوە. خولێکی بەدەوری سندووقەکە دا و لە تەنیشت پیاوەکان دانیشت و فانۆسەکەی لەپێش خۆی دانا.

ئیسلام گوتی: «ئەوە کێ فڕێی داوەتە نێو ئەم دۆڵەوە؟»

مەشەدی جەبار گوتی: «بێ ئەملا و ئەولا کاری پورۆسییەکانە.»

ئیسماعیل گوتی: «هەر باش بوو دیتمانەوە.»

مەشەدی بابە سەبیلە و تووتنەکەی دەرهێنا و گوتی: «مەشەدی جەبار! پێت وایە ئەم شتە چییە؟»

عەبدوڵڵا گوتی: «سندووقە، سندووق، سندووقێکە و لە تەنەکە دروست کراوە.»

مەشەدی بابە گوتی: «قسەی تێدا نییە سندووقە، بەڵام چی تێدایە؟»

عەبدوڵڵا هەستایە سەرپێ، لە سندووقەکە نزیک بووەوە و گوتی: «دەرکە و مەرکەی نییە. کە دەرکە و مەرکەیشی نەبێ، ناتوانین بزانین چی تێدایە!»

ئیسماعیل گوتی: «کە دەرکەی نەبێ، ناوەوەیشی نییە تاکو پڕ، یان بەتاڵ بێ.»

عەبدوڵڵا گوتی: «دوور نییە ترومبێل بێ و پاش وەرگەڕان وای لێ هاتبێ؟»

ئیسلام گوتی: «نا بابە نا. ترومبێل نییە. ترومبێل تەگەری هەیە.»

کوێخا گوتی: «دەڵێم هەرامەی حەمام نەبێ؟»

ئیسلام بە سەرسوورمانەوە گوتی: «چیی حەمام؟»

کوێخا گوتی: «لەوانەی لە شاردا و لە سەربانی ماڵەکەی عینایەتمان بینی.»

ئیسلام گوتی: «نا. ئەو بەتاڵ بوو و ئاویان تێ کردبوو. ئەوهایش نەبوو.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «هیچ نییە و هەمووی ئاسنە.»

کوێخا گوتی: «کێ ئاسنی وای دیوە؟»

مەشەدی بابە گوتی: «جا کەڵکی چییە؟ بە چ کارێک دێ؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دەکرێ جام و مەنجەڵ و شتی تری لێ دروست بکرێ.»

ئیسلام کە دەتگوت لە جەزبەدایە و چاوی لە سندووقەکە بڕیبوو، گوتی: «نا، ئاسن نییە. شتێکی زۆر سادە و ساکارە. لێوارەکانی دەبینن؟ تۆڕ و مۆرەکانی دەبینن؟ دوگمەکانی دەبینن؟»

کوێخا گوتی: «مەشەدی ئیسلام ڕاست دەکا. ئەوە دەبێ شتێکی تر بێ. دەبێ شتێکی زۆر موهیم بێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «هەرچییەک بێ و نەبێ، پێم وا نییە بە کارمان بێ.»

عەبدوڵڵا گوتی: «ئەگەر بەکار هاتبا، پورۆسییەکان فڕێیان نەدەدا.»

ئیسلام گوتی: «لەوانەیە نەیانتوانیبێ بیبەن.»

کوێخا گوتی: «مەشەدی ئیسلام توو ئەو خوایە هەستە بزانە ئەوە چییە؟»

ئیسلام هەستایە سەرپێ و لە سندووقەکە نزیک کەوتەوە. دەستێکی پێدا خشاند، لە تەنیشت سندووقەکە دانیشت و سەیری دوگمەکانی کرد. تریفەی

مـانگ لە سندووقـەکەی دەدا و دەبریسکایەوە. ئیـسـلام لـەبەر خـۆوە گـوتی: «ئەوە چیـیـە؟ خـوایە دەبێ چی بـێ؟» سـەری بردە پێـشـەوە و ڕوومـەتی بە سندووقـەکەوە نا. پاشـان گوێی خسـتـە سـەر سندووقـەکە و تەمـای گـرت. لە پڕێکدا هەستایە سەرپێ و پیاوەکان لێیان ڕوانی.

ئیـسـلام گـوتی: «هـەسـتن، هـەسـتن وەرن گـوێی لـێ بگرن! کـوێخـا! مـەشـەدی بابە! وەرە ئیسماعیل!»

پیاوەکان هەستان و چوونە پێشەوە و گوێیان بە سندووقەکەوە نا.

ئیسلام گوتی: «گوێتان لێیە؟»

کوێخا گوتی: «ئادی، ئادی.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «من هیچ نابیسم.»

ئیـسلام گوتـی: «چاک گوێ بگرە.» خـۆیشی لە تەنیشت پیـاوەکان دانیـشت و گوێی بە سندووقەکەوە نووساند و دیسان گوتی: «گوێتان لێیە؟»

مەشەدی بابە گوتی: «من شتایەک دەبیسم.»

ئیسماعیل گوتی: «ڕاست دەکا، شتایەک دەبیسرێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «من هیچ نابیسم.»

ئیسلام گوتی: «گوێت لێیە کوێخا؟»

کوێخا گوتی: «دەڵێی دەنگی بایە و خەریکە لەناویدا دەخولێتەوە.»

مەشەدی بابە گوتی: «نەخێر، ئەوە دەنگی ئاوە.»

ئیسماعیل گوتی: «نەکا کۆمەڵێک مێش و مەگەزیان تێ کردبێ؟»

ئیـسـلام سـەری هەڵێنا و گـوتی: «نا، دەنگی هیـچ شـتێک نییـە. خـەریکن لەو ناوەدا دەگریەن. ئەوە دەنگی شین و ڕۆڕۆیە.»

پیاوەکان گوێیان بە سندووقەکەوە نووساند و لە ترسان هەڵبەزینەوە.

کوێخا گوتی: «ئادی، بە زاتی خوای دەنگی گریان و ڕۆڕۆی لێوە دێ.»

مەشەدی بابە گوتی: «یانی دەڵێی کەسێک خەریکە لەناویدا دەگریێ؟»

ئیسلام گوتی: «هیچ کەس لەو نێوەدا ناگریێ. ئەوە مەرقەدە، مەرقەدی ئیمامزادەیەکە و ئا. نابین چۆناوچۆنە؟ دەنگی شین و ڕۆڕۆتان نەبیست؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «من هیچم نەبیست.»

پیاوەکان کشانە دواوە و دانیشتن.

کوێخا گوتی: «ئێستا چی بکەین ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «دەیبەینەوە بەیەل. دەیبەینەوە گوندەکەی خۆمان.»

مەشەدی بابە گوتی: «بیبەین لەوێ چی لێ بکەین؟ بیبەین لەنێو ئالاخانەکەدا و لە تەنیشت ئەوانی تری دانێین؟»

ئیسلام گوتی: «جارێ با بیبەین، دوایە پێتان دەڵێم چی لێ دەکەین.»

حیلەی ئەسپێک لە دوورەوە هاتە بەرگوێ. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر بە پەلە چووە سەرەوە. پورۆسییەک قەمەیەکی بە دەستەوە بوو و بە دەوری عارەبانەکەدا دەخولایەوە و ئاگای لەوان بوو. هەر چاوی بە سەر و کەللەی کوڕەکەی مەشەدی سەفەر کەوت، تێی تەقاند و لە تاریکاییی ئەولای دۆڵەکەدا، ون بوو.

٨

کە لە بەیەل نزیک کەوتنەوە، لە نیوەشەو لای دابوو. نەنە فاتم و نەنە خانم بە دوو فانۆسی هەڵکراوەوە هاتبوون و لە نزیک باخی ئاغا دانیشتبوون. دنیا سارد بوو و مانگیش بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتبوو. ئیسلام لغاوی ئەسپەکەی گرتبوو و ڕایدەکێشا. پیاوەکان بە پێیان دەهاتن و بە هانکەهانکەوە عارەبانەکەیان پاڵ دەدا. سندووقەکە لە عارەبانەدا بوو. نەنە خانم و نەنە فاتم کە لە دەرێی گوند دانیشتبوون، هەستانەوە و بەرەوپیریان هاتن. ئیسلام عارەبانەکەی ڕاگرت و پیاوەکانیش ڕاوەستان و هەناسەسوار،

هاتنه پێشەوە.

نەنە خانم گوتی: «ئەوە چییە مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «ئەوە... ئەوە ئیمامزادەیە، نەنە خانم.»

نەنە فاتم گوتی: «چی؟ ئیمامزادە؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی، ئەوە مەرقەدە، مەرقەدی ئیمامزادەیە.»

نەنە خانم بە پەلە ڕۆیشتە پێشەوە و فانۆسەکەی هەڵێنا، بە سەرسوڕمانەوە لە سندووقەکەی ڕوانی و مستێکی لە سینگی خۆی کوتا و گوتی: «یا غریب الغربا، یا امام الزمان.»

نەنە فاتم گوتی: «السلام علیك یا محمد یا حضرت یا فاطمة یا علي.»

ئیسلام گوتی: «یا ثارالله.»

کوێخا گوتی: «السلام علیك یا امام الغربا.»

پیاوەکان هاتن و بە دەوری سندووقەکەدا کۆ بوونەوە. پیرەژنەکان لە بەرامبەر عارەبانەکە دانیشتن. ئیسلام چووە سەر عارەبانەکە، سندووقەکەی ماچ کرد و دەستی بە گریان کرد و ژن و پیاوەکان کردیانە ڕۆڕۆ.

ئیسلام بەدەنگی بەرز دەستی بە سەردوولکەخوێندن کرد. پیاوەکان هەستانە سەرپێ و دەستیان بە سینگکوتان کرد و لە ئیسلامیان گێڕایەوە.

مەشەدی سەفەر لە خەو هەڵسا و سەری لە کلاوڕۆژنەی سەربان هێنایە دەر و چاوێکی بەو ناوەدا گێڕا. بەیەلییەکانی بینی، لە ماڵەکانیان دەرکەوتبوون و بەرەو دەرێی گوند دەڕۆیشتن.

٩

کە بەیان داهات، عارەبانەیان هێنایە بەردەرکەی ماڵی ئیسلام. پیرەژنەکان بازنەیەکیان بە دەوری عارەبانەکەدا بەست و دانیشتن. کوێخا و ئیسلام و مەشەدی جەبار، ڕۆیشتن تا شوێنێک بۆ سندووقەکە ببیننەوە.

مەشـەدی جەبار گـوتی: «دەڵێم پشتـەوەی ماڵی مەشـەدی سـەفـەر لە هـەموو جێیەک باشترە.»

ئیسـلام گوتی: «هیچ باشـتر نییـە، جێیـەکی بەرچاوتری دەوێ. جێیەکی وا کە لە دەرێی گوندیشڕا ببینرێ.»

کوێخا گوتی: «ڕاست دەکا، گۆڕەپانەکە قووڵە، هیچ کەسیش بە گۆڕەپاندا تێناپەڕێ.»

مەشەدی جەبار گوتی: «ئەدی لە کوێی دانێین؟»

ئیـسـلام گـوتی: «بـەرزاییـیـەکـەی تەنیـشت ئاڵاخـانە، لە هـەمـوو جـێـیـەک باشترە.»

کوێخا گوتی: «دەمخۆش مەشەدی ئیسلام، چاکت گوت!»

مەشەدی جەبار گوتی: «زۆر باشە، دەیبەینە تەنیشت ئاڵاخانە.»

گـەڕانەوە و بـەرەو مـاڵی ئیـسـلام ڕۆیشـتن و عـارەبانـەیان هێنـایە سـەری کۆڵان و بە پشت ماڵی کوێخادا تێپەڕین و گەیشتنە تەنیشت ئاڵاخانەکە.

مەشەدی بابە گوتی: «چی دەکەن؟ بە تەمان بیبەنە نێو ئاڵاخانەوە؟»

ئیسـلام گوتی: «نا، دەیبـەینە ئـەو سـەرە. دیوارێکی بە دەوردا دەکێشین و پایزێش بانێکی بۆ دەکەین.»

کوێخا گـوتی: «فـیکرێکی چاکت لێی کردەوە مـەشـەدی ئیسـلام. فیکرێکی زۆر چاکت لێی کردەوە.»

ئیـسـلام گوتی: «ئەوڕۆ تا ئەو ئیـشـەی تەواو نەکـەین، هیچ کـەس ناچێـتـە دەشت و دەر.»

کوێخا گوتی: «ئادی، کەس ناڕوا، ئەوڕۆ جوعمەیە.»

ئیسـلام کڵاوەکـەی داگرت و لەسـەر عـارەبانـەکـەی دانا و بە سـەرسـووری گوت: «هەستە، بە غار برۆ چەند بێڵ و قازمەیەک بێنە.»

کوێخا بە هەڵماتێک، هێڵێکی درێژی لەسەر عەرز کێشا و گوتی: «چوار دیواری بە دەوردا دەکێشین، وا نییە مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی، چوار دیواری بە دەوردا دەکێشین.»

کوێخا گوتی: «ئەم عەرزە بەش دەکا؟»

ئیسلام گوتی: «ئەدی کو بەش ناکا؟»

مەشەدی بابە گوتی: «بە چەند ڕۆژان تەواو دەبێ؟»

ئیسلام گوتی: «هەر ئەورۆ تەواوی دەکەین.»

مەشەدی بابە گوتی: «کێ دەچێ ئاو بێنێ؟»

کوێخا گوتی: «هەموومان. ئەو کارە خێرێکی زۆری تێدایە. ئیمام حوسێن بۆتان قەرەبوو دەکاتەوە.»

ئیسماعیل گوتی: «من ئاو دێنم، قوڕ دەشێلم و هەر کارێکی تریشم پێ بڵێن دەیکەم.»

عەبدوڵڵا گوتی: «منیش ئاو دێنم.»

نەنە فاتم گوتی: «ئیمامزادەیەکی چاک و لەباری لێ دروست دەبێ. ئاڵاکان دێنینە سەرێ، شەمدان و شتەکانی تریش دێنین و مەرقەدەکەی پێ دەڕازێنینەوە.»

نەنە خانم گوتی: «یا ئیمام حوسێن، دەخیلتم.»

ئیسلام گوتی: «مەرقەدەکە لەوێ دادەنێین و دیوارەکان بە دەوریدا هەڵدەچنین.»

پیاوەکان بەرەو عارەبانەکە ڕۆیشتن. سەرسوور بەخۆی و چەند بێڵ و قازمەیەکەوە هات. پیرەژنەکان بەرەو ئاڵاخانە ڕۆیشتن و مەشەدی زەینەڵیش بەخۆی و دارشەقەکانیەوە هات و لەبەر دەرکی ئاڵاخانەکە دانیشت. خۆر دەرکەوت و بەیەلییەکان هیچ کامیان نەچوونە دەشت و دەر.

نیوەڕۆ هێندەی بەسەر نەچووبوو کە چوار دیواری گڵێنی نزمیان لەسەر گردەکە هەڵێنا. پیاوەکان هاتنە سەر حەوز، دەست و پێیان شوشت و بە ڕیز لەبەر سێبەر دانیشتن. ژنەکان، مەنجەڵێکی گەورەیان لە تەنیشت تاتەشۆرە ڕەشەکە خستبووە سەر ئاگر و دانوولکەی تازیەبارییش بڵقەی دەهات و هەڵمی لێ هەڵدەستا.

کوێخا گوتی: «دیتتان چەند زوو تەواو بوو؟»

مەشەدی بابە گوتی: «بە زاتی خوای ئەوە مووجیزە بوو.»

ئیسماعیل گوتی: «زاتە پیرۆزەکان یارمەتییان داین.»

نەنە خانم گوتی: «ئەوە ئیدی کاری خوایە. ئەولیا و ئەنبیا دەستیان بە باڵمانەوە گرت.»

نەنە فاتم گوتی: «ئێستا ئیدی زۆر چاک و لەبارە. نەخۆشەکانمان بۆ نەدەگەیەنرانە سەر مەزارەکان. ئیدی لەمەودوا دەیانهێنینە ئێرە.»

کوێخا گوتی: «دەزانن خزمەتکارێکیشی پێویستە؟»

بابەعەلی کە سەری لە دەربیجەی دیوارەوە هێنابووە دەرێ، گوتی: «مەشەدی زەینەڵ یەکاویەکە.»

پیاوەکان ئاوڕیان دایەوە و لە مەشەدی زەینەڵیان ڕوانی.

ئیسلام گوتی: «سەیدێکمان هەبا، باشتر بوو.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دەڵێن چی لە سەیداواوە کەسێک بێنین؟»

مەشەدی زەینەڵ گوتی: «ئەمن بۆ خۆم دایکم سەید بووە، نەنە خانم چاک دەزانێ.»

نەنە خانم گوتی: «ئادی، بە ڕەحمەت بێ، ناوی سەید فاتیمە بوو و سواڵی دەکرد.»

کوێخا گوتی: «شوکر بۆ خوا ئەوەیش سەری گرت.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەمن خەریکە لە برسان دەبوورێمەوە.»

ژنەکان کاسە و کەوچکیان هێنا. نەنە فاتم دوعای کرد و پاڕایەوە. ژنەکان کاسەکانیان لەسەر عەرز دانا. نەنە خانم قۆڵی هەڵماڵی و بەرەو مەنجەڵەکە ڕۆیشت و نەنە فاتمیش لەتە نانی بەسەر پیاوەکاندا، دابەش کرد.

١١

کە ئێوارە داهات، نەنە خانم و نەنە فاتم چوونە نێو ئاڵاخانەوە. نیگارە پیرۆزەکانیان دەرهێنا، پاشان ئاڵا و شەمدان و لەپە پیرۆزەکانیان هێنایە دەرێ. نیگارە پیرۆزەکانیان لە پاڵ دیوارەکەی بەرامبەری ئیمامزادە دانا. چوار ئاڵایان لەسەر دیوارەکان چەقاند. لەپە پیرۆزەکانیشیان خستە نێو شەمدانییەکان و شەمدانییەکانیان لەسەر سندووقەکە دانا و مۆمیان داگیرساند.

ئیسلام مێزەرێکی سەوزی لە سەری مەشەدی زەینەڵ ئاڵاند. مەشەدی زەینەڵ بە خۆی و دارشەقەکانیەوە هات و لەبەر دەرکە دانیشت و دەستی بە قورئان خوێندن کرد.

پیرەژنەکان چوونە لای نەخۆشەکانی بەیەل. کوڕە سەقەتەکەی مەشەدی ئەکبەر و خوشکەکەی عەبدوڵڵایان هەڵگرت و هێنایانە نێو ئیمامزادەوە. نەنە خانم زنجیری لە ملی نەخۆشەکان کرد و سەری زنجیرەکانیشی لە دوگمەکانی سندووقەکە بەست و گوتی: «جا بگریەن و بپاڕێنەوە و داوای شیفا بکەن.»

نەخۆشەکان لەسەر زەوی پاڵ کەوتن و دەستیان بە گریان کرد. نەنە فاتم کە دەستنوێژی هەڵگرتبوو، هاتە بەردەرکە و دەنگی هەڵێنا: «یا اللە، یا عەلی، یا محەمەد، یا حەسەن، یا حوسێن، السلام علیک یا اللە، یا حەزرەت.

یا عەلی، یا محەمەد، یا حەسەن، یا حوسێن، السلام علیک یا الله، یا حەزرەت یا ئیمام یا نەبی یا عەلی، یا الله، نەخۆشەکانی بەیەل شیفا بدەن. هەر خۆتان شیفایان بدەن.»

بەیەلییەکان کە لەپشت نەنە فاتمەوە ڕیزیان بەستبوو، دەستیان هەڵێنا و تێکڕا گوتیان: «ئامین!»

١٢

دوو لۆری بە ناوچەکەدا دەگەڕان. سەرەتا چوونە پورۆس، ماڵ و چاڵەکانیان پشکنی. پاشان ماڵ بە ماڵی سەیداوا و مەلەکزاد و یەنگیجە و حەسەناوا و میشۆیان پشکنی. بەڵام نەچوونە بەیەل، بەیەل گوندێکی بچووک بوو.

لۆرییەکان لە گەڕانەوەدا گەیشتنە هەورازەکەی شۆراوا و ڕاوەستان. گرۆبانێکی ئەمەریکایی لە لۆرییەکەی یەکەم دابەزی و بە دووربین لە بەیەلی ڕوانی و ئاماژەی کرد کە بەرەو ئەوێ بڕۆن. ئەو گرۆبانەی لەپشت ئەمەریکاییەکە ڕاوەستابوو گوتی: «لەوێ هیچ باسێک نییە.»

ئەمەریکاییەکە ئاماژەیەکی کرد و لۆرییەکان بەرەو بەیەل کەوتنە ڕێ.

ئێوارە بوو و پیاوەکان لەپشت ماڵەکەی مەشەدی سەفەر دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. کە دەنگی لۆرییەکانیان بیست، هەستان و بە غاردان بەرەو بیاوان ڕۆیشتن. ئەمەریکاییەکە و بەدوای ئەویشدا، سەربازەکان دابەزین و ڕژانە نێو گوندەوە. خانووە گڵین و بانە نزمەکانیان پشکنی و هیچیان نەدۆزییەوە. ئەمەریکاییەکە بەرەو ئالاخانە ڕۆیشت. مەشەدی زەینەڵ کە لەبەر دەرکە دانیشتبوو، دەستی بە قورئان خوێندنەوە کرد. ئەمەریکاییەکە چووە پێشەوە و هەر چاوی بە ئیمامزادە کەوت، هاواری لێ هەستا. سەربازەکان ڕایان کردە لای و ئەمەریکاییەکە هێمایەکی کرد. سەربازێک، جانتایەکی بەدەستەوە بوو و کردییەوە. ئەمەریکاییەکە چووە ژوورێ و

زنجیرەکانی لە شانوملی کوڕەکەی مەشەدی ئەکبەر و خوشکی عەبدوڵڵا کردەوە. پیرەژنەکان هاتن و نەخۆشەکانیان بردە دەرێ. ئەمەریکاییەکە حەپەسابوو و لەملا و لەولای دەروانی، پاشان هەموو شەمدانی و لەپە پیرۆزەکانی توورِ هەڵدا. سەربازەکە دوو تەلی درێژی لە جانتاکەی دەرهێنا و سەرێکی لە دوگمەکانی سندووقەکە بەست، پاشان سەرەکەی تری ڕاکێشا و بردی لە سندووقێکی بەست کە چرای گەورە گەورەی پێوە بوو. بەیەلییەکان چوونە سەر دیوار و تەماشایان کرد. ئەمەریکاییەکە پێی خستە سەر پایدەرێک و سندووقەکە دەنگێکی لێوە هات و لە ناکاو نەڕاندی. چراکان داگیرسان و درەوشانەوە. بەیەلییەکان ترسان و پاشەوپاش کشانەوە. ئەمەریکاییەکە هاواری کرد و سەربازەکان بەو ناوە وەربوون و دیوارەکانیان ڕووخاند. لۆرییەکیان هێنایە لای گردەکە و سەربازەکان سندووقەکەیان هەڵگرت و خستیانە نێو لۆرییەکەوە. پاشان گەڕانەوە و گەمارۆی بەیەلییەکانیان دا.

گرۆبانێکی کورتەباڵا گوتی: «ئەمەتان لە کوێ بوو؟»

کوێخا گوتی: «لەسەر ڕێگەمان دیتەوە.»

گرۆبانەکە گوتی: «کام ڕێگە؟»

کوێخا گوتی: «لەسەر ڕێگەی پورۆس کەوتبوو.»

گرۆبانەکە گوتی: «کامتان هێناویەتی؟»

ئیسلام گوتی: «هەموومان.»

گرۆبانەکە ئاماژەی بۆ سەربازەکان کرد و گوتی: «هەموویان سوار بکەن.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر کە لە دواوە ڕاوەستابوو، هاواری کرد: «ئێمە نەمانهێناوە، مەشەدی جەبار هێنای. مەشەدی جەبار دیتییەوە و هات پێی گوتین. هەمووی خەتای مەشەدی جەبارە.»

گرۆبانەکە گوتی: «مەشەدی جەبار کامەیە؟» و لە پیاوەکانی ڕوانی.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «هۆوەتانێ!» و هێمای بۆ مەشەدی جەبار کرد کە لە نێوان ئیسلام و مەشەدی جەباردا ڕاوەستابوو.

سەربازەکان مەشەدی جەباریان گرت و بەرەو لۆرییەکەیان برد. ئەمەریکاییەکە سوار بوو و مەشەدی جەباریشیان سوار کرد. سەربازەکان بەدەم جنێودانەوە سوار بوون. بەیەلییەکان ترسان و پاشەوپاش کشانەوە و خۆیان لەپشت دیوارەکان شاردەوە. لۆرییەکان بەڕێ کەوتن و سەرسوور بە عەبدوڵڵای گوت: «سەد خۆزگەم بە مەشەدی جەبار، هەر تازە لە شار هاتبووەوە و دیسان ڕۆیشتەوە شار.»

١٣

کامیۆنەکان دوور کەوتنەوە و نەنە خانم و نەنە فاتم چوون ئالآ و شەمدانی و لەپە پیرۆزەکانیان کۆ کردەوە و بردیانەوە نێو ئالآخانەکە.

ئیسلام و کوێخا هاتن و خاک و خۆڵیان بە پێمەرە لادا و نیگارە پیرۆزەکانیان دەرهێنا.

کە شەو داهات، پیاوەکان هاتن و لە تەنیشت حەوزی گوند کۆ بوونەوە. ژنەکانیش چوون لەپشت دیوارەکان دانیشتن. ئیسلام چووە سەر تاتەشۆرە ڕەشەکە و دەستی بەسەردوولکە کرد.

بەیەلییەکان، بۆ مەزارە لەدەستچووەکەیان، کردیانە شین و ڕۆڕۆ.

# چیرۆکی حەوتەم

## ١

ئیسلام و مەشەدی بابە و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر، سەرسووریان هێنایە سەر حەوزەکە و لە تەنیشت تاتەشۆرەکەی ژێر داربییەکەیان دانا. ئیسلام توورەگەیەک نانی وشکی پێ بوو کە لەتە نانی لێ دەردێنا و دەیخستە دەمی سەرسوورەوە. سەرسووریش پەیتا پەیتا نانەکەی هەڵدەلووشی.

عەبدوڵڵا و کوێخاش هاتن و دانیشتن.

مەشەدی بابە گوتی: «دەڵێم ئێستا چی بکەین؟»

کوێخا گوتی: «مات و حەیرانم بۆچی ئەم کابرایە تێر نابێ. هەر ئەوەمان کەم بوو.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەوە چۆن دەتوانێ هێندەی بخوا و شەق نەبا؟»

عەبدوڵڵا کۆکەیەکی کرد و گوتی: «تەماشا تەماشا چی لێ هاتووە؟ چاوی دەبینن؟ ئاگاتان لە زاریەتی؟»

ئیسماعیل دوو پەتاتەی لە گیرفانی دەرهێنا و لە دەمی سەرسووری نا و گوتی: «دەست و لاقیشی نەوعێکیان لێ هاتووە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر هەردوو دەستی سەرسووری گرت، لێیانی ڕوانی و گوتی: «تووکیان لێ هاتووە و پان و پۆڕ بوونە، هەر دەڵێی دەستی ورچە.»

ئیسلام گوتی: «ئەوها کە خەریکە دەخوا و هەڵدەلووشێ، مانگێک نابا بەیەل ئەشتەبایەکی تێدا نامێنێ.»

سەرسوور کە زاری بەتاڵ بووبوو، نەڕاندی و گوتی: «برسیمە، برسیمە.»

مەشەدی بابە گوتی: «هەی دادڕێی! چەندی دەخۆی؟»

ئیسلام دوو لەتە نانی وشکی خستە نێو زاری سەرسوورەوە، ئەویش نانەکانی هەڵلووشی و سەرلەنوێ هاواری کرد: «برسیمە، برسیمە.»

ئیسماعیل دوو پەتاتەی خستە نێو زاری و گوتی: «دوێنێ شەوێ چووەتە ماڵی نەنە فاتم و هەرچی کەلەرم و پەتاتە و پیازیان هەبووە، هەڵی لووشیوە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «پێرێ شەوێش هاتبوو و گەنمەکانی بابمی تێکڕا خواردبوو.»

عەبدوڵڵا گوتی: «هاتبووە ماڵەکەی ئێمەیش، ئەمنیش بەرچیخێکم تێ سرەواند و لەسەر دیوارڕا هەڵمدایە خوارێ.»

ئیسماعیل پەتاتەیەکی تری خستە نێو زاری سەرسوور و گوتی: «ژنەکەم لە ترسان هەرچییەکمان هەبوو و نەبوو، هەمووی شاردووەتەوە.»

سەرسوور نەڕاندی: «برسیمە، برسیمە.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئەی هاوار شتێکی بدەنێ با بیخوا، خۆ پەردەی گوێم تەقی!»

ئیسلام لەتە نانێکی خستە نێو زاری و گوتی: «ها بیگرە، ها! هاوار مەکە.»

کوێخا گوتی: «چی لێ بکەین؟»

ئیسلام گوتی: «کە لێی دەنۆڕم، دەبینم مانگێک نابا و بۆ ئەوەی زگی تێر کەین، دەبێ تێکڕا بچین و سواڵی بۆ بکەین.»

مەشەدی بابە گوتی: «یانی گوند هەمووی سواڵ بکا و ئەو بیخوا؟»

ئیسلام گوتی: «نابینن چی بەسەر هاتووە؟»

ئیسماعیل پەتاتەیەکی تری خستە نێو زاری سەرسوور و گوتی: «ئەگەر

بەو حاڵەی بمێنێتەوە دەبێ هەر لە ئێستاوە فیکرێکی لێ بکەینەوە. وەڵڵا ئەمن تاقەت و مگێزی سواڵکردن و دەرکاودەرک گەڕانم نییە.»

کوێخا گوتی: «دەڵێم لە باتیی نان و شتی وا، چاتر نییە گیا و کای بدەینێ؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «بەو شتانە تێر نابێ. بەس ڕێگەیەکمان لە بەرە و تەواو!»

پیاوەکان تەماشای یەکتریان کرد و عەبدوڵڵا گوتی: «ڕێگەی چی؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە.»

سەرسوور هاواری کرد: «برسیمە، برسیمە.»

ئیسماعیل دوو پەتاتەی تری خستە نێو زاری سەرسوور و گوتی: «کوڕە گوناحە بابم، زۆریش گوناحە.»

ئیسلام گوتی: «ئەمن ناهێڵم ئەو ئیشەی لەگەڵ بکەن.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەدی چی لێ بکەین؟»

ئیسلام بیرێکی کردەوە و گوتی: «دەڵێم لە سووچێکی دانێین، نان و ئاوێکیشی بۆ دابنێین و دەرکەی لەسەر گاڵە دەین.»

ئیسماعیل گوتی: «لە برسان دەمرێ.»

ئیسلام گوتی: «جا لەوە چاتر؟ با بمرێ. نەشمرێ، ڕۆژ بە ڕۆژ نان و ئاوی لێ کەم دەکەین، بەشکم سەبر سەبر بێتەوە سەر باری جاران.»

عەبدوڵڵا گوتی: «لە کوێی دانێین؟»

کوێخا خۆشحاڵ بوو، پێ کەنی و گوتی: «عامفەریم ئیسلام، سەد عامفەریم مەشەدی ئیسلام، بە خوای بیرێکی چاکت لێی کردەوە. دەک خوا عەمرت درێژ کا.»

ئیسلام دەستی هەڵێنا و هێمای بۆ سووچێک کرد. پیاوەکان بە

خۆشحاڵییەوە ئاوڕیان دایەوە و لەو کۆنە ئاشەیان ڕوانی کە لەسەر ڕێگەی جامیشان هەڵکەوتبوو. کە هەستانەوە، سەرسوور یەک بە خۆ هاواری کرد: «برسیمە، برسیمە!»

٢

کە دەرکەی کۆنە ئاشیان کردەوە، مشکەکان دەرپەڕین و خۆیان لەبن کۆنە تابووتێکدا شاردەوە. ئیسلام چووە ژوورێ. مەشەدی بابە و مەشەدی سەفەر، سەرسووریان پاڵدایە نێو ئاشەکەوە. پاشان هەموویان هاتنە ژوورێ. ئاشەکە، هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو. بانەکەی تەپیبوو و خۆرەتاو لەو دیوارانەی دەدا کە هێشتا پاشماوەی ئاردیان پێوە مابوو و سپی دەچوونەوە.

ئیسماعیل گۆزەی ئاوەکەی دایە دەست عەبدوڵڵا و دوو پەتاتەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و خستیە نێو زاری سەرسوور و گوتی: «باشە، ئێرە بۆی باشترە!»

مەشەدی بابە توورەگەی پڕ لە گێزەری لە پاڵ دیوار دانا و گوتی: «خۆ ئێرە هیچ بان و مانێکیشی نییە مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسماعیل گوتی: «چ دەبێ؟ با بان و مانی هەر نەبێ!»

مەشەدی بابە گوتی: «لەوانەیە لە سەری بدا و هەڵێ.»

ئیسلام گوتی: «دیوارەکانی بڵێندن، ناتوانێ هەڵێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر سەتڵە شۆرباوێکی لە تەنیشت توورەگەی گێزەرەکان دانا و گۆزەکەیشی بردە لای سەتڵەکە و گوتی: «مەشەدی ئیسلام، ئەم دەرکەیە قوڵفوقەڕازەیەکی وای نییە ها، چی لێ دەکەی؟»

ئیسلام گوتی: «ڕێکی دەخەین، خەمت نەبێ!»

کوێخا چەند لەتە نان و مشتێک گێزەری لە توورەگەکە دەرهێنا و ڕۆی

کردنە تەنیشت تابووتەکە. سەرسوور دەستی بە خواردن کرد و پیاوەکان لێیان ڕوانی و هاتنە دەرێ.

ئیسلام دەرکەی پێوەدا و گوتی: «دەبێ ئەو دەرکەیەی بزمارڕێژ کەین، دەنا چارەی ترمان نییە!»

ئیسماعیل گوتی: «سبەینێش سەرلەنوێ دەرکەی بشکێنین و بچینە ژوورێ؟»

ئیسلام گوتی: «نەردیوانێک دێنین و لەملای دیواری دادەنێین و هەرچییەکمان ویست لەو سەرەوە بۆی هەڵدەڕێژین.»

ئیسماعیل گوتی: «چەند ڕۆژ دەبێ لێرە بمێنێتەوە مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام بیرێکی کردەوە و گوتی: «خوا دەزانێ. لەوانەیە ڕۆژێک و لەوانەشە سەد ڕۆژ. دوور نییە زووتریش چاک بێتەوە و بیهێنینە دەرێ.»

کوێخا گوتی: «پێت وایە چاک بێتەوە؟»

ئیسلام گوتی: «لەوانەیە، دوور نییە چاک بێتەوە. لەوانەشە چاک نەبێتەوە. هەموو شت بە دەست خوایە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەگەر چاک نەبێتەوە، نابێ ڕێگەی بدەین بێتەوە گوندی، سەری هەموومان لە هەش دەنێ!»

سەرسوور لەسەر تابووتەکە دانیشتبوو، بە زاری پڕەوە هاواری کرد: «برسیمە، برسیمە!»

٣

کە شەو داهات، مشکەکان لەژێر تابووتەکە هاتنە دەرێ و هێدی هێدی نزیک بوونەوە و گەمارۆی سەرسووریان دا کە سەتڵە شۆرباوەکەی تەواو کردبوو و خەریکی خواردنی گێزەرەکان بوو. سەرسوور هەر چاوی بە مشکەکان کەوت، بە زاری پڕ لە گێزەرەوە هەستایە سەرپێ و بە پێلەقە کەوتە گیانیان.

مشکەکان ڕایان کرد و خۆیان لە سەتڵەکەدا شاردەوە کە بەتاڵ بووبوو. سەرسوور توورەگەی گێزەر و نانەکەی هەڵگرت و بردی لەسەر تابووتەکەی دانان و خۆیشی لەسەر لێواری تابووتەکە دانیشت. مانگ کە دەرکەوت و کۆنە ئاشی ڕووناک کردەوە، سەرسوور لە جاوین وەستا و گوێی هەڵخست. هیچ دەنگێک نەدەبیسرا، تەنیا دەنگی مشکەکان نەبێ کە لە سەتڵەکەدا بوون و بە ئیشتیایەکی زۆرەوە لێوارەکانی سەتڵیان دەلستەوە. دەنگێکی سەیری تریش دەبیسرا، دەتگوت لە دووری دوورەوە، سەدان مەنجەڵی شۆرباو لەسەر ئاگر بڵقەیان دەهات.

٤

نیوەشەو بوو کە ئیسلام لە خەو ڕاپەڕی. تارماییەکی گەورە، کەوتبووە نێو حەوز و پەلەقاژەی دەکرد. ئیسلام لە پەنجەرەوە ڕا کردە دەرێ و پیاوەکانی تریش لە ماڵەکانیان هاتنە دەرێ. سەرسووریان لەنێو حەوزەکەدا بینی، کە ماسییەکانی ڕاو دەنا.

کوێخا بە سەرسوورمانەوە تەماشای کرد.

مەشەدی بابە فانۆسێکی بەدەستەوە بوو، هەڵی هێنا و گوتی: «پەنا بۆ خوا، ئەوە لەو ئاوەدا چی دەکا؟»

کوێخا هاواری کرد: «ئەوە لەو ئاوەدا چی دەکەی؟»

سەرسوور خەریکی پەلەقاژە بوو و بەدوای ماسییەکاندا ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد.

ئیسلام گوتی: «وەرە دەرێ، وەرە دەرێ!»

کوێخا گوتی: «لەوێ چ دەکەی؟»

سەرسوور گوتی: «برسیمە!»

ئیسماعیل گوتی: «هەموو ئەو شتانەت خوارد؟»

سەرسوور هاواری کرد: «برسیمە! برسیمە!»

کوێخا گوتی: «دیارە هەمووی خواردووە، بۆیە هاتووەتە دەرێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «چۆن هاتووەتە دەرێ؟»

کوێخا هەردوو لەپی بە دەوری دەمیەوە گرت و بانگی سەرسووری کرد: «کوڕە وەرە دەرێ، وەرە دەرێ.»

سەرسوور کە دەمی پڕ بووبوو لە ئاو، گوتی: «برسیمە» و پەلاماری ماسییەکانی دا.

ئیسماعیل گوتی: «ئەوە بۆ وا دەکا؟»

مەشەدی بابە گوتی: «مەگەر نایبینی؟ دەیەوێ ماسییەکان بگرێ و ئاودیویان کا.»

ئیسماعیل گوتی: «چۆن ئاودیویان کا؟ خۆ ئەوانە ناخورێن، هەر کەس بیانخوا دەستبەجێ دەمرێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «باشترە! وازی لێ بێنن با بیانخوا، بەشکم لە کۆڵمان بێتەوە.»

کوێخا فانۆسەکەی لە دەست مەشەدی بابە دەرهێنا، هەڵی هێنا و گوتی: «کوڕە وەرە دەرێ، وەرە دەرێ!»

ئیسلام گوتی: «کوێخا، ئاوا ناهێتە دەرێ. تا خواردنی پێشان نەدەین ناهێتە دەرێ!»

ئیسماعیل گوتی: «هەر ئێستا دەچم شتێکی بۆ دێنم.» ڕۆیشت و بە دوو نان گەڕایەوە.

ئیسلام نانەکانی لێ وەرگرت و پێشانی سەرسووری دا و گوتی: «دە وەرە دەرێ دەی، ئەوەیش نان. نایخۆی؟»

سەرسوور بە هەڵەداوان لە حەوزەکە هاتە دەرێ و ڕای کردە لای ئیسلام.

ئیسلام لەتە نانێکی لە زاری سەرسوور تەپاند.

کوێخا بە ئیسلامی گوت: «دەی، ئێستا بە تەمای چی لێ بکەی؟»

ئیسلام گوتی: «گوریس، گوریسێکی ئەستوور بێنن بیبەستینەوە، با نەتوانێ هەڵێ.»

کورەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «گوریس بەکار نایە. ئێمە دەیبەستینەوە، ئەویش دەستبەجێ دەیکاتەوە.»

ئیسلام گوتی: «وای دەبەستینەوە کە نەتوانێ بیکاتەوە.»

کوێخا گوتی: «دیسان بیبەینەوە نێو کۆنە ئاشەکە؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی، دەنا لەنێو گونددا بمێنێتەوە دەیکاتە هەرا و ناهێڵێ هیچ کەس خەوی لێ بکەوێ. دەبێ خواردنیشی بۆ ببەین.»

ئیسماعیل گوریسێکی هێنا. پیاوەکان دەست و پێی سەرسووریان گرت و رایان کێشا و بەرەو کۆنە ئاشەکەیان برد. مەشەدی بابە لەپێش هەموویانەوە، بە خۆی و فانۆسەکەیەوە دەرۆیشت و رێی رووناک دەکردەوە. مەشەدی سەفەر سەری لە کلاورۆژنەی سەربانەوە دەرهێنابوو و وای دەزانی بەیەلییەکان بەرەو جامیشان دەرۆن.

٥

مەشەدی بابە، بەر لە هەموویان، بە خۆی و فانۆسەوە چووە نێو کۆنە ئاشەکەوە. مشکەکان دەرپەرین و خۆیان لەبن تابووتەکەدا شاردەوە. ئیسلام و کورەکەی مەشەدی سەفەر، پاڵێکیان بە سەرسوورەوە نا و ئەوانی تریش هاتنە ژوورێ. مانگ، لەسەر سەریان بوو و خرتوپرتەکانی نێو ئاشەکە چاک دەبینران.

عەبدوڵڵا گوتی: «کەواتە دەرکەی بڕیوە و هاتووەتە دەرێ!»

کورەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «خەتای ئیسلامە، دەرکەیش دیارە باش

گاڵە نەدرابوو.»

ئیسلام گوتی: «وام دەزانی تا سبەی نیوەڕۆیش بخوا، ئەو هەموو شتەی پێ تەواو نابێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر سووکە پێلەقەیەکی لە سەتڵە بەتاڵەکە دا و گوتی: «چاو چاو، هەمووی خواردووە و هێشتا شەقی نەبردووە.»

ئیسماعیل توورەگەی نان و پیازی لەسەر تابووتەکە دانا و گوتی: «تا نیو سەعاتی تر، ئەوانەیش هەڵدەلووشێ و سەرلەنوێ دێتەوە دەرێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەگەر وا بڕوا، دوو ڕۆژی تر بەیەل ئەشتەبایەکی تێدا نامێنێ!»

کوێخا گوتی: «دەترسێم بچێتە سەر جۆخینەکان و گەنمەکان بخوا و ئەشتەبایان نەهێڵێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «باشترە بڕۆین کەمێک وێنجە و کای بۆ بێنین.»

ئیسلام گوتی: «چارەی ترمان نییە. دەی، ئێستا کێ پێی دەکرێ چەند گرێیەکی چاک لەم گوریسە بدا؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەمن دەتوانم.»

ئیسلام گوتی: «وەهای گرێ دە کە نەتوانێ بیکاتەوە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «گرێیەکی وای لێ دەدەم دوو ساڵی تریش نەتوانێ بیکاتەوە.»

ئیسماعیل گوتی: «ئەمن و عەبدوڵڵایش دەڕۆین وێنجە دێنین.» ڕۆیشتن.

پیاوەکان لە دەوری سەرسوور دانیشتن. سەرسوور خەریک بوو خێرا خێرا لەتە نانەکانی هەڵدەلووشی. ئیسلام لاقێکی سەرسووری گرت و بەرزی کردەوە. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوریسەکەی کردە دوو بازنە و وەکو

خرخاڵ خستیە قولەپێی سەرسوورەوە. مەشەدی بابە فانۆسەکەی هێنایە نزیکتر و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گرێیەکی سەیر و گەورەی لە گوریسەکە دا کە ئیسلام و مەشەدی سەفەر لە پڕمەی پێکەنینیان دا. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر هەستایە سەرپێ و سەرەکەی تری گوریسەکەی لەو بەرداشە بەستەوە کە لە سووچێکی ژوورەکەدا کەوتبوو. هەرسێکیان ڕاوەستان و لە سەرسووریان ڕوانی. ئیسماعیل و عەبدوڵڵا بە خۆیان و دوو باوەش وێنجەوە گەڕانەوە. وێنجەکەیان ڕۆ کردە سەر تابووتەکە. مەشەدی بابە فانۆسەکەی هەڵگرت و هاتنە دەرێ. مانگەشەو هەڵبزرکابوو، تاریکیش ڕەنگی پەڕیبوو و هێڵێکی شیری ڕەنگیش خەریک بوو لە ڕۆژهەڵاتەوە، هەڵدەچوو.

٦

دەمەوئێوارە کە لە بیاوان گەڕانەوە، سەرسووریان لەپێش دەرکەی ماڵەکەی بابەعەلی بینی کە ژن و منداڵی گوندی لێ هاڵابوون و شێلم و پەتاتە و گێزەریان لە بەردەمی ڕۆ کردبوو و ئەویش خێرا خێرا هەڵی دەلووشین.

کوێخا چووە پێشەوە و گوتی: «ئەوە کێ دەری هێنا؟»

نەنە خانم گوتی: «کەس نەیهێناوەتە دەرێ، بە خۆی هاتە دەرێ.»

ئیسلام گوتی: «چۆن چۆنی خۆی هاتووەتە دەرێ؟ خۆ ئێمە لاقیمان بەستبوو.»

ژنەکان خۆیان لادا. ئیسلام چووە پێشەوە و تەماشای کرد. ئەو گرێیەی کوڕەکەی مەشەدی سەفەر وەکو خرخاڵ لە قولەپێی بەستبوو، لە شوێنی خۆی مابووەوە و پاشماوەی گوریسەکەیش وەکو مارێکی پەپکەخواردوو لەژێر ڕانیدا خڕ بووبووەوە. ئیسلام گوریسەکەی گرت و ڕای کێشا. سەرسوور بە زاری پڕەوە ئاوڕێکی دایەوە و لە ئیسلامی ڕوانی.

کوێخا دانەوی و گوتی: «ئەو گوریسەت چۆن پساند؟»

سەرسوور هیچی نەگوت. ئەوەی ناو دەمی هەڵلووشی و دوو گێزەری تریشی هەڵگرت.

کوێخا گوتی: «چیت لێ بکەین؟»

سەرسوور هیچی نەگوت.

پیاوەکان ڕۆیشتن و لەپێش ماڵەکەی ئیسلام کۆ بوونەوە.

ئیسلام گوتی: «ئەوەیش سەری نەگرت. دەبێ فیکرێکی تری لێ بکەینەوە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «فیکرێکی تریش سوودی نییە. من لە ڕۆژی یەکەمەوە گوتم، دەبا هەر ئەو ڕۆژە لە کۆڵمان کردباوە.»

کوێخا گوتی: «یانی دەڵێی بیکوژین؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «نا، ئێستا ئیدی کوشتنی ناوێ، باشترە بیبەین و لە بیاوان بەرەڵای کەین.»

مەشەدی بابە گوتی: «دەگەڕێتەوە، زووتر لە من و تۆ دەگەڕێتەوە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «چارەی هاسانە. دەیبەین و لە دەوروبەری سەیداوا یان خاتووناوا یان هەزەڤان بەرەڵای دەکەین. برسێتی ناهێڵێ بگاتەوە بەیەل. ناچار دەبێ ڕوو لە یەکێک لەو گوندانە بکا.»

ئیسلام گوتی: «فیکرێکی خراپ نییە.»

کوێخا گوتی: «کەنگێ ئەو ئیشەی بکەین؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «هەر ئێستا. لێی ڕاناوەستین.»

پیاوەکان هەستانە سەرپێ. لێواری سووری خۆراوا خەریک بوو لە چاوان ون دەبوو کە چەند کەس ڕۆیشتن و سەرسووریان هێنا. ئیسلامیش چوو عارەبانەکەی هێنا. عەبدوڵڵا و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر، سەرسووریان هەڵگرت و خستیانە نێو عارەبانەکە. گێزەر و وردکە نانەکانیشیان ڕۆ کردە

بەردەمی. ئیسلام لە جێی لێخوڕی عارەبانە دانیشت و پیاوەکانی تریش سوار بوون و بەڕێ کەوتن.

ئیسماعیل گوتی: «بریا فانۆسێکیشمان لەگەڵ خۆ هێنابا.»

کوێخا گوتی: «نا، تاریکی باشترە، باشترە هیچ کەس نەمانبینێ.»

ئیسلام گوتی: «خۆ لە گوندەکانی تر ناینانسن؟»

عەبدوڵڵا گوتی: «نەشیناسن، بۆ خۆی دەڵێ خەڵکی کوێیە.»

کوێخا گوتی: «جا خواردن دێڵێ قسان بکا؟»

ئیسلام گوتی: «حەیف و مخابن. سەد حەیف و مخابن. سەرسوور گەلێک بەکار بەیەل دەهات. لە بیرتانە؟»

ئیسماعیل گوتی: «ئادی، لە گەورەپیاوان دەچوو.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئیدی تەواو، هەر بیریشی لێ مەکەنەوە. وا بزانن هەر نەبووە، یان لە قاتوقڕیدا مردووە و تێدا چووە.»

کوێخا گوتی: «حەیف و مخابنی هەمووان، هەموو کەس دەفەوتێ و تێدا دەچێ.»

کە گەیشتنە بیاوان، کەس قسەی نەکرد. مانگ مۆر و هەڵمساو لە خۆرهەڵاتەوە دەرکەوت. دوو عارەبانە، خەریک بوون لە خاتووناواوە بەرەو میشۆ دەچوون. عارەبانەکان پڕ بوون لە گێزەر و پەتاتە و توورەگەی گەورە گەورە. کە بە پێش بەیەلییەکاندا تێپەڕین، بۆنی نانی برژاو بەو ناوەدا بڵاو بووەوە.

٧

عارەبانە لەسەر لاڕێیەکە ڕاوەستا. ئیسلام و کوێخا و مەشەدی بابە و ئیسماعیل و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر، سەرسووریان هێنایە خوار و بەرەو تاریکییان برد. سەیداوا لە شیرین خەودا بوو. بەیەلییەکان هێدی هێدی

ڕۆیشتن و گەیشتنە وێنجەزارەکەی سەیداوا. ئیسماعیل توورەگە پڕەکەی هەڵێنا و ڕۆی کردە بەرپێی. سەرسوور دانیشت و دەستی بە خواردن کرد. بەیەلییەکان بە پێدزکێ، گەڕانەوە. ئیسلام لە شوێنی خۆی دانیشت و ئەوانی تریش بە عارەبانەکەدا هەڵگەڕان. هەرکە بەڕێ کەوتن، گریانی سەرسوور لە دەشت و بیاواندا دەنگی دایەوە.

٨

سەیداواییەکان سەرسووریان لەنێو جۆخیندا دۆزییەوە، دانیشتبوو و لاسکە گەنمەکانی هەڵدەلووشی. سەرەتا پێیان وا بوو گیانەوەرێکی غەوارەیە و هاتووەتە نێو گوندەکەیان. کە لێی نزیک کەوتنەوە، سەرسووریان بینی کە بەخۆی و گوریسێکەوە، کە لە قولەپێی گرێ درابوو، لاسکە گەنمەکانی هەڵدەلووشی و دەچووە پێشەوە.

سەیداواییەکان لێی کۆ بوونەوە و لێیان ڕوانی.

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «لە کوێوە هاتووە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «سەیداوایی نییە، لە گوندێکی ترەوە هاتووە.»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «دەیناسی؟»

سەیداواییەکان نزیکتر کەوتنەوە و وردتر لێیان ڕوانی.

هیچ کەس سەرسووری نەناسی. سەیداواییەکەی یەکەم، لە تەنیشت سەرسوور دانیشت کە بێ پشوو و بەچاوی لێکنراوەوە خەریکی هەڵلووشین بوو. سەیداواییەکەی دووەم، گوریسەکەی لاقی گرت و ڕای کێشا. سەرسوور لاقی ڕاکێشرا و هیچی نەگوت.

سەیداواییەکەی سێیەم گوتی: «خەڵکی کوێی؟»

سەرسوور بە زاری پڕ لە لاسکە گەنمەوە گوتی: «برسیمە، برسیمە.»

سەیداواییەکەی سێیەم گوتی: «لە کوێڕا هاتووی؟»

سەرسوور گوتی: «برسیمە.»

سەیداواییەکەی سێیەم گوتی: «ناوت چییە؟ خەڵکی کام گوندی؟ لە کوێڕا هاتووی؟»

سەرسوور هیچی نەگوت، دەمی پڕ کرد و خەریکی خواردن بوو. سەیداواییەکان لە یەکتریان ڕوانی.

خۆر دەرکەوتبوو و جۆخینەکان وەکو ڕووبار دەدرەوشانەوە و سەرسووریش تێیان کەوتبوو و خێرا خێرا دەمی پڕ دەکرد.

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «با کەسێک بڕوا و بە گەداخانم بڵێ کەسێک هاتووەتە نێو ئاوایی و خەریکە هەموو شتێک دەخوا. چی لێ بکەین؟ یەکێکی تریش بڕوا نان و پیاز و کاسەیەک شلە و شۆرباوی بۆ بێنێ.»

دوو سەیداوایی ڕۆیشتن و پاش تاوێک گەڕانەوە. یەکێکیان توورەگەی نان و پیازەکانی ڕۆ کردە بەردەمی سەرسوور و ئەوی تریش بە هەناسەبڕکێوە گوتی: «گەداخانم دەڵێ مەهێڵن بێتە نێو گوند و دەری بکەن. ئەوە بەڵایە و مەهێڵن لە سەیداوا نزیک بێتەوە.»

سەیداواییەکان ڕاوەستان تا سەرسوور خواردنەکەی تێکڕا ئاودیو کرد. دەست و پێیان گرت و سواری کەرێکیان کرد و بەرەو حەسەناوا بە ڕێ کەوتن.

٩

حەسەناوا هیچ شتێکی بۆ سەرسوور لێ نەبوو. وردکە منداڵەکان لێی هاڵابوون و بە ترسەوە لێیان دەڕوانی. سەرسوور، چوارپەل بەو ناوەدا دەخزا و گوریسەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. پیرەژنەکان هاتن، لێی

دانەوین و تەماشایان کرد. سەرسوور قژی پێکەوە نووسابوو و چاوی هەڵمسابوون. دەست و پل و پێیەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو و پەنجەکانی دیار نەبوون. هەرچییەکی دەکەوتە بەردەست، هەڵی دەلووشی. پیرەژنەکان، بە سەدەقە نان و پیازیان دەدایە. سەرسووریش خێرا خێرا هەڵی دەلووشین.

کوێخا هەر چاوی پێ کەوت، گوتی: «خۆ ئەوە بەشەر نییە، لە کوێوە هاتووە؟ ناوی چییە؟ کێ هێناویەتە نێو ئاواییەوە؟»

پیرەژنەکان لە بەرامبەر سەرسووردا کەوتنە سەر چۆک و لێی پاڕانەوە: «وەرە، وەرە لە ڕێی خوا و پێغەمبەران لێرە بڕۆ. وەرە واز لە حەسەناوا بێنە و بڕۆ.»

سەرسوور وەکو بۆقێک دانیشتبوو، هەوڵی دەدا چاوەکانی بکاتەوە و نەیدەتوانی. پیاوەکان هاتبوون و لەپشت سەری ڕاوەستابوون. بیریان دەکردەوە چۆن بیگرن و لە ئاوایی بیبەنە دەرێ. تێکڕا لە سەرسوور دەترسان و سەرسووریش پەیتا پەیتا زاری بەش دەکرد و دای دەخستەوە.

١٠

دەعبایەکی سەیر و عەجایەب، ڕووی لە بەیەل کردبوو و لە خۆرجینەکانی دابوو، کە لە هیچ گیانەوەرێکی تری نەدەکرد. لمۆزی وەک لمۆزی مشک درێژ بوو. گوێیەکانی وەکو گوێی مانگا، قیت وەستابوون، بەڵام لاق و پەلی سمیان پێوە بوو. کلکە کورت و سێگۆشەییەکەی شۆڕ بووبووەوە و دوو شاخی بچووکیش لە خوار گوێیەکانیەوە دەبینران، کە دەتگوت لەژێر پێستیدا خەریکن چووزەرە دەکەن. کە زۆری لە خۆی دەکرد، پێڵووەکانی دەکرانەوە و چاوەکانی لەژێر شاخەکانیەوە دەبینران کە وەکو چاوی بۆقێک لە سەرەوەیان دەڕوانی. چەند لەتە پەڕۆیەکیش بە ئەندامەکانی لەشیدا،

شۆڕ بووبوونەوە. دانیشتبوو و گەنمەکانی هەڵدەلووشی.

مەشەدی بابە گوتی: «ئەوە ئیدی چ دەعبایەکە ڕووی لە بەیەل کردووە؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «من لە عومری خۆمدا دەعبای وام قەت نەدیوە.»

ئیسماعیل گوتی: «کەمتیار نەبێ؟»

کوێخا گوتی: «نا بابە، من سێ جارم کەمتیارم بەچاوی خۆم دیوە. هیچیان ئاوا نەبوون.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دەڵێم سەرسووری خۆمان نەبێ دیسان ڕووی لە گوندەکەمان کردبێتەوە؟»

کوێخا و مەشەدی بابە بە چاوی مۆڵەقەوە لێی دانەوین و تەماشایان کرد.

کوێخا گوتی: «نا بابە، سەرسوور ئاواهی نەبوو.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی، ئەو، دەموچاوی تووکناوی نەبوو.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «من دەزانم. هەر شت و کەسێک بێت، فەرق ناکا. دەبێ ئەو گێچەڵەی لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە.»

کوێخا گوتی: «ئەمن بەشبەحاڵی خۆم، ناتوانم.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئەمنیش ناتوانم.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ئەمن دەتوانم.» و ڕۆیشتە پشت خۆرجینەکان و بە گاشەبەردێکەوە هاتەوە. کوێخا و مەشەدی بابە و ئیسماعیل پشتیان لە کوڕەکەی مەشەدی سەفەر کرد و چاویان لە کۆنە ئاشەکە بری کە با لێی دەدا و لەتەکانی دەرکە شکاوەکەی پێکدا دەدا. کوڕەکەی مەشەدی سەفەر، بەردەکەی هەڵێنا، پێیەکی لەملای دەعباکە دانا و پێیەکەی تریشی خستە ئەولا و بەردەکەی بەرەڵا کرد. دەعباکە بێ هیچ دەنگ و نووزەیەک، بەسەر زەویدا پان بووەوە و خوێنێکی زەرد و لیچ لە

زاریەوە جۆگەلەی بەست. کوێخا و مەشەدی بابە ڕۆیشتنە ئەوبەری خۆرجینەکان، تا قوولکەیەکی بۆ هەڵکەنن.

١١

خاوکێش خاوکێش، سەرسووریان لە میشۆ هێنایە دەرێ. سێ پیاوی زل و زەبەلاح فریان دایە نێو عارەبانەیەک و پیاوێکی تریش، باوەشێک ئالەف و توێکڵی چەوەندەری ڕۆ کردە بەردەمی سەرسوور.

سەرسوور لە عارەبانەکەدا تخێل بووبوو و چاوی نەدەکرانەوە. وردکە منداڵ لێی کۆ بووبوونەوە و بەردیان تێ دەگرت. سەرسوور بەدەمی پڕ و چاوی داخراوەوە ئاوڕی دەدایەوە و دەیگوڕاند. وردکە منداڵ پێ دەکەنین و دەردەپەڕین.

١٢

کوڕەکەی مەشەدی عینایەت، کە لە بیاوان دەگەڕایەوە، سەرسووری لەنێو وێنجەکاندا بینی کە بە دەمی پڕەوە ڕێی خاتووناوای گرتووەتە بەر. هێدی هێدی لێی نزیک بووەوە و تەماشای کرد. دانەوی و سەری ئەو گوریسەی گرت کە بە لاقی سەرسوورەوە گرێ درابوو و ڕای کێشا. سەرسوور سەراوسەر کەوت و لێی پاڵ کەوت. کوڕەکەی مەشەدی عینایەت بە غار بەرەو گوند ڕۆیشت و هێندەی نەبرد، بە خۆی و باوکی و میرهەمزە و دوو خاتووناواییی ترەوە، گەڕانەوە.

کوڕەکەی مەشەدی عینایەت گوتی: «هۆوەتانێ. پێت وایە چییە؟ لە کوێوەڕا هاتووە؟»

میرهەمزە لێی دانەوی و گوتی: «خۆ خەڵکی خاتووناوای خۆمان نییە؟»

مەشەدی عینایەت لە بەردەمی سەرسوور هەڵترووشکا و هەردوو پێڵووی

به دەست هەڵێنا و لە چاوەکانی ڕوانی.

خاتووناواییەک گوتی: «دەیناسی، کوێخا؟»

مەشەدی عینایەت دانەوی و جارێکی تر لێی ورد بووەوە. پێڵووەکانی سەرسوور، سەرلەنوێ لێک نرانەوە.

مەشەدی عینایەت گوتی: «ئادی، ئادی ناسیمەوە. ئەمن سەردەمایەک ئەم گەنجەم لە بەیەلدا بینیوە.»

میرهەمزە گوتی: «کێ هێناویەتە ئێرە؟»

کوڕەکەی مەشەدی عینایەت لە دەست و لاقە هەڵامساوەکانی سەرسووری ڕوانی و گوتی: «سەداسەد هەر خۆیان لە گوندیان وەدەر ناوە.»

مەشەدی عینایەت گوتی: «بڕوا ناکەم بەیەلییەکان کاری وا بکەن.»

میرهەمزە گوتی: «ئەم قسانە هەمووی لەلایەک، ئێستا دەبێ چی بکەین؟ کە بە خۆیان ڕایان نەگرتبێ، خۆ ئێمە ناهێڵین بیێتە بەلای شان و ملمان؟»

کوڕەکەی مەشەدی عینایەت گوتی: «با بیبەین و فڕێی دەینەوە نێو بەیەل.»

مەشەدی عینایەت گوتی: «نا، عەیبە. ئەم کارە زۆر عەیبە. هەر چۆنێک بێ، ئێمە و بەیەلییەکان نان و نمەکی یەکتریمان کردووە.»

کوڕەکەی مەشەدی عینایەت گوتی: «ئەدی بۆچی ئەوان حورمەتی نان و نمەکیان ڕانەگرتووە و ئەم بەڵایەیان بەرەڵای ئێرە کردووە؟»

مەشەدی عینایەت گوتی: «هەر چۆنێک بێ ئەوە کارێکی باش نییە. ڕاوەستن کە شەو داهات، دەیبەین و بەرەڵای ئەو ناوەی دەکەین.»

کوڕەکەی مەشەدی عینایەت گوتی: «تا شەو دادێ چی لێ بکەین؟»

میرهەمزە گوتی: «دەیبەینە نێو گۆڕەپانی گوند.»

سەرسووریان بردە نێو گۆڕەپانی خاتووناوا. وردکە منداڵەکان پێیان زانی و بەغار هاتن. سەرەتا بە ترسەوە لێیان ڕوانی، کە ترسیان ڕەوییەوە، لێی

هاتنە پێشەوە.

سەتار بە مەشەدی عینایەتی گوت: «ئەوەیە زگ! هەر چییەکی دەکەوێتە بەردەست، هەڵی دەلووشێ.»

مەشەدی عینایەت گوتی: «هەر لەوەڕا دیارە خەڵکی بەیەلە.»

سەتار گوتی: «ئادی، ئادی. دیارە ئی چ کاوڵستانێکە.»

منداڵ لە سەرسوور کۆ بووبوونەوە و زبڵەکانی دەوروبەری گۆڕەپانیان سەروبن دەکرد و هەرچییەکیان دەکەوتە بەردەست، هەڵیان دەدایە بەردەمی، سەرسووریش دەستبەجێ هەڵی دەلووشین. ژنەکانی خاتووناوا بە سەرسوڕمانەوە لە سەرسووریان دەڕوانی و تریق تریق پێ دەکەنین.

# چیرۆکی هەشتەم

## ١

ئیسـلام، بەخـۆی و عـارەبانەکـەیەوە لەپشت مـاڵەکـەی مـەشـەدی سـەفـەر دەرکەوت و بەرەو حەوزەکە هات. لە عارەبانەکەی دابەزی و ماڵبەندەکانی شل کرد و سەتڵێکی لەژێر عارەبانەکە دەرهێنا. لە حەوزەکە دانەوی تا ئاو هەڵێنێ و دەنگی مـەشـەدی بابە بـەرز بووەوە: «هۆ... مـەشـەدی ئیـسـلام. مەشەدی ئیسلام هۆۆۆۆ مەشەدی ئیسلام!»

ئیسلام ئاوڕێکی دایەوە و سەری مەشەدی بابەی بینی کە لە کلاوڕۆژنەی سەربانەوە دەرکەوتبوو و بانگی دەکرد. سەتڵەکەی لەسەر عارەبانەکە دانا، لە سەری مەشەدی بابەی ڕوانی و هەردوو لەپی بەدەوری دەمیەوە گرت و هاواری کرد: «ها، ها مەشەدی بابە!»

مەشەدی بابە لەو سەرەوە گوتی: «دوو کەس هاتوون و لە تۆ دەگەڕێن.»

ئیسلام گوتی: «لە من؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی. دوو گەنجی سەیداواییین. نەتدیتن؟»

ئیسلام گوتی: «چییان دەویست؟»

مەشەدی بابە گوتی: «شاتەقی ناردوونی. کە دیتیان لێرە نی، چوونە ئەو دەشتەی، نەتدیتن؟» و سەری بردەوە ژوورێ.

ئیسلام لەبەر خۆیەوە گوتی: «شاتەقی چ ئیشێکی پێمە؟» گەڕایەوە لای عارەبانەکەی و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر و دوو گەنجە سەیداواییەکەی بینی کە لە کۆڵانی دووەمەوە دەهاتن.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «مەشەدی ئیسلام هاتووەتەوە، هۆوەتانێ.»

سەیداواییەکان هاتنە پێشەوە و کوڕەکەی مەشەدی سەفەریش گەیشت و لەپشت سەریان ڕاوەستا.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «مەشەدی ئیسلام، ئەم دوو سەیداواییە بە دوای تۆدا هاتوون.»

سەیداواییەک گوتی: «شاتەقی ئێمەی ناردووە.»

ئیسلام گوتی: «چ ئیشێکی بە منە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «شاتەقی گوتی تارەکەت هەڵگرە و وەرە سەیداوا»

ئیسلام گوتی: «بۆ؟ چ باسە؟»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «شاییی کوڕەکەیەتی، گوتی بێیت تارمان بۆ لێ بدەی.»

ئیسلام گوتی: «ئەدی چی لە کاروبارەکەم بکەم؟»

کوڕەکەی مەشەدی ئیسلام گوتی: «واز لە کاروبارت بێنە.»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «کە شایی تەواو بوو، دەگەڕێیەوە سەر کاروباری خۆت.»

ئیسلام گوتی: «چەند ڕۆژی پێ دەچێ؟»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «سێ ڕۆژ زیاتری پێ ناچێ. شاتەقی گوتی هەر چۆنێک بووە، دەبێ بتبەین.»

ئیسلام بیرێکی کردەوە و گوتی: «کەواتە سەرێکی کوێخا دەدەم و زوو دەگەڕێمەوە.»

ئیسلام بەرەو کۆلانی دووەم ڕۆیشت و سەیداواییەکانیش چوون لەسەر تاتەشۆرە ڕەشەکە دانیشتن.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «ماڵەکەی کوێخا هەر لەو نزیکانەیە. هەر ئێستا دەگەڕێتەوە.»

سـەیداواییـیـەکـەی یەکـەم گـوتی: «ئێـمـەیش تـا دەگـەڕێتـەوە هـەر لێـرە دادەنیشـین.»

سەیداواییەکەی دووەم بە کوڕەکەی مەشەدی سەفەری گوت: «ئەدی ئەتو؟ ناتەوێ لەگەڵمان بێی؟»

سـەیداواییـیـەکـەی یەکـەم گـوتی: «ئادی لەگـەڵمـان وەرە. بۆ خـۆت چاکی ڕادەبوێری.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «شاتەقی پێی ناخۆش نابێ؟»

سـەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «با پێت بڵێم شـاتەقی پێی ناخـۆش نابێ، لەلایەکی ترەوە مـیـوان زۆرن و هـەر ئاگـای لێت نابـێ. شـاتەقی بـە شـەوان چاوی چاک نابینێ.»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «چیت گوت؟ دێی؟»

کـوڕەکـەی مـەشـەدی سـەفـەر گوتـی: «دێم. با بچم بـە مـاڵەوەمـان بڵێم. دێمەوە.» ڕای کردە لای ماڵەکەیان.

ئیسلام کە گەڕایەوە، چەند کەسێک لە عارەبانەکەی کۆ بووبوونەوە.

ئیسلام گوتی: «دەی با بڕۆین.»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «ڕاوەستە، مەشەدی جەعفەریش دێ.»

ئیسلام گوتی: «ئەو بە تەمای چییە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «بە تەمایە بێتە شایی.»

ئیـسـلام گـوتی: «کـەواتـە با منیـش بچم تارەکـەم بێنـم.» بەرەو مـاڵـەکـەی ڕۆیشـت. پەنجـەرەی کـردەوە و چـووە ژوورێ. بزنە ڕەش لـەپشت دەربیـچـەی پاشخـانەکەیان دانیشتبوو و لە دەرێی دەڕوانی. هەر چاوی بە ئیسـلام کەوت، هەستا و هاتە پێشەوە. ئیسلام، تارەکەی هەڵگرت و لە پەنجەرەوە هاتەوە نێو کۆڵان. بزنە ڕەشیش بە دوایدا هاتە دەرێ و گەیشتنە لای عارەبانەکە.

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «تارەکەت چەند گەورەیە مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسماعیل گوتی: «دەڵێی تفەنگی جەندرمەکانە.»

ئیسـلام پێ کـەنی و هیـچی نەگـوت. قـایشی تـارەکـەی لە شـان کـرد و سـەتڵـەکـەی لـەسـەر عـارەبانـە هەڵگرت و بە چەنـگاڵەکـەی ژێر عـارەبانـەوەی هەڵواسی و بە ئیسماعیلی گوت:«تا دەگەڕێمەوە، ئەو بزنەی ببەوە ماڵێ.»

ئیسماعیل چووە پێشەوە و هەردوو شاخی بزنە ڕەشەی گرت.

ئیسـلام لەسـەر عـارەبانەکـەی دانیـشت و ڕووی لە سـەیداوایییـەکـان و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر کرد کە لە تەنیشت سەیداواییەکان دانیشتبوو و گوتی: «دەی، سوار بن با بڕۆین.»

سەیداوایییەکەی یەکەم گوتی: «دەرفەتی سەبیلەکێشانێکیشمان نادەیێ؟»

سەیداوایییەکەی دووەم پێ کەنی و گوتـی: «مەشەدی ئیسلام لە هەموومان بەپەلەترە.» کیـسـەی تووتنـی دەرهێنا و دایە دەست کـوڕەکـەی مـەشـەدی سەفەر کە سەبیلەکەی دەرهێنابوو. ئیسلام لە عارەبانەکەی دابەزی، ڕۆیشت و لەسەر حەوزەکە دانیشت و پشت لەوان گوتی: «کە ئیشتان تەواو بوو، پێم بڵـێن.» و لە وێنەی خـۆی ڕوانی کـە لە ئاودا دەلـەرییـەوە و دەسکی تـارەکـەی وەکو تفەنگێک لەپشت شانیەوە دەرکەوتبوو.

کوڕەکەی مـەشـەدی سـەفەر چاوێکی داگرت. سـەیداوایییەکـان پێ کـەنین، پاشـان ئەوانەی لە عارەبانەکە کۆ بووبوونەوە، لە قاقایان دا.

٢

ئیسلام لە جێی عـارەبانچی دانیشتبوو و قامچییەکەی لە هەوادا دەسووڕاند و لە سـەیداوا نزیک دەکـەوتنەوە. سـەیداوایییـەکـان لە تەنیـشت ئیـسـلام دانیـشـتـبـوون و کـوڕەکـەی مـەشـەدی سـەفـەریش لە نـاوەندی عـارەبانەدا هەڵترووشکابوو و ئەژنۆکانی کۆ کردبووەوە. هەر سـەیداوایان لێ دیار کـەوت، ئیـسـلام زەردەیـەکی هـاتێ، ئاورێکی دایەوە و لـە گـەنجـەکـانی ڕوانـی. سـەیداوایییـەکان کە پێیـان وابوو، مەشـەدی ئیسلام بێ تاقەتە، لە خـۆشـییـان دەمیـان کردەوە. کـوڕەکـەی مـەشەدی سـەفـەر ئاوڕی دایەوە و لە هـەرسـێکیـانی

ڕوانی. سەیداواییەکەی یەکەم، چاوێکی لە کوڕەکەی مەشەدی سەفەر داگرت.

ئیسلام گوتی: «بەڕاست، شاتەقی ژنی بۆ کامە کوڕی هێناوە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «شاتەقی هەر کوڕێکی نییە؟»

ئیسلام گوتی: «ئادی، ڕاست دەکەی، بەڕاست ناوی چییە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «مەشەدی شەفیعی پێ دەڵێن.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر سەرێکی لەقاند و گوتی: «مەشەدی شەفیع، مەشەدی شەفیع.»

سەیداواییەکان پێ کەنین.

ئیسلام گوتی: «کچی کێی هێناوە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «بۆ چیتە مەشەدی ئیسلام؟»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «دەیەوێ بیناسێ.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «مەشەدی ئیسلام، دەتەوێ بیناسی؟»

ئیسلام شانی هەڵتەکاند و گوتی: «چوزانم.»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «زویر مەبە مەشەدی ئیسلام، کچەکەی مامە زەینەڵی هێناوە.»

ئیسلام گوتی: «کام مامە زەینەڵ؟»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «هەر ئەوەی پارێکە کەوتە نێو چاڵ و مرد. کچە لە کن پووریيەتی، مەشەدی ڕوقیيە، ژنە قەڵەوەکەی دەڵێم. خۆ دەیناسی؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «مەشەدی ڕوقییە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «مەشەدی ڕوقییە بۆ خۆی خوازبێنیی زۆرە، بەڵام نایەوێ مێرد بە کەس بکا.»

ئیسلام گوتی: «هێشتا مێردی نەکردووە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «بەدی، مێردەکەی مردووە و ئەویش مێردی

نەکردووەتەوە. منداڵیشی نییە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «با شاتەقی لە خۆی مارە بکا.»

سـەیداواییـیـەکەی یەکـەم گـوتی: «شـاتەقی بۆ خـۆی ژن و منداڵـی هەیە. مەشەدی ڕوقییەش بە تەمای مێردکردن نییە.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «دیارە بە تەمای پیاوێکی دەوڵەمەندە.»

سـەیداواییـیـەکەی یەکـەم گوتی: «پیـاوی دەوڵەمـەندی بۆ چییـە؟ بۆ خـۆی چووەتە لای نەنە گەدا و سوێندی خواردووە کە ئیدی مێرد نەکا.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «جا بۆ ئەو کارەی کردووە؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «بۆ وەی پیاوەکان لە کۆڵی ببنەوە. بۆ خۆی هەموو شتێکی هەیە، ماڵ، مەزرا، مانگا، ئەسپ، عارەبانە، مێردی بۆ چییە؟»

کوڕەکەی مەشـەدی سەفەر گوتی: «جا ئەسپ و مـانگا ئیشی مـێردیان پێ دەکرێ؟»

سـەیداواییـیەکـان پێ کەنین. کـوڕەکەی مـەشـەدی سـەفـەریش پـێ کەنی. ئیسلام کە لە سەیداوا نزیک بووبووەوە، عارەبانەی ڕاگرت، نێوچەوانی تێک نا و لە سەیداواییەکانی ڕوانی و گوتی: «بۆ پێ دەکەنن؟ ها؟»

سـەیداواییـەکان و کوڕەکەی مـەشەدی سـەفـەر لە ئیسـلامیان ڕوانی. کە دیتیان ئیسلام گرژە، وازیان لە پێکەنین هێنا.

کوڕەکەی مەشـەدی ئیسلام گوتی: «بە تۆ پێ ناکەنین مـەشەدی ئیسلام، بە مەشەدی ڕوقییە پێ دەکەنین.»

سەیداواییەکان سەرلەنوێ لە قاقای پێکەنینیان دا.

٣

مـــاڵەکـــەی شـــاتەقـی لە ســـەرەتای گـــوند هەڵکەوتبـــوو و مـــاڵەکـــانـی تری سەیداوایش، کەمێک سەرتر و لەسەر یەکتر هەڵچنرابوون. شاتەقی چووبووە سـەربـان و بە گۆچانەکـەی خـەریکی دەرکـردنی ئەو قـەلەباچکانە بوو کـە بۆ

تالآنکردنی گەنم دەهاتن. مەشەدی شەفیع لەبەر دەرکە خەریکی دارشکاندن بوو. کراسێکی سەوز و ئێلەگێکی زەردی لەبەر بوو. دایکی مەشەدی شەفیع، بەخۆی و چوار ژنی ترەوە، سندووقێکی گەورەی دارینیان لە پاشخان هێنابووە دەرێ و لە شتێک دەگەڕان. سەیداوایییەکان لە سەربانەکانیان دەهاتن و دەچوون. ماڵەکەی گەداخانم چۆڵ بوو و ئالآیەکی ڕەشی بچووکیش بەسەر ماڵەکەیدا دەلەرییەوە. ماڵی بووک، چەند بانێک لەسەرتر بوو. سێ تەویلە ئەولاتر لە بانەکەی شاتەقی، ماڵەکەی مامە زەینەڵ و سەرتر لەویش، ماڵی مەشەدی ڕوقییە بوو کە نەردەیەکی کۆنی بەدەوری بانەکەیدا کێشابوو. مەشەدی ڕوقییە لە سەربان دانیشتبوو و لەسەر دەستاڕێک دانیشتبوو و گەنمی بژار دەکرد و لاقەکانی لە بانیژەوە شۆڕ کردبوونە نێو پاشخانەکەوە. بووک لە پاشخاندا دانیشتبوو، داوی تەسبیحێکی پساندبوو و دنکە تەسبیحی بە لێوارەکانی کراسەکەیەوە دەدروو و تاو بەتاویش لە نسێی درێژی لاقەکانی پووری دەڕوانی کە بەسەر دیواردا شۆڕ بووبوونەوە و پاشخانیان تاریک کردبوو. کە لە دواین دنکە تەسبیحەکە بووەوە، پووری هەردوو لاقی لە بانیژەوە هەڵێنان و جوێنێکی مزری بەو قەلەباچکەیە دا کە بەدەوریدا دەخولایەوە. قەلەباچکەکە هەڵفڕی و لەسەر لێواری بانەکەی شاتەقی هەڵنیشت، ملێکی کێشا و لە کەلوپەلەکانی بەردەمی شاتەقی ورد بووەوە. شاتەقی گۆچانەکەی بەرەو قەلەباچکەکە هەڵدا. گۆچانەکە ڕێک کەوتە نێو ئەو باوڵەوە کە دایکی مەشەدی شەفیع و چەند پیرەژنێکی تر تێی دەخەبتین.

دایکی مەشەدی شەفیع دەنگی هەڵێنا و گوتی: «ئەرێ ئەوە چ باسە؟»

مەشەدی شەفیع ئاوڕی دایەوە و تەماشای کرد. کە شاتەقی هەستایە سەرپێ، عارەبانەی ئیسلامی بینی و ڕای کردە پێشەوە و بەدەنگێکی بەرز گوتی: «هاتن، مەشەدی ئیسلامیان هێنا.» ئاوڕێکی دایەوە و لە ماڵی بووکی ڕوانی و مەشەدی ڕوقییەی بینی، لەسەر لێواری بانەکەیان ڕاوەستابوو و

دەستـێکی بە بان چاوەکانیـەوە گرتبـوو و بەدەنگێکی شـاد و بەرز هـاواری دەکرد: «هـاتن، هـاتن.»

مـەشـەدی ڕوقـییـە گەڕایەوە و بەپەلـە ڕۆیشت، دانەوی و سـەری لە بانیـژەوە بردە ژووریٚ و گوتی: «هـاتن، هـاتن.»

مـەشـەدی شـەفیـع تەورەکـەی لەپشـت دەرکـە دانا و بەرەو مـتبـەخ ڕۆیشت. دایکی مـەشـەدی شـەفـیـع و پیـرەژنەکـان هـاتـنە پێش دەرکـە و لە دەرەوەیان ڕوانی. دەنگی پێکەنیـنی سـەیداواییـیـەکـان و کوڕەکـەی مـەشـەدی سـەفـەر، لە دوورەوە دەهـاتە بەرگویٚ.

٤

کە لە خـواردن بوونەوە، شـاتەقی، مەشـەدی ئیـسلامی بانگ کرد. هـەردووکیان چوونە دەریٚ.

شـاتەقی بە ئیـسلامی گوت: «ئەوە کێیە لەگەڵت هـاتووە.»

ئیسلام گوتی: «کوڕەکەی مەشـەدی سـەفەرە.»

شـاتەقی گوتی: «تۆ هێناوتە؟»

ئیسلام گوتی: «خۆی هـاتووە، من نەمـهێناوە.»

شـاتەقی گوتی: «پیاوێکی بـاش نییە، دەیناسـم. لەخۆڕا گێچەڵ دەفرۆشـێ.»

ئیسلام گوتی: «ئادی، سـەربزێو و ئاژاوەچیشە.»

شـاتـەقی بیـرێکی کـردەوە و گـوتی: «دەزانی مـەشـەدی ئیـسـلام، ئەمـشـەو شـەوی بەزاوابوونی مـەشـەدی شـەفـیـعـە. دەمـەویٚ هـەمـەکـارەی ئەم شـایـیـە، ئەتۆ بی. ئەمن چاوم بە شـەو باش نابینـیٚ، دەترسـم ببێتە قەرەباڵغ و کەس بە میوانان ڕانەگا.»

ئیسلام گوتی: «خاترجەم!»

شـاتەقی دەرکـەیەکی کـورتی کـردەوە، تێـیـوە چوو و بەدەست ئـامـاژەیەکی بۆ

ئیسلام کرد. هەردووکیان بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕان و گەیشتنە دەربیجەیەک کە بەرەو میچی بان دەکرایەوە. دەربیجەیان کردەوە. سەرەتا شاتەقی و بەدوای ئەویشدا مەشەدی ئیسلام خۆی هەڵکێشا و گەیشتنە ژوورێکی گەورە کە پەنجەرەکانی چوارگۆشە و بچووک بوون. ئیسلام تەماشایەکی کرد، دیوارێکی بەرز لەپێش پەنجەرەوە هەڵچنرابوو، بزمارێکی گەورەیش لە ناوەندی دیوارەکە کوترابوو و گوریسێکی کورتی پێوە هەڵواسرابوو. شاتەقی چووە بنەبانی ژوورەکە و دەرکەیەکی کورتی تری کردەوە، خۆی و بەدوای ئەویشدا، ئیسلام تێیوە چوون. ژوورێکی چوارگۆشەیی بوو و هیچ پەنجەرەیەکی نەبوو. تیرۆژی زەردەپەڕ، لە کلاورۆژنەی بانەکەوە دەهاتە ژوورێ. کوپەیەکی گەورەیان لە تەنیشت دیوارەکە دانابوو، نەردیوانێکی بچووکیش بە کوپەکەوە هەڵپەسێردرابوو. دوو تەنەکەی بچووکیش لەو ناوە بوون.

شاتەقی دەستێکی لە کوپەکە دا و گوتی: «دەیبینی؟»

ئیسلام پێ کەنی.

شاتەقی گوتی: «برۆ سەرێ و تەنەکەیەکی لێ پڕ کە.»

ئیسلام چووە سەرێ، دەرکەی کوپەکەی کردەوە و شاتەقی تەنەکەیەکی بچووکی دایە دەست.

کە هاتنە خوارێ، تەنەکەیان لەپشت دەرکە دانا. ئیسلام دەمی پاک کردەوە. هاتنە دەرێ. شاتەقی دەرکەی قفڵ کرد. ئیسلام کە هەستی بەگێژییەکی خۆش دەکرد، تارەکەی هەڵگرت و لەگەڵ شاتەقی هاتنەوە ژوورە گەورەکەوە. میوان هاتبوون و ژوور جمەی دەهات. خەڵکێکی زۆریش لە هەیوانەکاندا ڕاوەستابوون. دەنگی ژنەکان لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەبیسرا. شاتەقی پەردەی دادایەوە. ژنەکان دەرکەیان کردەوە. ئیسلام، تلاوتل بەرەو بنەبانی ژوورەکە ڕۆیشت و لەسەر ئەو چوارپایەیە دانیشت کە بۆی دانرابوو، تارەکەی خستە سەر ڕانی، دەستی بە تەلەکاندا هێنا و گوتی: «بە موبارەکی و سلامەتیی بووک و زاوا.»

دەنگی پێکەنینی کوڕەکەی مەشەدی سەفەر و دوو گەنجە سەیداواییەکە لە سووچەکەی ترەوە، بیسرا.

ئیسلام، تاوێک مات بوو، گوێی لە قاقای پێکەنینیان گرت و لە ناکاو هەر پێنج ئەنگوستی بە تەلەکاندا هێنایە خوار. کە دەنگی تار بەرز بووەوە، میوانەکان جووڵەیان تێ کەوت، چەپڵەیان لێ دا و هەڵپەڕکێ دەستی پێ کرد.

٥

بێجگە لە ئیسلام، سێ کەسی تریش گۆرانییان گوت، بەڵام هیچیان وەکو ئیسلام، چاکیان نەگوت. هەرکە دەنگی ئیسلام بەرز دەبووەوە، حیلکەحیلکی مەشەدی سەفەر و دوو گەنجە سەیداواییەکە، ژوورەکەیان دەهەژاند. شەو کە داهات، هەرا و چەقەی میوانان زیاتر بوو. ئیسلام و مەشەدی حەیدەری خاڵی مەشەدی شەفیع، چەند جارێک بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕان و بە تەنەکەی پڕەوە داگەڕان. شاتەقی لە بەرهەیوان دانیشتبوو و لاقەکانی شۆڕ کردبووەوە و لە هیچ و خۆڕایی دەتریقایەوە. ژن پەردەکانیان لادابوون و بەنێو پیاوەکاندا دەهاتن و دەچوون. پاش تاوێک، دایکی مەشەدی شەفیع ڕێی خۆی کردەوە و هات لە پەنا ئیسلام دانیشت و بە گوێیدا چرپاندی: «ئێستا وەختیەتی مەشەدی ئیسلام.»

ئیسلام بەدوای دایکی مەشەدی شەفیع کەوت و چووە نێو ژنان. دایکی مەشەدی شەفیع بە دەنگێکی بەرز بە ژنەکانی گوت: «هەستن بچین بووک بێنین.»

خەڵک کردیانە زیق و زۆق، ئیسلامیش دەنگی هەڵێنا و گوتی: «موبارەک و سەلامەت.» و دەستی بەژەنینی تارەکەی کرد. سێ پیرەژن هاتن و لە پەنا دایکی مەشەدی شەفیع ڕاوەستان. دایکی مەشەدی شەفیع گوتی: «لێرە ڕامەوەستن، بڕۆنە نێو حەوشە...»

ئیسلام گوتی: «بۆ بەڕێیان دەکەیە حەوشەکە؟»

دایکی مەشەدی شەفیع گوتی: «دەبێ بچینەماڵەبابی بووکێ.»

ئیسلام گوتی: «ئەمن ئیشم بەکەس نییە. من بۆ خۆم دەچمە نێو حەوشە.» گەڕایەوە کە بڕوا، کوڕەکەی مەشەدی سەفەر و دوو گەنجە سەیداواییەکەی بینی کە لە ژووری پیاوەکانەوە، ئاگایان لێی بوو و ئەویش نەچووەوە ژوورەکەی پیاوان. بەهەمان پلیکانە دارینەکانی تەنیشت پەنجەرەدا، داگەڕا. حەوش، هیچ کەسی لێ نەبوو. کۆتەدارێکی زەلام، کەوتبووە بەردەرکەی مەتبەخ. نێو مەتبەخیش تاریک بوو و سێ پیرەژن لەپێش کوانووەکان ڕاوەستابوون و ئاگایان لە ئاگری ژێر مەنجەڵەکان بوو. ئیسلام لەسەر کۆتەدارەکە دانیشت. ئاسمان، پڕ لە ئەستێرە بوو. تیشکێکی سەوزی لێڵ، لە بیاوانەوە هەڵچووبوو.

دایکی مەشەدی شەفیع لە ژوورێڕا هاواری کرد: «هۆی مەشەدی ئیسلام! مەشەدی ئیسلام!»

مەشەدی ئیسلام هەستایە سەرپێ و پەنجەکانی بە تەلەکاندا هێنا. کە دەنگی تار بەرز بووەوە، پیاوەکان لە پلیکانەکانی لای ڕاستەوە و ژنەکانیش لە پلیکانەکانی لای چەپەوە ڕژانە حەوشەکەوە. پیرەژنەکان لە مەتبەخەوە هاتنە دەرێ و ئیسلام چووە سەر کوتەدارەکە و ڕاوەستا. ژوورەکان چۆڵ بوون، شاتەقی کە تاک و تەنیا لە هەیواندا دانیشتبوو، بەدەنگێکی بەرز هەرای کرد: «هۆو مەشەدی ئیسلام! مەشەدی ئیسلام!»

ئیسلام بەدەنگی بەرز وەڵامی دایەوە: «هۆو... شاتەقی، شاتەقی!»

شاتەقی گوتی: «لە کێندەرێی، ئەوە بۆ دەنگت نییە؟»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر و دوو گەنجە سەیداواییەکە لە قاقای پێکەنینیان دا. ئیسلام خۆی لەسەر کوتەدارەکە هەڵدایە خوار و نەڕاندی و تاری لێ دا. خەڵک بە هەلهەلە و هاتوهاوارەوە ڕژانە نێو کۆڵان.

٦

کە بووکیان لە ماڵی مەشەدی ڕوقییە هێنایە دەر، قەرەباڵغییەکە زۆرتر بوو. ژنەکان لە پێشەوە و پیاوەکانیش بە دوایاندا دەهاتن. بووک لە نێوەڕاستی

چەند پیرەژنێکدا بوو و هێدی هێدی دەهاتە پێشەوە، چەند منداڵێکیش فانۆسیان بەدەستەوە بوو و بەرپێی بووکیان ڕووناک کردبووەوە. دوو پیاویش لەنێو ئاپۆڕەی ژناندا دەبینران. مەشەدی شەفیع، کە جلی زاواییی لەبەر بوو و ئیسلام، کە تلاوتل دەهات و تاری لێ دەدا و گۆرانیی دەگوت. مەشەدی ڕوقییەش لە نێوان مەشەدی شەفیع و ئیسلامدا دەهاتە پێشەوە. پیاوەکان لەپشت ژنەکانەوە، هێدی هێدی هەنگاویان هەڵدێنا.

کە دوایین کەس لە ماڵی مەشەدی ڕوقییە هاتە دەرێ، پیرەژنە دراوسێکەیان، دەرکەی گاڵە دا و قفڵی کرد. کە ماڵ تاریک بوو، ڕووناکاییی چرای تەویلەکە زیاتر کەوتە بەرچاو. مشکەکانی نێو مەتبەخ لە بەردەرکە کۆ بوونەوە و سەرەتاتکێیان کرد. هەرای خەڵکیش کە دوور کەوتەوە، مشک دەرپەڕینە دەرێ و هێرشیان بردە لای پلیکانەکان.

لە پێچی کۆڵاندا، پیرەژنێک هاتە پێشەوە و مەشەدی شەفیعی بردە لایەک و پێی گوت: «ئەتۆ برۆ ماڵێ، کێ پێی گوتی بێیە دەرێ؟»

مەشەدی شەفیع گوتی: «ئەو هەموو خەڵکە لە دەرێن، ئەمنیش بۆ خۆم هاتوومەتە دەرێ.»

پیرەژنەکە گوتی: «تۆ دەبێ چرایەک هەڵگری و بەرەوپیری بووکەوە بچی.»

مەشەدی شەفیع و پیرەژنەکە بە نێو خەڵکدا تێپەڕین و خۆیان بەغار گەیاندە خوارێ.

هەرکە زاوا ڕۆیشت، ئیسلام بێدەنگ بوو.

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ماندوو بووی مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام دەستی شۆڕ کردنەوە و گوتی: «ماندوو بووم، هەر زۆریش ماندوو بووم.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئەتۆ بە تەنێ گۆرانی دەڵێی و تار لێ دەدەی؟»

ئیسلام پێ کەنی و گوتی: «کەس نایەوێ یارمەتیم بدا.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «تاوێکیش لێ ناگەڕێن بحەسێیەوە.»

ئیسلام گوتی: «زەماوەندە، چی بکەین؟»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «هەمووی خەتای شاتەقییە کە دوو ڕۆژ زووتر بانگی نەکردی.»

ئیسلام گوتی: «چ بکەین؟»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «چۆن خۆت گەیاندە ئێرە؟»

ئیسلام گوتی: «بە عارەبانە هاتین.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «عارەبانەکە ئی کێ بوو؟»

ئیسلام گوتی: «دوو کوڕی گەنج بەدوامدا هاتبوون و ئێمەیش سواری عارەبانە بووین و هاتین.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «عارەبانەی دەڵێم، عارەبانە ئی کێ بوو؟»

ئیسلام گوتی: «بەیەل، یەک عارەبانەی زیاتر نییە، ئەویش ئی منە.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئەسپەکەیش ئی خۆتە؟»

ئیسلام گوتی: «ئەدی کو؟»

مەشەدی روقییە گوتی: «چەند ئەسپت هەنە؟»

ئیسلام گوتی: «ئەسپێک و عارەبانەیەک و بزنێکم هەن.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «چی ترت هەیە؟»

ئیسلام گوتی: «ماڵێکیشم هەیە، لەپشت حەوزی گوند... ئەمەیشم هەیە.» تارەکەی بەرز کردەوە.

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئەمنیش ماڵێک و عارەبانەیەک و سێ مانگا و دوو ئەسپم هەن.»

ئیسلام پێ کەنی و گوتی: «زۆر باشە.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «بەڵام یەکێک لە ئەسپەکان نەساغە و دەترسێم بمرێ.»

ئیسلام گوتی: «چ بەڵایەکی هەیە؟»

هاتوهاواری خەڵک بەرزتر بووەوە.

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «نازانم.»

ئیسلام گوتی: «چاک دەبێتەوە.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «کەس لە سەیداوا نەیزانی چییەتی.»

ئیسلام گوتی: «واز لە سەیداواییەکان بێنە.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «چەند کەس هاتوون و لێیان ڕوانیوە. مەشەدی ڕەزا بەر لە هەموویان هات و هیچی لێ نەزانی. چەند کەسێکی تریش هاتنە نێو تەویلە و کا و کۆنە پەڕۆیان ئاگر دا و هیچیان بۆ نەکرا.»

ئیسلام گوتی: «ئەسپ کە نەساغ کەوت، دەبێ لە عارەبانەی ببەستی و بیبەیە دەشت و سارا.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئەسپەکەی من دەمی داچەقاوە و خوێن لە دەم و لچی دەتکێ. لە ئاویش زیاتر هیچێک ناخوا.»

ئیسلام گوتی: «ئەدی خوێن؟ بۆچی خوێنی لە دەم دێ؟»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «چ خوێنێکیش! چرکەیەک لێی نابڕێ. ناتوانی کارێکی بۆ بکەی؟»

ئیسلام گوتی: «بۆ ناتوانم، چاکیش دەتوانم.»

مەشەدی ڕوقییە بەدەم پاڕانەوە گوتی: «مەشەدی ئیسلام، کەی ئەم کارەم بۆ دەکەی؟»

ئیسلام گوتی: «هەر کاتێک حەزت لێ بوو.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئێستا جارێ قەرەباڵغە، با سەرمان سووک بێ، ئەوجا.» پێ کەنی و لە باسکی ئیسلامی کوتا و گوتی: «ئەوەیش ماڵی زاوا، گەیشتین.»

ئیسلام تارەکەی بە سینگییەوە نووساند، پەنجەی بە تەلەکاندا هێنا و

تێی چریکاند. هەراوهوریای ژنان هاتە بەرگوێ کە خەریک بوون بە قوڵکەی بەر مـاڵی زاوادا شـۆڕ دەبوونەوە و ئیـسـلام مـەشـەدی شـەفـیـعی بینی کـە لۆکسێکی بەدەستەوە بوو و بەهەناسەبڕکێ بەرەو خەڵکەکە دەهات.

٧

کە میوانەکان ڕۆیشتن، ئیسلام و مەشەدی حەیدەر، بەفانۆسـەوە هاتن و بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕان و گەیشتنە ئەو دەربیـجەیەی لە بنمیچی ژوورەکەدا هەڵکەنرابوو. دەربیـجـەیان کـردەوە و چوونە سـەرێ. پشت پەنجـەرەکـان نووتەک و تاریک بوو. مـەشـەدی حەیدەر دەربیـجـەی پەنا دیوارەکەی کردەوە. ئیـسـلام تارەکـەی لە پەنـا دیوار دانا و تەنـەکـەیەکی دایە دەست مـەشـەدی حـەیدەر کـە خـەریک بوو لە دەربیـجـەوە دەچووە ژوورێ، پاشـان بەخـۆیشی چووە ژوورێ. مـەشـەدی حـەیدەر فـانۆسـەکـەی لەسـەر ڕەفەی پەنا کـووپەکە دانا، پاشـان چووە سـەرەوە و دەرکـەی کـووپەکـەی کـردەوە و دەفـرەکـەی هەڵگرت و دەستی کرد بەپڕکردنی تەنەکە بەتاڵەکە.

ئیسـلام گوتی: «مـەشـەدی حـەیدەر، پێویست ناکا پڕی کـەی، کـەس ئیدی نایخواتەوە.»

مـەشـەدی حـەیدەر گـوتی: «چۆن کـەس نایخـواتەوە؟ ئەمن دەخـۆمـەوە، ئەتۆیش دەخۆیەوە، شاتەقیش دەخواتەوە.»

ئیسـلام گوتی: «شـاتەقیـان بردە مـاڵی جیـرانان، ئێـستـا بـۆ خـۆی لێی نوستووە.»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «ئەدی ئەتو؟ خۆ ئەتو نەنوستووی!»

ئیـسـلام گـوتی: «ئەمن و تۆ هـەر لێـرە دەیخـۆینەوە، پاشـانیش دەچینەوە خوارێ.»

مـەشـەدی حـەیدەر گـوتی: «هەم لێرە دەیخـۆینەوە، هەم دەچینە خـوارێ و

لەوێش دەیخۆینەوە.» دەفرەکەی پڕ کرد و لەو سەرەوە دایە دەست ئیسلام. ئیسلام دانیشت. مەشەدی حەیدەر گوتی: «دەفرەکەم وێدە...»

ئیسلام گوتی: «ڕاوەستە، ئەمن ناتوانم بە یەک فڕ هەمووی بخۆمەوە. ئێرە پەنایەکی خۆش و بێدەنگە.»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «هێندەت نەڕاند، سەری خۆیشت برد.»

ئیسلام گوتی: «شاتەقی پێمی گوتبوو. ئێستا دەخۆمەوە و دێمەوە سەر خۆم.» دەفرەکەی هەڵێنا، خواردیەوە و دایەوە دەست مەشەدی حەیدەر و گوتی: «بیخۆوە، بیخۆوە با بڕۆین!»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «من بۆ خۆم لێرە دەمێنمەوە و قەت قەت نایەمەوە خوارێ.»

ئیسلام گوتی: «ئەمن دەڕۆم.»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «ئادی، ئەتۆ زۆرت حەز لەنێو ژنانە، وا نییە؟ باشە. ئێستا فڕێکی لێ بدە، دەزانی خواردنەوە لەمسەرە سەد قات خۆشترە؟»

ئیسلام گوتی: «ئاگات لە خۆ بێ. دەنا دەکەوییە ناو کووپە و دەخنکێی.»

مەشەدی حەیدەر پێ کەنی و گوتی: «باشتر.»

ئیسلام هیچی نەگوت و بە پلیکانەکاندا داگەڕا. ماڵ چۆڵ بوو و خۆییەکان لێرە و لەوێ دەهاتن و دەچوون. دایکی مەشەدی شەفیع خۆی گرمۆڵە کردبوو و لەسەر سندووقێک خەوتبوو.

ئیسلام کە تارەکەی لە بنهەنگڵدا بوو، لە پلیکانە دارینەکانی بەرپەنجەرەوە چووە نێو حەوشە و لەسەر کوتەدارێک دانیشت. کە دەنگی تارەکەی بەرز بووەوە، ژوور و پەنجەرە و چراکان بە بەرچاوەکانیدا، کەوتنە هەڵپەڕین.

## ٨

کە دەنگی تارەکەی ئیسلام بەرز بووەوە، مەشەدی ڕوقییە بە پلیکانە دارینەکانی بەرپەنجەرەدا داگەڕا و بە ئیسلامی گوت: «مەشەدی ئیسلام!»

ئیسلام گوتی: «چییە؟»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئەوە لێت دەگەڕام.»

ئیسلام گوتی: «لە من؟»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئادی، سەرم بەهەموو جێیەکدا کرد.»

ئیسلام گوتی: «خۆ من لێرە بووم.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئادی، دەڵێم ئێستا با بچین ئەسپەکەم ببینە.»

ئیسلام گوتی: «ئێستا شەوە و دنیا تاریکە، هیچ نابینرێ.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «چرایەکی دەبەین. ئێستا کەسی لێ نییە، سبەینێ سەرلەنوێ دەبێتەوە هەرا و تۆیش لە بیرت دەچێتەوە.»

ئیسلام هیچی نەگوت و هەستایە سەرپێ. تارەکەی لە پەنا کوتەدارەکە دانا. مەشەدی ڕوقییە ڕۆیشت و فانۆسەکەی لە متبەخ هێنا و بە نەردیوانێکدا هەڵگەڕان و گەیشتنە سەربان.

ئیسلام گوتی: «بۆ هاتینە ئێرە؟ ئەدی ناچینە ماڵەکەت؟»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «ئەتۆ بێرەدا وەرە و هەقت نەبێ.»

بەسەربانی تەویلەدا تێپەڕین و گەیشتنە سەربانی ماڵەکەی مامە زەینەڵ. مەشەدی ڕوقییە فتیلەی فانۆسەکەی داگرت و خۆی هەڵدایە نێو چواردیوارییەکەوە. ئیسلامیش خۆی هەڵدا. مەشەدی ڕوقییە فانۆسەکەی لە پەنا دیوار دانا و دەربیجەی بن دیواری کردەوە. ڕووناکاییەکی سوور دەرکەوت. ئیسلام سەری بردە ژوورێ. تەویلەیەکی گەورە بوو و فانۆسێکیشیان بە کاریتەیەکەوە هەڵواسیبوو. سێ مانگا، سەریان لە کادێن

نابوو و تەلیسێکی بەتاڵیشیان وەکو کەلاکێک بە کۆڵەکەی نێوەندی تەویلەکەوە هەڵواسیبوو. ئەسپێکی لەڕیش، بێ ئەوەی بجووڵێتەوە، ڕاوەستابوو و سەری شۆڕ کردبووەوە. مەشەدی ڕوقییە دانەوی و سەری بەهەمان دەربیجەدا بردە ژوورێ. بانگی ئەسپەکەی کرد و ئەسپەکە هاتە پێشەوە و لە بەردەمیان ڕاوەستا. ئیسلام هەردوو گوێی ئەسپەکەی گرت و سەری کێشایە دەرێ. ئەسپەکە چاوی داخرابوون و خوێناوێکی خەستیش لە زاریەوە دەتکا.

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «دەیبینی؟»

ئیسلام فرمێسکەکانی ئەسپەکەی بەدەست پاک کردەوە و گوتی: «جا مستێک خۆڵم بۆ بێنە.»

مەشەدی ڕوقییە هەڵسا و مستێک خۆڵی لە سووچەکەی تری بانەوە هێنا و ڕۆی کردە بەردەمی ئیسلام.

ئیسلام چارشێوەکەی لە مەشەدی ڕوقییە وەرگرت، لە مەچەکی خۆی هالاند و زاری ئەسپەکەی کردەوە و مشتی خستە نێوان شەویلگەکانی. مەشەدی ڕوقییە فانۆسەکەی هەڵێنا، قوڕگی نووتەکی ئەسپەکە، ڕووناک بووەوە. ئیسلام بەدەستی ڕاست، خۆڵەکەی هەڵگرت و هەڵی دایە نێو زاری ئەسپەکە. ئەسپەکە چاوی لێک نا و زاری هەروا بە داچەقاوی هێشتەوە. ئیسلام مشتێک خۆڵی تری پژاندە نێو چاڵە تاریکەکەی قوڕگی ئەسپەکە و مەچەکی لە دەمی دەرکێشا. ئەسپەکە چەند هەنگاوێک کشایە دواوە و کۆکەیەکی کرد. مانگاکان سەریان لە کادێنەکان دەرهێنا و لە ئەسپەکەیان ڕوانی.

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «هیچت بۆ دەرکەوت؟»

ئیسلام گوتی: «ئیدی چاک بووەوە. زەروو بە قوڕگییەوە نووسابوون و هەموومان تەفروتوونا کردن. ئیدی خوێنی لە دەم نایە.»

مەشەدی ڕوقییە دەربیجەکەی داخست. ئیسلام چارشێوەکەی ڕوقییەی لە

مەچەکی چەپی خۆی کردەوە و فڕێی دایە بەرپێی. کە هەڵسایەوە، سێ نسێ خۆیان لەسەر دیوارەکە دزییەوە و لە قاقای پێکەنینیان دا.

مەشەدی ڕوقییە زەندەقی چوو و بەترسەوە گوتی: «کێ بوو؟»

ئیسلام گوتی: «کوڕەکەی مەشەدی سەفەر و سەیداواییەکان.»

٩

ئیسلام دانەوی و سەری لە کلاوڕۆژنەی بانەوە بردە ژووری و لەسەرەخۆ گوتی: «مەشەدی حەیدەر؟»

هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە.

ئیسلام دیسان گوتی: «مەشەدی حەیدەر.»

تیشکی فانۆس، لایەکی کووپەکە و پێپلکەی نەردیوانی ڕووناک کردبوو.

ئیسلام گوتی: «مەشەدی حەیدەر، ئەوە بۆ جوابم نادەیەوە؟ نەکا چووبیتە خوارێ؟»

دەنگی مەشەدی حەیدەر هات و گوتی: «چیت دەوێ؟» خۆی خزاندە لای پلیکانەکان. تیشکی فانۆس کەوتە سەر دەموچاوی.

ئیسلام گوتی: «دەمبینی؟»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «بە تەما نی بێیە ژوورێ؟»

ئیسلام گوتی: «دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟»

ئیسلام گوتی: «من سبەینێ دەڕۆمەوە. بەر لەوەی هەتاو هەڵبێ، دەڕۆم.»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «چی بووە؟ کەس هیچی پێ گوتووی؟ کەس نارەحەتی کردووی؟ ماندوو بووی؟»

ئیسلام گوتی: «من ئیدی نامێنمەوە، دەڕۆم.»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «جارێ ڕاوەستە بزانم چی بووە؟»

ئیسلام گوتی: «جارێ بۆم تێکە و هەڵی بێنە.»

مەشەدی حەیدەر دەفرێکی تێ کرد و هێدی هێدی بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا. پێیەکی لەسەر زارکی کووپەکە دانا و دەستی چەپیشی بە لێواریەوە گرت و دەفرەی لە زارکی کووپەوە هەڵێنا.

١٠

کە ئیسلام گەیشتەوە سەر حەوز، چەقی نیوەڕۆ بوو. گوند چۆڵ بوو و سێبەری چەند گەواڵەهەورێک، کەوتبوونە سەر ئاوی حەوزەکە. ئیسلام لە عارەبانەکەی دابەزی. تارەکەی لەسەر عارەبانەکەی دانا و لەسەر تاتەشۆرە ڕەشەکە دانیشت. خوشکی عەباس، کە لەسەر کانی بوو، ڕۆیشت و ئیسماعیلی دەنگ دا. ئیسماعیل و بزنە ڕەشەکەی، هاتنە دەرێ و چوونە لای ئیسلام. مەشەدی سەفەر سەری لە کڵاوڕۆژنەی بانەوە هێنایە دەرێ، تاوێک لەو ناوەی ڕوانی و چاوی بە ئیسلام کەوت کە لەسەر تاتەشۆرە ڕەشەکە دانیشتووە و سەری خستووەتە نێوان هەردوو لەپی.

ئیسماعیل بەدەنگێکی بەرز گوتی: «هۆو... مەشەدی ئیسلام!»

ئیسلام ئاوڕی دایەوە. بزنە ڕەشە، ئەو پنچکە گیایەی هەڵکەند کە لەبن تاتەشۆرەکەوە ڕسکابوو و قووتی دا.

ئیسماعیل گوتی: «زوو گەڕایەوە مەشەدی ئیسلام!»

ئیسلام گوتی: «دەنگوباسی بەیەل چییە؟»

ئیسماعیل گوتی: «هیچ باسودەنگێک نییە.»

ئیسلام گوتی: «کوێخا چۆنە؟»

ئیسماعیل گوتی: «هەر وەکو دوێنێیە.»

ئیسلام گوتی: «دانیشە و سەبیلەکەیشت دەربێنە.»

ئیسماعیل دانیشت. سەبیلە و کیسە توتنەکەی دەرهێنان.

ئیسلام گوتی: «ئەوە کێ ئەو بەردانەی فڕێ داوەتە سەربانی ماڵەکەم؟»

ئیسماعیل گوتی: «ئەمن نازانم.»

ئیسلام گوتی: «هەبێ و نەبێ ئیشی نامەردێکە.»

ئیسماعیل گوتی: «کێهان نامەرد؟»

ئیسلام گوتی: «چاکی دەناسم.» سەیری بانەکانی بەیەلی کرد و کەللەی مەشەدی سەفەر وەکو کوولەکەیەک لە سەربانەکەیانەوە دەهاتە بەرچاو.

ئیسماعیل گوتی: «تەماشای کوێ دەکەی؟»

ئیسلام وەڵامی نەدایەوە، دەستی درێژ کرد و سەبیلەکەی ئیسماعیلی وەرگرت.

١١

کە ئیسلام لە خەو هەڵسا، خۆرەتاو لە کلاوڕۆژنەی پاشخانەوە هاتبووە ژوورێ. بزنە ڕەشە ڕۆیشتبووە بەرپەنجەرە و لە دەرەوەی دەڕوانی. ئیسلام هەستا و دانیشت. بەجلوبەرگ و کلاوەوە خەوتبوو.

غەڵبەغەڵبی ژنان لەسەر حەوزەکەوە دەهاتە بەرگوێ. ئیسلام هەستا و لە کونەکەی پاشخانەوەوە، لە چۆڵاییەکەی پشت ماڵەکەی و ئەسپەکەی ڕوانی کە لە درەختێکی وشکی بەستبوو. ئەسپەکەی لەبەر سێبەر بوو و سەری شۆڕ کردبووەوە و خوێناوێکی خەست لە زاریەوە دەتکا. ئیسلام بەخۆی گوت: «نەکا بەڵایەکی بەسەر هاتبێ، خۆ لە سەیداوا ئاوی نەخواردەوە؟»

جامۆڵکەیەکی هەڵگرت و چووە ژوورێ، پەنجەرەی کردەوە و هاتە دەرێ. ژنەکان لەسەر حەوز خەریکی قاپ و جلشۆردن بوون. هەر چاویان بە ئیسلام کەوت، دەنگیان نەما و ڕایان کردە نێو کۆڵانەکان. ئیسلام واقوڕماو، تەماشای کردن و هاتە سەر حەوز، دانەوی و خۆی لە ئاودا بینی. پاشان جامۆڵکەی پڕ کرد و چووە پشت ماڵەکەی خۆی. دەرکە بەردینەکەی لادا و

چووه دەرێ. ئەسپەکەی ئاورێکی دایەوە و تەماشای ئیسلامی کرد. ئیسلام جامۆڵکەی لە بەردەمی ئەسپەکە ڕاگرت. ئەسپەکە ئاوی نەخواردەوە. ئیسلام ئاوەکەی ڕشتە بەرپێی و جامۆڵکەی تووڕدایە لای دیوارەکە. سەری ئەسپەکەی هەڵێنا و لە چاوەکانی ڕوانی. سێبەری پیاوێک دیار کەوت و دەنگی کزی پیاوێکی تر لە سەربانی دراوسێوە گوتی: «خەریکە چی دەکا؟»

دەنگێکی تر وەڵامی دایەوە: «لە کن ئەسپەکەی ڕاوەستاوە.»

دەنگی سێیەم گوتی: «سەداسەد بیر لەوە دەکاتەوە عارەبانەکەی بێنێ و بچێتە سەیداوا.»

دەنگی دووەم گوتی: «کەواتە مەشەدی جەعفەر ڕاست دەکا.»

ئیسلام سەری هەڵێنا، چەند چاوێک لە کونی پلووسکی دراوسێکەیەوە، لێیان دەڕوانی.

١٢

ئیسلام لەپشت پەنجەرە و لە تاریکیدا دانیشتبوو. لەتێک مانگەشەو، کەوتبووە نێو پاشخانی ماڵەکەی. دەنگی پاپاخ لە دەرەوەی بەیەڵەوە دەهاتە بەرگوێ. لە پەنا حەوزیش، چەند کەسێک پیاسەیان دەکرد. ئیسلام دانەوی و لێیانی ڕوانی. مەشەدی بابە و ئیسماعیل و کوڕەکەی مەشەدی سەفەری بینی خەریکن پیاسە دەکەن و سرتەسرتیانە و پێ دەکەنن.

١٣

بەیانی زوو، مەشەدی بابە هاتە لای ئیسلام کە خەریکی تەگەرەکانی عارەبانەکەی بوو.

مەشەدی بابە گوتی: «مەشەدی ئیسلام، دەمویست شتێکت پێ بڵێم.»

ئیسلام گوتی: «دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟»

مەشەدی بابە گوتی: «دەزانی لە بەیەل دەنگۆیەک هەیە؟»

ئیسلام گوتی: «دەنگۆی چی؟»

مەشەدی بابە گوتی: «کە تۆ بەتەما بووی بۆ خۆت لە سەیداوا ژنێک بێنی.»

ئیسلام گوتی: «من بەتەما نەبووم بۆ خۆم ژنێک بێنم، ئەگەر ئەو تەمایەشم هەبا، خۆ گوناهم نەدەکرد؟»

مەشەدی بابە گوتی: «دەڵێن تۆ و مەشەدی ڕوقییەیان لە سەربانێک بینیوە کە لە باوەشی یەکتریدا نوستوون.»

ئیسلام گوتی: «کێ دەیگوت؟»

مەشەدی بابە گوتی: «دوێنێ شەوێ لە گۆڕەپانەکەی پشت ماڵی مەشەدی سەفەر خڕ بووبوونەوە و کوڕەکەی مەشەدی سەفەریش هاتبوو و لەسەر کەڵەدارەکان ڕاوەستابوو. ئەو دەیگێڕایەوە کە چۆن چۆنی لەگەڵ سەیداواییەکان هاتوون و تۆیان لەسەر بانی تەویلەیەک بینیوە کە لەگەڵ مەشەدی ڕوقییەدا و لە باوەشی یەکتریدا نووستوون.»

ئیسلام گوتی: «بەیەلییەکان چییان گوت؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئەوانیش بڕوایان کردبوو.»

ئیسلام گوتی: «ئەدی ئەتۆ؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئەمن؟ ئەمن بڕوام نەکرد.»

ئیسلام گوتی: «چیت گوت؟ چیت لەوان کرد؟»

مەشەدی بابە گوتی: «گوتم ئەم قسە و قسەڵۆکانە فڕیان بەسەر مەشەدی ئیسلامەوە نییە.»

ئیسلام گوتی: «چی تر؟»

مەشەدی بابە گوتی: «پێم گوتن هەر کەسێک لە پاشملە باسی ئیسلام بکا، لە دەمی دەدەم.»

ئیسلام پێ کەنی، هیچی نەگوت و خەریکی عارەبانەکەی خۆی بوو.

ئێواره بوو و مەشەدی ئیسلام له بیاوان گەڕایەوه. عارەبانەکەی پڕ له وێنجه بوو و خۆیشی لەسەر وێنجەکان دانیشتبوو. کە گەیشتە لای باخی ئاغا، له عارەبانەکەی دابەزی و وێنجەکانی داگرت. هەوا خەریک بوو تاریک دادەهات که له کارەکەی بووەوه.

ئیسلام له دەوروبەری خۆی ڕوانی. مانگ، خۆڵەمێشی و هەڵمساو، لەنێو لقەکانەوه دەبینرا. ئیسلام بە تەما بوو سواری عارەبانەکەی بێتەوه کە پیاوێکی غەواره بەخۆی و عارەبانەیەکی بچووکەوه هات و ڕاوەستا، له ئیسلامی ڕوانی و گوتی: «ناچییه سەیداوا؟»

ئیسلام زەندەقی چوو و گوتی: «نا، ناچمه سەیداوا.»

کابرای غەواره گوتی: «ئەدی دەچییه کوێ؟»

ئیسلام گوتی: «دەچمەوه ماڵەکەی خۆم.»

کابرای غەواره گوتی: «مەچۆوه ماڵەکەی خۆت، مەشەدی ئیسلام.»

ئیسلام گوتی: «ئەدی بچمه کوێ؟»

کابرای غەواره گوتی: «باشتره بەیەل بەجێ بێڵی. ئەتۆ ئیدی ناتوانی له بەیەلدا سەرت هەڵێنی.»

ئیسلام گوتی: «ئەتۆ له کوێوه دێی؟»

کابرای غەواره گوتی: «من خەریک بووم بێرەدا تێ دەپەڕیم. هیچ کارێکم له بەیەل نەبوو.» پاشان قامچییەکەی هەڵێنا و بەڕێ کەوت.

ئیسلام ڕاوەستا و تەماشای کرد. کابرای غەواره ڕۆیشت و له تاریکیدا ون بوو. له دووری دوورەوه، دەنگی زەنگوڵەیەک دەبیسرا و نەدەبیسرا. ئیسلام عارەبانەکەی لەپشت باخەکەی ئاغا بەرەڵا کرد و ڕێگەی گوندی گرته بەر، لەوێشەوه بەرەو گۆڕەپانەکەی پشت ماڵی مەشەدی سەفەر ڕۆیشت.

پیاوەکـان خڕ بووبوونەوە و دانیـشـتبـوون. مـەشـەدی بابە چووبووە سـەر کەڵەدارەکـان و خـێرا خـێرا قسـەی دەکـرد و بەیەلیـیـەکان گـوێیـان بۆ شل کـردبوو. فانۆسـێکی بچووک، پشت سەری مـەشـەدی بابەی ڕووناک کـردبوو. ئیسلام خۆی گەیاندە پەنا دیوار و ڕاوەستا.

مـەشـەدی بابە گـوتی: «پاشـان لەگـەڵ حـەیدەر دەچنە سـەرێ، کـە دێنە خوارێ، پێیەکانی ئیسلام ئیدی عەرزیان نەدەگرت.»

دەنگی کوڕەکەی مـەشەدی سـەفەر لەپشت کەڵەدارەکانەوە هات و گوتی: «مـەشـەدی حەیدەر نایەتە خـوارێ، هەر لەوسـەرە دەمێنێتـەوە، بەس ئیسـلام دێتە خوارێ.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئادی، بەتاقی تەنیا دێتە خـوارێ و بەدوای مەشەدی ڕوقـیـیـەدا سـەر بەهـەمـوو کـون و قـوژبنـێکدا دەکـا و نایبـینێتـەوە. دەچێ و لەسـەر کـەڵەدارێک دادەنیـشێ، تار لێ دەدا و مـەشـەدی ڕوقیـیـەش دێتـە لای. پاشـان هەردووکـیـان هەڵدەستن و دەچنـە سـەر بان. سـەیداواییـیـەکـانیش بەدوایاندا دەچن، سەرلەئاخیر کە دەیانبینـنەوە، دەبینن لەسەر بانی تەویلەن و... ئادی، چارشێوەکەی مـەشەدی ڕوقییەش کەوتبووە لایەک و ئەوی تریش بەخۆتان دەزانن. سەیداواییـیەکان خەمیان لە ئابڕووی بەیەل خواردووە و بێ دەنگ و هـەرا، مـەشــەدی ئیـســلام بەڕێ دەکـەنـەوە. پاش دوو سـەعـاتیش مەشـەدی ئیسـلام دێت، خۆی بەنەردیواندا شـۆڕ دەکاتەوە و یەک بـەخۆی بەر دەبێتەوە...»

ئیسـلام گـەڕایەوە و هاتەوە نێـو کـۆڵان. دەنگی مـەشـەدی بابە لە دوورەوە دەبیـسـرا: «تا سـبـیـانێ لەو گـۆڕەی دەمـێنێـتـەوە، پاشـان کـە دەچنەوە لای، دەبینن ڕشـاوەتـەوە و نەردیوانەکـەیش کـەوتووەتە سـەر سـینگی و ئـەوانیش وایان زانیوە...»

ئیسلام خێرا خێرا هەنگاوی هەڵێنا و هیچی تری نەبیست.

## ١٥

خـۆر هێـشـتـا دەرنـەکـەوتبـوو، ئیـسـلام تارەکـەی هەڵگرت و لەگـەڵ بـزنە ڕەشـەکەی لە مـاڵ دەرکەوت. تـارەکەی لە تەنیـشت تاتەشـۆرە ڕەشەکە دانا و بەرەو ماڵی کوێخا ڕۆیشت. خۆی بەسـەر دیواردا هەڵدایە نێو حـەوشە و بێڵ و قازمەی هـەڵگرتن و هـاتە دەرێ. ڕۆیشت و دەستی بەهەڵکۆڵینی زەوییەکەی پێش ماڵەکەی خۆی کرد. کە خاک و خۆڵی ئامادە کرد، ئاوی هێنا و قوڕێکی خەسـتی لێ دروست کرد. پاشـان ڕۆیشت، پەنجـەرەی کردەوە و لە ژوورەوەی ڕوانی. پێڵاوی داکەندن و هەڵی دانە سـەر تەگەرە و لەتەکانی عارەبانـەکەی، کە شـەوی ڕابردوو لێکی کردبوونەوە و بەسـەر یەکتردا هـەڵی چنیبوون. ژوور تاریک بوو. هـەر دوێنـێ شـەوێ دەربیـجـەی پاشـخـان و کلاوڕۆژنەکانی کوێر کـردبوون. تاوێک لـە ژوورەکـەی ڕامـا، پاشـان پەنجـەرەی پێـوە دا و بە قـوڕ کەوتە گیانی.

کە خۆر دەرکەوت، بەیەلییەکان هاتن، لەسـەر حەوزی گوند کۆ بوونەوە و لە ئیسـلامیان ڕوانـی کە جلی تازییەباری لەبەر بـوو و ئارەقەی ڕەشـی دەردابوو و هێـشـتـا هـەر خـەریک بوو. مـەشـەدی بابـە کە چاوی بەئیـسـلام کـەوت، بە ئیـسمـاعیلی گوت: «بڕۆ کن کوێـخا و پێی بڵـێ هـەر ئێسـتـا خۆی بگەیـەنێتـە پێش ماڵەکەی ئیسلام.»

ئیسماعیل گوتی: «ئەدی کوێخا نەساغ نییە؟»

مـەشـەدی بابە گـوتـی: «قـەیناکا، مـەشـەدی ئیـسلام بـە تەمـایە بەیەل بەجێ بێڵێ.»

ئیـسـمـاعـیل گـوتی: «بەڕاست دەیەوێ بـڕوا؟» و گـەڕایەوە و ڕای کردە لای ماڵی کوێخا.

مەشـەدی بابە بەدەنگێکی بەرز گوتی: «هـۆ... مەشـەدی ئیسلام!»

ئیسلام ئاوڕێکی دایەوە، لە مەشـەدی بابەی ڕوانی و هیچی نەگوت.

مەشەدی بابە دیسان بانگی کرد: «هۆ... هۆ... مەشەدی ئیسلام، هۆو...»

بابەعەلی کە سەری لە دەربیجەی چواردیوارەکەیەوە دەرکێشابوو، گوتی: «ئەوە چی دەکەی مەشەدی ئیسلام؟»

نەنە فاتم بە ژنەکانی گوت: «مەشەدی ئیسلام خەریکە ماڵەکەی بەقوڕ دەگرێ.»

مەشەدی بابە گوتی: «هۆی مەشەدی ئیسلام! ئەوە بۆ ماڵەکەت بەقوڕ دەگری؟»

ئیسلام گوتی: «حەزم لێیە ماڵەکەم بەقوڕ بگرم.»

مەشەدی بابە گوتی: «هیچێک قەوماوە؟»

ئیسلام گوتی: «هیچ نەقەوماوە.»

مەشەدی بابە گوتی: «ئاخر بۆ وا دەکەی؟ دەتەوێ بچییە کێندەرێ؟»

ئیسلام گوتی: «ماڵ ئی خۆمە، چۆنم حەز لێ بێ وای لێ دەکەم و هەر کوێیەکیشم پێ خۆش بێ، دەچم.»

مەشەدی بابە گوتی: «شتێک قەوماوە؟ کەس هیچی گوتووە؟»

ئیسلام وەڵامی نەدایەوە. کارەکەی تەواو کرد و هاتە خوارێ. کون و کەلەبەر و پەنجەرە و دەربیجەکانی بەقوڕ گرتبوو. خانووەکەی لە گومبەزێک دەچوو کە لە زەوییەوە هەڵتۆقیبێ. ڕۆیشت و ئەسپەکەی لە حەوشەی پشت ماڵەوە هێنا و بەرەڵای کردە لای حەوزەکە. بزنە ڕەشەیش، کە ڕاوەستابوو و تەماشای خەڵکەکەی دەکرد، چووە لای ئەسپەکە. ئیسلام بەرەو تاتەشۆرە ڕەشەکە ڕۆیشت و قایشی تارەکەی لە شان کرد. کوێخا بە دارشەقەکانیەوە دەرکەوت. کوێخا دەموچاوی هەڵمسابوو و پێیە ئاڵماوکاوییەکانی بە ئەستەم هەڵدێنا.

ئیسلام گوتی: «کوێخا، ئەوە دەهاتم بتبینم، تۆ بۆ هاتی؟»

کوێخا بەترسەوە گوتی: «بەتەمای کوێی مەشەدی ئیسلام؟»

ئیسلام گوتی: «دەبێ بڕۆم. بەیەل ئیدی جێی من نییە.»

کوێخا گوتی: «تۆ نابێ بڕۆی مەشەدی ئیسلام، ئەمن هێندەم پێ نەماوە. ئەورۆ نا سبەینێ دەڕۆم و بەجێتان دێلّم. مەگەر ناتەوێ کفن و دفنم کەی؟»

ئیسلام گوتی: «من حەز ناکەم بڕۆم، بەڵام وای لێ هاتووە ئیدی دەبێ بڕۆم.»

کوێخا گوتی: «چی قەوماوە؟ کەسێک کارێکی کردووە؟ ئەگەر وایە بڵێ بزانم کێ چی کردووە؟»

بەیەلییەکان کە لە کوێخا و ئیسلام کۆ بووبوونەوە، هیچیان نەگوت.

کوێخا گوتی: «مەشەدی ئیسلام، ئەتۆ بڕۆی کەس ئیدی هیچی پێ ناکرێ. ئاخر بۆ دەڕۆی؟»

ئیسلام گوتی: «لەم خەڵکە بپرسە. کە من ڕۆیشتم، بۆ خۆت لە مەشەدی بابە بپرسە.»

بەیەلییەکان یەکدەنگ گوتیان: «مەڕۆ مەشەدی ئیسلام، مەڕۆ.»

ئیسلام گوتی: «نەڕۆم تا هەموو ڕۆژ سەروسەکوتتان ببینم و گوێم لە قسەکانتان بێ؟ دوێنێتان لە بیر چوو؟»

کوێخا گریا و گوتی: «ئاخر چی قەوماوە؟ بۆ هیچم پێ ناڵێن؟»

ئیسلام چووە پێشەوە و کوێخای لە باوەش گرت، نێوچەوانی ماچ کرد و گەڕایەوە. بێ ئەوەی هیچێک بڵێ، بەرەو خەڵکەکە ڕۆیشت. خەڵک کشانە دواوە. ئیسلام ملی جادەی گرتە بەر. خەڵک لێیان ڕوانی. کوێخا لەسەر خاک و خۆڵەکە دانیشت و بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی: «ئەوە چیتان بەسەر هێنا؟ ها...؟ چ بەڵایەکتان بەسەری هێنا؟» و هۆڕ هۆڕ گریا.

مەشەدی بابە گوتی: «ئەمن نازانم. ئەمن ئاگام لە هیچ نییە.»

پاپاخ و بزنە ڕەشەکەی ئیسلام لە گۆڕەپانەکەی پشت ماڵی مەشەدی سەفەر دەرکەوتن و هاتنە پێشەوە. بەنێو خەڵکدا تێپەڕین و چەند هەنگاوێک

بەدوای ئیسلامدا ڕۆیشتن، پاشان ڕاوەستان و چاویان لە ڕۆیشتنی ئیسلام بڕی. ئەسپەکەی ئیسلامیش سەری داخستبوو و چووە لای داربییەکە، بە چاوی نیوە کراوەوە لە بەرپێی خۆی ڕوانی، زمانە وشک و گەورەکەی دەرهێنا و تاتەشۆرە ڕەشەکەی لستەوە. خوێنی مەیبو لە سووچی لێوەکانیەوە دەتکا.

١٦

دوای سێ ڕۆژ، سەرلە ئێوارە بوو و ئاسمان ڕەش و هەوراوی بوو. ئیسلام تارەکەی لە بنهەنگڵ نابوو و بە شۆستەکانی شاردا دەخولایەوە. تاری لێ دەدا و گۆرانیی دەگوت. خەڵک کە لە بەرامبەریەوە دەهاتن، خۆیان لادەدا، پاشان ڕادەوەستان و لە کراسە ڕەش و سازە سەیروسەمەرەکەیان دەڕوانی. گوێیان لە گۆرانییەکەی دەگرت و پێ دەکەنین و پارەیان بۆ هەڵدەدا.

ئیسلام لە شەقامێکەوە بەرەو شەقامێکی تر دەڕۆیشت و کۆمەڵە خەڵکێکی بەدوای خۆیدا دەکێشا.

مەشەدی ئیسلام تاری لێ دەدا. منداڵەکان پێ دەکەنین و گەورەکانیش بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەڕوانی.

١٧

لە دوورەوە دەنگی تارێکی تەنیا و قاقای پێکەنینی کۆمەڵە خەڵکێک دەبیسرا، کە هێدی هیدی نزیک دەبوونەوە. نەخۆشەکان لە پشت نەردەکانی نەخۆشخانە کۆ بووبوونەوە و سەرەتاتکێیان دەکرد بەشکم تارژەنەکە ببینن. گۆرانییە ئاشناکە نزیک و نزیکتر دەبووەوە و دارکاژە بەرزەکانی نەخۆشخانەیش بێ هیچ جووڵەیەک ڕاوەستابوون.

دوای سێ ڕۆژ دەمەدەمی ئێوارە کە ئاسمان ڕەش و هەوراوی و شێدار بوو، مەشەدی ڕوقییە و مەشەدی حەیدەر و دوو گەنجی سەیداوایی بەخۆیان و دوو ئەسپەوە هاتنە نێو بەیەل.

مەشەدی بابە کە سەری لە کلاوڕۆژنەی بانەکەیەوە دەرکێشابوو، چاوی لێیان بوو کە هاتن و لە پەنا حەوزەکە ڕاوەستان. هیچ کەس لەو ناوە نەبوو. بزنە ڕەشەکەی ئیسلام، لەپێش پەنجەرە بە قورگیراوەکە دانیشتبوو و وەنەوزی دەدا.

مەشەدی بابە بەدەنگێکی بەرز گوتی: «هۆ...هۆی... سەیداواییەکان، لە کەسێک دەگەڕێن؟»

سەیداواییەکان ئاوڕیان دایەوە و مەشەدی بابەیان نەبینی. مەشەدی بابە کلاوەکەی لە سەر نا و هاتە دەرێ. چەند ژن و پیاوێکی بەیەلیش هاتنە دەرێ و لێیان خڕ بوونەوە. ئەسپەکان بەرەو حەوز ڕۆیشتن و لمۆزیان خستە ئاوەکەوە.

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «بۆ ئیشێک هاتوون؟»

سەیداواییەکەی یەکەم گوتی: «لە مەشەدی ئیسلام دەگەڕێین.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر گوتی: «چ ئیشتان پێیەتی؟»

سەیداواییەکەی دووەم گوتی: «ئیشمان پێیەتی.»

کوڕەکەی مەشەدی سەفەر هێمایەکی بۆ مەشەدی ڕوقییە کرد، چاوێکی داگرت و لەسەرەخۆ گوتی: «ئەوە ئیشی پێیەتی؟»

مەشەدی ڕوقییە ئاوڕێکی لێ دایەوە، گرژ لێی ڕوانی و گوتی: «ئادی، ئەمن کارم پێیەتی. تۆ هەقت چییە؟»

مەشەدی بابە کە زانی بۆ لای کێ هاتوون، گوتی: «مەشەدی ئیسلام

چووەتە شار.»

مەشەدی حەیدەر گوتی: «چووەتە شار؟ کەی دەگەڕێتەوە؟»

مەشەدی بابە گوتی: «کەس نازانێ کەی دەگەڕێتەوە. لەوانەشە هەر نەگەڕێتەوە، خوا دەزانێ.»

مەشەدی ڕوقییە گوتی: «نەیگوت کەی دێتەوە؟»

مەشەدی بابە گوتی: «ئەمن نازانم، کەس نازانێ، ماڵەکەیشی هۆوەتانێ! بە قوڕی گرتووە و ڕۆیشتووە.»

مەشەدی ڕوقییە بە مەشەدی حەیدەری گوت: «چی بکەین؟»

هەردووکیان گەڕانەوە و لە ماڵەکەی ئیسلام و بزنە ڕەشەکەیان ڕوانی.

مەشەدی بابە گوتی: «هیچێک قەوماوە؟»

مەشەدی حەیدەر وەڵامی نەدایەوە.

مەشەدی ڕوقییە بەرەو ئەسپەکان ڕۆیشت و دەستی لەسەر پشتی یەکێکیان دانا و بەدەنگێکی بەرز گوتی: «نازانم چییان لێ بکەم؟» گەڕایەوە و دیسان لە خانووەکەی ئیسلامی ڕوانی.

مەشەدی بابە و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر چوونە پێشەوە، لە ئەسپەکانیان ڕوانی کە پێیان لێک کردبووەوە و لمۆزیان خستبووە حەوزەکەوە. زاری هەردووکیان نیوەکراوە بوو، دەڵمە خوێنی مەییوی ئەرخەوانی لە قوڕگیانەوە هەڵدەقووڵا و دەبوو بە کەف و دەتکایە نێو حەوز و لەنێو ئاوەکەدا گیانیان دەگرت، ڕێک وەکو بۆقی ورد و درشت، کە لە زێرابێکی تەسک و تاریکەوە ڕزگاریان بووبێ و گەیشتبنە حەوزێکی پڕاوپڕ لە قوڕ و لیتاو.

## پێڕست


چیرۆکی یەکەم ........ 7
چیرۆکی دووەم ........ 31
چیرۆکی سێیەم ........ 63
چیرۆکی چوارەم ........ 105
چیرۆکی پێنجەم ........ 139
چیرۆکی شەشەم ........ 169
چیرۆکی حەوتەم ........ 193
چیرۆکی هەشتەم ........ 215